# خاڵ

گۆڤارێکی هزریی ڕۆشنبیرییە
دوومانگ جارێک دەردەچێت
ژمارە (٢) کانوونی یەکەمی
٢٠١٥

**خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر**
**تۆفیق کەریم**
**٠٧٧٠١٤١٢٥٤٣ - ٠٧٥١١٤١٢٥٤٣**
**tofeqkarem@yahoo.com**

**بەڕێوەبەری نووسین**
**ئیدریس سیوەیلی**
**٠٧٧٠١٩٧٥٠٣٠**
**siwayli@yahoo.com**

**بەڕێوەبەری هونەریی**
**ڕەوشت محەمەد**

**ڕاوێژکاری یاسایی**
**بەکر حەمەسدیق**

ڕاوێژکاران

د. موحسین عەبدولحەمید
د. عوسمان عەلی
د. عوسمان هەپرەبجەبی
د. ئیسماعیل بەرزنجی
سەلام ناوخۆش

**وێنەی بەرگ: گۆران محەمەد**

**سایتی گۆڤاری خاڵ:**
**www.xalkurd.com**

تیراژ: ١٥٠٠
نرخ: ١٥٠٠ دینار
چاپخانە: سەردەم



# لەم ژمارەیەدا


دانەبڕان ............ سەرنووسەر ............ ٣

**تەوەری ژمارە (ئایینەکان لە کوردستان، پێکەوەژیان یان پێکدادان)؟ ............ ٥**

پێکەوەژیانی ئایینی لە کوردستان ............ د. هێمن عومەر خۆشناو ............ ٦

ئایا ئایینی زەردەشتی ئایینێکی کوردییە؟ ............ سۆران حەمەڕەشید ............ ٢٢

کاکەییەکان، مێژوو، بیروباوەڕیان ............ د. نەریمان هەڵەبجەیی ............ ٢٨

پانۆرامای بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە کوردستان ............ یاسین تەها ............ ٣٤

گفتوگۆ لەگەڵ مامۆستا عەلی باپیر ............ ئا: شاخەوان عەلی ............ ٤٢

گوزەرێک بە مێژوو و بیروباوەڕی ئایینی کاکەیی (یارسان)دا ............ جوتیار نەریمان ............ ٥٢

جولەکەکانی کوردستان و پەیوەندییان لەگەڵ خەڵکی کوردستاندا ............ عادل سدیق ............ ٦٢

بزووتنەوەی هەقە و کاڵبوونەوەی بنەما ئایینییەکان ............ کامەران بابان زادە ............ ٧٢

ڕۆڵی بزووتنەوە تەبشیرییەکان لە پێکەوەژیانی ئاینی و... ............ د. جەعفەر گوانی ............ ٨١

پەیوەندییە دۆستانەکانی نێوان گەل و نەتەوەکان لە قورئانی ............ د. مستەفا زەڵمی ............ ٨٩

**بابەتی گشتی**

ئەی ڕەقیب، سروودی نەتەوەیی و تەبا بە شەریعەت ............ د. ئیسماعیل بەرزنجی ............ ٩٨

ئایین وەک وزەی خێر یان شەڕ؟! ............ عومەر عەلی غەفور ............ ١٠٤

مرۆڤ و زانستدۆستی لە نێوان هیۆمانیزم و فەلسەفەی ............ بوخاری عەبدوڵڵای قەسریێ ............ ١١٢

گۆڤاری (خاڵ) و پڕۆژە ڕۆشنبیرییەکەی شێخ محەممەدی خاڵ ...... نەبەز هەورامی ............ ١٢٠

گێڕانەوەی هاوسەنگی بۆ جیهانی شتەکان و کەسەکان و ...... خالید محەممەد غەریب ............ ١٢٨

ئیسلامی کوردی و ڕیفۆرمی ئایینی تاوێک لەگەڵ ............ حەسەن مەحموود حەمەکەریم ... ١٣٦

دیوەکەی تری جەلالەدینی ڕوومی ............ قانیع خورشید ............ ١٤٢

دواخاڵ ............ عەبدولکەریم فەتاح ............ ١٥٠




سەروتار

# دانەبڕان

## ڕەسەنایەتیی، هاوچەرخیی، خۆماڵیی

سەروتاری یەکەم ژمارە نووسیمان: خاڵ لەسەر چی دادەنێین؟ تیایدا راشکاوانە ئامانجی گۆڤارەکە و هێڵە گشتیەکانمان خستەڕوو، بە پوختی وتمان: «ئامانجمان خستنەڕووی تێگەشتنێکی ڕەسەنیی خۆماڵیی هاوچەرخە بۆ ئیسلام و راماڵینی ئەو تۆمەت و شێواندنانەیە کەڕووبەڕووی دەکرێتەوە، بەرێگای دایەلۆگ و راگۆڕینەوەی بیرو قەڵەمە شارەزاو بوێرەکان، بەزمانێکی زانستیی و پاراو، پشت ئەستور بە کەلتووری دەوڵەمەندی گەلەکەمان».

پاش ئەوە لە دوود یداری مەیدانی لە هەردوو شاری هەولێر و سلێمانی، لەگەڵ دەیان رۆشنبیرو نووسەری کارامە، ئەو ئامانجانەمان روونتر کردەوە و پێکەوە وتوێژی بایەخدارمان لەسەریانکرد، لە تێبینی و پێشنیازەکانیان بەهرەمەند بووین. بەهەموو ئەوانەشەوە هێشتا پرسیار لەسەر (خاڵ) و ئامانجەکانی هەردەکرێت، بۆ وەڵامێکی هەمیشەیی ئەو پرسیارانە، ئەم سێ دەستەواژە (ڕەسەنایەتیی، هاوچەرخیی، خۆماڵیی) دەکەینە دروشمی (خاڵ)، لەناوەرۆکی گۆڤارەکەشدا هەولدەدەین هێندە بەرجەستە ببن تادەبنە نەخشی (خاڵ) و پێیان دەناسرێتەوە.

ڕەنگە بابەتەکانی «خاڵ» بە دڵی هەموو لایەک نەبن، بەڵکو هەندێکیش نیگەران و زویرکەن، ئەمەش سروشتی راوبۆچونی جیاوازە، بەڵام بەدڵنیاییەوە بەهیچ پاساوێک رێگە بەخۆمان نادەین ناوزڕاندن یان بەکەمگرتن و دەستبردن بۆ پیرۆزییە جێگیرەکان لە (خاڵ) دا بڵاوببێتەوە، لە هەمان حاڵەتیشدا ناکرێت تێگەیشتن و بۆچوونی لۆژیکی پەراوێز بخرێت، لەسنووری بابەتیبون و توێژینەوەی زانستیدا دەگونجێت هەموو تێگەیشتن و بیروبۆچوون و دابونەریتەکان شەنوکەو بکرێن و لەبێژنگ بدرێن، راو رای جیاوازیان لەسەر بڵاوبکرێتەوە. بەمشێوەیە لە چەقبەستویی قوتاردەبین و هۆشیاری بڵاودەبێتەوەو هەنگاوی زانستی و شارستانی دەنێین.

خوایاربێت ئەمە بەرنامەی (خاڵ)ە، داوا لە قەڵەمە بەبڕشت و ڕەسەنەکان و شارەزاو پسپۆڕان دەکەین، بەبیری نوێ، مەعریفەی نوێ، هەنگاوی نوێ، هاوکار و پشتیوانی ئەم پرۆژەیەبن.تابەهەموومانەوە لە خولگەی فراوانی نیشتمانی و بەدیدێکەوە دەرفەت بۆ هاونیشتمانی دیکەی راجیاواز بمێنێتەوە گوزارشت لە بۆچونە ناتەباکەی بدات و پێکەوە بەشداری خزمەتکردنی کۆمەڵگە و خاک و هاونیشتمانانمان بکەین.

لەم سۆنگەیەوە تەوەری ژمارە دووی (خاڵ) تەرخانکراوە بۆ باسی ئایینەکان لە کوردستاندا بەزۆرینەو کەمینەیانەوە، چونکە لە پەیدابوونی یەکەم مرۆڤەوە تا ئەمڕۆو تاکۆتایی ژیانیش، ئایین هەربووەو هەردەشمێنێتەوە، ئەگەر لەقۆناغێکدا مرۆڤەکان دەستبەرداری بوون، ئەوا هەرخۆیان ئایینێکی دی یان جێگرەوەیەکی بۆ دەتاشن، بۆیە باسکردنی ئایین باسێکی زیندوو کاریگەرە لەسەر هەموو کۆمەڵگەکان، بە کۆمەڵگەی کوردستانیشەوە.

جگە لە تەوەر، گۆڤارەکە کۆمەڵێک بابەتی نوێ و زیندو لەخۆدەگرێت، بەو ئومێدەی مەڵۆیەکبن بۆ سەر خەرمانی هزر و رۆشنبیری  هاوزمانانمان.

لەنێوان ئەم دوو ژمایەیەدا بەو هەموو جەنجاڵی و قەیرانە جیاوازانەوە، هێشتا پێشوازی و بەدەمەوەهاتنی گەرمی رۆشنبیر و نووسەر و خوێنەران  بۆ گۆڤارەکە وزە و هاندانێکی دڵخۆشکەربوون بۆمان لەسەر بەردەوامبوونمان.دەخوازیین لێرەش بەدواوەهەر بەو لوتفەوە لە پەیوەندیدابین بۆ زیاتر خزمەتکردنی کۆمەڵگەو هۆشیاری تاکەکان.

**سەرنووسەر**

# تەوەری ژمارە

## ئایینەکان لە کوردستان
## پێکەوەژیان یان پێکدادان؟

بەدرێژایی مێژوو، لە کوردستاندا کۆمەڵێک ئایین و ئاینزای جیاواز پێکەوە هەبوون، قسەکردن لەسەریان و شارەزابوون لێیان بابەتێکی هەستیار و زیندووە، بە تایبەت لەم سەردەمەدا کە ناوەندە نێودەوڵەتی و ئەکادیمی و دبلۆماسیەکانی جیهان راستەوخۆ لەم باسەدا لەسەر خەتن و بەوردی چاودێری چۆنیەتی ئەم پێکەوەژیان و مامەڵە کردنەیان لەگەڵ یەکتری دەکەن.

سەبارەت بە ریشە و ناوەرۆکی ئەو ئاینانە و شێوەی مامەڵەکردنی ئیسلام وەک ئایینی زۆرینەی دانیشتوانی کوردستانی لەگەڵیاندا، ئێمە ئەم تەوەرەمان دیاریکرد و کۆمەڵێک نووسەری شارەزا و ئەکادیمی بەشداریانکرد لە دەوڵەمەندکردنی تەوەرەکەدا، لەگەڵ ئەوەی لەم بوارەدا بابەتی زیاترمان پێگەیشت، بەڵام لەبەر هێشتنەوەی تەوەرەکە لە ئاستی زانستی و بابەتیبوندا هەرئەوەندەمان لێهەڵبژاردن، ئەگەرچی کەلێنیش هەبوو، دەبوو بابەتەکانی زیاتر بن، بەڵام لەو پێناوەدا هەر ئەوەندەمان لێ بڵاو کردنەوە.

ئەرکی (خاڵ) تەنها خستنەڕووی بابەتەکانە کە لەلایەن شارەزا و پسپۆڕانەوە نووسراون، ئەوی دیکەی دەگێڕینەوە بۆ خوێنەر کە تاچەند پێیان قایل دەبێت، ئەوەندە هەیە ئەم ئایینانە ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەن و ئەمری واقیعن، ئەی دەبێت چۆن مامەڵە لەگەڵ یەکتری بکەن؟ دەکرێت وەک مێژووی هەزاران ساڵەمان بیانکەین بەهۆی زیاتر لەیەکتێگەیشتن و فرەیی و جیاوازی قبوڵکردن، کە ئەمە نەریتی لە مێژینەی کوردەواری بووە و ئەمڕۆش وڵات و گەلە پێشکەوتوو شارستانیەکان پیادەی دەکەن، دەشگونجێت ئەم فرە ئایینییە ببێتە مایەی پێکدادانی کۆمەڵگە و کوشتوبڕ و دوژمنکاری وەک سەدە ناوەڕاستەکانی ئەوروپا و ئێستای کۆمەڵێک وڵاتی موسڵمانان.

ئەم ئایینانە دەکرێت ببنە پەیژەی بەختەوەری و پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی کۆمەڵگە، دەشگونجێت پێچەوانەوە بێت، لە هەردوو حاڵەتەکەشدا تێگەیشتن و لێکدانەوەی مرۆڤەکان لێیان بەرپرسن، نەک خودی ئاینەکان. بژاردەی یەکەمیش ئامانجی تەوەرەکە و گۆڤاری (خاڵ)ە.

# پێکەوەژیانی ئایینی لە کوردستان



**د. هێمن عومەر خۆشناو**
لەداکیبووی ١٩٨٣، دکتۆرا لە ئەدەبی کوردی
چەند بەرهەمی لە بواری زمان و ئەدەبی کوردی
چاپکردووە. چەند وتاری بڵاوکراوەی هەیە.



هەڵکەوتەی کوردستان چ لە ڕووی ئایینی، یا نەتەوەییەوە، خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیەتی، بەوەی فرەنەتەوەیی، فرەئایینی و ئاینزایی تێدا بەرجەستەبووە، لە ڕووی مێژووییشەوە بەشێک لە پێغەمبەران لەم سەرزەمینەدا نیشتەجێبوون و هەر ئەمەش یەکێک لە هۆکارەکانی مانەوەی نهێنیی ئەم ئایینانە بووە لە هەر چوار پارچەی کوردستان. بە درێژایی مێژووی ئەم خاکە، لەناو ئەم نەتەوە و ئایین و ئاینزایانە ژیان بەردەوامبووە، ڕەنگە لەناو دوو تیرەی یەک نەتەوەی دیاریکراو و یەک ئایین لە سەردەمانێکدا ناکۆکی هەبوبێت و ژیانی سەخت کردبێت[١] ، بەڵام لەنێو دوو ئایین و دوو نەتەوەدا نەگەیشتۆتە ئەو ڕادەیە کە پێکەوەژیانەکە بنبڕ بکات و یەکێک ئەوی تر بتوێنێتەوە. لەم ڕوانگەوە گرنگی ئەم باسە لەوەدایە کە تایبەتمەندیی خۆی هەیە لە نموونەی جوانترین و ڕێکترین سیمای پێکەوەژیان، کە دەکرێت ئەزموون و سیماکانی بۆ شوێنانی تر بگوازرێتەوە، بەتایبەتی لەم سەردەمەدا کە لە ڕۆژهەڵات بەگشتیی و عێراق بەتایبەتی پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی لە قەیرانێکی گەورەدایە.

## پێکەوەژیان لە دیدی گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە

بێگومان بەشێکی زۆری مێژووی کورد بە دەستی کەسانی غەیرە کورد نووسراوەتەوە، ئەمە وایکردووە ڕاستیی واقیعەکە وەک خۆی تۆمار نەکرێت و بە گوێرەی ئامانج و مەبەستی مێژوونووسەکان بنووسرێتەوە. زۆربەی ئەو گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناسانەی هاتونەتە کوردستان، گەواهی ئەم پێکەوەژیانەیان داوە و باسیان لە هاوژیانی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان کردووە، لەوانە گەشتی دکتۆر (لیونهارت راوولف)ی هۆڵەندی کە لە نیوەی دووەمی سەدەی شانزەمی زایینییەوە بە مەبەستی زانیاری پەیداکردن لەسەر گیادەرمانییەکان هاتوتە ئەم ناوچەیە، باس لە پێکەوەژیانی ئایین و نەتەوە جیاوازەکان لە دەشتی هەولێر، نەینەوا و کوردستانی باکوور دەکات [٢].

هەروەها کارستن نیبۆرCarsten Niebuhr (١٧٣٣-؟)ی زانای ئەڵمانی لە ساڵی ١٧٦١ز لەگەڵ ستافێک لە شارەزا و زانایان بەرەو ڕۆژهەڵات دێن، بەتایبەتی ناوچە جیاوازەکانی عێراق بەسەردەکەنەوە، ژیانی کەرکوک، موسڵ، شنگال، کۆیە، هەولێر و ورمێ باس دەکەن. باس لە ژیانی ئاشووری و مسوڵمان، مسوڵمان و ئێزیدی و هەروەها تورک و کورد دەکەن[٣].

لە سەدەی نۆزدەشدا و لەساڵی ١٨٢٠ (ریچ) گەشتەکەی خۆی بۆ کوردستان دەست پێدەکات و زۆر بە ڕوونی دیمەنەکانی واقیعی ژیانی نەتەوەو ئایینە جیاوازەکان تۆماردەکات [٤]. لە ساڵی ١٨٧٣نیکۆلا سیوفی (١٨٢٩-١٩٠١ز لە گەشتەکەی خۆیدا بۆ دیاربەکرو حەلەب و زاخۆو ناوچەی شێخان و موسڵ باس لە چۆنیەتی ژیانی ئاینزاو نەتەوە جیاوازەکان دەکات.[٥] دوای پێنج ساڵ لەم مێژووە ژاک ریتۆری (١٨٤١-١٩٢١ز) ی مسیۆنێرو مزگێنیدەری فەرەنسی گەشتێک بۆ ناوچەکانی کەرکوکو سلێمانی دەکاتو مەسیحییەکانی سلێمانیو عێنکاوەو هەرمۆتەو کۆیەو شەقڵاوە بەسەر دەکاتەوەو باس لە ژیانی ئایینی ئەم ناوچانە دەکات[٦].

هەروەها لە سەدەی بیستەمیشدا کاپتنی ئینگلیز (دەبلیو ئار های)، لە کتێبەکەی خۆیدا (دوو ساڵ لە کوردستان)، زۆر بە ڕوونی باس لە کوردستان بەگشتیی و شەقڵاوە و کۆیەش بە تایبەتی دەکات، ئەمانەو دەیان نموونەی تر، کە مێژووی پێکەوەژیانیان نووسیوەتەوە، بەڵام بۆ مامەڵەکردن

لەگەڵ ئەم دەقە مێژووویانە پێویستە رەچاوی ئەم خاڵانە بکەین:

١- بۆ پرسی پێکەوەژیان و نیشاندانی واقیعەکە وەک خۆی، هەموو گەڕیدە و رۆژهەڵاتناسەکان وەک یەک تەماشای واقیعەکەیان نەکردووە، چونکە هەریەکەیان بە ئامانجێکی دیاریکراو هاتوون، زانینی ئامانجەکە رێگاخۆشکەرە بۆ زانینی ئەندازەی راستیی واقیعەکە، هەموو ئەوانەی وەک لێکۆڵەر هاتوون بێلایەنانە واقیعەکەیان خستۆتەڕوو، ئەوانەشی وەک پیاوی ئایینی، یان وەک نێردراوی وەزارەتی دەرەوە و بنکە هەواڵگرییەکان[٧] ، بە شێوازێک نووسیویانە کە لە بەرژەوەندی خۆیان بێت، بۆیە هەموو جارێ وەک بەڵگە و پێوانەی راست و دروست مامەڵەیان لەگەڵ دا ناکرێت.

٢- نهێنی مانەوەی ئەم پێکەوەژیانە تا ئێستا، بەرهەمی پێکەوەژیانێکی ئاشتیانەیە لە رابردوودا، بۆیە رووی راستەقینەی واقیعەکە ئێستا دەردەکەوێت.

٣- بە پێی هەڵکەوتەی جوگرافیی و سروشتی خەڵکەکە، رادەی ئاشتەوایی و پێکەوەژیان لە کوردستان لە شوێنێک بۆ شوێنێک گۆڕانی بەسەردا دێت، بەو واتایەی هەندێک شوێن بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکە هێندە پتەوە، بواری هیچ ناکۆکییەکی نەهێشتۆتەوە.

## سیماکانی پێکەوەژیان لە چەند شار و شارۆچکەیەکی کوردستاندا

### ١- هەرمۆتە و کۆیە:

هەرمۆتە گوندێکی دیانەکانە و نزیکی کۆیەیە، مسوڵمانەکانیشی تێدا دەژین و هەر لە کۆنەوە تا ئێستاش سیمای بەیەکەوەژیان تێیدا رەنگیداوەتەوە، بە جۆرێک ئاسان نییە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا جیاوازی لەنێوان ئەم دوو پەیڕەوانە ببینرێتەوە. ئەمەش کاریگەری زانا و پێشەوایانی کۆن بووە کە نەیانهێشتووە سیماکە تەڵخ بکرێت. بۆ نموونە: مستەفای کوڕی مەلای گەورەی کۆیە دەڵێت "باوکم زۆر رێزی لە برا مەسیحییەکان و جوولەکەکانیش دەگرت، کاتێک کە دەهاتە مەجلیس لە سەری مەجلیس دایدەنان، کە دەرۆیشتنیش هەتا بەر قاپی بەڕێی دەکردن، سەردەمێکیش هەندێ کەس کە مانای دین نازانن هێرش دەکەنە سەر ماڵی قەرەجە جوو، باوکم خێرا پێڕاگەیی و جوابی بۆ کاکە زیاد و مەلا حەوێز نارد، کە دیفاعیان لێ بکەن، باوکم دیفاعی لێدەکردن  رێزی لێدەنان و بە چاوێکی بەرێزەوە سەیری دەکردن، دەشیگوت هیچ فەرق نییە ئەوانە هەمووی دینی سەماوین، پێغەمبەری خۆیان هەیە و خوا دەناسن، زۆریش لەگەڵ قەشە دادەنیشتن و لە هەموو بۆنە و چێژنەکانیش دەهاتنە لامان و بەسەریان دەکردینەوە". کاتی خۆی مەلای گەورە دەچێتە لای (لاین) کە بەرپرسێکی ئینگلیز بوو، تەماشا دەکا بازرگانێکی کۆیی لەوێیە، رۆژێک پیاوێکی مەسیحی سەردانی باوکم دەکات، باوکیشم زۆر رێزی لێدەنێت و لەسەری مەجلیسی دادەنێت، کابرای تاجیر دێتە لای باوکم پێی ئەستەم دەبێت لە خوارەوە دابنیشێ، پیاوە مەسیحییەکەش لەسەرەوە بێت، دەچێ لە شوێنی کەسە مەسیحییەکە دادەنیشێ و پیاوە مەسیحییەکەش رەوانەی لای خوارێ دەکات، مەلای گەورە زۆر توورەدەبێت و بازرگانەکە دەردەکا و پێی دەڵێت "هەتا دوێنێ وەک حەقیران راوەستابوی لەلای (لاین)، ئەدی ئەویش وەکو وان مەسیحی نەبوو، کەچی چاوەڕوانت دەکرد ببینی و دەست بە سینگەوە بگری و کڕنوشی بۆ ببەی، ئەدی بۆچی پێت زوڵمە ئەو برا مەسیحییە لەسەرەوە دابنیشێ؟" دەری دەکا و پێی دەڵێت جارێکی تر روونەکەیتە ماڵەکەم. لە رووی هونەرییەوە چەندین

**هەندێك مەلا و شێخی كورد بە شێخی نەسرانی ناودەبەن، لەبەر ئەو نەرمی نواندنەی كە لە هەمبەر دیانەكان هەیانبووە**

كەسایەتی هونەری لەم شارە (كۆیە) هەڵكەوتوون گۆرانیان چڕیوە، لەوانە: مەڕبێن، هەروەها (پۆتێ) كە مامی سێوە بووە، سێوەی هونەرمەند كە مەقامە خۆشەكانی بە ناوەڕۆكێكی جوان هەستەكانی دەربڕیوە و ئاوێتەبوون بە كەلتووری ئیسلامی لە گوتەی (جومعەیە لەگەڵ فەقێیان دەخوێنین)، (حەزرەتی ئیسرافیل) و (كێوی توور) و ..هتد، توانیویەتی سوود لە ئاوازەكانی كڵێساش وەربگرێت و ئاوێتەی بكات بە مەقامەكانی. سێوە شەماسی كلێسا بووە، پەیوەست بووە بە كلێسا و مەسیحییەت، كەچی لە دیوەخانادا لەگەڵ (مەلا ئەسعەد) پێكەوە دانیشتوون و گۆرانی و مەقامیان وتوە و زۆر ڕێزی یەكتریشیان گرتووە و زۆر تەبابوون [٨].

**٢-سلێمانی:**

ژاك ریتۆری لە گەشتەكەی خۆیدا لە ساڵی ١٨٧٨ دەچێتە سلێمانی و دەڵێت "مەسیحییەكانی سلێمانی تەنها بریتیبوون لە بیست ماڵ. سەرجەمی دانیشتوانی شارەكە نزیكەی پانزە هەزار كەسە، كە لەم ژمارەیە جولەكەكان بریتین لە دووسەد و پەنجا بنەماڵە. مسوڵمانەكان زۆرینەی شارەكە پێكدەهێنن" [٩] . جەمال بابانیش لە كتێبی (سلێمانی شارە گەشاوەكەم) باس لە پێكەوەژیانی ئایینی لە سلێمانی دەكات و دەنووسێت «مەسیحییەكانی سلێمانی (كاتی خۆی لە دێی ئەرمۆتە سەر بە كۆیە و لە عینكاوەی سەر بە هەولێر و لە كەركوكەوە هاتوونەتە شاری سلێمانی. ئەوانیش وەک دانیشتوانی شارەكە، هەریەكە بە ئیشێكەوە خەریک بوون، لە (بازرگانی و ئیشی ناوبازاڕ و مووچەخۆری و میری و مامۆستا (رستن و چنین و خومچییەتی و جاو دروستكردن...هتد)، ماشاڵڵا ئەمڕۆ پیاوی پیاوانەیان (وەک جاران تێدا هەڵكەوتووە، هەموو كاتێک لەگەڵ خەڵكی شارەكەدا وەک برا بوون، هیچ فەرق و گۆرانی ئایین لەو برایەتییەی نەكردوون، لە هەر شوێنێک بووبن و لە شار دووركەوتبنەوە، هەر خۆیان بە خەڵكی سلێمانی زانیوە و دڵسۆزی شارەكە بوون. پیاوی گەورە و بەڕێزیان تێدا هەڵكەوتووە.... سەرقافڵەكەیان كەریمی عەلەكە بوو (وەزیری دارایی حكومەتەكەی مەلیک مەحمود) ... چەندەها هەژاری برسی لە گرانییەكەی سەفەربەردا لە مردن رزگار كردووە و گەلێک شتی تری پیاوانەی لەم جۆرەی پێشكێش كردووە «[١٠].

**٣-كەركوك:**

(ژاك ریتۆری) كە لە ساڵی ١٨٧٨ هاتۆتە كەركوك، لەبارەی پێكەوەژیانی كەركوكەوە دەنووسێت «ئێمە شادمانین كە دەبینین وێڕای هەمەچشنەیی ئایینەكان، خەڵكەكە لە هارمۆنییەكی باش پێكەوەدەژین. موسوڵمانەكان هەر وەكو مەسیحییەكان بە قەشە دەڵێن وەستا، واتە سەردار، پیرە مەتران بەگشتی ڕێزلێگیراوە. من ئەوە تەواو سەراسیمەی كردم كە بینیم هاوسێ مسوڵمانەكان وەک باوكێک مامەڵەی لەگەڵ دەكەن و بە هەموو بڕوایەكیانەوە جیاوازییەكانیان خستۆتە خزمەتی بڕیاری ئەو[١١]»

**٤-هاودیان:**

ئەگەرچی زۆر لەمێژ نییە و سەد ساڵ نابێت مەسیحییەکان لە هاودیان، دەڤەری سۆران نیشتەجێ بوون، بەڵام وا تێکەڵی یەکتر بوون، ئاسان نییە لێکیان هاوێر بکەین، چونکە کە ساڵی ١٩٢٨ هاتنە هاودیانێ توانیان گەڕەکێک بۆ خۆیان دابین بکەن زۆر بە ڕێکوپێکی، ئەوەی زۆر گرنگە توانیان خۆیان لەگەڵ مسوڵمانەکان بگونجێن وەک دوو برا لە یەک گوند لە جلوبەرگ و کەلتوور و دابونەریتیش لەم گوندە مزگەوت هەیە و کەنیسەش هەیە، واتە هاودیانن، هەرچی پرۆژە هەیە بە هاوبەشییە، لە هەموو خۆشی و ناخۆشیدا بەشداری یەکترن، لە زووەوە هەر مەسیحییەک و مسوڵمانێک بەیەکەوە دەچوونە هەرەوەزی و کەوی بواری و چیا، لە مانگە زستانەکان لە ماڵەکان کۆدەبوونەوە بۆ دروستکردنی دەرمانی (ساچمە) تواندنەوەی مس و باروت بۆ فیشەکی ساچمە، مەسیحییەکان راوچی باشیان هەبوو گرنگی زۆریشیان بە باغداری دەدا، ئێستاشی لەگەڵ دابێت نزیکەی (٣٠) ماڵ دەبێت کە ئێستا نیشتەجێی گوندن. هاتنی مەسیحییەکان لە شاوراوە بۆ هاودیان لەسەر دەستی (سەید رەسول) بوو کە مرۆڤێکی خواناس و لەخواترس بووە، سەخی و سەخاوەت بووە، هەمیشە بەرگری لە هەرچی دانیشتوانی گوند بێ جیاوازی کردووە، بۆ نموونە لە ساڵەکانی بیستەکان شەڕی لەگەڵ (سەید تەها نەهری) کردووە لەسەر پاراستنی زەویوزاری گوند و بەرگرییەکی تەواویشی لە مەسیحییەکان دەکرد لە هەر کاردانەوەیەکدا.[٢١] ئەم دەڤەرە لە نێوان رواندزەوە تا شەقڵاوە، بە گوێرەی دانپێدانانی (هامڵتۆن) کە ڕێگای ئۆتۆمبێلی لە سەرەتای سەدەی بیستەم کردەوە، باس لە پێکەوەژیانی ئایینەکان لەم ناوچانە دەکات بەگشتی و سیمای تەبایی و برایەتی ئەو کرێکارانە باس

**مامۆستایانی ئایینی وەك نەریتێکی ئیسلامی و کوردەواری بەشداری پرسەی دیانەکان لە هۆڵی پرسە دەبن و قەشەش لە پرسەی موسڵمانەکاندا لە مزگەوت بەشدار دەبێت**

دەکات کە لەسەر ئایینی جودا بوون بەڵام وەک برا وابوون. دەڵێت «وابزانم هیچ ئایینێک نەبوو، کە لەسەر ڕێگاکەی ڕەواندوزدا نموونەیان نەبێت، تەنانەت هیندییەکانیش. چاودێرکەرەکەم سیخ بوو، راماڵکەرەکەم هیندۆسی بوو، شۆفێری رۆڵەکەم مەلایەکی مسوڵمان بوو. هەروەها بەم شێوەیە ئەوانی تریش. جەرجیسی خزمەتکارم ئایینێکی بۆ خۆی لواندبوو، کە لە هەمووی ئاسانتر بوو. ئەو دەیگوت بە مەسیحی لە دایک بووم، بەڵام بێ سوودە ئەگەر لە جەژنەکانیاندا هاوبەشی ئەوانیکە نەکەم. لە کاتی جەژنی مەسیحییەکاندا ئەو جەرجیس بوو، لەکاتی جەژنی مسوڵمانەکاندا عەبدوڵڵا ئیسماعیل بوو، لە کاتی جەژنی جولەکاندا شائول ئیلیشوو بوو»[٣١] . هەروەها باس لە مەسیحییەکانی دیاناش دەکات کە ترساون لەوەی مەلیک فەیسەڵ لەو شوێنە لایان بەرێ، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە لەگەڵ خەڵکەکە وا بە باشی ژیاون، پێیان ناخۆش بووە بریاری لابردنیان بدرێت.

**٥-شێخان:**

شێخان کە ناوەکەی بۆ شێخ عادی کوڕی موسافیری هەکاری و شێخ حەسەن کوڕی عەدێی دووەمی هەکاری دەگەڕێتەوە، لە ساڵی ١٩٢٤ەوە بۆتە قەزا، هەریەکە لە (ئێزدی، دیان و

مسولمان)ی لێ نیشتەجێن، تا ئێستا نموونەیەکی پێکەوەژیان بوون لە کوردستان. سەرەڕای گرفت و کێشە سیاسی و مەزهەبییەکانی عێراق و ناوچەکە، زانایانی ئایینی هەر سێ ئایین ڕۆڵیان لە ڕاگرتنی بەڵانسی پێکەوەژیان هەبووە. (مەلا خەلیل مشەختی) (؟ -٢٠٠٧)ز، کە زانایەکی ئیسلامی و شاعیر و نووسەریش بووە، ڕۆڵی بەرچاوی لە پتەوکردنی پێکەوەژیان هەبووە، لەبەر ئەو ڕۆڵەی، دوای کۆچی دوایی لە ناوەڕاستی قەزای شێخان لەلایەن پەیڕەوانی هەر سێ ئایین پەیکەرێکی بۆ دروست کراوە. لە کارەساتی ئەرمەنەکانیش، ئێزدیەکان هاوشێوەی مسولمانەکان لە شەقڵاوە، لە (چەند گوندێکی خۆیان باوەشیان بۆ چەند بنەماڵەیەکی مەسیحی کردۆتەوە و تەنانەت حاکمی شنگال (حەمۆ شرۆ) سەدان خانەوادەی ئەرمەنی لە شاخی شنگال حەواندۆتەوە، بەو هۆیەوە ئەوکات لەلایەن پاپای ڤاتیکانەوە سوپاس کراوە[٤١].

## دیانەکان وەك موسڵمانەکان نوێنەریان لە دیوانی سەرۆك هۆزەکان هەبووە

لە کۆنەوە لە ڕووی بەڕێوەبردنەوە، هەموو شارو شارۆچکەکان میر و دەمڕاستی خۆیان هەبووە، ئەمەش پێکەوەژیانی پتەوترکردووە. هەر بۆ نموونە شوێنێکی وەک شەقڵاوە (میر)ی خۆی هەبووەکە سەرپەرشتی شارەکە و زۆربەی هۆزی خۆشناویشی کردووە، بۆیە بنەماڵەی میرەکان دەسەڵاتی بەڕێوەبردنیان هەبووە و لەو میانەشدا دیانەکانیش نوێنەری خۆیان لە دیوانی میردا هەبووە، لە دیانەکانی شوێنی تر جیابوون لە ڕووی پەیوەندی لەگەڵ مسوڵمانەکان، حاکمی ئینگلیز لە سەردەمی خۆیدا گەواهی ئەم ڕاستییە دەدات و دەنوسێت «گاورەکانی[٥١] شەقڵاوە لەناو ناوچەیەکی عەشایەری دەژین، ئەوان هەمیشە هەڵسوکەوتێکی باشیان لە تەکدا دەکرێت، ئەوان سەرۆک هۆز لە ناوچەکە بە گەورەی خۆیان دەزانن، ڕێگەشیان دراوە کە موڵک و ماڵیان هەبێ لە بارێکی پڕ ئاسایش و ئارامی دان و کەسیش دەست لە کاروباریان وەرنادا.» [٦١]

دانیشتوانەکانی بە کشتوکاڵییەوە خەریکن، بەتایبەتی ڕەز و باغی ئاوی و دێمی زۆر و بەروبومەکەی بۆ ناوچەکانی تر دەنێرن، گاورەکان لە شەقڵاوە و کۆیە کاری چنین دەکەن، ئەوانەی شەقڵاوە باخی میوەی فراوانیان هەیە، بە پلەی یەکەم ئەوان ئەو قوماشە خۆماڵییە دەکەن کە کوردەکانی شوێنە ڕوتەنەکان و گردۆلکە و بەرزەکان دەیکەنە جلوبەرگ- مەبەست ئەو جۆرە قوماشەیە کە لە مەرەزی بزن دروست دەکرێت و پێیدەڵێن کر [٧١].

## ڕۆژئاواییەکان ستایشی ڕابەرە ئایینییەکانی کوردستان دەکەن

کورد هەر لە کۆنەوە لەگەڵ کەمایەتییە **ئایینی و نەتەوەیی و مەزهەبییەکاندا باش بوون، ڕۆژئاواییەکان ئەم برایەتی و پێکەوەژیانە ئایینییە لە چاوی ڕابەرە ئایینییەکانی کورد تەماشا دەکەن کە شێخ و مەلاکان بوون،** تەنانەت هەندێک مەلا و شێخی کورد بە شێخی نەسرانی ناودەبەن لەبەر ئەو نەرمی نواندنەی کە لە هەمبەر دیانەکان هەیانبووە. بۆ نموونە لە ڕاپۆرتێکی (ئیان سمیس) بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی لە ١٦ی مایسی ١٩١٤ بەڵگەنامە(Ref: FO.١٩٥ - ٢٤)دەڵێت: ناوی شێخ عەبدوسەلام بارزانی بە (شێخ النصرانی) دەهات، لەبەرئەوەی ئەوەندە باش بووە بۆ مەسیحییەکان، کاهینێکی گەڕیدە هاتبووە کوردستان و سەردانی ناوچەی بارزان و کوردستانی کردبوو، سەرسامبوو بەو تەباییەی

نێوان کوردستانییەکان لە ئایینە جیاجیاکان، کتێبێکی نووسیبوو بە ناوی (مهد البشرية- الحياة في شرق کوردستان) شێخ عەبدوسەلام بە (برایان بۆرۆ)ی ئیرلەندی شوبهاندبوو، کە لە کوردستانیش لەژێر سایەی ئەخلاقی ئایینی وەقە زێڕێک لە دەرەوە بەجێبهێڵە کەس دەستی بۆ نابا و ماڵی مەسیحی زیاتر پارێزراو بووە [٨١].

## دیمەنەکانی پێکەوەژیان لە رووی کۆمەڵایەتییەوە

هەتا لە رووی دابەشبوونی دانیشتووانەوە، سنوور لەنێوانیان نەبێت، ئەمە پێکەوەژیانی قووڵتر کردۆتەوە. بۆ نموونە پێکەوەژیان لە قەزای شێخان و هەندێ گوندی ناوچەی بەرواری، کۆیە و شەقلاوە، تایبەتمەندی خۆی هەیە، وەک شوێنەکانی تر نییە، چونکە لە رووی جوگرافییەوە هیچ سنوورێک پەیرەوانی دوو ئایینە لەیەکتر جیاناکاتەوە، بە پێچەوانەی عەنکاوە، لەبەرئەوەی لە عەنکاوەدا زۆرینەی هەرە زۆر بگرە هەمووی لە کۆندا کریستیان بوون، بۆیە بواری تێکەڵاوی و دروستکردنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لەگەڵ مسوڵمانان بە شێوەیەکی بەتین لەبار نەبووە، هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئەم کاریگەرییە هەر بەجێماوە، هەرچی شێخان، کۆیە و شەقلاوەن زۆرترین پەیوەندی پێکەوەژیانیان تێدا بەرجەستەبووە. شەقلاوەش لە چلەکانی سەدەی رابردوو ناحیەیەک بووە سەر بە قەزای کۆیە، بۆیە لە زۆر رووەوە لەگەڵ یەکتر هاوبەشن، وێڕای ئەوەی لە کۆیە گوندێکی تایبەت بە دیانەکان بەناوی (هەرمۆتە) هەیە و مسوڵمانیشی لێن، بەڵام لەناو ناوەندی شارەکەشدا وەک شەقلاوە بنەماڵەی هەر سێ ئایین هەبوون. لە ساڵی ١٨٧٨ دا (ژاک ریتۆری) نووسیویەتی کە "ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی دە هەزار کەسە، لەو ژمارەیەدا جولەکەکان سی بنەماڵە، مەسیحییەکانیش بەقەد ئەوان دەبن و ئەوەی دیکە مسوڵمانن» [٩١] ، لە ساڵی ١٩٢٠یشدا حاکمی ئینگلیز دەبلیو ئاڕ های، لە کتێبەکەی خۆیدا دەڵێت: «شەقلاوە کە ژمارەی دانیشتوانەکانی نزیکەی (٣٠٠٠) کەس دەبێت و نیوەیان گاورن، دەکەوێتە سنووری باکووری چیای سەفین، کە باکگراوندێکی بەردینی بەرزی لێژ دەداتە شارۆچکەکە.» [٠٢]

پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان میر و خەڵک هەبووە، بەتایبەتی میری فەرمانڕەوا لە ناوچەکە بایەخێکی زیاتری بە کاروباری دیانەکان داوە، ئەوانیش گوێڕایەڵی خۆیان بۆ میر دووپاتکردۆتەوە. بۆ نموونە لە کۆیەشدا لە سەردەمی (حەماغا)دا هێندە پێکەوەژیان پەرەیپێدراوە، تەنانەت کۆرەدیان هەتا مرد لە ماڵی حەماغاو کاکەزیاد بە مەحرەم دەناسرا، سێوەی گۆرانیبێژی مەشوور لە هەموو پێویستێکدا گۆرانیی لە دیوەخانی کاکەزیاد و مەلا حەوێزاغادا دەوت، لە دەمی پیریی سێوەدا کاکە زیاد هێنایە بەغدا و ئەو چەند گۆرانییەی لە ئیزاعە پێ پڕ کردەوە، سێوە خۆی خەڵکی هەرمۆتە بوو، واش بزانم ناوەکەی لە سلێوەوە بۆتە سێوە... کەمایەتیی ئایینی دیان و جووی کۆیێ لە کۆنی کۆنەوە بە تەبایی لەگەڵ مسڵمانی کۆیەو ئەو ناوە هاتوونەتە خوارێ. نەبیستراوە بە جۆرێکی ئەوتۆ گەلەکۆییی پێوە بێ لەلایەن موسڵمانانەوە دەستدرێژییان لێ کرا بێت، رەنگە بەهۆی جیاوازی دینەوە بێگاریان کەمتر پێکرابێت لە موسڵمانان هەروەک لە عەسکەری و خزمەتی ئالادا ئەرکەکە کەوتۆتە سەر شانی موسڵمانان، لە دەمی ئاژاوەدا کە بە عادەت تێکەڵ پێکەڵی دەبێت

**بێگومان بەشێکی زۆری مێژووی کورد بە دەستی کەسانی غەیرە کورد نووسراوەتەوە، ئەمە وایکردووە راستیی واقیعەکە وەك خۆی تۆمار نەکرێت و بە گوێرەی ئامانج و مەبەستی مێژوونووسەکان بنووسرێتەوە.**

و سنوور دەبەزێنن، ئەو کەمایەتییە ئاینییانە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە پارێزراون [١٢].

## چەند مەزارێك دیان و مسوڵمانەکان بەیەکەوە کۆدەکەنەوە

کوردستان بەگشتیی و بەتایبەتیش شەقڵاوە و کۆیە، هەر تەنیا بارودۆخە کۆمەڵایەتیی و بازرگانییەکانی، پەیوەندییەکانی پەیڕەوانی ئەم دوو ئایینەی پتەو نەکردووە، بەڵکو لە هەندێک لەو شوێنەوار و مەزارە دێرینانەش، بە ئاشتەوایی هەردوولا بە پیرۆزی دەزانن و هیچ کامێکیش ئەوەی تر رەتناکاتەوە و زۆرجارانیش رێکەوت وایە هەردوولا لەیەککاتدا لەو شوێنەدا کۆدەبنەوە. بۆ نموونە چەند مەزارێک لە سنووری شەقڵاوە و کۆیە هەن گەواهی ئەم پێکەوەژیانە دەدەن، لێرەدا دوو نموونە دەخەینە روو:

**١-ئەشکەوتی شێخ وسو رەحمان یان رەبەن بۆیا:**
نزرگەیەکە کەوتۆتە دۆڵێکی ناو چیای سەفین، لە بەشی باشووری شەقڵاوەیە و شوێنێکی سەختی هەیە، ئەشکەوتێکە و بە لای هەردوو پەیڕەوانەوە پیرۆزە، مسوڵمانەکان پێیدەڵێن مەزاری شێخ وسو رەحمان، دیانەکانیش بە (رەبەن بویا) ناوی دێنن، ئەم دیاردەیە بۆتە جێی سەرنجی گەڕیدە و رۆژهەڵاتناسەکانیش، هەر بۆیە حاکمی ئینگلیز لە بیستەکانی سەدەی رابردوو ئەمەی لا سەیر بووە و نووسیویەتی «ئەوەی سەیرە کە تۆ دوو سێ مەزار لەو پارێزگایەدا بدۆزییەوە کە دەڵێن هی هاوەڵەکانی عیسان (س)، موحەممەدییەکانیش هەموو بە پیرۆزی دەزانن» [٢٢] ، لەسەر دوو لای تاوەرە شاخەکانی ئەم ئەشکەوت و نزرگەیەدا لە یەک کاتدا لەلایەک (الله اكبر) نووسراوە و لەلاکەی تریش خاچێکی رەمزی دیانەکان کێشراوە، کەسیش نایسرێتەوە و هەردووکیان بونەتە رەمزێکی پێکەوەژیان لەم شارەدا.

٢- مەرِبێنە قەدیشە، لە کۆیە، کە لەنێو مسوڵمانەکان بە (شێخ محەممەد) ناسراوە، هەردوولا سەردانی دەکەن و باوەڕیان پێیەتی. [٣٢]

## بۆنە ئایینییەکان و پێکەوەژیان

بۆنە ئایینییەکان یەکێکە لەو هۆکارانەی کە تێیدا زیاتر درەختی پێکەوەژیان ئاو دەدرێت و گەشەدەکات، بەتایبەتی لەو نێوانەدا ئەگەر پێشتر باری کۆمەڵایەتیی بە گشتیی پەرەی پێدرابێت، ئەوا بۆنە ئایینیەکانیش کە زۆر جاران شێوەیەک لە بۆنەی کۆمەڵایەتی تەماشا دەکرێن، هەمان پەیوەندی دروست دەکەنەوە، دەتوانین لەم چەند رووانەوە بۆنەی ئایینی پۆلێن بکەین:

**١-جەژن:** لە شەقڵاوە و کۆیەدا، دیانەکان لە هەردوو جەژنی مسوڵمانان (قوربان و رەمەزان)، هەر لە بەیانیی یەکەم رۆژی جەژن، سەردانی ماڵە مسوڵمانەکان دەکەن و پیرۆزبایی جەژنیان لێدەکەن، مسوڵمانەکانیش بە هەمان شێوە لە جەژنی لەدایکبوونی حەزرەتی عیسا (س)، پیرۆزبایی لەدایکبوونی ئەو پێغەمبەرەیان لێدەکەن، ئەمە لە کۆنیشدا هەر هەبووە، ئەوەتا مەسعود محەمەد دەنوسێت «پیاو ماقووڵ و

قەشەو مالمەکانیشیان[٤٢] لە هاتوباتی رەسمییاتو جەژنەدا بارتەقای ماقووڵەکانی مسڵمانان بەخێر دەهێنران و رێزیان لێ دەندرا، من بە چاوی خۆم دەمدیت لە دیوەخانی باوکم[٥٢] هەمیشە قەشەو مالم لە باری هەرە سەرەوە جێگەیان رەچاو دەکرا»[٦٢]، هەروەها (هاملتن) دەڵێت «موسڵمانەکانیش هاوبەشی پیرۆزبایی کریسمسیان دەکرد، وەک هەستێک نەک باوەڕێک» [٧٢]

**٢-ئاهەنگی یادی لەدایکبوونی پێغەمبەر (مەولود) (درودی خوای لەسەر بێت):** هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێت، دیانەکان بەشداری ئاهەنگی مەولود دەکەن و دڵخۆشی خۆیان بەم رۆژە دەردەبڕن و لەگەڵ موسڵمانەکان شیرینی دەخۆن و دەخۆنەوە، تەنانەت خودی قەشەی شەقلاوەش ساڵانە لەم ئاهەنگەدا بەشدار دەبێت.

**٣-لەکاتی هاتنەوەی موسڵمانان لە سەفەری حەج و عومرەدا**، دیانەکان هاوشێوەی موسڵمانەکان دەچنە بەخێرهاتنەوەیان و هیوای قبوڵبونی پەرستشەکانیان بۆ دەکەن.

**٤-پرسە و ناشتنی مردوو:**

دیانەکان و مسوڵمانەکان لە ناشتنی مردووی یەکتر و پرسەکەشی بەشدار دەبن، بە جۆرێک ئەمە هەر خەڵکی ئاسایی نەگرتۆتەوە، بەڵکو کەسانی ئایینیش لە پێشەوەیانن و مامۆستایانی ئایینی وەک نەریتێکی ئیسلامی و کوردەواری بەشداری پرسەی دیانەکان لە هۆڵی پرسە دەبن و قەشەش لە پرسەی مسوڵمانەکاندا لە مزگەوت بەشدار دەبێت، هەر یەکەشیان بە پێی سرووت و دابی ئایینی خۆی نزا دەخوێنێت و کەسیش بۆی نییە تانە ببەخشێتەوە، بە پێچەوانەوە لەلایەن هەردوو لاوە بە گەرمی بەخێرهاتن دەکرێن.

٥-مامۆستایانی ئایینی و پیاوانی ئایینی دیانەکان (قەشە) هەماهەنگییان هەیە، بەتایبەتی لە

**کورد هەر لە کۆنەوە لەگەڵ کەمایەتییە ئایینی و نەتەوەیی و مەزهەبییەکاندا باش بوون، رۆژئاواییەکان ئەم برایەتی و پێکەوەژیانە ئایینییە لە چاوی رابەرە ئایینییەکانی کورد تەماشا دەکەن کە شێخ و مەلاکان بوون**

هەندێک پرسی چارەنوسسازدا، بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠١٣ لەکاتی کۆمەککردنی کوردانی خۆرئاوا، بە کۆکردنەوەی پارە لە رێگای مزگەوتەکان و کڵێسادا، هەماهەنگی لەنێوان هەردوولادا کرا و نوێنەری قەشەو نوێنەری مامۆستایانی ئایینی کۆمەکەکەیان گەیاندە کەمپی دۆمیز لە دهۆک. [٨٢] لە زۆر باری دیکەشدا مامۆستایانی ئایینی رۆڵی چارەسەرکردنی کێشەکانیان هەیە، ئەگەر کێشەکە لەناو خانەوادەی دیانەکانیش بێت، بەو پێیەی مامۆستایان لەلای ئەوانیشەوە رێزلێگیراون [٩٢].

## چەند بۆنە و دابێکی کۆمەڵایەتیی دیکە

### گەڕانەوە بۆ ئاغای هۆز لەکاتی کێشە و گرفتەکان

سەرۆک هۆزەکانیش دەتوانن کێشە ئاڵۆز و سەختەکانی ناو مسوڵمانان و دیانەکانیش چارەسەر بکەن. ئاسوورییەکانی باشووری کوردستان پابەندی دەسەڵاتی ئاغایەکانی ئەو نێوچانەی کە لێی نیشتەجێن. هەروەها هاوبەشی لە هەندێک دابونەریتی عەشیرەتی کوردی دەوروبەریان دەکەن[٠٣]، هەر بۆ نموونە رەزا زبێر مەحموود ئاغا، کە ئاغای عەشیرەتی

زێبارییە، لە گوندی (شەرمن) نیشتەجێیە، تیارییەکان (مەسیحییەکان) وەکو زێبارییەکان بۆ چارەسەرکردنی هەندێ گرفتی کۆمەڵایەتیی ئاڵۆز، سەردانی دەکەن [١٣].

نیوەتۆوی و بەکرێدانی زەوی کشتوکاڵی

دیانەکان و مسوڵمانەکان، زۆر جار باغ و زەوییە کشتوکاڵییەکانیان بە کرێ و نیوەکاری و سێیەک دەدەنە یەکتر، ئەم مامەڵەش لە کۆنەوە لەناو خەڵکیدا هەبووە، جیاوازی ئایین و نەتەوە کاری نەکردۆتە سەر مامەڵەکانیان. بۆ نموونە (تیارییەکان، بەشێک یان هەموو زەوییەکانیان، لەبەر نەکردنی کشتوکاڵ، یان لە شار نیشتەجێبوون، یان کارکردن لە فەرمانگەی دەوڵەت، بە سێیەک بە فەلاحی زێباری داوە. [٢٣]

## ئاهەنگی ژن و ژنخوازی

لەکاتی گواستنەوەی ژن و بووکهێنان، نان خواردن و زیافەتکردن هەموو لایەک تێیدا بەشداردەبن و بۆ دیاریهێنانیش بۆ ماڵی تازەی بووک و زاوا، هەردوولا پیرۆزبایی بۆ یەکتر دەنێرن و دیاری دەنێرن و مرۆ ئەگەر لە دانیشتنەکە بەشدار بێت، ناتوانێ لێکیان جیابکاتەوە، چونکە نەریتەکە تەواو ئاوێتەی یەکتری بووە و وەک دابێکی ڕەسەنی کۆمەڵایەتیی خۆی بەرجەستە دەکات.

## یەک پۆشاکی لەنێوان هەردوولادا

دیانەکان هاوشێوەی موسڵمانەکان جلی کوردی دەپۆشن، هیچ کاتێک لە ڕووی جلوبەرگەوە خۆیان لە کورد دوور نەگرتووە، پیاوەکانیان وەک کوردەکان ڕانکوچۆغە و پشتێن و کڵاو و جەمەدانی کوردییان پۆشیوە، ژنەکانیش هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێت ژنە بەتەمەنەکان وەک ژنانی کورد کراس و پۆشاکی کوردی دەپۆشن، بە هیچ شێوەیەک ناتوانرێت جیاوازیان لێ بەرهەم بهێنرێت.[٣٣] هەروەها دیانەکانی هەرمۆتە و کۆیەش بە هەمانشێوە جلی کوردی دەپۆشن، جلوبەرگێکی تایبەتی خۆیان نییە، بەڵکو پیاوەکان ڕانکوچۆغەیان لەبەرکردووە، ژنەکانیش جلی کوردییان پۆشیوە.[٤٣] هەروەها لە شوێنی تریش هەمان پۆشاک دەپۆشن، بۆ نموونە جلوبەرگی پیاوانی گوندی بێدیاڵ (گوندێکی ئاسووری‌نشینە و کەوتۆتە ناوچەی شێروان مەزن نزیک بارزا) هەمان ئەوانەن کە بارزانییەکان لەبەری دەکەن، بریتییە لە شەل (واتە شەروال یان ڕانک) و شەپک (واتە کورتەک یان چۆغە) و هێڵەگ و پشتێن و کڵاو و جەمەدانی سور. [٥٣]

## یەک ئاقاری هاوبەشی زەویوزار:

لە زۆر لە گوندەکانی کوردستان ئاقاری گوندێک لەگەڵ گوندێکی تر جودایە، بەمەش زۆر جاران چوونە نێو ئاقاری ئەوی تر، کێشەی بۆ هەردوو گوند دروستکردووە، ئەگەرچی سنووریش جیایان بکاتەوە. بەڵام لە ناوچەی بەرواری، دوو گوندی ئاسوورییەکان و دوو گوندی کوردان ئاقاریان تێکەڵی یەکترییە و کێشەش دروست نەبووە، ئاقاری وێڵە و بێروومانی (دوو گوندی ئاسوورین) و هێتوت و شێڤێ (دوو گوندی کوردین) تێکەڵە و کەس دەست بۆ زەوی تەنیشتی یان زەوییەکی بەتاڵ درێژ ناکات. گندی باشێ (ئاسووری) و سەرنی (کوری) چیای هاوبەشیان هەیە [٦٣].

## هەرەوەزی لە کارکردن

لەناو کورددا زبارە و هەرەوەزی ڕەگەزێکی گرنگی مانەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە، لەو سۆنگەیەوە بەهۆی هەڵکەوتەی شەقڵاوە لە ڕووی باغدارییەوە، لە زۆر کاردا پێویستیان بە

بنەمای هەرەوەزی دەبێت، لەو بارەوە خەڵکەکە بە پێی پەیوەندی دۆستایەتییان جیاوازی ناکەن لە نێوان موسڵمان و دیانێک، هەردوولایان لە توو داوەشاندن، مشتاغی ترێ، گوێزلێکردنەوە، بلاروککردن، بەڕووکردن و هەنار ڕنین، هەروەها لە بەفرماڵین لە زستاناندا هەرەوەزی یەکتر دەکەن، بە بەسەربردنی شەوانی درێژ بە هاموشۆکردنی ماڵی یەکتر، هەروەک لەکۆندا کاروانی بازرگانییان بەیەکەوە بووە و بەیەکەوە میوەجات و بەرهەمی خۆماڵیان بردۆتە شار و دێهاتەکانی کوردستان و بە گەنم و جۆ و شەکرو چایان گۆڕیوەتەوە.[٧٣] وێڕای ئەوەی لەناو فەرمانگە حکومیی و کارگێرییەکانی کوردستاندا پەیڕەوانی هەموو ئایینەکان بەیەکەوە کارەکان بەڕێوەدەبەن، لە زۆر لە بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگە و قوتابخانە و دامەزراوەکانی حکومیدا بەرپرس بەڕێوەبەرەکان دیانن بە پێچەوانەوەیش موسڵمانیش هەن، واتە بێ جیاوازی بیرکردنەوە لەوەی کە ئایینی بابای بەرپرس و بەڕێوەبەر چییە،[٨٣] بەو پێیەی مێژوویەکی دوورودرێژ لە بەیەکەوەکارکردن و بەیەکەوەژیان هەیە، بۆیە ڕەنگە ئەمە تایبەتمەندییەکی دیکەی پێکەوە ژیانی کوردستان بێت، کە ڕۆڵی لە هێشتنەوەی ئەم پەیوەندییە هەبووە.

## پێکەوە مردن و دواچارەنووس لە دیمەنێکی سەرنجڕاکێش دا

ئەوەی کە سیمای پێکەوەژیانی کوردستان لە شوێنانی تر جیادەکاتەوە و بۆتە تایبەتمەندییەکی سەرنجڕاکێش، ئەوەیە موسڵمان و کریستانەکان هەر تەنیا لە ژیاندا ئاوێتەی یەکتر نەبوون، بەڵکو لە مردنیشدا لە یەک رووددا و لە یەک شوێندا ئەسپەردەی خاک کراون. بۆ نموونە:

١- لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا لە ئەنجامی راپەرینی خەڵکی شەقلاوە دژی رژێمی بەعس، رژێمی ئەوسا کەوتە گرتنی خەڵک و بێ جیاوازی خەڵکی دەستگیرکرد و (٢٣) کەسی ئەم شارەی بە دیان و موسڵمانەوە لەسێدارەدا، دوای راپەرینیش تەرمی ئەم شەهیدانە لە مەراسیمێکی شکۆداردا هێنرایەوە شەقڵاوە و لە گۆرستانی گردی زەیتون هەموویان لە یەک شوێندا نێژران، تییدا گۆڕی دوو دیانی شەقڵاوەش کە لەگەڵ مسوڵمانەکان لە سێدارەدرابوون، تێکەڵی گۆڕی موسڵمانەکان بوونە و بەم جۆرە لە مردنیشدا پێکەوە لەسێدارەدران و پێکەوەش لە یەک گۆرستاندا چوونەوە بن خاک.

٢- هەر لە رووی سیاسییەوە، ئەو کاتەی گوندەکانی کوردستان لەلایەن رژێمی بەعسەوە راگوێزران و لەسەر ماڵ و حاڵی خۆیان وەردەرنران، ئەم ڕاگواستنە دیانەکانیشی لەگەڵ موسڵمانەکان پێکەوە گرتەوە. هەر بۆ نموونە گوندی (کەشکاوا)ی سەر بە ناحیەی دینارتەی قەزای ئاکرێ، کە دانیشتوانەکەی ئاسوورین، لە نێوان دە تاکو پازدەی مایسی ساڵی ١٩٨٧دا، لەگەڵ زەوی تەختکراوە، خەڵکەکەیان بە زیل بۆ ئاکرێ گواستەوە. لە شوێنێک بە تەنیشت بینایەی قایمقامی ئاکرێ هەڵرشت، نزیکەی نۆ ڕۆژ بە بێ هیچ شتێک لەو ناوە دەخولانەوە. ئاسوورییەکان دوای راگواستنیان، بەسەر چەند کۆمەڵگا، بە نموونە المنصوریه (مسێریک- باختمە)، قادسیە (ئازادی)، بیرسڤێ، دابەشکران[٩٣]

## پێکەوەژیان لە رووی رۆشنبیرییەوە

ئەوەی بۆتە تایبەتمەندییەکی دیکە لە سیمای پێکەوەژیانی کوردستاندا، جیاواز لە شوێنەکانی تر ئەوەیە، دیانەکانی کوردستان خۆیان لە کورد

جیاناکەنەوە، لە ڕووی سیاسییەوە تێیاندا هەبووە بۆتە پێشمەرگە و لە شۆڕشەکان بەشداربووە و بە دڵسۆزی خەباتی بۆ کوردستان کردووە، هەر ئەمە وایکردوە لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە خۆیان جیانەکەنەوە و لە پرۆژە و کاروانی ڕۆشنبیری شارەکانیشدا بەشداربن، بەتایبەتی لە پەروەردە و فێرکردن بە زمانی کوردی خوێندویانە و هەتا دوای ڕاپەرینیش قوتابخانەی تایبەت بە خۆیان نەبووە، خۆیان جیانەکردۆتەوە لە خوێندن لەگەڵ موسڵمانەکان، هەر ئەم بایەخدانە بە زمانی کوردی و ڕۆششنبیری کوردی وایکردووە کە:

-١شاعیری بەتوانایان تێدا هەڵبکەوێت و ڕۆڵی لە بەرەوپێشبردنی شیعری کوردی هەبێت، بۆ نموونە شاعیری کۆچکردوو، خەلیل خۆرانی[٠٤] (؟- ١٩٩٩ز) کە خاوەنی دیوانێکی شیعرییە بە زمانی کوردی، هەروەها شاکر عۆدیش (١٩٣٩-) و چەندانی تر [١٤].

-٢بەشداربوونی کارای دیانەکانی کوردستان لە کۆمەڵە و سەنتەرە ڕۆشنبیری و هونەرییەکان، هەر لە دامەزراندنی سەنتەری ڕۆشنبیری شەقڵاوە بگرە تا تیپی مۆسیقایی و هونەرییەکانی شارەکە.

-٣بڵاوکردنەوەی دوو گۆڤار بەناوەکانی شەقڵاوە و دیانا، لە شەقڵاوە و دیانا و هەروەها لە کۆیە و چەند شوێنی تریش، کە تێیدا لەپاڵ ئەوەی بە زمانی کوردی بابەتی تێدا بڵاودەکرایەوە، بابەتی بە زمانی سریانیش تێدا نووسراوە، وەک گۆڤارێکی هاوبەشی هەردوو پەیڕەوانی ئایین.

## موسڵمانەکان دەبنە خانەخوێی ئەرمەنییەکان و دوو گەڕەکیان بەناووە دەکەن

لە دوای کارەساتی ئەرمەنییەکان لە تورکیا، چەند خانەوادەیەکی ئەرمەنی پەراگەندەی کوردستان دەبن، هەندێکیان دێنە شەقڵاوە، لە شەقڵاوە خەڵک کۆمەکییان دەکەن و دوو کەسیان وەکو ڕەمزێکی ئەم شارە لە یادگەی خەڵکی موسڵمان و مەسیحییەکان ماونەتەوە، یەکێکیان ناوی کریکۆر بوو ماوەیەکی زۆر لە شەقڵاوە ژیا و جێگای ڕێز و لەلایەن دانیشتوان خۆشەویست بوو، ئەم پیاوە یەکەمین گازینۆی لە شەقڵاوە کردەوە، خانوو باخچەیەکی زۆر جوانی دامەزراند، ئێستاش گەڕەکێک لە شەقڵاوە بەناوی ئەو پیاوە ناسراوە "گەڕەکی کریکۆر"، پیاوی دووەمیان ناوی سیمۆن بوو، ئەویش ئوتێلی دامەزراند لەسالآنی چلەکان بەناوی ئوتێلی (الشمال الجدید) ئێستاش کەلاوەی ئەم ئوتێلە هەر ماوە و گەڕەکەکە بەناوی گەڕەکی سیمۆن ناسراوە [٢٤].

## ئەنجام:

لەم کورتە لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

- زۆربەی سیمای پێکەوەژیان لە کوردستان، تا ڕادەیەک تایبەتمەندییەکی ناوازەی هەیە، بەهۆی ئەوەی بە زۆری هیچ سنوورێکی جوگرافی یان دەستکرد لەنێوان موسڵمان و دیانەکان نییە، ئەمەش بەهۆی سروشتی جوگرافیای ناوچەکە و پتەویی پەیوەندی کۆمەڵایەتیانەوەیە.
- دیانەکان لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە خۆیان لە کوردەکان جیانەکردۆتەوە، هاوشانی موسڵمانەکان ڕۆڵیان لە کاروانی هونەری و ڕۆشنبیری بەگشتی و شیعری کوردی بەتایبەتی هەبووە.
- لە زۆر لەو ناوچانەی دیان و موسڵمان هەن، هەر تەنیا پێکەوەژیان سیماکەی نییە، بەڵکو

لە چارەنوس و پێکەوە مردن و پێکەوە ئەسپەردەی خاک کردنیش دا دیان و موسڵمان پێکەوەن، ئەمەش سیمایەکی جیاکەرەوەی پێکەوەژیانە، کە لە هیچ شوێنێک بەم جۆرە روویینەداوە.

– لە پرسە چارەنوسسازەکان دا نەک هەر تەنیا لەنێوان خەڵکی ئاساییی هەردولا، بەڵکو لەنێوان کڵێسەو مزگەوت و مامۆستا (مەلا) و قەشەشدا هەماهەنگی هەیە.

– پێکەوەژیان هێندە لە کوردستان قوڵبۆتەوە و رەگیداکوتاوە، لە هەریەکە لە جلوبەرگ و هەرەوەزی و بازرگانی و بۆنە ئایینیو نیشتمانیی وکۆمەڵایەتییەکانیشدا هاوبەشن، لەم روەوە نموونەی زیندوو خۆیان بەرجەستە دەکەن.

– سیمایەکی زۆر تایبەتمەندی پێکەوەژیان ئەوەیە هەر لە زیندووەکان چڕنابێتەوە، بەڵکو مەزارەکانیش بونەتە پردی کۆکەرەوەی هەردوولا لەیەک کاتدا، بێ ئەوەی هیچ گرفتێک بێتەکایەوە.

– ئەوەندەی سیاسەتی هەندێ لە فەرمانڕەواکان لە کۆنەوە تا ئێستا بەهۆی کەموکوڕی لە بەڕێوەبردنی کارەکانیان پەڵەیان خستۆتە سەر سیمای پێکەوەژیانەکە، ئەوەندە سروشتی خەڵک و دینداری و رۆشنبیرییەکەیان گرفت نەبوونە لەبەردەم پێکەوەژیانەکە.

– پەیوەندییە بەتین و پێکەوەژیانەکەی کوردستان، هەر لە دیان و موسڵمانەکان تەنیا قەتیس نەبووە، بەڵکو لە سەرەتای سەدەی رابردوودا پێشوازی لە ئەرمەنەکانیش دەکەن و لە ئەنجامی بەهێزی پەیوەندییەکە، ئێستاش دوو گەڕەکی شەقڵاوە بەناوی دوو کەسی ئەرمەنی کراون و لە خەیاڵی خەڵکی ماونەتەوەو بونەتە کەلتوورێکی تایبەتی شارەکە.

## سەرچاوە و پەراوێز:

١ بۆ نموونە (کلودیوس جەیمس ریچ) لە کتێبەکەی خۆیدا کە بە (گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان) ناسراوە لە ساڵی ١٨٢٠ دا باس لە ناکۆکی ناوخۆیی هۆزە کوردەکان دەکات و لە باسی خۆشناوەتی دا دەڵێ: "خۆشناوەتی و رەواندزی یەکجار کێوی و نەزانن‌و هیچ شتێکیش لە کوشتن و برین نایانگێڕێتەوە... چەند ساڵێک دوژمنایەتییەکی خوێناویی لە نێوان دوو ناوچەدا، لەسەر سەگێک روویدا بوو، کە نزیکەی حەفتا کەسیان لەیەکتر کوشتبوو، لەمانە سی کەسیان لە مزگەوتێکدا کوژرابوون، کە هەردوو دەستەکە پێکەوە نوێژیان کردبوو، ئەمانە تا ئێستایش جار نا جارێک لەسەر ئەم جۆرە شتە هیچ و پووچانە، یەکتر دەکوژن.. شەڕەکانیشیان بە یەکتر کوشتن نەبێ دوایی نایەت". بڕوانە: کلۆدیۆس جەیمس ریچ، گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، وەرگێڕانی: محمد حەمە باقی، چاپی سێیەم، موکریان، هەولێر، ٢٠١٢، ل١٥٤.

٢ بڕوانە کتێبی (رحلة الهولندي الدكتور ليونهارت راوولف الي طرابلس- دمشق- حلب- الرقة- ديرالزور- بغداد-عانه- الفلوجة- هيت- كركوك- اربيل، في النصف الثاني من القرن السادس عشر الميلادي، ترجمة: د.سليم احمد خالد، الدار العربية للموسوعات، بيروت، ٢٠٠٨م.

٣ رحلة نيبور الي العراق في القرن الثامن عشر، ترجمة عن الالمانية، د.محمود حسين الامين، الدار العربية للموسوعات، بيروت، ٢٠٠٦م.

٤ بڕوانە گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان، سەرچاوەی پێشوو.

٥ زاناو لێکۆڵەرێکی ڕۆژهەڵاتییەو خەڵکی سوریایەو لە سەردەمی خۆیدا کۆمەڵێک پۆستی دیبلۆماسی وەرگرتوە، بڕوانە: رحلة نيقولا سيوفي ١٨٧٣، اعتنى بنشرها: تيسير خلف، دار التكوين، دمشق، ٢٠٠٩

٦ گەشتنامەی مسیۆنێرێک، ژاک ریتۆری، لە فرانسیەوە: نەجاتی عەبدوڵڵا، بنکەی ژین، سلێمانی٢٠٠٨.

٧ بۆ نموونە ئەو دوو ژنە ئینگلیزەی کە وەزارەتی دەرەوە لە ساڵی ١٩٠٨ بۆ زانیاری وەرگرتن لەسەر ژیانی خەڵکی بن دەسەڵاتی عوسمانی هاتونەتە کوردستان، بە چاوێکی سووک سەیری هەموو نەتەوەو ئاینەکانیان کردوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:By: Desert Ways to Baghdad, By Lousia jebb (Mrs. Roland Wilkins),London; T. FISHER UNWIN,1908

٨ مێژووی هەرمۆتە، د.هاوژین سلێوە، چاپخانەی زانا، سلێمانی، ٢٠١٣، ل١٧٧-١٧٩.

٩ گەشتنامەی مسیۆنێرێک بۆ ناوچەکانی کەرکوک و سلێمانی ساڵی ١٨٧٨، ژاک ریتۆری، سەرچاوەی پێشوو، لا٤٠

١٠ سلێمانی شارە گەشاوەکەم، جەمال بابان، بەرگی چوارەم، ئاراس، ٢٠١٢، ل٣١٧-٣١٨

١١ گەشتنامەی مسیۆنێرێک بۆ ناوچەکانی کەرکوک و سلێمانی ساڵی ١٨٧٨، ژاک ریتۆری، سەرچاوەی پێشوو، لا٣٢.

١٢ هاودیان (چەند لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی لەسەر کولتورو مێژووو کۆمەڵایەتی گوندی هاودیان)، فازڵ هاودیانی، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر ٢٠١٢، ل٤٢-٤٣

١٣ ڕێگایەک بە کوردستاندا، أ.م. هاملتن، وەرگێڕانی: د.عەلی عەبدولرەحمان عەسکەری، دەزگای موکریانی، ٢٠١٣ل ١٧٣.

١٤ التعايش السلمي بين الاديان في كردستان- والشيخان نموذجا، داود مراد ختاري، مقال في كتاب (پێکەوەژیان لە کوردستان) ئامادەکردنی: ڕێکخراوی باڵیۆز بۆ گەشەپێدانی مرۆیی و ڕێکخراوی سەروەری یاسا، هەولێر، ٢٠١٣ص١١٣.

١٥ موسڵمانەکانی شەقڵاوە وشەی گاور بەکارناهێنن و بەڵکو بۆ کریستیانەکان تەنیا وشەی (دیان) بەکار دەهێنن، لە سلێمانی وشەی (گاورو) و لە ناوچەی بادینانیش وشەی (فەلە) بۆ کریستانەکان بەکاردێت. ئێمەیش لەو توێژینەوەیەدا، پێمان زانستی ترە وشەی دیان بەکاربێنین، لە جیاتی هەریەک لە وشەکانی مەسیحی و کریستیان و نەصارا، کە بە هیچ شێوەیەک لەم ناوچانەی کوردستان بەکارنەهێنراون. پێمان وایە وشەی مەسیحی گونجاو نییە و وشەیەکی عەرەبییە، چونکە ئەگەر بگوترێت مەسیحی، دەبێ بە موسڵمانەکانیش بگوترێت موحەممەدی، ئەمەیش تەنیا ڕۆژئاواییەکان بەکاری دەهێنن.

١٦ دوو ساڵ لە کوردستان (گەشتیکی نهێنی بۆ میزۆپۆتامیا)، دبلیۆ ئار هەی، وەرگێڕانی لوقمان باپیر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠، ل٩١

١٧ سەرچاوەی پێشوو، ل٩١.

١٨ کەمایەتی لە کوردستان بە پێی بەڵگەنامەی نێودەوڵەتی، مەسعود عبدالخالق، گۆڤاری جودی (گۆڤاری وەزارەتی ئەوقاف)، ژمارە ١٠، هەولێر، لا٢٣.

١٩ گەشتنامەی مسیۆنێرێک بۆ ناوچەکانی کەرکوک و سلێمانی ساڵی ١٨٧٨، ژاک ریتۆری، سەرچاوەی پێشوو، لا٤٧.

٢٠ دوو ساڵ لە کوردستان ٢٠١٠، لا١٤٩

٢١ حەماغای گەورە،مەسعوود محەمەد، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس، ٢٠١٠، ل٦٩.

٢٢ دوو ساڵ لە کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٣.

٢٣ مێژووی هەرمۆتە، د.هاوژین سلێوە،

چاپخانەی زانا، سلێمانی، ٢٠١٣، ل ١١٠

٢٤ مەبەستی هی دیانەکان و جولەکانن.

٢٥ مەبەست مەلای گەورەی کۆیەیە.

٢٦ حەماغای گەورە، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٩

٢٧ ڕێگایەک بە کوردستاندا، أ.م. هاملتن، وەرگێڕانی: د.عەلی عەبدولرەحمان عەسکەری، دەزگای موکریانی، ٢٠١٣ل ١٧٩

٢٨ چاوپێکەوتن لەگەڵ (مەلا تحسین خۆشناو) بەرپرسی لقی شەقڵاوەی یەکێتی زانایان، ١٣-١٠-٢٠١٣

٢٩ بۆ نموونە بەهۆی پەیوەندی کۆمەڵایەتیی بەتین لەنێوان خانەوادەی دیان و موسڵمان، زۆر جاران پەنا بۆ مامۆستای ئایینی هێنراوە بۆ چارەسەرکردنی گرفت و کێشەکان، بۆ نموونە م.ملا عمر احمد پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی کاوانیانی شەقڵاوە گێڕایەوە بەهۆی دۆستایەتی کۆنمان لەگەڵ چەند خانەوادەیەکی دیان، جاری وا هەبووە ناکۆکی لەنێوان دوو خانەوادەیان هەبووە، ئێمە ڕۆڵمان بینیوە لە ئاشتەوایی نێوانیان، بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٩٥ دوو کەس کە برای یەکتر بوون، لەسەر چەند پرسێکی کۆمەڵایەتی ناکۆکیان کەوتبوە نێوانیان، پەنایان بۆ ئێمە هێنا کە هەردووکیان دۆستی لەمێژینە بوون و کێشەکەمان چارەسەرکردن.

٣٠ ئاسوورییەکانی باشووری کوردستان (لێکۆڵینەوەیەکی جوگرافی-ئەتنۆگرافی)، د. عەبدوڵڵا غەفور، بڵاکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر ٢٠١٠، ل ١٣٢.

٣١ سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٣

٣٢ سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٣

٣٣ وەچەی ئێستای مەسیحییەکانی شەقڵاوەیش هاوشێوەی وەچەی ئێستای مسوڵمانەکان جلی کەلەپووری خۆیان فڕێ داوەو جلی سەردەم دەپۆشن، لەوەشدا وەک یەکن و جیاوازییان لێ بەدی ناکرێ.

٣٤ مێژووی هەرمۆتە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٠

٣٥ ئاسوورییەکانی باشووری کوردستان (لێکۆڵینەوەیەکی جوگرافی-ئەتنۆگرافی)، سەرچاوەی پێشوو ل ٨١

٣٦ سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٤

٣٧ لەم ڕووەوە سەیری کتێبی کەلەپووری مەسیحییەکانی شەقڵاوە بکە، دەیان نموونەی نوکتەو بەسەرهات و قسەی خۆشی خەڵکی شەقڵاوەی تێدایە بە مەسیحی و موسڵمانەوە لە کاتی کاروانکردن و بەیەکەوە کارکردنیان، (چمکێک لە کەلەپووری مەسیحییەکانی شەقڵاوە، جلال جرجیس شێر، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٧ز).

٣٨ تەنانەت نموونەی وا هەیە مامۆستای مەسیحی لەکاتی مۆڵەتی مامۆستای پەروەردەی ئیسلامیدا، بە ئارەزووی خۆی بە شێوەیەکی کاتی وانەی پەروەردەی ئیسلامی بە قوتابیەکان وتوەوە، کەسی وایان هەیە هێندە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە تێکەڵی مسوڵمانەکان بووە، خۆی دانی بەوەداناوە کە بەیانیان لە ماڵ نایەتە دەرەوە تا چەند ساتێک گوێ لە دەنگی قورئانخوێنی ناسراو (عبدالباسگ عبدالصمد) نەگرێ. خودی باس کردنەکە لە زمانی خۆیانەوە نیشانەی قوڵبونەی رەگی پێکەوە ژیانەکەیە، بەتایبەتیش لە هاوکاری و کارکردن ئەگەر سنووری خودی سرووتە ئایینیەکەیش ببڕێ.

٣٩ ئاسوورییەکانی باشووری کوردستان (لێکۆڵینەوەیەکی جوگرافی-ئەتنۆگرافی)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٦

٤٠ ڕاپۆرتێک لەسەر چەند دیاردەیەکی فۆلکلۆری لە شارۆچکەی شەقڵاوەدا، ئا: زرار سەرتاش، گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر، ژمارە٦، ٢٠٠٤ل ١٧٤

٤١ چاوپێکەوتن لەگەڵ م.مەلا عومەر ئەحمەد، پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی کاوانیان- شەقڵاوە.

٤٢ چاوپێکەوتن لەگەڵ م.ڤینار یعقوب سۆلا، سەرپەرشتیاری پەروەردەیی وانەی بیرکاری، دانیشتوی شەقڵاوە.

# تەوەری ئایندە گۆڤاری خاڵ

گۆڤاری خاڵ، بابەتی (کەلەپوور (التراث)ی ئیسلامیی، خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن) دەکاتە ناونیشانی تەوەری ژمارەی داهاتووی گۆڤارەکە، لەو چوارچێوەشدا دەخوازێت لێکۆڵینەوە لەم بوارانەدا بکرێت:

١- ناساندنی سەرچاوەکانی پێداچوونەوەی کەلەپووری ئیسلامیی.
٢- چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ کەلەپووری ئیسلامیی.
٣- دەوڵەمەندی کەلەپووری ئیسلامیی.
٤- بەشداری زانایانی کورد لە بنیادنانی کەلەپووری ئیسلامیی.
٥- جێکەوتەکانی کەلەپووری ئیسلامیی لەسەر واقیعی ئایینداری کوردستان.
٦- مامەڵەی ئیسلامخوازانی کوردستان لەگەڵ کەلەپووری زانایانی کورد.
٧- هەژموونی کەلەپووری عەرەب لەسەر کەلەپووری ئیسلامیی و رەنگدانەوەی لە کوردستان.
٨- رەوتی سەلەفی و مامەڵەکردنی لەگەڵ کەلەپووری ئیسلامیی.

داواکارین لە نووسەرانی بەڕێز، لێکۆڵینەوەکانیان لەو بوارانەی ئاماژەیان پێدراوە تا (٢٠١٦/١/١٠) بنێرن بۆ گۆڤارەکە.

**گۆڤاری خاڵ**

# ئایا ئایینی زەردەشتی ئایینێکی کوردییە؟




**سۆران حەمەڕەش**

ـ ماستەر لە بواری بەڕێوەبردن و گەشەسەندنی کۆمەڵگەدا. ـ مامۆستای زانکۆ، نووسەری کتێبی «کورد کێیە؟» و خاوەنی چەندین لێکۆڵینەوەیە لەسەر مێژووی کورد و ئایینەکەی.




**زۆر دەمێکە دەمەوێت لەسەر ئەم بابەتە بنووسم و لە کتێبەکەشمدا بە کورتی لەسەریم نووسیبوو. ئەوەی کە پاڵی پێوەنام کە بیربکەمەوە لە جارێکی تر نووسینی ئەم بابەتە، چەند ئامانجێك بوو، یەکەم لای خۆمەوە لە هەوڵدام لەسەر بناغەی زانست و بەڵگە مێژووی کورد بخەمە ڕوو، نەك هەست و سۆز و ئایدۆلۆژیای شەخسی. ئەم هەوڵەش بۆ مەبەستی زیاتر تێگەیشتنە لە فەرهەنگی کوردی و ڕزگارکردنی مێژووەکەیەتی لە دەیان ساڵ کاریگەری ئایدیۆلۆجیای سیاسی. دووەم ماوەیەکە بابەتی ئاینی زەردەشتی زۆر هاتۆتە گۆڕێ و کۆمەڵێك بەرێز لە هەوڵی ئەوەدان کە بگەڕێنەوە سەر ئاینی باوباپیرانیان و ئەوەش لە ئاینی زەردەشتیدا دەبینن. سێیەم زۆر جار پەیوەندیم پێوە دەکرێت و پرسیارم لەسەر ئەم بابەتە لێدەکرێت، بۆیە سەرەڕای ئەوەی کە ئەم بابەتەم دانابوو بۆ داهاتوو لە ناوکتێبێکی تایبەتدا لەسەر ئایینی کوردی و بە دڵنیایی لە داهاتووشدا زیاتر لەسەری دەنووسم، بەڵام لەبەر ئەو هۆکارە گرنگانەی سەرەوە لێرەدا هەوڵ دەدەم بە متمانە بە بەڵگەنامە مێژووییەکان و بە شێوەیەکی تاڕادەیەك کورت، بۆچوونی خۆم لەسەر ئەم بابەتە گرنگە بخەمەڕوو**

ناوی زەردەشت لە زمانی یۆنانیدا بە (زۆراسترێس Zorastres) هاتووە، کە ئەوە هەر هەمان ئەو ناوەیە کە چووەتە زمانی ئینگلیزی و بووەتە (زۆرۆاستەر Zoroaster)، لە زمانی یۆنانیدا ناوەکە بە مانا جیاوازەکانی (پیاوی ئاینی ئەستێرە، ئەستێرەپەرست، ئەستێرەزێڕین، ڕۆحانی ئەستێرەیی) لەیەکدراوەتەوە کە تەواو جیاوازە لە ناوی (زەرەتوشترا)کە بە مانای (وشتری زێڕین) و چەندین مانای تری پەیوەست بە وشترەوە لێکدراوەتەوە. بەپێی ئەوەی کە هەردوو وشەکانی «زێڕ» و «ئەستێرە» دوو وشەی دێرینن؛ «زێڕ» لە زمانی میدیدا بەکارهاتووە و «ئەستێرە» ش لای هیتیەکان بە شێوەی (هەستێر) هەبووە، بۆیە پێدەچێت ناوەکە لە بنەچەدا هەر (زەر/زێڕئەستێرە) بوو‌بێت بە مانای (ئەستێرەی زێڕین/ئەستێرە زێڕ)، یان مانایەکی تر لە چوارچێوەی ئەو دوو وشەیەدا. ئەوەی کە بۆچوونە یۆنانیەکە بەهێزتر دەکات ئەوەیە کە لێکدانەوەی ئەوان دێرینترە لە سەرچاوەکانی تر و زیاتر نزیکترە لە ڕاستیەوە، لە کاتێکدا کە سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە زەردەشت کەسایەتییەکی ئەستێرەناس بووە و لەو سەردەمەشدا ئەستێرەناسی بەشێک بووە لە ئایین، مرۆڤ پێیوابووە کە زۆر لایەنی ژیانی مرۆڤ و چارەنووسی بە ئەستێرەکانەوە بەستراوە.

ئەو لێکدانەوەیەی سەرەوە لەگەڵ زانیاریەکانی کتێبەکەی فەیلەسوفی کورد شەمسەدینی شارەزووری زیاتر یەکدەگرێتەوە. شارەزووری نزیکی هەشت سەد ساڵ لەمەوبەر ئاماژە بەوە دەکات کە زەردەشت خەڵکی ئازەربایجان (ئاتەرپاسیان) بووە و لە منداڵیدا لەگەڵ باوکی ڕوویکردۆتە شاری حەران و لەوێ لای فۆریسی حەکیم فێری زانستی ئەستێرەناسی بووە. بەپێی شارەزووری، زەردەشتیش لەسەر هەمان بۆچوونی مامۆستاکەی بووە.زەردەشت کاتێک کە لای مامۆستاکەی گەڕاوەتەوە و لە وڵاتی خۆی کە ئازەربایجان بووە شوێنی پێ لێژکراوە،

ڕووی کردۆتە ڕۆژهەڵات و لەگەڵ خۆی ئامێرێکی ئەستێرەناسی پێبووە کە لە فۆریسی حەکیم وەریگرتووە.

پێش شارەزووری، نزیکی هەزار و دوو سەد ساڵ لەمەوبەر زانای گەورەی کورد ئەبوحەنیفەی دینەوەری، کە خاوەنی کۆنترین کتێبە لەسەر کورد، باسی زەردەشت دەکات، بەپێی ڕووداوەکان کە ئاماژەیان پێدەکات، سەردەمی زەردەشت دەگەڕێنێتەوە بۆ سەدەی شەشەمی پێش زایین، واتە دوو هەزار و شەش سەد ساڵ لەمەوبەر. ناوچەی بڵاوبوونەوەی ئایینەکەشی دەگەڕێنێتەوە بۆ ناوچەکانی وەک سەجستان (سیستان) و خوراسان. بەڵگەی دێرینتریش هەیە کە لە ناو کورد دا ناوی زەردەشت بەکارهاتووە. لە سەدەی یەکەمی زاینیدا لە کۆڕی پاشای هەولێردا کەسێک ناوی «زەردەشت» بووە.

دیارە لێرەدا ناتوانرێت هەموو بۆچوونە جیاوازەکان سەبارەت بە ژیانی زەردەشت بخرێنە ڕوو و لایەنی ساڵی ژیانی ئەو پێغەمبەرە بۆچوونی جیاوازی لەسەرە، بەڵام ئەوەی کە بە نزیکی زۆرینە لەسەری ڕێکن و ئەو دوو زانا کوردەش تاڕادەیەک ئاماژەیان پێکردووە، کات و شوێنی بڵاوبوونەوەی ئایینەکە دەستنیشان دەکرێت بە نزیکی سەدەی شەشەمی پێش زایین و شوێنەکەشی نزیک ئەفغانستان و خوراسان و سیستان و کرمانە، هەروەها ڕوون دەبێتەوە کە زەردەشت خەڵکی ئازەربایجانە.

ئایینی زەردەشتی لە ڕۆژهەڵاتی ئێراندا سەری هەڵداوە و ئەو ناوچەیەش ناوچەی ئەشکانیەکان بووە. ئەشکانیەکان کە خەڵکانێکی دێرینی ڕۆژهەڵاتی ئێران بوون، لە نزیک خۆراسان و سنووری ئەفغانستاندا بوون و سەرچاوە ئەوروپییەکان بە (پارتParth) ناویان دەهێنن و تەواو لە فارس جودا بوون، هەتاوەکو سەردەمی ئیسلامیش هەر بە جودا لە فارس مامەڵەیان لەگەڵ کردوون. ئەوان دوای کزبوونی دەسەڵاتی یۆنانی، وردە وردە بوونە زلهێزی دووەمی ناوچەکە، بەڵام پێشتریش وەک دەسەڵاتی ناوخۆیی لەو ناوچەیەدا هەر هەبوون. دەسەڵاتی ئەشکانی لە سەدەی سێیەمی پێش زایینەوە دەستیپێکردووە، لەوێوە و لەگەڵ هەڵکشانی دەسەڵاتی دەوڵەتە زلهێزەکەیاندا ئەوان بوونە تاقە هێزی مەزن بەرامبەر یۆنان و دوایی ڕۆمەکان و لەئەنجامدا ئایینەکەیان بەبەرگی فەرهەنگی ئەشکانیەوە بە هەموو ناوچەکاندا بڵاوبووەتەوە. هەموو ناوچەکانی ناو ئاوێستا و بەڵگە مێژووییەکان پشتگیری لەوە دەکەن کە ئایینەکە لە ڕۆژهەڵاتی ئێراندا دەستیپێکردووە. دوایی لە سەردەمی ساسانیەکاندا کە کاریگەری پێج سەد ساڵ فەرهەنگی ئەشکانیان لەسەر بووە، ئایینەکە بایەخی پێدراوە و پەرەی سەندووە، بەڵام لە بنەچەدا ئایینی ئەو ناوچەیە نەبووە. ئایینی زەردەشتی ئایینێکە کە لە ناوچەی ئەشکانیەکاندا داڕێژراوە و لەوێ بڵاوبووەتەوە و بەهۆی مانەوەی دەسەڵاتی ئەشکانیەوە بۆ نزیکی پێنج سەد ساڵ ئایینەکە بەهێز بووە.

زۆرێک لە بۆچوونەکان سەبارەت بە زەردەشت و ئایینەکەی دەڵێت: لە ژێر سایەی ئەفسانەی ئاریەکاندا دروست بووە و زۆر ڕووی زانستی لەدەستداوە، بۆیە ناڕوونیەکی زۆر لە ئایینی زەردەشتیدا هەیە لە ڕووی دەستنیشانکردنی سەردەمی نووسینی تێکستەکانەوە. کێشەکە لەوەدایە کە بەڵگەیەکی ماددی نییە بیسەلمێنێت ئەو تێکستانە زۆر دێرینن و ڕووداوەکانی ناو ئاوێستاش لەو ڕووەوە هاوکاری ناکەن. لەبەر ئەوەی کە مادەی کۆنترین تێکستی ئاڤێستایی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆیەمی زاینی. هەر ئەوەش نییە، لە ڕاستیدا یەک بەڵگە نییە

**ئەمڕۆ هەر ئاسەواری ئاگردانێك لە کوردستاندا بدۆزرێتەوە، بە پەلە دەکرێتە زەردەشتی بۆ ئەوەی ئاگاداری ئەوە بین کە ئاگردان لە پەرستگەدا زۆر پێش ئایینی زەردەشتیە**

نیشانی بدات تێکستەکانی زەردەشت لە کاتی خۆیدا نووسراون، ئەو تێکستانە بە دڵنیایی دوای خۆی نووسراون. مانی پێغەمبەر بە ئاشکرا دەڵێت کە زەردەشت هیچ کتێبێکی نەنووسیوە و کتێبەکان لە دوای خۆی نووسراون بۆ ئەوەی کە دەستنیشانی سەردەمەکەی بکات. ئەوە دیسان دەیسەلمێنێت کە مانی پێغەمبەر، نزیکی هەزار و حەوت سەد ساڵ لەمەوبەر پێی وابووە تێکستی ئایینی زەردەشتی لە کاتی ژیانی زەردەشتدا نەنووسراوە و گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە.

زۆر ڕووی ئەم ئایینەش، بە هەڵە لێکدراونەتەوە. بۆ نموونە فەروهەر کە سیمبوڵی ئایینی زەردەشتیە لە بنەچەدا سیمبوڵێکی بنەچە زەردەشتی نییە و بە سەدان ساڵ پێشتر بە هەمان شێوە لای ئاشورییەکان دەرکەوتووە. ئەو سیمبوڵە لە بنەچەدا خودای (ئاشور) ە کە لە شێوەی پیاوێکی ڕیشندا بووە، لە ناو خۆر و دووباڵ جێگیر کراوە و لە سەدا سەد سیمبوڵێکی ئاشورییە و ئەخمینییە فارسەکان وەک خۆی لە ئاشورییەکانیان وەرگرتووە. شێوە دێرینی ئەو سیمبوڵە سەدان ساڵ پێش ئاشورییەکان و نزیکی چوار هەزار ساڵ لەمەوبەر، لای هوریەکان شێوەیەکی ڕەسەنتری هەبووە و ئاشورییەکان لە هوریەکانیان وەرگرتووە و گۆڕیویانە. زیاتر لە هەزار ساڵ پێش ئاشورییەکان، لای هوریەکان شێوە ڕەسەنە زاگرۆسیەکەی هەبووە. لە ڕاستیدا فەروهەری زەردەشتیەکان، دەستی سێیەمە و سیمبوڵێکی ئاشورییە کە لە شێوەیەکی تێکدراوی سیمبوڵێکی هوری و ڕەسەنی زاگرۆسەوە وەرگیراوە. هەندێک بۆچوون هەیە کە لە بنەچەدا ڕۆژ و دوو باڵەکە میسری بێت، بەڵام چەندین لێکۆڵینەوەی تر پێچەوانەی ئەوەیان سەلماندووە. ئەوەی کە ڕوونە ئەمڕۆ زۆر کەس ئاگاداری ئەوە نین کە ئەو سیمبوڵە بە ناو زەردەشتییە، خودایەکی ئاشورییە کە ئەوان بە زەردەشتی لە قەڵەم دەدەن.

گەر باس لە پەیوەندی کورد و ئایینی زەردەشتی بکرێت، ئەوا بە دڵنیایی ئایینی زەردەشتی لە سەردەمی ئەشکانیەکان و لە سەدەی سێیەمی پێش زایینەوە وردە وردە کوردی پێ ئاشنا بووە، کاریگەری ئەو ئایینەش زۆرجار لە سەر سەنتەرەکانی دەسەڵات و شارە گەورەکاندا دەرکەوتووە. واتە بەدڵنیای ئەو ئایینە کاریگەری لەسەر کورد هەبووە وهەندێک کوردیش بوونەتە زەردەشتی، بەڵام کورد پەیڕەوی هەمان ئەو ئایینە زەردەشتیەی نەکردووە کە لە ڕۆژهەڵاتی ئێراندا دەرکەتووە و هەندێک گۆڕانکاریشی لەو ئایینەدا کردووە، بە جۆرێک کە هەندێک جار ئایینەکە لە کوردستاندا جگە لە ناوی زەردەشت بە تەواوی گۆڕانکاری تیدا کراوە، لەبەر ئەوەی کە ئایینی هەڵقوڵاوی کوردستان نەبووە و ئایینێکی نامۆ بووە بە کوردستان. دیارە وەک پێشتر ئاژەی پێکرا، سەرچاوە کوردیەکان ئاماژەیان بە زەردەشت کردووە و تەنانەت لە هەندێک لە شیعرە یارسانیەکانیشدا ئاماژە بە زەردەشت کراوە، بەڵام ئەوانە ئایینەکە ناکەنە ئاینێکی کوردی، لەبەر ئەوەی کە شیعرە یارسانیەکان باسی داود و ئیبراهیم و چەندین کەسایەتی و پێغەمبەری ئایینی تری تریدا کراوە.

ئەی باشە ئەم ئایینە چۆن کرایە ئایینی کوردان؟

**مێژووی کورد لەسەر بناغەی زانست و لێکۆڵینەوە دانەڕێژراوە، ئەو مێژووە بەشێکی زۆری لە ژێر سێبەری کاردانەوە و لە توڕەییدا نووسراوە.** لە سەدەی ڕابردوودا کە زۆر لە وڵاتەکانی ئەمڕۆ بە مانا نوێکەیان دامەزران، هەر نەتەوە و لە هەوڵدا بوو لە هەموو ڕوویەکی مێژوویی، ئایینی، زمانەوانی-ەوە نەتەوە و وڵات دابمەزرێنێت و مانای هەمەلایەنە بۆ ئەو بابەتە پێکبهێنێت. کوردیش ئەو کاتە سەرقاڵی ڕەتکردنەوەی دابەشبوون و بەرهەڵستیکردنی نکوڵیکردن لە ناسنامەکەی بوو، بۆیە زۆر جار هەوڵی داوە کاردانەوەی هەبێت بەرامبەر بەو نکوڵیکردنە و لە ئەنجامدا بێ هیچ پرسیارێک گورج ئەو ئایینەی کردۆتە ئاینی خۆی. ئەگەر مرۆڤ بگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی ئەو هەوڵانە بۆی دەردەکەوێت کە هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی نەکراوە بۆ ئەوەی کە بسەلمێنرێت ئاینی زەردەشتی ئاینی کورد بووە. ئەوەی کراوە هەوڵ و بڕیار بووە بەو ئاڕاستەیە و ئەنجامەکەشی بۆ ئەو کاتەی کورد مایەی دڵخۆشی بووە.بۆیە زۆرتر ئەو کوردانەی کە لەو بوارەدا هەوڵیان داوە، نەهاتوون پرسیار لە ڕاستی و دروستی ئەو بابەتە بکەن، بەڵکو هەوڵەکە بۆ ئەوە بووە کە هەر شتێک ببینن بە پەلە پەیوەندی بۆ بدۆزنەوە لەگەڵ ئایینی زەردەشتیدا. بۆیە ئەمڕۆ هەر ئاسەواری ئاگردانێک لە کوردستاندا بدۆزرێتەوە، بە پەلە دەکرێتە زەردەشتی بێ ئەوەی ئاگاداری ئەوە بین کە ئاگردان لە پەرستگەدا زۆر پێش ئایینی زەردەشتیە. تەنانەت فەیلەسوف و پیاوی ئایینی یارسانی کورد، پیر شالیار، کراوەتە زەردەشتی بێ ئەوەی کە یەک بەڵگە هەبێت کە ئەوە پشتڕاست بکاتەوە جگە لە بەزۆر کردنی بە کەسایەتییەکی زەردەشتی. بەو جۆرە ئەم ئایینە بەزۆر کراوەتە ئایینی کوردی و ئایینی هەڵقوڵاوی کوردستان نییە و ئەو هەوڵانەش کە دەدرێن بە زۆر بۆ کردنی بە ئاینێکی کوردی، زیاتر زیان بە فەرهەنگ و مێژووی کورد دەگەیەنن وەک لە قازانج.

لە ڕاستیدا زۆر گران نابێت کە بتوانرێت بزانرێت باوباپیرانمان زەردەشتی نەبوون و پەیڕەوی ئەو ئایینەیان نەکردووە. گەر سەرنجی زۆرینەی گۆڕە دێرینەکانی کوردستان بدەین، ئەوا بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێت کە باوباپیرانمان بە ڕێوڕەسمی زەردەشتی نەنێژراون و ئەو گۆڕە کوپە گڵێنیانەی کوردسان، کە لەهەموو شوێنێک دەدۆزرێنەوە، دەری دەخەن کە باوباپیرانمان بە ڕێوڕەسمێکی مێژوویی کوردی دوور لە ئایینی زەردەشتی نێژراون. هەندێک جار ڕێوڕەسمی تریش لە سەرچاوەکاندا دەردەکەوێت کە دیسان پێچەوانەی ئایینی زەردەشتیە. لە نزیکی سەدەی یەکەمی زایینیدا پاشای کوردی ناوچەی کوردیان (کوردستان) کە ناوچەی جەزیرە و بۆتان دەکات، تەرمەکەی ئاگری تێپەردراوە و سووتێنراوە، کە ئەو دابوونەریتە و ناشتن لە کوپەدا، بە تەواوی پێچەوانەی ڕێوڕەسمی ئایینی زەردەشتین.جگە لەوە چەندین خەڵکی یۆنانی هاتونەتە ناوچەکە و باس لەوە ناکەن کە خەڵکەکە هەمووی زەردەشتی بووبێتن. واتە بە وردی ڕوونە کە کورد لە سەدەی ڕابردووەوە بڕیاری داوە ڕابردووی خۆی بە ئایینی زەردەشتیەوە گرێ بدات، کە بڕیاریش درا، ئەوا زۆر ئاسان دەبێت کە لە هەموو شتێکدا لەیەکچوون لەگەڵ ئەو ئایینەدا دروست بکرێت و بەو جۆرە ئەو ئایینەمان بە بڕیار کردۆتە ئایینی خۆمان.

جگە لەو خاڵانەش، ئەمڕۆ یەک زەردەشتی دێرین لە کوردستاندا نییە، زۆرینەی ئەو زەردەشتیانەی کە لە وڵاتی ئێراندا ماون لە وڵاتی

ڕەسەنی زەردەشتیەکان کە ناوچەکانی یەزد و کرمانە، ماون. ئەو ناوچانە ناوچەی بنەچەیی ئەو ئایینەن و بە هیچ جۆرێک یەک زەردەشتی لە رابردووی نزیکدا لە کوردستاندا نەبووە. ئایینی زەردەشتی ئایینی کورد نەبووە و ئایینێکە کە هاتۆتە ناو کوردەوە و لە کاتێکدا کە هەندێک کورد بوون بە زەردەشتی، بەڵام زۆرینەی کورد لەسەر ئایینەکانی باوباپیرەی خۆیان ماوەنەتەوە، کە ئەمرۆ تەواوکەری ئەو ئایینانە، ئاینەکانی یارسانی (کاکەیی)، ئەلەوی، ئێزدی، شەبەک و دروزیە.

بە دڵنیایی من دژی ئەوە نیم لە کوردستاندا پەرستگەی زەردەشتی، بودی (بودی) ، جویی، کریستیانی یان هەر ئاینێکی تر هەبێت و بکرێتەوە، ئەوانیش وەک ئاینی ئیسلام ئاینن و وەک چۆن مافی دروستکردنی مزگەوت هەیە، بە بۆچوونی من دەبێت هەمان ماف بدرێت بە دروستکردنی پەرستگەی هەموو ئاینێکی تر و بە هیچ شێوەیەک ناکرێت ئەو مافە تەنها بۆ یەک ئایین ڕەوا بێت، بەڵام بە تەواوی دژی تێکدانی فەرهەنگی کوردیم و بە هەموو شێوەیەک دژی ئەوەم کە مێژوومان لەسەر بناغەی هەست و سۆز و بیر و بۆچوونی شەخسی بنووسینەوە و ناکرێت کاردانەوەی توڕەییانە لە ڕەتکردنەوەی ناسنامەی کورد وامان لێبکات کە مێژووی کورد و ناسنامەکەی تێکبدەین. ئەو کەسانەی دەیانەوێت بگەڕێنەوە بۆ ئایینی باوباپیرەیان، هەڵبژاردەیان زۆرە، لەبەر ئەوەی کە ئایینی زیندووی ڕەسەنی کوردیمان ماون و هەر یەک لە ئایینەکانی یارسانی (کاکەیی)، ئەلەوی، ئێزدی، شەبەک و دروزی ئایینی کوردی هەڵقوڵاوی فەرهەنگی کوردین. تەنانەت ئایینی مانی زۆر زیاتر پەیوەندی بە کوردەوە هەیە وەک لە ئایینی زەردەشتی. بۆیە ناکرێت ئەم ئایینە بەزۆر بکەینە ئایینی خۆمان. دەبا ڕێز لە ئایینە کوردیەکان بگرین و هەوڵی پاراستنی پەیڕەوانی بدەین و کۆمەڵگەکەمان پێیان ئاشنا بکەین نەک ئایینێک کە کوردی نییە بە زۆر بکەینە کوردی.

**تێبینی: ئەم بابەتە لە فەیسبوکی نووسەر و لەسەر ڕەزامەندی خۆی وەرگیراوە و لە گۆڤاری (خاڵ) بڵاوکراوەتەوە.**

## سەرچاوەکان:


١. حەمەڕەش، سۆران (٢٠١٣) کورد کێیە؟، لەندەن.

٢. الدينوري، ابو حنيفة احمد بن داود (١٨٨٨)الاخبار الطوال، مطبعة بريل، مدينة ليدن.

٣. الشهروزوري، شمس الدين محمد بن محمود (٢٠١٠) نزهة الارواح و روضة الافراح في تاريخ الحكماء والفلاسفة، دائرة المعارف العثمانية، هند.

٤. Krupp, E. C.(2012) Echoes of the Ancient Skies: The Astronomy of Lost Civilizations, Harper and Row, New York.

٥. Nigosian, S. A. (2003) The Zoroastrian Faith: Tradition and Modern Research, McGill-Queen's University Press, Qubec.

٦. Voorst, R. V. (2014) RELG: World, Cengage Learning, USA.

٧. Boyce, M., Grenet, F. (1991), Handbuch der Orientalistik: Der Nahe und der MittlereOsten, Brill.

٨. Potter, D. S. (2014) The Roman Empire at Bay, AD 180–395, Routleg, New York.

9. D›Adamo, A. (2015) Science Without Bounds: A Synthesis of Science, Religion and Mysticism, CreateSpace Independent Publishing Platform.

١٠. Bromiley, G.W. (1988) The International Standard Bible Encyclopedia, Volume 4, B. Eerdmans Publishing Co. Chicago.

# کاکەییەکان
# مێژوو، بیروباوەڕیان




**د. نەریمان عەبدوڵا هەڵەبجەیی**

لەدایکبووی ١٩٧٧ هەڵەبجە، دکتۆرا
لە مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست
چەند لێکۆڵینەوەی زانستی لە ناوخۆ و
دەرەوەی هەرێم بڵاوکردوەتەوە




کاکەییەکان ئەو خەڵکانەن کە هەڵگری بیروباوەڕێکی تایبەتی ئایینین، لە کوردستان و چەند ناوچەیەکی تر هەن، خاوەنی کۆمەڵێک سروتی ئایینی و مۆرک و نەریتی تایبەت بەخۆیانن، بنەمای سەرەکی ئایینەکەیان لەسەر پاراستنی نهێنیەکانی نێو ئایینەکەیان و باسنەکردنی لای خەڵکانی غەیرە کاکەیی دامەزراوە، ئەم بابەتەش وەک بەشێک لە پیرۆزیەکانی نێو بیروباوەڕەکەیان تەماشادەکەن، بۆیە نووسین و توێژینەوە سەبارەت بەم گروپە ئایینە کارێکی ئاسان و سەرپێی نییە، ئەم فاکتەرەش وایکردوە تاوەکو ئێستاش بەشێک لە بیروباوەڕو تایبەتمەندییە ئایینیەکانی ئەم گروپە بەنادیاری بمێنێتەوە.

بەگشتیی کاکەییەکان لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا بە چەند ناوێکی جودا ناسراون، هەریەکە لەم ناوانەش کە لێیانراوە گوزارشت لە مانایەکی تایبەت دەکەن، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێیان دەڵێن یارسانی وعەلی ئیلاهی وئەهلی حەق، لە باکورو ڕۆژئاوا بە عەلەوی ناسراون، لەباشور پێیان دەڵێن کاکەیی، هاواری وئەهلی حەق، لە نێوان موسڵ وهەولێر پێیان دەڵێن سارەلوو، بەڵام یارسان بڵاوترین ناوێکە کە ئەم گروپەی پێدەناسرێت، هەروەها لە لایەن پسپۆرو لێکۆڵەرەوانیش بەشێوەیەکی زیاتر بە عەلی ئیلاهی ناوزەندکراون.

## شوێنی نیشتەجێبوونیان

نیشتمانی سەرەکی ئەم گروپە سنورەکانی نێوان کوردستانی باشورو ڕۆژهەڵاتە، لە ناوچەکانی دەرەوەی کوردستانیش بەشێوەی گروپی بچوک بڵاوبونەتەوە. بە شێوەیەکی گشتیی لەم ناوچانەی کوردستاندا نیشتەجێن:
کوردستانی ڕۆژهەڵات: لەشارەکانی کرماشان، لورستان، کەرەند، پردێوەر، زەهاو، لە وڵاتی ئێران لە شارەکانی شیراز، هەمەدان، قەزوین، ئازەربیجان، دەژین.

کوردستانی باشور: لە – پارێزگای هەڵەبجە لەناوچەکانی هەورامان، چیای شنروێ، هاوار، چاڵان، دەرەتفێ، ژاوەڕۆ، لەدەوروبەری کەرکوکیش لە گوندەکانی مەتیق، تۆپزاوە، علی سەرا، جنگلاوە، لهێب، زەنقر. لەموسڵ مەتراد، سیفەید، توێڵەبەن، هۆردەک، کەڵەک، کەڵەبۆر، کەزەکان. لەقەزای خانەقین لە گوندەکانی مێخاس، شێخ رەحیم، پویکە، چەمچەقەل دەژین. هەروەها کۆمەڵێکی زۆریان لەشاری مەندەلی دەژین، لەشارۆچکەی گوێری سەربە پارێزگای هەولێر بوونیان هەیە.

تەنانەت هەندێ لەتوێژەران باس لەوە دەکەن کەهەندێک لە ئەهلی حەق لە تورکیاو قەفقاس و هیندستان دەژین. لێرەوە دەردەکەوێت کە ئەم ئایینە تەنها تایبەت نییە بەکورد، بەڵکو میللەتانی تری غەیرە کورد هەڵگری ئەم بیروباوەڕەن.

## لێکدانەوەی ئەوناوانەی لێیانراوە

وەک باسکرا کاکەییەکان بەچەند ناوێکی جیاواز ناسراون، ئەم ناوانەش رەهەندی ئایینی جوگرافی هەیە، ئەم تایبەتمەندیەش جۆرێک لەجیاوازی وئاڵۆزی داوەتە ئایینی کاکەییەکان، بەجۆرێک هەرناوچەیەک جۆریک لەتایبەتمەندی داوەتێ کە جیاوازە لەناوچەیەکی تر. بەگشتیی کاکەییەکان بەم ناوانە ناسراون:

١- یارسان: بۆچونی جیاواز لەبارەی شیکردنەوەی ناوی یارسان لەنێو سەرچاوەکاندا هاتووە، هەندێک دەڵێن یارسان لەدوو وشەی لێکدراوی (یار، سان) پێکهاتووە، یار بەواتای هاوەڵ، دۆست، هاوبیردێت، سانیش لە ناوی سوڵتان (ئیسحاق، سەهاک) سەرچاوەی گرتووە کە رابەرێکی ریفۆرمخوازی بیروباوەڕی کاکەیییەکانە، لێرەوە یارسان بەواتای هاوەڵانی سوڵتان ئیسحاق دێت. یاخود دەڵێن وشەی (سان) بەواتای حاکم یاخود فەرمانڕەوای ناوچەکە هاتووە، یان لە وشەی (الشیخ)ی عەرەبی، یا لە (شاه)ی فارسیەوە هاتووە. بۆچونێک هەیە دەڵێت دوای ئەوەی (سان سەهاک) لەزێدی خۆی چووەتە هەورامان لە (پەردیوەر) خانوو و پەرستگا (جەمخانە)ی دروستکردووەو حوکمڕانی ئەو ناوچەیەی کردووەو بایەخی بە پەرستشە ئایینیەکانیش داوە، لێرەوە پێیوتراوە (سان). ئیتر ناوی یارسان لێرەوە هاتووە.

٢- کاکەیی: ئەم ناوە زیاتر لەکوردستانی باشور بڵاوە، هەندێ لەسەرچاوەکان دەڵێن ناوی کاکەیی لە (کاکە) وە هاتووە، بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم مانایەش چەندین بەڵگەو چیرۆک وتەنانەت ئەفسانەش دەگێڕتەوە، بڵاوترین چیرۆکیان دەبەنەوە سەر (شێخ عیساو شێخ موسا)ی کوڕی (بابە عەلی هەمەدان) دوای ئەوەی لە زێدی خۆیان کۆچ دەکەن رودەکەنە بەرزنجە، لەکاتی نۆژەنکردنەوەی مزگەوتی بەرزنجە (شێخ ئیسحاق- سەهاک کوڕی شێخ عیسا) وەک گەنجێک لەبەردەستیاندا کاریکردووە، لەکاتی دارەڕاکردنی یەکێک لە رایەڵەکان کورت بووەو نەگەشتوەتەوە، لەمکاتەدا ئیسحاق بەبرا گەورەکەی دەڵێت (کاکە) رایکێشە ئیتر وەک

خۆیان باسی دەکەن دارەکە درێژبووەو گەشتوەتەوە، ئەمەش وەک موعجیزەیەک ناودەبەن، لێرەوە ناوی کاکەیی نراوە لە شوێنکەوتوانی.
ئەگەر بەوردی سەرنج بدەینە ئەم ئەفسانەیە بەگشتیی رەهەندی ئایینی وبەپیرۆزدانانی کەسایەتیەکی دیاری کاکەییمان بۆ دەردەکەوێت، ئەمەش لەپێناو قەناعەتپێکردنی شوێنکەوتوانی وبەرجەستەبوونی خەسڵەتی پیرۆزبوون لەم ئایینەدا. لەلایەکی ترەوە هەردوو ناوی (یار) و (کاکە) هەردووک هاومانان، بەومانایەی شوێنکەوتوانی ئەم ئایینە وەک چۆن خۆیان بە یاری سوڵتان سەهاک دادەنێن، ئاواش لەنێوخۆیاندا خۆیان بەبراو یاری یەکتر دادەنێن، چونکە برایەتی و(کاک) بنەڕەتێکی سەرەکی باوەڕی کاکەییەکانە، هەموو پێڕەوانی ئەم ئایینە خۆیان بەبراو (کاکەی) یەکتر دادەنێن، لێرەوە ناوی (کاکەیی)یان بۆ ماوەتەوە.
هەندێکی تر وشەی کاکەیی دەبەستنەوە بە ناوی چەند خێڵێکی کوردییەوە، یاخود گروپێکی ئایینی بەناوی (الاخوە) کەلەسەردەمی عەباسیەکاندا سەریهەڵداوە.
٣- ئەهلی حەق: کاکەییەکان خۆیان حەزدەکەن بەم ناوەوە ناوزەند بکرێن، چونکە لەپشتی ئەم ناوەوە ئەو بۆچونە هەیە کە هەموو ئایینەکانی تر ناحەقن، تەنها ئەمان ئەهلی حەقن،یاخود باوەڕیان وایە کە هەموو ئایینەکانی تر لەنێو دەچن وکۆتاییان پێدێت، تەنها ئەمان دەمێننەوە، لەبەر ئەوەی ئەمان ئەهلی حەقن بۆ هەتا هەتایی دەمێننەوە.
لەراستیدا ئەم ناوەش جێگای تێبینی وسەرنجە، چونکە شوێنکەوتوانی هەر ئایینێک خۆیان بە راست وحەق دەزانن لەوی تر، بابەتی مانەوەی هەر ئایینێک تاوەکو کۆتایی مژارێکی زیندووەو لەنێو سەرجەمی ئایینەکاندا بوونی هەیە، واتە تەنها تایبەت نییە بەمان کە ئەهلی حەقن.
٤- عەلی ئیلاهی: ناوی عەلی ئیلاهی لەوەوە هاتووە کە ئیمامی (عەلی کوری ئەبی تالیب) تەجسیدێکی خوا بووە لەسەر زەمین، تەنانەت بڕوایان وایە کە (علی) نەمردووە، بەڵکو رۆحەکەی بەرزبوەتەوە بۆ ئاسمان وچوەتە ناو خۆر، خۆریش هەموو فەرمانەکانی لەمەوە وەردەگرێت.
هەروەها هەریەکێک لە (حەزرەتی مەسیح، سەلمانی فارسی، حسێنی کوری عەلی، بالولی مایی، باوا سەرهەنگی دەودانی، باوا ناوسی سەرگەتی، سان سەهاک، شاوەیسقولی قرمزی، شاخۆشین) وچەند کەسایەتیەکی تر رۆحی خواوەندیان تیا جێگیر بووە. لای کاکەییەکان هەرچەندە

**کاکەییەکان بڕوایان وایە کە خوا چەندین جار بەشێوەی ئادەمیزاد دەرکەوتووە و لەناویاندا ژیاوە، کردەوەی ئاسابەدەری ئەنجامداوەو رێگەی راستی نیشانداون**

تەجسیدی (عەلی) یەکەمینە، بەڵام تەجسیدی سەرەکی وهەرەگەورەیی خودایی نییە، بەڵکو بەلای ئەمانەوە شاخۆشین وسەڵتان سەهاک پایەی گەلێ گەورەی هەیە.
مێژووی دەرکەوتنی کەکەییەکان
لەبارەی مێژووی دەرکەوتنی کاکەییەکان بیروبۆچونی جیاواز لەنێو سەرچاوەکاندا دەبینرێت، هەندێک دەیانگێڕنەوە بۆ سەردەمی پێش ئیسلام بەهۆی بوونی کۆمەڵێک بیروباوەڕی ئایینی کە نزیک بووە لە بیروباوەڕی کاکەییەکانەوە، لەکاتی فەتحکردنی ناوچەکوردییەکان لەلایەن مسوڵمانەکانەوە، ئیتر لەم کاتەدا یارساییەکان سەریانهەڵداوەو داوای زیندووکردنەوەی ئایینی خۆیان دەکەنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش دێڕێک هۆنراوە بەبەڵگە دێننەوە کەلەلایەن یەکێک لە رابەرەکانیان بەناوی (بالولی مایی) نوسراوە:

**ئەو واتەی یاران ئەو واتەی یاران**
**ئێمە دێوانەین ئەو واتەی یاران**
**هەنێ مەگێڵین یەک یەک شاران**
**تا زیندە کەریم ئایین ئێران**

واتا یاران دەڵێن کە ئێمە دێوانەین و ئەوە دەربڕینی یارانە دەرهەق بە ئێمە، مەبەستی یاران لە خەڵکی ئەو سەردەمەیە، بەڵام ئێمە شار بە شار دەگەڕێین تا زیندوویکەینەوە ئایینی رەسەنی ئێران، لێرەدا ئێران بە واتای گەلانی ئاریایی دێ نەک دەوڵەتی ئێران، ئەم بۆچونە لەرووی زانستییەوە لەنگی تێدایە، ئەگەر ئەو دێرە هۆنراوەیەش لەو سەردەمەدا هاتبێت بۆ ئەو ساتەوەختە نووسرابێت، ئەوا زیاتر مەبەستی ئایینی زەردەشتیە، نەک یارسان، چونکە ئایینی زەردەشتی پێش

**هەندێك لە ئەهلی حەق لە توركیا و قەفقاس و هیندستان دەژین. لێرەوە دەردەكەوێت كە ئەم ئایینە تەنها تایبەت نییە بە كورد**

ئیسلام لەناوچەکوردیەکان وولاتی فارس (ئێران) بڵاوبوو. لەبەر ئەوە ئەم بۆچونە لاوازو نازانستییە.

هەندێکی تر دەیانگێڕنەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی دووەمی کۆچی، بەدەرکەوتنی یەکێک لە رابەرەکانیان بەناوی (بالولی ماهی) ( ؟-٣١٩ک)، ئەم رابەرەی کاکەیی کۆمەڵێک بیروڕای تایبەتی خۆی بڵاوکردەوە کە لە ئایینە کۆنەکانی ئێرانی ومیللەتانی کۆنی ڕۆژهەڵات وەریگرتووە، دواتر ئەم بیروبۆچونانە لەلایەن (سان سەهاک)ەوە لەسەدەی حەوتەمی کۆچی زیندوکراوەتەوە و دواتر بڵاوبوەتەوە.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کەلەروی لۆژیکیەوە چۆن دەکرێت پاش پێنج سەدە ئەم دەقانەی کە ئاماژەی پێدرا وەک خۆیان مابنەوەو نەفەوتابن یاخود دەستکاری نەکرابن، پاشان زەرورەتی زیندوکرنەوەی ئەم دەقانە بۆچی دەگەڕێتەوە لەکاتێکدا لەدوو قۆناغی جیاوازی مێژوویدا بن، بە هەرحاڵ ئەم بۆچونەش بۆچونێکی گوماناوییەو ناکرێت لە رووی زانستییەوە بەهەند وەربگیرێت.

هەندێکی تر لەسەرچاوەکان دەیانگێڕنەوە بۆ گروپێکی ئایینی کەلەسەدەی حەوتەمی کۆچی دەرکەوتوون بەناوی (الاخیة - الفتوة)، چەند سەرکردەیەکیان هەبووە بەناوی (مبارزالدین کک، حسام الدین کک) ودەڵێن کاکەییەکان لەم گروپەوە سەرچاوەیان گرتووە.

ئەوەی زیاتر لە راستییەوە نزیکە گەرانەوەی مێژووی سەرهەڵدانی کاکەییەکانە بۆ سەردەمی (سان سەهاک) کەلەسەردەمی حەوتەمی کۆچی/ سیانزەیەمی زایینی ژیاوە، چونکە ئەم سەردەمە لەرووی سیاسیی وکۆمەڵایەتی وئایینیەوە تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەشێک لەو تایبەتمەندیەش بریتییە لە سەرهەڵدانی ڕەوشێکی ئاڵۆزی فیکری ئایینی، ئەمەش وایکردووە لەم قۆناغەدا چەندین بیروڕاو ئایینزاو بۆچونی تایبەت سەرهەڵبدات، کەهەریەکەیان پاشخانێکی ئایینی هزری ئاڵۆزیان هەبوو، هەندێکیان تێکەڵاوێک بوون لەهەندێک بیروبۆچوونی ئایینی ئیسلام ومەسیحی وئایینەکۆنەکانی پێش ئیسلام، تەنانەت هەندێ دابونەریتی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە، لێرەوە ئەگەر تەماشای ئایینی کاکەیی بکەین بەڕوونی هەمان ئەو خەسڵەتەی تێدا دەبینین کەباسمانکرد، بۆیە پێدەچێت دەرکەوتنی کاکەییەکان لەم سەردەمەدا لەرووی زانستییەوە دروستتر بێت.

## بیروباوەڕیان

بیروباوەڕی کاکەیی تێکەڵاوییەکە لە بیروباوەڕو ئایینە کۆن و جۆراوجۆرەکانی هاوسەردەمی خۆی، وەک زەردەشتی، یەزیدی، ئیسلام، مانەوی، مەزدەک و هەندێ ئایینزای تر، بڕوایان بەدوو بنەمای سەرەکی ئایینی هەیە کە لە تەسەوفی ئەوپرگرەوە سەرچاوەی گرتووە، کە ئەوانیش بریتین لە یەکێتی بوون (وحدە الوجود) لەگەڵ تەجسیدی ئیلاهی (الحلول)، مەبەستیان لە یەکێتی بوون ئەوەیە کە خواوەند لە دوو لایەنەوە تەماشا دەکرێت، لایەنێکی نهێنی شاراوەیی کەنەهەستی پێدەکرێت، نەدەناسرێت ونەدیاریدەکرێت، ئەم لایەنەش بەهیچ جۆرێک ڕێگای بە چەندبوونی خوا نادات، هەروەها لایەنێکی دیارو بەرچاو کە خوا لەناو چەند شێوەیەکی وچەندیەتی شتاندا دەنوێنێت، لەو شتانەی کە بۆخۆی خەلقی کردوون، لێرەوە بڕوایان وایە هەموو شتێکی سەر رووی زەمین لەنوری خواوەیە، دونیاش مەنزڵگای پاک وراستانە، بڕوایان وایە نوری خودا تەنانەت لە ئاژەڵیشدا هەیە، بۆیە ئازاردانی ئاژەڵ خوا تورە دەکات.

بنەمای دووەمی بیرئاوباوەڕیان تەجسیدی خوایە، کاکەییەکان بڕوایان وایە کە خوا چەندین جار بەشێوەی ئادەمیزاد دەرکەوتووە و لە ناویاندا ژیاوە، کردەوەی ئاسابەدەری ئەنجامداوەو ڕێگەی راستی نیشانداون، بڕوایان وایە خوا حەوت جار دابەزیوە، لێرەوە مێژووی ئایینەکەیان بەسەر حەوت چەرخدا دابەش دەکەن وەک لەم خشتەیەدا دیارە:

| | | چەرخەکان | بەرجەستەکاران | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | مێینە |
| ڕۆحی گەردوون (حەق) | ١ | خواوەندگار | جبرائیل | میکایل | ئیسرافیل | عزرائیل | ؟ |
| | ٢ | عەلی | سەلمان | قەنبەر | موحەممەد | نوسەیر | فاتیمە |
| | ٣ | شاخۆشین (میتراس) | بابابوزورگ | کاکە ڕەزا | پیرشالیار | باباتایەر | جەلالە |
| | ٤ | سوڵتان سەهاک | خدر (بنیامین) | داود | پیر موسابابا( یادگار | برایم (تەییار) | دایراک (زەربار) |
| | ٥ | قرمزی (شاویس) | قەمبەر (دەستەوەر) | یاری جان | یار عەلی | شاسوار | زاریانو |
| | ٦ | محمد بەگ | کامەهری یجان | کامەلەک | ؟ | قەرەپوست | دوستی |
| | ٧ | ئاتەش بەگ | جەمشید بەگ | ئەلماس بەگ | عەلادین خان | عەبدال بەگ | پەری خانم |

بنەمایەکی تری ئایینی کاکەییەکان بریتییە لە مەبدەئی دۆنادۆن (تناسخ الارواح)، کە مەبەست لێی زیندوبوونەوەی گیانی مرۆڤە لەدوای مردنی، بەومانایەی یەکێک کەدەمرێت گیانی دەچێتە لەشی مرۆڤێکی ترەوە کەلەدایکدەبێت، ئەم بنەمایەش نزیکە لە بنەمای تەجسیدبوونەوەو هەردووکیان لەیەک لە بنەڕەتدا یەک بنەمای هزریان هەیە. بڕوایان وایە ئەگەر یەکێک لەدونیادا مرۆڤێکی چاک بوویێت ئەوا ڕۆحەکەی دەچێتە گیانی مرۆڤێکی ترەوە، یاخود بەشێوەی مرۆڤێکی تر لەدایک دەبێتەوە، خۆ ئەگەر مرۆڤێکی خراپ بوو، ئەوا ڕۆحی لەلاشەی دڕندەیەکدا دەردەکەوێت، کاکەییەکان بڕوایان وایە مرۆڤ وەکو بنەماڵەی مرواری وایە، لەلایەکەوە دەچێتە ژێر ئاو، لەلاکەی ترەوە سەرئاو دەکەوێت، بۆ ئەم مەبەستە وشەی دۆن بەکاردەهێنن کە لەبنەڕەتدا وشەیەکی تورکیەو بەمانای کراس گۆڕین دێت، بەپێی ئەم بنەمایە هەر مرۆڤێک دەبێت (١٠٠١)جار ڕۆحی بگۆڕێت، واتە هەزاروو یەک جار بمرێ وزیندوو بێتەوە، هەر ژیانێکیش لەم (١٠٠١) جارە پێی دەوترێت دۆن، واتە کراس گۆڕین، ئەوەی جێگای سەرنجە دۆنادۆن خواوەندیش دەگرێتەوە، ئەویش (١٠٠١) جار لە ڕۆحی مرۆڤدا تەجسید دەکات.

لە ڕێرەوی ئەم دۆنادۆنەدا مرۆڤ پاداشت وسزا دەدرێت، بەجۆرێک مرۆڤی چاک لە دۆنی تازەیدا دەبێتەوە بە مرۆڤ، مرۆڤی خراپیش سزا دەدرێت بەوەی دەبێتە ئاژەڵ ودڕندە، تا سەرەنجام لە کۆتا ژیانیدا واتە لە (١٠٠١) کەمین جاردا گیانی ئەو کەسە پاک دەبێتەوەو دەچێتە لەشی چاوکراوەیەک وحەقیقەتی بۆ ئاشکرا دەبێت و دەگاتە پلەی فریشتە، بەم شێوەیە دوا قۆناغی ژیانی مرۆڤایەتی لە ئایینی کاکەیدا قۆناغی فریشتەییەو هەموو کەس دەبێت پێی بگات، لەو ساتەوەختەدا شاخۆشین کە یەکێکە لەرێبەرەکانیان وتەجسیدی خواوەندی تێدایە، کوڕی خاتوو جەلالەیە، لای کاکەییەکان شێوازی لەدایکبونەکەی وەک لەدایکبوونی عیسا وەهایە، لەرێی تاڵێک لەخۆرەوە خاتوو جەلالە دوگیان بووە بە شاخۆشینەوە، پێیانوایە لەسەر زەمین نەماوەو لەدوا ڕۆژدا لەناوچەی شارەزور کە ئەوان پێی دەڵێن (شازهور) دەردەکەوێت، ئیدی ژیان کۆتایی دێت، ئەوسا بەهەشت ودۆزەخ ولێپرسینەوە نابێت، چونکە هەموو مرۆڤەکان لە (١٠٠١)ی ژیانیاندا بەپاداشتی خۆیان گەیشتون، ئیدی دەبن بە فریشتەو لەئاسماندا دەژین.

لە بیروباوەڕی کاکەییەکاندا لەنێو ناخی هەموو مرۆڤێکدا ململانێ هەیە لەنێوان عەقڵ (هۆش) وهەست (نفس)دا، بڕوایان وایە کە عەقڵ سەرچاوەی هەموو شتێکی چاکەو هەستیش پێچەوانەکەیەتی سەرچاوەی کاری خراپە، ئیدی مرۆڤ ئازادە لەوەی کامیان هەڵدەبژێرێت ودوای کامیان دەکەوێت، لێرەوە مرۆڤ خۆی بەرپرسیارە نەوەک شەیتان کاریگەری لەسەری هەبێت، کاکەییەکان خۆیان لەناوی شەیتان دەپارێزن ودوردەکەونەوە لێی، بەڵکو هەندێک لەنووسەرانی ئەم بوارە وەک (مارتن فان برۆنسەن) بۆچونی وایە کە کاکەییەکان ڕێز لە شەیتان دەگرن، لەم ڕووەوە هەمان بیروباوەڕی یەزیدیەکانیان هەیە.

### هەروەها کاکەییەکان بڕوایان بە نوێژو ڕۆژوو هەندێ پەرستشی تر هەیە، کەلێرەدا ئاماژەیان پێدەدەین:

ڕۆژوو: کاکەییەکان تەنها سێ ڕۆژ بەڕۆژوو دەبن، کەلەسەرەتای مانگی کانونی یەکەمەوە دەستپێدەکات بۆ ماوەی سێ ڕۆژو لە ئێوارەی چوارەمدا چەژن دەکەن، لەم

چەژنەدا کەڵەشێر سەردەبڕن، بەپێی ژمارەی خێزانەکەیان، زۆر کات چەژن لەماڵی (باوە-سەید) ئەنجامدەدەن وهەمویان لەوێ کۆدەبنەوەو بەشێوەیەکی یەکسان خواردنیان بەسەردا دابەشدەکرێت، ئەم کۆبونەوەو چەژنە تایبەتە بەکاکەییەکان خۆیان وخاوەن ئایینەکانی تر ناتوانن بەشداربن تیایدا.

نوێژ: کاکەییەکان نوێژ ناکەن بەڵکو زیاتر بروایان بە پاڕانەوە هەیەو خۆیان وانیشاندەدەن کە ئەمان ئەهلی پاڕانەوە بن، بۆ دوعاو پاڕانەوەکانیشیان قوربانی دەدەن، لەکاتی پێویستبوونی کاکەییەک بە پێویستیەکی ماددی یان مەعنەوی، ئەوا قوربانی لەگەڵ خۆی دەبات بۆ ماڵی سەیدو یان باوە، لەبەر ئەوەی پەرستگایان نییە پەرستشە دینیەکانیان لەماڵی باوە ئەنجامدەدەن، دواتر ژمارەیەک لە ئیماندارەکانیان کۆدەبنەوەو ویردو سروتی دینی خۆیان دەخوێننەوە، ئافرەتان بۆیان هەیە بچنە ئەم کۆبونەوانە بەڵام بۆیان نییە خۆیان دەربخەن بەڵکو لەپشتی پەردەوە گوێ دەگرن.

هەروەها کاکەییەکان کۆمەڵێک دابونەریتی دیکەی ئایینیان هەیەو تێکەڵ بووە بە ژیانی کۆمەڵایەتیان، لەوانە سمێڵ هێشتنەوە، کاکەییەکان سمێڵ دەهێڵنەوە، نووسەر (جەمیل ڕۆژبەیانی) بروای وایە کە ئەم خوەیان لە قزلباشەکانەوە وەرگرتبێت، لەو بروایەدان کە گوێزان نەتوانێ مووی عەلی کوڕی ئەبی تالیب ببڕێ. مەی خواردنەوە لەلایان کارێکی ناپەسەندە، کاتێک بە ڕەوای دەزانن کە لەبەرژەوەندی کاکەییەکان کەسێک مەی بخواتەوە.

## کتێبی پیرۆزی کاکەییەکان

کاکەییەکان خاوەنی کۆمەڵێک تێکستی ئایینین کە بەشێوازێکی ئەدەبی وهۆنراوە بە زمانەکانی کوردی (گۆرانی) وفارسی وئازەری نوسراون، لەم چوارچێوەیەدا یەکێک لە کتێبە پیرۆزەکانیان کەکاکەییەکان پشتی پێدەبەستن وبەردەوام بۆی دەگەڕێنەوە، پێی دەڵێن (سەرەنجام)، کە بەشێوازی پەخشانە شیعر بەزمانی فارسی نوسراوەو هەندێ هۆنراوەشی تیادایە بەدیالێکتی گۆرانی، لەلایەن ڕۆژهەلاتناسی روسی (ڤ مینۆرسکی) لەساڵی ١٨٤٢ز کۆکراوەتەوەو وەرگێڕاوەتە سەر زمانی روسی ولەساڵی ١٩١١ز بەچاپی گەیاندوە، مینۆرسکی ئاماژە بەوە دەدات کە سەرەنجام مانای چیرۆکی ڕۆژگاری جیاوازی یەکلەدوایەکی ئەهلی حەقە (کاکەییەکان) بدات، پێدەچێت ناوەڕۆکەکەی لەدەستنوسێکەوە بۆ دەستنوسێکی تر جیاواز بێت، لێرەوە دەردەکەوێت کە سەرەنجام کتێبی یەک جۆرو یەک شێواز نییە، بەڵکو چەند جۆرێکی جیاوازن.

هەروەها کتێبی (شانامەی حەقیقەت) کەهۆنراوەی فارسیە،لەساڵی ١٩٠٠ز لەلایەن حاجی نیعمەتوڵا جەیحون نووسراوە، بایەخێکی گەورەی لای کاکەییەکان هەیە، هەندێ شیعری هۆنەرانی بەناوبانگی کورد، وەک (صلوات نامەی خانای قوبادی، عقیدە نامەی مەولەوی) بەبەشێک لەکتێبە گرنگەکانی کاکەییەکان دادەنرێن.

## سەرچاوەکان:

-ادمونز: کورد تورک عرب، دار اراس للطباعة والنشر، اربیل، ٢٠١٢ز.
-ارثرکریستنسن: العراق في عهد الساسانیین، القاهرة، ٢٠٠٤.
-کەریم زەند: ئایین وباوەڕ لەکوردستاندا، سلێمانی، ١٩٧١.
- المسعودي: مروج الذهب ومعادن الجوهر، بیروت، ١٩٨٦.
-ڕەشاد میران: ڕەوشی ئایینی ونەتەوەیی لە کوردستان، هەولێر، ٢٠٠٠.
-سدیق بۆرەکەیی: کاکەییەکان و ڕێوڕەچەڵەکیان، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ٢٠٠١ز.
-کۆساری: هاوارو هاوارییەکان باسێکی مێژویی، چاپخانەی ڕامان، ٢٠٠٥ز.
-محمد عباسالعزاوي: الکاکائیة في التاریخ، شرکة التجارة والطباعة محدودة، بغداد، ١٩٤٩.
-محمد ئەمین زەکی بەگ: مێژووی کوردو کوردستان، چاپخانەی دارالسلام، بغداد، ١٩٣١.
-محمد ئەمین هەورامانی: کاکەیی، چاپخانەی الحوادث، بغداد.
-محمد ئەمین هەورامانی: مێژووی هەورامان، انتشارات بلخ، ١٣٨٠.
-میهرداد ئیزەدی: ئایین وتاییفە ئایینیەکان لە کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٢.
-ئەیوب ڕۆستەم: یارسان لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی دینیە سەبارەت بە کاکەیی، سلێمانی، ٢٠٠٦
-مینورسکي: الاکرد ملاحظات وانطباعات، بغداد، ١٩٦٨.
-مینورسکي: دائرة المعارف الاسلامیة، اهل الحق.

# پانۆرامای
# بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە کوردستان

بەردەوام شێواز و چۆنییەتی بڵاوبونەوەی ئیسلام لەناو گەلی کورددا جێگەی مشتومڕ و دەمەقاڵەیە، هۆکاری ئەم حاڵەتەش لەبوونی دوو دیدەوە سەرچاوە دەگرێت، کە هەردوکیان پاڵنەری ئایدۆلۆژیی و بڕیاری پێشوەختیان هەیە، یەکەمیان پێیوایە ئیسلام بەزەبری شمشێر لەناو کورددا بڵاوبوەتەوە، دووەمیشیان پێداگرە لەسەر ئەوەی بە ئاشتی و گفتوگۆ گەلی کورد ئیسلامی قبوڵ کردووە، هەریەك لەم دوو دیدگایەش بڕێك پاساو و شیکاری مێژوویيان لەبەردەستە. لەم توێژینەوەیەدا بە پشتبەستن بە بەڵگە و راستییە مێژووییەکان دەگەڕێینەوە بۆ ماجەراکانی پەیوەندی کورد و ئیسلام و پانۆرامای بڵاوبونەوەی ئەم ئاینە لەناوچە کوردنیشنەکان، کە نیشتیمانێك بووە بۆ پەیڕەوانی ئاینەکانی زەردەشتی و جولەکە و مەسیحی.



یاسین تەها
توێژەرو رۆژنامەنووسە. بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لەبارەی بابەتە کلتوریی و هەنوکەییەکان دەنوسێت، هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لەئاین و ئاینزاکانی کوردستان.

## یەکەم پەیوەندیی کورد و ئیسلام

زۆرێک لەمێژوونوسان پێیانوایە یەکەم پەیوەندیی کورد و ئیسلام دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێغەمبەری ئیسلام (درودی خوای لەسەر بێت)، بەو پێیەی یەکێک لە هاوەڵەکانی بەناوی (کابان _ جابان) لە نەتەوەی کورد بووە[١]، هەرچەندە لەناو سەرچاوەکاندا زانیاریی ئەوتۆ لەبارەی ئەم سەحابییە کوردەوە لەبەردەستدا نییە، وەک شوێنی لەدایکبوون و پێگەشتن و تەنانەت لەسەر رێنوسی ناوەکەشی ناکۆکیی هەیە، بەڵام هیچیان ناکۆکیان نییە لەسەر ئەوەی یەکێکە لەوانەی کە فەرموودەی گێڕاوەتەوە (راوی)[٢]، بەجۆرێک کە مەیمونی کوڕی کابان فەرمودەیەکی لێ گێڕاوەتەوە لەبارەی قەرز و مارەییەوە کە زیاتر لە جارێک لە پێغەمبەری (درودی خوای لەسەر بێت) بیستووە تا دەگاتە ١٠ جار"[٣] کە ئەمەش هێمایە بۆ درێژیی ماوەی هاوەڵێکردنی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت).

راستە دەکرێت بوونی ئەم هاوەڵە (صحابی) کوردە بە بەڵگەی بوونی جۆرێک لەپەیوەندیی لەنێوان کورد و ئیسلام لێکبدرێتەوە لە قۆناغەکانی سەرەتای دەرکەوتنیدا، بەڵام هیچ دووریش نییە حاڵەتی (کابانی کوردی) و هاوەڵێکردنی لەگەڵ پێغەمبەری ئیسلام حاڵەتێکی تاکەکەسی بێت وەک چۆن سەلمانی فارسی و بیلالی حەبەشی موسوڵمان و هاوەڵی پێغەمبەربوون، کەچی گەلەکانیان لە حەبەشە و وڵاتی فارس ئەوکات هێشتا موسوڵمان نەبوون، بۆیە ناکرێت مێژووی بڵاوبونەوەی ئیسلام لە کوردستاندا ببەسرێتەوە بەم هاوەڵە کوردەوە.

## پرۆسەکانی فتوحات وەك دەستپێکێکی گشتگیر

زۆرێک لە مێژوونوسان و توێژەران، سوورن لەسەر ئەوەی مێژووی موسوڵمانبوونی کورد پەیوەست بکەن بە پرۆسەی فتوحاتی ئیسلامییەوە لە ناوچە کوردنشینەکان، کە لە ساڵی (١٦ک/ ٦٣٧ز) و لە سەردەمی حوکمڕانیی خەلیفەی دووەمی ئیسلام عومەری کوڕی خەتاب دەستپێکردووە و لە ساڵی (٢٠ک/ ٦٤٠ز) ئۆپەراسیۆنە سەرەکییەکانی کۆتاییهاتووە[٤]. لەپاش کۆتاییهاتنی ئەم پرۆسە سەربازییانەش کوردەکان وردە وردە چونەتە سەر ئاینی ئیسلام[٥] و لە نێوان ساڵانی (٢٥_٣٠ک/ ٦٤٦ _٦٥١ز) بەشی زۆریان بوونەتە موسوڵمان[٦]، ئەم رایەش کە موسوڵمانبوونی کورد دەبەستێتەوە بەفتوحاتەوە لەناو گێڕانەوە مێژووییەکاندا پاڵپشت و پشتیوانی هەیە، لەوانەش نامەیەکی عومەری کوڕی خەتاب بۆ خەڵکی جەلەولا و بۆ فەرماندەی سوپاکەی لەوێ (سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس) لەبارەی چۆنییەتی رۆژووگرتن و بەربانگ کردنەوەوە[٧]، کە ئاماژەی ئەوەی تیایە پەرستشەکانی ئیسلام شانبەشانی پرۆسەی فتوحات لە ناوچە کوردییەکان بڵاو بوونەتەوە.

## سەرنەکەوتنی فتوحات لە موسوڵمانکردنی سەرجەم کورد

بەڵام جیاواز لەم را باوە، هەندێ لە رۆژهەڵاتناسە رووس و رۆژئاواییەکان پێیانوایە بڵاوبوونەوەی تەواوەتی ئیسلام لەناو کورددا دەسودەم و شانبەشانی فتوحات بەرێوەنەچووە بەڵکە دواکەوتووە بۆ دوو سەدە لە پاش فتوحاتی ئیسلامی و بەشێوەیەکی کردەیی لە سەدەی سێیەمی کۆچی/ نۆیەمی زاینی دەستپێکردووە و لە سەدەکانی چوارەم و پێنجەمی کۆچی/ دەیەم

و یازدەیەمی زاینی ئیسلام مۆرکێکی میللی لەناو کورددا وەرگرتووە[٨]، ئەم بووچونەش بە هەمان شێوەی بۆچوونی پێشوو پاڵپشت و بەڵگەی مێژوویی خۆی هەیە کە پشتڕاستی بکاتەوە، لەوانەش دواکەوتنی بڵاوبونەوەی ئیسلام لە هەندێ شارەدێی کوردیدا لە چەشنی دووژانە (دزدان) و شارەدێی (بیر) لە هەورامان کە سەرەتا بەرەنگاری عەرەبە موسوڵمانەکان بوونەتەوە، پاش کۆتاییهاتنی فتوحات و بێهیوابوون لە موسوڵمانبوونیان، خۆیان بەخواستی خۆیان ئاینی ئیسلامیان قبووڵیان کردووە، وەک هەندێ لەگەڕیدەی هاوچەرخی ئەم ڕووداوانە لە یاداشتەکانی خۆیاندا ڕوونیانکردۆتەوە[٩]، بەڵام بەشێوەیەکی گشتیی دەکرێت بوترێت ئەم دواکەوتنەی بڵاوبونەوەی ئیسلام لەناوچە شاخاوییە سەختەکانی کوردستاندا بووە و بڵاوبونەوەی ئیسلام لە شارە گەورەکانی کوردستاندا بەمجۆرەی ئەمان دوا نەکەوتووە تا بگاتە دوو سەدە لەپاش فتوحات.

## سوڵح و شەڕەکانی فتوحات

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پرۆسەی فتوحاتی ئیسلامییش کە وێستگەی سەرەکیی بڵاوبونەوەی ئیسلامە لە کوردستاندا و گوزەرێک بە ماجەراو ڕووداوەکانیدا بکەین، ئەوە دەردەکەوێت ئەم پرۆسەیە لەدوو میحوەرەوە بووە، کە میحوەری ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ساسانی و میحوەری ناوچەی نفوزی بێزەنتییە، ئەم پرۆسەیە دوو ڕێگاچارەی سەرەکیشی گرتوتە بەر، کە یەکەمیان ئاشتەوایی و سوڵحکردنە، دووەمیشیان جەنگ و بەرەنگاربوونەوەیە بۆ ئەوانەی بەسوڵحکردن قایل نەبوون، ئەم ڕاستییە مێژوویەش قابیلی نکوڵییکردن نییە و بەشێکە لەدابودەستوری باوی ئەو سەردەمە، وەک چەند جارێکیتریش ڕوون کراوەتەوە بڵاوبوونەوەی ئیسلام بەسوڵح بووبێت یان بەشەڕ هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت کە پاش ڕەوینەوەی مەترسییە سەربازییەکانیش گەلی کورد هەر لەسەر پابەندیی خۆیان بە ئیسلام بەردەوام بوون، بەئەوپەڕی نیازپاکییەوە خزمەتی ئەم ئاینەیان کردوە و زۆرجاریش باجی قورسیان لەسەری داوە، مێژوی چواردە سەدەش بەر لە ئێستاش بەپێودانگ و پێوەرە هاوچەرخەکانی ئێستا ناپێورێت و هەڵناسەنگێنرێت، لەسەر قسەی ئیبن خەلدونیش هەموو ڕووداوە مێژووییەکان بەرەنجام و زادەی هۆکار و واقیعی باو و بڵاوی سەردەمی خۆیانن.

## میحوەرەکانی فتوحات

وەک ئاماژەمان پێکرد، عەرەبە موسوڵمانەکان ناوچە کوردنشینەکانیان بەپێی پلانێک کۆنترۆڵکردوە کە لەدوو قۆڵ و دوو میحوەرەوە بووە، میحوەری یەکەم، ناوچەکانی بندەستی حوکمڕانیی ساسانییە کە ناوچەکانی نەهاوەند، هەمەدان، دەینەوەر، ماسبذان، حەلوان، شارەزوور، ئازەربایجان و چەند ناوچەیەکیتری دەگرتەوە[١٠]، میحوەری دووەمیش ناوچەکانی بندەستی ڕۆمە بێزەنتییەکانە کە زیاتر ناوچە کوردنشینەکانی باکور و ڕۆژئاوای کوردستان دەگرێتەوە، وەک جەزیرە، ڕوها و دەوروبەری حەڕان[١١].

## میحوەری ڕۆژهەڵات (ساسانی)

لە میحوەرە فارسییەکە سەرەتای پێکدادانی عەرەبە موسوڵمانەکان لە وڵاتی کورددا لە شارۆچکەی جەلەولا بووە، کە بوەتە گۆڕەپانی جەنگێکی خوێناوی گەورە لە ساڵی (١٦ک/ ٦٣٧ز)[١٢] لە نێوانموسوڵمانەکان و ئەو عەجەمانەی

**قبوڵکردنی جزیه ئاماژەیەکی روونە کە زۆرینەی کورد لە رێی فتوحاتەوە نەچوونەتە سەر ئاینی ئیسلام، بەڵکە رازیبوون وەکو ئەهلی کیتاب مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت نەك موسوڵمان**

دوای شکستی قادسیە لەوێ لەنگەریان گرتبوو وەکو هێڵی دووەمی بەرگریی، لەم شەڕەدا عەجەمەکان شکان و هەڵهاتن، موسوڵمانەکانیش بەدەم کوشتارەوە دوایانکەوتن[٣١]، بەجۆرێک کە زەوی لەدوورەوە رەشی دەنواند لە کەڵەکەبوونی تەرمی ئەوان[٤١]، ژمارەیەکی زۆر کەمیان لێ قوتاربوو[٥١]، لەپاش ئەم سەرکەوتنە سەربازییە گەورەیەش عەرەبە موسوڵمانەکان بەردەوام بوون لە پێشڕەوی بە ئاراستەی رۆژهەڵاتی روباری دیجلە، کاتێک گەشتنە دەروازەکانی شارۆچکەی مەندەلی (بندنیجین) خەڵکەکەی داوای ئەمانیان کرد بەرانبەر بەوەی کە جزیە و خەراج بدەن[٦١]، دواتریش شاری حەلوان کە تێکەڵەیەک لە کوردی شازنجان و گۆران و هەندێ هۆزی فارسی تێدا نیشتەجێ بوو[٧١] بە شەڕ فەتح کرا[٨١]، چونکە خەڵکەکەی ئیسلامیان قبوڵ نەکرد[٩١]، پاش شەڕوپێکدادان خەڵکی حەلوان لەگەڵ موسوڵمانەکان رێککەوتن، ئەوانیش جزیە و خەراج بدەن بەرانبەر بەدابینکردنی ئاسایش و ئازادیی هاتوچۆکردن بۆیان[٠٢]، ئەم سوڵحەی حەلوانیش کە پاش کوشتن و برینی زۆر هات[١٢] بوو بەپێشینەیەک بۆ فەتحکردنی شارەکانی کرمانشاە و ناوچەکانی شارەزوور و چەندین شارەدێ و ناوچەی تری کوردنشین[٢٢]، خەڵکی ئەم ناوچانە کە رازیی بوون جزیە و خەراج بدەن، ئەوەیان کردە مەرج لەسەر موسوڵمانەکان کە "نەکوژرێن، تاڵان نەکرێن، رێگەی هاتوچۆیان لێ نەگیرێت بۆ هەرکوێ خۆیان پێیان خۆشە"[٣٢].

دەکرێت فەتحی حەلوان بە سەرەتا و دەسپێکی پەیوەندیی کورد و سوپای ئیسلام دابنرێت چونکە ئەم شارە خاڵی جیاکەرەوەی عێراقی عەرەبی و عێراقی عەجەمییە (هەرێمی چیا)[٤٢]، کاتێکیش عەرەبە موسوڵمانەکان حەلوانیان تێپەڕاند و روویانکردە ناوچە کوردنشینەکانی تری هەرێمی چیا[٥٢] رووبەڕووی بەرەنگارییەکی توند بوونەوە، بە تایبەت لە شاری نەهاوەند کە تێکەڵەیەک لە کورد و عەرەبی تێدا دەژیا[٦٢]، ئەم شارە بوو بە گۆڕەپانی پێکدادانێکی گەورە لە نێوان سوپای موسوڵمانەکان و سوپای عەجەم لە ساڵی (٢١ک/٦٤٢ز)[٧٢]، سەرەنجام فاتیحەکان سەرکەوتن و لەبەر گرنگیی ئەم جەنگەش بەفەتحی نەهاوەند وتراوە «فتح الفتوح»[٨٢]، خەڵکەکەی ناچاربوون بەرانبەر دابینکردنی پاراستنی گیانیان سوڵح بکەن[٩٢].

لەپاش کەوتنی نەهاوەندیش شاری دەینەوەر نەیتوانی لەیەک رۆژ زیاتر بەرەنگاری سوپای ئەبو موسای ئەشعەری ببێتەوە (٢١ ک/٦٤٢ز)[٠٣]، دواتر رێککەوتن لەسەر ئەوەی لەسەر ئاینی خۆیان بمێننەوە و ئاسایشیان بۆ دابین بکرێت لەپای قبوڵکردنی پێشکەشکردنی جزیە و خەراج[١٣]، هەر ئەمەش وایکرد فەرمانڕەوا فارسەکەی ناوچەی ئازەربایجان مل بۆ سوپای حوزەیفەی کوڕی یەمانی کەچ بکات (٢٢ک/٦٤٣ز)[٢٣] و رێککەوتن هەشت هەزار درهەم کۆ بکەنەوە بۆ عەرەبە

موسوڵمانەکان لەپای دابینکردنی ئاسایش و هێشتنەوەی پەرستگا زەردەشتییەکەی هەرێمەکە و پاراستنی گیانی کوردەکانی ئازەربایجان[٣٣].

هەر نزیک لە هەرێمی چیا هەندێ لە کوردەکانی نیشتەجێی وڵاتی فارس قبوڵیان نەکرد موسوڵمان بن، قبوڵیان نەکرد جزیە و خەراجیش بدەن بۆیە کەوتنە بەر هێرشی فاتیحەکان[٤٣]، ئەم حاڵەتەش بەزەقی لەناو کوردەکانی ئەهوازدا (خوزستان) روویدا کە سوڵحیان قبوڵ نەکرد و سەرەنجام کوژران و بەدیل گیران[٥٣]، هەروەها هەندێ لە کوردەکانی نیشتەجێی وڵاتی فارس ڕێگەیان لە سوپای سارییەی کوڕی زەنیم گرت (٢٣ک/٦٤٤ز) و سەرەنجامی بەرەنگارییەکەش بە سەرکەوتنی سوپاکەی ساریە و شکانی کوردەکان کۆتاییهات، لەسەرچاوە مێژووییەکانیشدا بەسەرهاتێکی بەناوبانگی خەلیفە عومەر لەبارەی ئەم بەرەنگارییەی کورد و سوپای ئیسلام هەیە کە بە "یا سارية الجبل الجبل..." ناسراوە[٦٣].

## میحوەری باکوور (بێزەنتی)

لە میحوەری دووەمی فتوحاتیش کە ناوچەکانی نفوزی بێزەنتییە، پرۆسەی فتوحات ساڵێک یان دووان پاش میحوەری ناوچەی نفوزی ساسانی و لە ساڵی (١٧ک/٦٣٨ز) یان لە ساڵی (١٨ک/٦٣٩ز) [٧٣] دەستپێکردووە[٨٣]، ڕەوشەکە جیاوازیی هەیە و کوردەکانی ئەم میحوەرە (جەزیرە) سوڵحیان لەگەڵ فەرماندەی سوپای عەرەبە موسوڵمانەکاندا قبوڵکردووە، کە عەیازی کوڕی غەنەم سەرکردایەتی دەکردن، بەرانبەر پێدانی جزیە و خەراج[٩٣]، هەر لەسەر ئەم دابو دەستورەش لە ساڵی (٢٠ک/٦٤١ز) شاری ئامەد (دیاربەکر) بەبێ شەڕ فەتحکرا [٠٤]، لە هەمان ساڵیشدا شاری هەولێر فەتحکرا[١٤]، بەدوای شاری هەولێریشدا سەرجەم مۆڵگە کوردنشینەکانی تر[٢٤]ی سەر بە هەولێر و پارێزگای دهۆکی ئێستا چوونە ژێر سایەی حوکمڕانی موسوڵمانەکان[٣٤]. لەسەر بنەمای ڕێککەوتنەکەی خەڵکی جەزیرە لەگەڵ فاتیحەکان، بڕیاردرا ئەوانەشی ئامادەنین جزیە بدەن و ئەیانەوێت کۆچ بکەن بۆ جێگەی تر ڕێگەیان پێبدرێت وڵات بەجێبهێڵن و ئازادن لە سایەی حوکمی ئیسلامدا نەژین[٤٤].

**بڕی ئەو جزیەی موسڵمانەکان لەسەر ئەهلی کیتاب و زەردەشتییەکان دایانناوە کەمتر بووە لەبڕی ئەو باج و سەرانەیەی ڕۆمە بێزەنتی و فارسەکان لێیان وەردەگرتن**

## قبوڵکردنی جزیە و خەراج لەبری ئیسلام

لەگێڕانەوەی ئەم باسە مێژووییانەشەوە دەردەکەوێت کە خەڵکی زۆرینەی ناوچە کوردنشینەکان، بە تایبەت ئەوانەی سەر بە نفوزی دەوڵەتی هیلاک و داخوراوی ساسانی بوون کە لە چوار ساڵی کۆتایی تەمەنیدا ١٠ پادشای گۆڕیبوو، پاش شکستهێنانیان لەبەرەنگاربوونەوەی سەربازیانەی عەرەبە موسوڵمانەکان بەپێی ڕێککەوتن و قبوڵکردنی جزیە و خەراج خۆیان رادەستی سوپای موسوڵمانەکان کردووە، جگە لە پەیڕەوانی ئاینی زەردەشتی ئەو کوردانەشی لەسەر ئاینی مەسیحی و جوولەکە بوون،

**بڵاوبوونەوەی ئیسلام بەسوڵح بووبێت یان بەشەڕ هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت کە پاش ڕووینەوەی مەترسییە سەربازییەکانیش گەلی کورد هەر لەسەر پابەندیی خۆیان بەئیسلام بەردەوام بوون.**

هەمان ڕێگەی زەردەشتییەکانیان هەڵبژارد بە قبوڵکردنی ڕادەستکردنی جزیە و خەراج بە موسوڵمانەکان(٥٤)، جزیە تایبەتە بە پیاوانی ناموسوڵمان و ژنان و منداڵان ناگرێتەوە، برەکەشی بەپێی توانای دارایی کەسەکان دەگۆڕێت(٦٤) خەراجیش باجی زەوی کشتوکاڵییە و موسوڵمان و ناموسوڵمان هاوبەشن تێیدا(٧٤) وبەپێی توێژینە وەی ڕۆژهەڵاتناسەکانیش **بڕی ئەو جزیەی موسڵمانەکان لەسەر ئەهلی کیتاب و زەردەشتییەکان دایانناوە کەمتر بووە لەبڕی ئەو باج و سەرانەیەی ڕۆمە بێزەنتی و فارسەکان لێیان وەردەگرتن**(٨٤)، هەرچۆنێک بێت قبوڵکردنی جزیە ئاماژەیەکی ڕوونە کە زۆرینەی کورد لە ڕێی فتوحاتەوە نەچوونەتە سەر ئائینی ئیسلام، بەڵکە ڕازییبوون وەکو ئەهلی کیتاب مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت نەک موسوڵمان(٩٤)، ئەمەش کەڵک وەرگرتن بووە لە بڕیاری خەلیفەی دووەمی ئیسلام عومەری کوڕی خەتاب لە بارەی مامەڵەکردن لەگەڵ هاووڵاتییە زەردەشتییەکانی سەر بە دەوڵەتی ساسانی وەکو ئەهلی کیتاب، پاش ئەوەی فەرماندەی میحوەری ڕۆژهەڵاتی فتوحات (ساسانی) سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس لەمبارەیەوە پرسیارێکی ناردووە بۆ خەلیفە لەبارەی چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ پەیڕەوانی ئائینی زەردەشتی، لەگەڵ ڕونکردنەوەی پێویست لەبارەی بنەماکانی ئائینەکەیان و شێوازی پەرستشەکانیانەوە(٠٥). **بەپێی سەرچاوە مەسیحییەکان خەلیفە عومەر نەک هەر کورد و زەردەشتییەکان و ڕۆمەکان بەڵکە عەرەبە مەسیحییەکانی ناو نیوەدورگەی عەرەبیشی ناچار بەموسوڵمانبوون نەکردووە**، کاتێک عەرەبەکانی نەجران قبوڵکردنی ئیسلامیان ڕەتکردەوە ڕازیی بوو بگوازرێنەوە بۆ عێراق و لەوێ زەوی و زاری پێدان وەکو قەرەبووی ڕاگواستنیان لە نیشتمانی خۆیان (نجران)(١٥)، کە بەشێکە لە سعودیەی ئێستا و مەترسیی دروستدەکرد لەسەر ئاسایشی خەلافەتی موسوڵمانەکان.

ئەوەی تێبینی دەکرێت بەرەنگاریی سەختی کوردەکان زیاتر لەناوچەکانی بندەستی دەوڵەتی ساسانیدایە کە دوژمنایەتی دێرینیان هەیە لەگەڵ عەرەبەکان، باسیلی نیکیتین کە ڕۆژهەڵاتناسێکی فەرەنسییە پێیوایە ئەم بەرەنگارییە باکگراوەندی ئائینی و کۆمەڵایەتیشی هەیە، کوردەکان بەگیانی پارێزگارییکردن لە پوش و پاوان و لەوەڕگاکانیان بەرەنگاریی عەرەب فاتیحەکان بوونەتەوە(٢٥)، بەڵام محەمەد ئەمین زەکی ڕایەکی تری هەیە و پێیوایە هۆکارەکەی زیاتر نامۆیی کورد بووە بە دابودەستورەکانی ئیسلام لەگەڵ هاندانی پیاوە ئائینییەکانی زەردەشتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم ئائینە نوێیە و(٣٥) و پاش ئەوەی کورد شارەزاییان لەم ئائینە پەیداکردوە بە خواستی خۆسان بوونەتە یەکێک لەمیللەتە هەرە دلسۆز و قوربانیدەرەکانی ئیسلام(٤٥).

## سەرچاوە و پەراوێز:


١ أرشاك بولاديان: الأكراد من القرن السابع إلى القرن العاشر الميلادي، ترجمة مجموعة من المترجمين، دار الفارابي، بيروت، ٢٠١٣م، ص ص ١٢٠_١٢١.

٢ الذهبي: ميزان الاعتدال في نقد الرجال، تحقيق محمد البجاوي، دار المعرفة، بيروت، ١٩٦٣م، ج٤، ص ٢٦٣.

٣ ابن الأثير: أسد الغابة في معرفة الصحابة، تحقيق علي محمد معوض و عادل أحمد عبد الموجود، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٩٤م، ج٦، ص٣٤٥؛ ابن حجر العسقلاني: الإصابة في تمييز الصحابة، تحقيق خيري سعيد، المكتبة التوفيقية، القاهرة، د ت، ج١، ص٣٧٦؛ الآلوسي: روح المعاني، ج٢٦، ص ١٠٣.

٤ البلاذري: فتوح البلدان، تحقيق عبد الله أنيس وعمر أنيس الطباع، مؤسسة المعارف، بيروت، ١٩٨٧م، ص ص ٤٢٣ _ ٤٣٣؛ ابن خلدون: العبر، بيت أفكار الدولية، الأردن والسعودية، د.ت، ص ص ٥٤٧، ٥٤٨، ٥٥٦، ٥٥٣، ٥٥٧، ٥٥٨، ٥٦١.

٥ فرست مرعي: الفتح الإسلامي لكردستان، دار الزمان، دمشق،٢٠١١م، ص١١١؛ تهامي العبدولي: إسلام الأكراد، ص ٦٢.

٦ فرست مرعي: الفتح الإسلامي لكردستان، ص ١٧١؛ راغب السرجاني: بين التاريخ والواقع، ج١، ص ١١٨.

٧ أبي يعلى: طبقات الحنابلة، تحقيق عبد الرحمن بن عثمان العثيمين، الرياض،١٩٩٩م، ج٣، ص ١٦٨.

٨ أرشاك بولاديان: الأكراد من القرن السابع إلى العاشر الميلادي، ص ١٢٨؛ تومابوا: مع الأكراد، ترجمة آواز زنكنة، دار الجاحظ، بغداد، ١٩٧٥م، ص ١٠٥.

٩ أبي دلف مسعر بن مهلهل الخزرجي: الرسالة الثانية، تحقيق بطرس بولغاكوف، ترجمة محمد منير مرسي، مؤسسة ذين، السليمانية، ٢٠١٢م، ص ص ١٢٦_ ١٢٧.

١٠ اليعقوبي: تاريخ اليعقوبي، دار صادر، بيروت، ج١، ص ١٧٦.

١١ اليعقوبي: تاريخ اليعقوبي، ج١، ص ١٧٦.

١٢ الطبري: تاريخ الرسل والملوك، ج٤، ص ٢٤؛ ابن الأثير: الكامل في التاريخ، تحقيق أبي الفداء عبدالله القاضي، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٨٧م، ج٢، ص ٣٦٤.

١٣ البلاذري: فتوح البلدان، ص ٣٦٩؛ ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٢، ص ٣٦٥.

١٤ ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٢، ص ٣٣٥؛ ابن كثير: البداية والنهاية، ج٧، ص ١٧٧.

١٥ ابن خلدون: العبر، ص ٥٤٨.

١٦ البلاذري: فتوح البلدان، ص ٣٦٩.

١٧ اليعقوبي: البلدان، ص ٤٦؛ المسعودي: مروج الذهب، ج٢، ص ٩٧؛ أبو الفدا: تقويم البلدان، ص ٣٠٧؛ قادر محمد حسن: الإمارات الكردية،ص ٣٨.

١٨ خليفة بن الخياط: تاريخ خليفة بن الخياط، ص ص ٧٧، ٩٢.

١٩ ابن كثير: البداية والنهاية، ج٧،ص ١٧٩.

٢٠ الحموي: معجم البلدان، ج٢، ص ٢٩٢.

٢١ ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٢، ص ٤٣٧؛ ابن خلدون: العبر، ص ٥٥٨.

٢٢ البلاذري: فتوح البلدان، ص ٤٢٣.
٢٣ البلاذري: فتوح البلدان، ص ص ٤٦٦ _ ٤٦٧.
٢٤ الأزدي: تاريخ الموصل، تحقيق أحمد عبدالله محمود، دار الكتب العلمية، بيروت، ٢٠٠٦م،ج١، ص ٤٦؛ تومابوا: مع الأكراد، ص ١٠٤؛ محمد أمين زكي: خلاصة تاريخ الكرد،ص ١٢٣.
٢٥ القلقشندي: صبح الأعشى، ص ٣٧٣.
٢٦ اليعقوبي: البلدان، ص ٤٨؛ ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٨، ص ٨٣؛ القزويني: نزهة القلوب، ص ٧٤.
٢٧ خليفة بن خياط: تاريخ خليفة بن خياط، ص ٨٣؛ الأزدي: تاريخ الموصل، مج١، ص ٥١؛ الطبري: تاريخ الرسل والملوك، ج٤، ص ١١٤؛ ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٨، ص ٣٤٩.
٢٨ مسكويه: تجارب الأمم، ج١، ص ٢٤٣؛ ابن كثير: البداية والنهاية، ج٧، ص ٢٠٩.
٢٩ الدينوري: الأخبار الطوال، تحقيق عبدالمنعم عامر، وزارة الثقافة والإرشاد القومي، مصر، د.تص ١٣٧.
٣٠ الذهبي: سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٣٥٥.
٣١ البلاذري: فتوح البلدان، ص ٤٣٠.
٣٢ خليفة بن خياط: تاريخ خليفة بن خياط، ص ٨٤.
٣٣ خليفة بن خياط: تاريخ خليفة بن خياط، ص ٤٥٩.
٣٤ ابن خلدون: العبر، ص ٥٦١.
٣٥ الطبري: تاريخ الرسل والملوك،ج٤، ص ٤٧٨؛ ابن كثير: البداية والنهاية، ج٧، ص ٢٣٣؛ ابن خلدون: العبر، ص ٥٦١.
٣٦ الطبري: تاريخ الرسل والملوك، ج٤، ص ٤٧٨؛ ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٢، ص ٤٤٢؛ ابن كثير: البداية والنهاية، ج٨، ص ٢٣١.
٣٧ ياقوت الحموي: معجم البلدان، ج٢، ص ١٣٤
٣٨ الأزدي: تاريخ الموصل: مج١، ص ٤٨.
٣٩ ياقوت الحموي: معجم البلدان، ج٢، ص ١٣٤.
٤٠ أحمد الخليل: تاريخ الكرد في العهود الاسلامية، ص ١٥٢.
٤١ سامي الصقار: إمارة أربل في العصر العباسي ومؤرخها ابن المستوفي، دار الشواف، الرياض، ١٩٩٢م، ص ٣١.
٤٢ البلاذري: فتوح البلدان، ص ٤٦٤؛ الذهبي: سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٣٥١.
٤٣ فرست مرعي: الفتح الإسلامي لكردستان، ص ص ١٤١_ ١٤٣.
٤٤ البلاذري: فتوح البلدان، ص ٤٦٤؛ ابن كثير: البداية والنهاية، ج٨، ص ١٨٣.
٤٥ المسعودي: مروج الذهب، ج٢، ص ٩٧؛ابن خلدون: العبر، ص ٥٦١؛صموئيل أتينجر: اليهود في البلدان الإسلامية ١٨٥٠ _ ١٩٥٠م، ترجمة جمال أحمد الرفاعي، عالم المعرفة، الكويت، مايو ١٩٩٥م، ص ١٥؛تومابوا: مع الأكراد، ص ١٠٢؛ محمد أمين زكي: خلاصة تاريخ الكرد،ص ١٦١.
٤٦ النووي: المنهاج شرح صحيح مسلم بن الحجاج، تحقيق خليل مأمون شيخا، دار المعرفة، بيروت، ط١٩، ٢٠١٢م ،ج١١، ص ص ٢٦٦ _٢٦٧.
٤٧ أبي يوسف: كتاب الخراج، دار المعرفة، بيروت، ١٩٧٩م، ص ١٢٢؛ النووي: المنهاج، ج١١، ص ٢٦٦.
٤٨ الأب ألبير أبونا: تاريخ الكنيسة السريانية المسيحية، دار المشرق بيروت، ٢٠٠٢م، ط٢، ص ٥١.
٤٩ أنور المايي: الأكراد في بهدينان، مطبعة خبات، دهوك، ط٢، ١٩٩٩م، ص ٦٥.
٥٠ أبي يوسف: الخراج، ص ١٣٠؛ أنور المايي: الأكراد في بهدينان، ص ٦٥؛ أحمد أمين: فجر الإسلام، دار الكتاب العربي، بيروت، ١٩٦٩م، ص ١٠١؛ محفوظ العباسي: إمارة بهدينان العباسية، ص ٢٥.
٥١ الأب ألبير أبونا: تاريخ الكنيسة السريانية المسيحية، ص ٥٣.
٥٢ باسيلي نيكيتين: الكرد، ص ٢٩٩.
٥٣ محمد أمين زكي: خلاصة تاريخ الكررد،ص ١٨٨.
٥٤ ملا علي كردي: كردستان والأكراد، ص ص ٧٤ _ ٧٥.

# م. عەلی باپیر: مورتەد و مونافیق بۆیان هەیە لە سایەی دەوڵەتی ئیسلامیدا بژین

**لەبری قوڵبونەوە بە جیاوازی بۆچون و مامەڵەکردنیان لەگەڵ ناموسڵمانەکان، مامۆستا عەلی باپیرمان هەڵبژارد کە لەسەر هەموو جومگەکانی تێگەیشتنی خۆی و هەڵبژاردەی بۆچوونی زانایانمان پێ بڵێت. مامۆستا بە تەنیشت کاری سیاسییەوە، زیاتر لە چل ساڵە دەخوێنێتەوە و لێکۆڵینەوەدەکات و دەیان کتێبی لەسەر تێڕوانینی ئایینی بڵاوکردوەتەوە. بەرێزیان لە سۆنگەی لێکۆڵینەوەی وردیان لە قورئان و سونەت و کەلتووری ئیسلامی، ئێستا قسەی تایبەتی خۆی هەیە لەسەر کایە جیاوازەکان لە هەڤپەڤینێکی (خاڵ)دا لەو بوارانەدا کۆمەڵێك پرسیارمان ئاڕاستەکرد، ئەویش دەمودەست ئەم وەڵامانەی داینەوە.**

**گفتوگۆ: شاخەوان عەلی**



**خاڵ: کاتێك کە ئاینی ئیسلام هات، چەند ئاینێکی تر هەبوون کە ئیسلام هات مامەڵەی لەگەڵیان چۆن کرد؟**

م. عەلی باپیر: پێش هەمووشتێک من دەستخۆشیتان لێدەکەم بە دەرکردنی گۆڤاری خاڵ، هیوادارم سەرکەوتوبن و ئەو ئامانجانەی بۆ گۆڤارەکەتان تۆمارکردووە بە باشترین شێوە بیانهێننەدی.

ئەو بابەتە بابەتێکی زۆر گرنگە و لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا نەک هەر موسڵمانان، هەموو مرۆڤایەتی بە گشتی پێویستی پێیەتی کە بەرچاویان تێیدا روونبێت، ئیسلام دیارە ئەڵقەیەکە لەو زنجیرەیەی کە لە ئادەمەوە دەستی پێکردووە (سەلامی خوای لەسەر بێت) کە ئەویش بریتییە لە ناردنی هیدایەتی خوا بۆ بەشەر، خوای پەروەردگار لەو ڕۆژەوەی ئادەمی لەسەر زەوی داناوە پەیتا پەیتا بە پێغەمبەرانی خۆیدا (سەلامی خوایان لەسەر بێت) بەرنامەی بۆ ناردوون بۆ مرۆڤ بەپێی بارودۆخ و ئەو ژینگانەی تێیداژیاون تاکو هەم ژیانی تاکی و هەم ژیانی خێزانیی و کۆمەڵایەتیی و سیاسیی خۆیانی پێ ڕێکبخەن، کەواتە ئیسلام وەکو خوای گەورە لە سورەتی (الاحقاف)دا بە پێغەمبەری خاتەم دەفەرموێ (قل ما کنت بدعا من الرسل)، من داهێنراوێک نیم لەناو پێغەمبەراندا منیش یەکێکم وەکو ئەوان، پێغەمبەر (سەلات و سەلامی خوای لەسەر بێت) کە بوخاری و موسلیم گێڕاویانەتەوە زۆرجوان ئەوەمان بۆ وێنادەکات کە کاری پێغەمبەری خاتەم بریتییووە لەکاری تەواوکاری لەگەڵ پێغەمبەرانی دیکە، دەفەرموێت «وێنەی من و وێنەی ئەوانەی پێش من وەکو ئەوە وایە کەسێک کۆشکێکی دروستکردووە، زۆر جوان ڕێکیخستووە، جگە لە گۆشەیەک لە گۆشەکانی بەردێک ماوە دابنرێت، هەموو ئەوانەی بەدەوری ئەو کۆشکەدا هاتن و دەچوون دەیان وت کۆشێکێکی زۆر جوانە خۆزگە ئەو بەردەش دابنرابایە، من ئەو بەردی کۆشەیەم و من کۆتایی پێغەمبەرانم». ئەوە بەراستی زۆر گرنگە ئێمەی موسڵمان ئاوا لە دەمی پێغەمبەری خۆمانەوە (درودی خوای لەسەر بێت) دەبیستین کە پێغەمبەری خاتەم وا سەیری خۆی و بەرنامەکەی خۆی کردووە کە کاری پێغەمبەرانی پێش خۆی تەواو دەکات، بەرنامەکەشی بریتییە لە ئەڵقەیەک دوا ئەڵقەی ئەو زنجیرە کتێب و بەرنامەیەیە کەخوای پەروەردگار بە پێغەمبەراندا ناردوونی بۆ ڕێکخستنی ژیانی مرۆڤایەتی.

**خاڵ: کەواتە ئیسلام بەزۆر شوێنکەوتی ئاینەکانی تر ناچار ناکات شوێنی بکەون ؟**

م. عەلی باپیر: ویستم ئەمە باسبکەم، **ئیسلام هەر لە بنەڕەتدا بەو جۆرە وا تەماشای خۆی دەکات کە بەرنامەیەک نییە لە بەرامبەر بەرنامەکانی تردا، بەڵکو بەرنامەیەکە لە ریزی ئەواندا**، قورئان چۆن پێناسەکراوە خوای گەورە لە سورەتی مائیدەدا باسی کردووە، کتێبمان بۆ تۆ ناردوە دوای ئەوە باسی تەورات و ئینجیل دەکات کە بۆ یەهود و نەسرانیەکان هاتووە، دەفەرموێت (وأنزلنا إليك الكتاب بالحق مصدقا لما بين يديه من الكتاب ومهيمنا عليه) واتە ئەگەر کەموکوڕی و لادانێک تێیاندا روویدابێت راستی دەکاتەوە، ئێمەی موسڵمان ئاوا سەیری کتێبی خۆمان دەکەین کە دوا کتێبی خوایە بۆ مرۆڤایەتی نەک تاکە کتێب بێت، بەو جۆرە سەیری پێغەمبەری خۆمان دەکەین کە دوا پێغەمبەری خوایە بۆ مرۆڤایەتی، نەک تاکە پێغەمبەربێت، وەک پێغەمبەر( دوردی خوای لەسەر بێت) فەرمانی پێکردوین دەفەرموێت (لا تفضلوا بين الانبياء) هەڵبژاردن مەکەن لەناو پێغەمبەراندا، خوای پەروەردگار ئومەتی فێرکردووە لەکۆتایی سورەتی (البقرة) دەفەرموێت (اٰمَنَ الرّسُولُ بِمَا

أُنزِلَ إِلَيْهِ مِن رَّبِّهِ وَالْمُؤْمِنُونَ ۚ كُلٌّ آمَنَ بِاللَّهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّن رُّسُلِهِ) جیاوازی ناخەینە نێو هیچ کام لە پێغەمبەران (سەلامی خوایان لەسەر بێت)، ئێستا دێمە سەر وەڵامی پرسیارەکەی ئێوەش، ئەو کرانەوە و ئەو تەبایی و ئەو هاوکاریی و سەماحەتەی لە ئیسلامدا هەیە، هەموو پێغەمبەران هەروابوون (سەلامی خوایان لەسەر بێت)، بەڵام هی ئەوان گۆڕدراوە، هەموو کتێبەکان هەروابوون، بەڵام دەستکاری کراون (يحرفون الكلم عن مواضعه ونسوا حظاً ما ذكروا به) ئەوەی کە لەبیریانچووە و ئەوەی دەستکاریان کردووە ئەوەیە کە کتێبەکانی تێکداوە، ئەگینا کتێبەکانی خوا هەموو فەرمایشتی خوان، پێغەمبەرانی خوا ( سەلامی خوایان لەسەر بێت) لەو ڕووەوە کە پێغەمبەری خوان و پەیامی خوایان بۆ دێت، هەموو لەیەک ئاستدان، بەڵام دیارە هەر پێغەمبەرە لە بەرنامەکەیدا ئەو هەلومەرج و بارودۆخە تایبەتەی ڕەچاوکراوە، بۆیە زانایان وتویانە (الدين واحد والشرائع متعددة)، دین یەکە بەڵام بەرنامەکان جۆراوجۆرن، ئەو بەرنامە حەقەی کە خوا بە پێغەمبەری خاتەمدا ناردویەتی نەهاتووە ئەوانەی پێشخۆی هەڵبوەشێنێتەوە، بەڵکو هاتووە یەکەم بەراستیان دەزانێت وەکو ئەسڵەکەیان، ئەگەر گۆڕانکاریان تێداکرابێت چاکیان دەکات و بەسەریانەوە چاودێرە، بەشێکیش لەوەی کە خوای پەروەرگار بە پێویستی نەزانیوە لێی گەڕاوە، کە دەڵێت بۆ قیامەت هەر ئەم بەرنامەیە وەردەگیرێت (وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ) زۆرێک لە مەلایەکان ئەم ئایەتە دەخوێننەوە لە غەیری شوێنی خۆیدا بەکاری دەهێنن، هەرکەسێک جگە لە ئیسلام هەر بەرنامەیەکی تر بخوازێت لێی وەرناگیرێت (وهو فی الاخره من الخاسرين) لەراستیدا ئەوو بۆ قیامەتە، بەڵام لە دونیادا (لكم دينكم ولى دين) جا خۆ ئەکەر وانەبێت ئەی چۆن (لا إكراه فى الدين) جێبەجێ دەبێت، زۆرکردن نییە لە دیندا، ئەسڵەن مرۆڤ لەم سەرزەویەدا دانراوە تاقیبکرێتەوە، بەبێ ئازادی هیچ کەسێک ناتوانێت تاقیبکرێتەوە دەبێت مرۆڤ ئازادبێت، چۆن وەڵام دەداتەوە، کەی وەڵام دەداتەوە، بەدەستخۆیەتی. ئەگەر ئازاد نەبێت بەکەڵکی تاقیکردنەوە هەرنایە، بۆیە ئیسلام نەهاتووە تەنیا خێر و بەرەکەتی بۆ موسڵمانان بێت، ئەوە زۆر جێی سەرنجە نە قورئان تەنیا بۆ ئەوە هاتووە، نە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) تەنیا بۆ ئەوە هاتووە، خوا پێغەمبەری بۆ ئەوە ناردووە، دەفەرموێ: (وما أرسلناک إلا رحمة للعالمين) نەیفەرمووە (رحمه للمسلمين)، قورئان (ان هو الا ذكر للعالمين) نەیفەرمووە (ذكر للمسلمين).

کەواتە قورئان و پێغەمبەر هەموو مرۆڤایەتی دەتوانن لێیان بەهرەمەند ببن، ئەوەی ئیمانی پێدێنێت ئەوە بۆ دنیا و قیامەت لێی بەهرەمەندە، ئەوەی ئیمانی پێناهێنێت لەدنیا لێی بەهرەمەند دەبێت، دەتوانێت و زۆری لێناکرێت، لەبەر چی زۆری لێناکرێت من لە کتێبی چوارەمی ئیسلام و دەوڵەتداریدا لە بەرگی چوارەمیدا هەروەها، لە بەرگی هەشتەمی کتێبی (الإسلام كما يتجلى فى كتاب الله عزوجل) نزیکەی ٥٠٠ لاپەڕەیە هەموو بەرگەکەم تەرخانکردوە بۆ ئەوەی ئیسلام چۆن سەیری خەڵک دەکات و چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دەکات، ئەو قەزیە، قەزیەیەکی زۆر هەستیار و گرنگە و بەهەڵەداچونیشی زۆر تێدایە، تێپەڕاندن و بەزایەدانی زۆری تێدایە، هەندێک لای تێپەڕاندن دەگرن، کەڵکەڵەی ئەوەیان لە کەللەدایە هەچی دینە لە ئیسلامدا بیتوێننەوە، هەرچی ئومەتە لە ئومەتی ئیسلامیدا بیتوێننەوە کە خوای پەروەردگار وای دانەناوە خوای پەرورەدگار دەفەرموێت (ولو شاء

## هەندێك موسڵمان كەڵكەڵەی ئەوەی لە كەللەدایە هەرچی ئومەتە لە ئومەتی ئیسلامیدا بیتوێننەوە

ربک لَامن من فی الَارض کلهم جمیعا أفأنت تکره الناس حتی یکونوا مؤمنین)، لە شوێنێکی تر دەفەرموێت (ولو شاء ربک لَامن من فی الَارض کلهم جمیعا أفأنت تکره الناس حتی یکونوا مؤمنین).

**خاڵ: هەندێك لەو گروپە توندڕەوانەی كە ئەو بۆچونەیان گرتووەتەبەر وەكو داعش، ئەمانە گوایە پشت بە فەتوای هەندێك زانا دەبەستن لە نموونەی ئیبن تەیمییە؟**

م. عەلی باپیر: ئیمامی مالیک ڕۆژێک لای گۆڕی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) ڕاوەستابوو، فەرموی هەموو کەسێک قسەی لێوەردەگیرێت و بەسەریشیا دەدرێتەوە جگە لە خاوەنی ئەم گۆڕە کە پێغەمبەرە ( درودی خوای لەسەربێت)، زانایان بنەمایەکیان داناوە، دەڵێن قسەی زانایان بەڵگەی لەسەر دەهێندرێتەوە، بە بەڵگە ناهێنرێتەوە، واتە نابێت بڵێت ئەوشتە حەڵاڵە لەبەر ئەوەی ئیبن تەیمییە وای وتوە، بەڵکو دەبێت بڵێت ئیبن تەیمییە بەڵگەی چیە لەسەر ئەوە، ئەمجا ئایا ئەو قسانە ڕاستن کە ئەوان بە بەڵگە دەیهێننەوە، پێش قسەی زانایان و ئیبن تەیمییە هەر ئایەت و فەرمودەکانیش تەحریف دەکەن، جارێکیان مەترانی مەسیحییەکان هاتن بۆلام وتی من سەرۆکی مەسیحییەکانی موسڵ، دهۆک، کەرکوک، هەولێر و هەمویم، هەندێک قسەم لەگەڵداکردن، وتم ئەوەی کە داعش بە دە ڕۆژ کردیان لە موسڵ و دەوروبەری ئەگەر ئیسلام لە ماوەی ١٣ سەدەدا کردبای تاکە یەهودیەک یان مەسیحییەک، بوزاییەک، یەزیدیەک و غەیری موسڵمانت لە وڵاتی ئیسلامیدا نەدەبینی، ئەوان بە دە ڕۆژ هەموویان پاکتاو چیوماڵکرد، لەڕاستیدا ئەوەی داعش و غەیری داعش دەیکەن کە وجودی غەیری خۆیان ڕەفزدەکەن پێچەوانەی ئیسلامە، یەکەمین کۆمەڵگا کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دروستیکردوە کۆمەڵگای موتەعەدید بوو، کۆچکەران بۆخۆیان چەند عەشیرەتێک بوون، عەشیرەتەکانی ئەوکاتە وەکو حزبەکانی ئێستابوون، پشتیوانان چەند عەشیرەتێک بوون، دوو سەرەکی ئەوس و خەزرەج، جولەکانیش سێ تیرەبوون، هەندێک لە موشریکەکانی دیکەش بوون، هەندێک نەسرانیشی تێدابوون، واتە کۆمەڵگایەک بەمانای وشە فرەیی تێدابوو.

**خاڵ: لە دەستووری مەدینەدا هاتووە (الیهود امة من دون الناس) ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە لە ئیسلامدا کەمایەتی نییە، کەمینە بێت یان کەمینە نەبێت هەمووی حەقی خۆی هەیە؟**

م. عەلی باپیر: خۆی کەمینە ئەگەر سەیری قەبارە و حەجم بکەین کە ئەویان لەو کەمترە ئەوەجیایە، بەڵام ئەگەر بێتە سەر ماف و واجبات کە ئێمە سەیری وەسیقە دەکەین، محەممەد حەمیدوڵا لە کتێبەکەی خۆیدا (الوثائق السیاسیة للعهد النبوي والخلافة الراشدة) دەڵێت کۆنترین بەڵگەنامەی دەستوورییە لە دنیادا کە نووسراوەبێت، ئێمە لەوێدا سەیردەکەین وەکو یەک (للیهود دینهم وللمسلمین دینهم)، ئەی ڕەبتیان بە یەکەوە چییە، ئەوانە (إن اهل هذه الوثیقة یدون علی من دهم یثرب) وڵاتی هەمووانە هەر کەسە بەدینی خۆی ئەوەی ئێستا

پێی دەڵێن کۆنفیدراڵیش بووە، چونکە جولەکە لە ڕووی ئابوورییەوە، لە ڕووی سیاسیی، لە ڕووی ئیداری، لە ڕووی سەربازیشەوە شتی خۆیانیان بووە، بەڵام بەرگری پێکەوەیشیان هەبووە لە وڵاتدا، ئەگەر نا جولەکە لە ڕووی ئابوورییەوە خۆیان سەربەخۆبوون، لە ڕووی ئیدارییەوە بازاڕی خۆیان و کاروباری ئیداری خۆیان هەبووە، لە بەڵگەنامەکاندا هاتووە کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێت نابێت هیچ زانایەک بگۆڕدرێت، دەستکاری هیچ شتێکیان بکرێت، نابێت هیچ کەس بچێتە بازاڕیانەوە بەبێ مۆڵەتی خۆیان، کەواتە بەمانای وشە ئیسلام وەکو یەک سەیری خەڵکەکەی کردووە، نەک ئەوەی ئەمانە دینیان چییە.

**خاڵ: لە کوردستاندا ئایینی زۆرینەی خەڵکی کوردستان ئیسلامە، بەڵام لەولاشەوە کۆمەڵێ ئایینی تر هەیە، ئەمە دەبێت گفتوگۆی نێوانیان هەبێت یان نەبێت ؟ ئەگەر هەبێت چۆنبێت؟**

م. عەلی باپیر: پێغەمبەران (درودی خوایان لەسەر بێت) دایالۆگیان کردووە لەگەڵ بەرامبەرەکانی خۆیاندا، نەک هەر ئەوە، بەڵکو هیچ پێغەمبەرێک نەهاتووە مەگەر بەڵگەیەکی دەستەوستانکەری هەبوبێت بۆ بەرامبەرەکەی بۆ ئەوەی بۆی بسەلمێنێت کە ئەو پێغەمبەری خوایە، هەر لەخۆوە ناڵێت من پێغەمبەرم ، پاشان ئەکەر سەیری پێغەمبەری خاتەم بکەین محەممەد (درودی خوای لەسە ربێت) لەگەڵ موشریکەکان وتووێژی هەبووە، لەگەڵ جولەکەکان وتووێژی هەبووە، لەگەڵ مونافیقەکان بوویەتی، ئەگەر ئێمە شوێنکەوتووی پێغەمبەری خاتەمبین (درودی خوای لەسەر بێت) لەراستیدا دەبێت هەمیشە دەستپێشخەربین، چونکە ئەکەر کۆمەڵە خەڵکێک بیانەوێت لە وڵاتێکدا بژین دەبێت چی بکەن، هەردەبێت پێکەوە وتووێژ بکەن، هەردەبێت لێکتێبگەن، ئەسڵەن کۆمەڵە خەڵکێک لە وڵاتێکدا پێکەوەبژین، دەبێت پێکەوە هاوکاربن، ئەگەر لەیەک تێنەگەن، ئەگەر لەیەک حاڵی نەبن، ئەگەر یەکدی نەخوێننەوە، ئەگەر گوێ بۆ یەکتر نەگرن، چاری تر چییە؟

**خاڵ: ئەو کاتەی ئێوە لە هەڵەبجە و هەورامان بوون، پەیوەندیتان لەگەڵ هاواریەکان چۆن بوو؟**

م. عەلی باپیر: دەتوانن لە خەڵکەکە خۆیان بپرسن، ئێستاش پەیوەندیمان لەگەڵیان نەپچڕاندووە، ئێستاش هەندێکیان لێدەناسم، لەگەڵیان پەیوەندیم ماوە، هاموشۆمان دەکردن، هاموشۆیان دەکردین، دەبێت موسڵمان دەستی لە هی هەمووکەس درێژتربێت بۆ هاوکاری، چۆن موسڵمانێک لە وڵاتێک کەمینەیە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا و ڕۆژ هەڵات چاوی لەوەنییە کە بەچاوێکی وا سەیری بکەن کە ئەو خەڵکە ئاگای لێبێت و مافەکانی بپارێزێت، لەبەر ئەوەی ئەو کەمینەیە و ئەوان زۆرترن، موسڵمان دەبێت لەپێش هەموو کەسێکەوە ئەو چاوەڕوانییەی لێبکرێت و ئاگای لە خەڵکی دیکەبێت، ئەوکاتەی لەوێبووم (جەماعەتی ئەنسار و جوندولئیسلام) عەزیەتیان دەدان، دەهاتن بۆ لای ئێمە سکاڵایان دەکرد قسەم لەگەڵدادەکردن، دەموت کاکەگیان ئەوانە عەزیەت مەدەن، زوڵمیان لێمەکەن، موڵک و ماڵیان داگیرمەکەن، بەشێوەیەکی نارێک مامەڵەیان لەگەڵ مەکەن، خۆ لە ئیسلامدا بەوانە دەوترێت چی؟، جاریَ ئەوە لەم سەردەمەدا ئەوانە پێیان دەوترێت هاووڵاتی، بەڵام کاتی خۆی پێیان وتراوە (ذمی)، یانی پەیمانیان لە ئەستۆی موسڵماناندا هەیە دەبێت سەر و ماڵ و نەفس و ناموسیان بپارێزرێت، وەکو هی خۆیان، هەندێک لە زانایان وادەزانن ئەوە هەر قسەی زانایانە، ئەو وشەیە لەفزی پێغەمبەرە (درودی خوای لەسەر

گۆڤارێک هزری رۆشنبیرییە.

**دەگونجێت پێغەمبەر بە خەڵکی بفەرموێت هەرکەسێك دینەکەی خۆی گۆڕی بیکوژن، بەڵام لەبەرچاوی خۆی خەڵك دینی خۆی گۆڕی نەیانکوژێت؟**

بێت) کە دەفەرموێت (لهم مالنا وعليهم ما علينا)، ئەوە دەقی فەرمودەی پێغەمبەرە (درودی خوای لەسەر بێت) بۆ نەسرانییەکانی نووسیوە هەمان ماف کە ئێمە هەمانە ئەوانیش هەیانە، ئەرک کە ئێمە لەسەرشانمانە واتە ئەرکی نیشتیمانی نەک ئەرکی دینی، ئەوانیش لەسەر شانیانە.

**خاڵ: کە ئەو دەقانە هەیە، بۆچی ئێستا پەیوەندیەکی سارد هەرچۆنێك هەبێت لە نێوان ئەوانەی پێیان دەوترێت ئیسلامی و لە نێوان ئایینەکانی تردا هەیە؟**

م. عەلی باپیر: ئەگەر پەیوەندی سارد هەبێت خەتای موسڵمانانە، وەکو وتم موسڵمانان دەبێت دەستپێشخەربن، من خۆم هەولمداوە، دەڵێم دیارە موسڵمانان ناحالێن لە دینەکەیان، جاری واش دەبێت رەنگە لە تەرەفی بەرامبەریشەوە کەمتەرخەمی هەبێت مەرج نییە کەمتەرخەمیەکە هەر هی موسڵمانان بێت هەرچەندە موسڵمان لێی چاوەڕوان دەکرێت دەستپێشخەربێت بۆ چاکەکاری.

**خاڵ: جەنابت دەڵێیت لە ئیسلامدا ئازادی تەواو هەیە، ئەی چی دەڵێیت لەبارەی ئەو فەرمودەی (من بدل دينه فاقتلوه)؟**

م. عەلی باپیر: من لەو بارەیەوە لە بەرگی دووەمی ئیسلام و دەوڵەتداریدا روونمکردووەتەوە، ئەوەی کە پێغەمبەری خوا وای فەرمووە لە جەوێکدایە تۆدەبێت بهێنیت سیاقەکەی سەیر بکەیت، ئەوکاتە هەرکەسێک وازی لە ئیسلام هێناوە یەکسەر پەیوەندی کردووە بە ئەهلی کوفرەوە سەنگەری لە ئیسلام گرتووە (من بدل دينه فاقتلوه)، واتە هەرکەسێک وازی لە ئیسلام هێنا و پەیوەست بووە بە ئەهلی کوفرەوە چووە سەنگەری ئەوانەوە، بۆیە زانایان وتویانە (يقتل بسبب خروجه على الاسلام وليس بسبب خروجه من الاسلام) بۆیە دەکوژرێت کە دژی ئیسلام چوەتەدەرێ نەک لە ئیسلام چوەتەدەرێ، یانی لەبەر ئەوەی سەنگەر لە ئیسلام دەگرێت خوێنی حەلاڵ دەبێت، نەک لەبەر ئەوەی لە ئیسلام چوەتەدەر.

من پێم وایە ئەوەی باوە لە نێو موسڵمانانادا لەناو زۆر لەزانایاندا حەقیقەت هەڵەیەکە روویداوە، دەگونجێت پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) بۆ خۆی بفەرموێت هەرکەسێک دینەکەی خۆی گۆڕی بیکوژن، کەچی خۆشی جێبەجێی نەکات و بەقسەکەی خۆی رەفتار نەکات؟ ناگونجێت، من لەو نامیلکەیەدا باسمکردووە، خوای پەروەردگار بەدەقی ئایەت دەفەرموێت (وَلَئِن سَأَلْتَهُمْ لَيَقُولُنَّ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ قُلْ أَبِاللَّهِ وَآيَاتِهِ وَرَسُولِهِ كُنتُمْ تَسْتَهْزِئُونَ ، لَا تَعْتَذِرُوا قَدْ كَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَانِكُمْ) دەفەرموێت ئەگەر لێیان بپرسیت دووڕووەکان دەڵێن ئەوەگاڵتەمان دەکرد و قسەی رێمان دەکرد، بڵێ ئایا گاڵتە بە خوا و ئایەتەکانی خوا و بە پێغەمبەر دەکەن، عوزر مەهێننەوە لەدوای ئەوەی ئیمانتان هێنا کافر بوون، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت ) کوشتونی؟ نەخێر، ئەگەر بڵێن ئەوە ئیمانەکانیان هەڵوەشاوەتەوە لە دڵدا، بەڵام هەر لە ستورەتی تەوبەدا (يحلفون بالله

ما قالوا ولقد قالوا كلمة الكفر وكفروا بعد إسلامهم).
ئەگەر ئیمان نهێنی بێت، خۆ ئیسلام ئاشکرایە، دەفەرموێت سوێند دەخۆن وایان نەوتووە وشەی کوفریان وتووە لەدوای ئەوەی کە موسڵمان بوون کوفریان کردووە، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) کەسی کوشتووە؟ نەخێر، باشە دەگونجێت بە خەڵکی بفەرموێت هەرکەسێک دینەکەی خۆی گۆڕی بیکوژن، بەڵام لەبەرچاوی خۆی خەڵک دینی خۆی گۆڕی نەیانکوژێت؟ کەواتە یان پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) ئەوەی نەفەرمووە یان ئەوەتا ئەوەی فەرمووە ئەوە موجمەلە، تەفسیلەکەی تری لە فەرمودەیەکی تردایە، کە هەرکەس واز لە دینەکەی دێنێت و لە کۆمەڵی موسڵمانان جیابێتەوە، لەسەر وازلێهێنانی دینەکەی ناکوژرێت، لەسەر ئەوەی دەکوژرێت دەچێتە سەنگەری دوژمنانەوە، لەوێ سەنگەر لە ئیسلام دەگرێت، زانایان دەڵێن ئەگەر لەسەر کوفرەکەی بکوژرێت ئەی ئەوە نییە ئیسلام بڕیاردەدات ئەهلی کیتاب سەرانە بدەن و لەسەر دینەکەیان بمێنەوە، مورتەد و موونافیق بۆیان هەیە لە سایەی دەوڵەتی ئیسلامیدا بژین چ سەرانە بدات چ نەدات، بەپێی ئەوەی دەوڵەتی ئیسلامی لەگەڵی ڕێکدەکەوێت مادام موسالیم بێت،بۆچی؟ چونکە یان دەبێت بڵێت خەڵک بۆی هەیە بژی لە سایەی دەوڵەتی ئیسلامیدا، یان دەبێت بڵێت زۆری لێدەکرێت، کە زۆری لێدەکرێت کافرێک بەزۆر نابێتە موسڵمان، دەبێتە موونافیق، خوای گەورە دەفەرموێت (إِنَّ الْمُنَافِقِينَ فِي الدَّرْكِ الْأَسْفَلِ مِنَ النَّارِ وَلَنْ تَجِدَ لَهُمْ نَصِيرًا) خۆ ئەگەر ئیسلام هەر ناچار بگرێت تەحەمولی موونافیقان بکات یان هی کافران، کافرەکەی پێ ئەهوەنترە، چونکە لە قورئاندا خوای گەورە بە دووڕووەکان دەفەرموێت لەپلەی خوارەوەی ئاگردان، چونکە ئەوان زۆر بەزەرتربوون، کەواتە ئیسلام ناچێت

> **مورتەد و موونافیق بۆیان هەیە لە سایەی دەوڵەتی ئیسلامیدا بژین چ سەرانە بدات چ نەدات**

خەڵک ناچار بکات بیکاتە موونافیق، یانی موستەحیلە شتی وا، جولەکەیەک هاتە خزمەتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) وتی ئەی موحەممەد ئەو دینەی کە من وەرمگرتووە لە تۆ، بۆ من هەر بەڵایە، فەرموی بۆ؟ وتی: لەوەتەی ئەو دینەم وەرگرتووە نەخۆشدەبم و ماڵ و منداڵم واو وا. فەرموی ئارامی لەسەر بگرە، وتی دەتدەمەوە، وتی ئارامی لەسەر بگریت چاکترە. وتی نەوەڵڵا دەتدەمەوە، نەیفەرموو وەرن بیکوژن فەرمودەی سەحیحە، فەرموی باش. دوایی فەرمووی (إن المدينة تنفى خبثها كما ينفي الكير خبثها) وەکو چۆن موشەدەمە ژەنگو و ژاڵە لە ئاسن دەکاتەوە مەدینە ئاوا پیسی خۆی دەردەهاوێت، فەرموی بڕۆ ئارەزوی خۆتە.

**خاڵ: ئەی چۆن وەڵامی ئەوانە دەدەیتەوە دەڵێن مورتەد دەکوژرێت؟**

م. عەلی باپیر: ئەوە لەحاڵێکدایە کەدەبێت جەریمەیەکیان کردبێت بەخیانەتەی گەورە لە قەڵەم بدرێت، موستەحەقی کوشتن بن بەهۆی ئەو جەریمەیەوە، ئیمامەکان، سوفیانی سەوری ئەوزاعی کۆمەڵێک لە زانایان دەڵێن مورتەد ناکوژرێت مەگەر (محاريب بێت) پاشان لەناو زانایاندا خیلاف هەیە حوکمی کوشتنی مورتەد حەدە یان تەعزیرە، پاشان دەڵێن ئافرەت نابێت

بکوژرێت، خیلافی لەسەرە، کەواتە پیاوەکە دەکوژرێت لەسەر کوفرەکەی ناکوژرێت، ئەگەر مەسەلەی عەقیدەیە پیاو و ئافرەتی لاوەکو یەکن، پیاوەکە بۆیە دەکوژرێت، چونکە موحاریبە بەڵام ئافرەتەکە ئەهلی حەرب نییە.

**خاڵ: ئەمڕۆ ئەوەی لە کوردستاندا ئەمری واقیعە موسڵمان هەیە، ئەهلی ئاینەکانی دیکەش هەن ئایا پێکەوە چیبکەن باشە؟**

م. عەلی باپیر: لە سورەتی (ال عمران) خوای پەروەردگار دەفەرموێت (یا أهل الکتاب تعالوا إلى کلمة سواو بیننا وبینکم ألا نعبد إلا الله ولا نشرک به شیئا ولا یتخذ بعچنا بعضا أربابا من دون الله فإن تولوا فقولوا اشهدوا بأنا مسلمون) دەفەرموێت بڵێن ئەی خاوەن کتێبەکان وەرن بۆ شتێک کە خاڵی هاوبەشە، جگە لە خوا نەپەرستین، هیچ شتێک نەکەینە هاوبەشی، هەندێکمان، هەندێکمان لەجیاتی خوا نەکەینە پەروەردگار، ئەگەر پشتیان هەڵکرد بڵێن ئێوە شاهیدبن ئێمە موسڵمانین. بۆ خاڵە هاوبەشەکان من پێموایە لەم هەرێمی کوردستانەدا پێویستە ئەوانەی ئەهلی دینن موسڵمان لەگەڵ ئەوانی دیکە موسڵمانان دەستپێشخەری بکەن، بۆ یەزیدیەکان، بۆ نەسرانیەکان، بۆ سابیئە ئەگەر لێی بێت، هاوارییەکان، (هەندێک لە هاواریی و کاکەیی خۆیان بە موسڵمان دەزانن)، هەندێکیان هاتوون بۆلای من، خۆیان بە موسڵمان دەزانن، من پێموایە دەبێت موسڵمان دەستیان بۆ درێژبکات، بڵێن کاکە وەرن با دیالۆگ بکەین، ئێمە خاڵی هاوبەشمان زۆرن، هەمومان بڕوامان بەوە هەیە کە ئەم کەون و کائیناتە خاوەنێکی هەیە کە خوایە، هەموومان بڕوامان بەوە هەیە کە خوا پێغەمبەرانی ناردوون، هەمومان بڕوامان بە زیندووبونەوە و سزا و پاداشت هەیە، هەموومان بڕوامان بە حەڵاڵ و حەرام هەیە، هەموومان بڕوامان بەوە هەیە کە مرۆڤ و کۆمەڵگە ئەخلاقی تێدابێت، هەموومان بڕوامان بەوە هەیە کە کۆمەڵێک محەرەمات هەیە کە نابێت بکرێت، قەتڵ و دزی و شتی پیس و خراپ، وەرن با ئەوانە بکەینە خاڵی هاوبەش بۆ هاوکاری نێوانمان، ئێمەی موسڵمان خوا لەسەری پێویست کردووین وابکەین ( وتعاونوا على البر والتقوا) بۆ زانیاریت ئەم رستەیە یانی هاوکاری یەکتر بکەن لەسەر چاکەکاری و پارێزکاری، دەزانی ئەم رستەیە لە چ سیاقێکدا هاتووە، ئایەتی ژمارە دووی سورەتی (المائدة) کە باسی هەڵسوکەوت و مامەڵەکردنِ لەگەڵ موشریکەکان دەکات دەفەرموێت (یَا أَیُّهَا الّذِینَ اَمَنُوا أَوْفُوا بِالْعُقُود أُحلّتْ لَکُمْ بَهِیمَةُ الأَنْعَام إِلّا مَا یُتْلَى عَلَیْکُمْ غَیْرَ مُحِلّی الصّیْدِ وأَنْتُمْ حُرُمٌ إِنّ اللَّهَ یَحْکُمُ مَا یُرِیدُ/ یَا أَیُّهَا الَّذِینَ اَمَنُواْ لاَ تُحِلُّواْ شَعَائِرَ اللّهِ وَلاَ الشَّهْرَ الْحَرَامَ وَلاَ الْهَدْیَ وَلاَ الْقَلاَئِدَ وَلا آمِّینَ الْبَیْتَ الْحَرَامَ یَبْتَغُونَ فَضْلاً مِّن رَّبِّهِمْ وَرِضْوَاناً وَإِذَا حَلَلْتُمْ فَاصْطَادُواْ وَلاَ یَجْرِمَنَّکُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ أَن صَدُّوکُمْ عَنِ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ أَن تَعْتَدُواْ وَتَعَاوَنُواْ عَلَى الْبرِّ وَالتَّقْوَى وَلاَ تَعَاوَنُواْ عَلَى الإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ)، موشریکەکان کە دێن بۆ بەیتی حەرام رێگریان لێمەکەن بە هۆی رق هەستانتان لە کۆمەڵێک کە کاتی خۆی ئەوان ئێوەیان لە مزگەوتی حەرام دەگێڕایەوە، واتە ئەوان (موشریکەکان کاتێک مزگەوتی حەرام لەژێر رکێفی ئەواندا بوو ئێوەیان دەگێڕایەوە بچن بۆ حەج و عەمرە، با رقهەڵسانتان لێیان لە کاردانەوەدا ئێوەش رێ لەوان مەگرن، بابێن هاوکاریشان لەگەڵدا بکەن لەسەر هەرچی کارێک چاکەکار و پارێزکارییە، بەڵام لە گوناح و دەستدرێژی هاوکاری مەکەن، من پێموایە دەبێت لە واقیعی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستاندا هەموو ئەوانەی خۆیان بە خاوەن

دین و کتێبێکی ئاسمانی دەزانن یان خاوەن ئەو بەها بەرزانەن کە پێغەمبەران هێناویانە، بێن بۆ خاڵە هاوبەشکاکانیان بگەڕێن، خاڵەکانیان زۆرن، هەرکەسەش تایبەتمەندیکانی خۆی دەبێت ئیحترامی لێبگیرێت و تایبەتمەندیەکانی خۆی بپارێزێت .

**خاڵ: لە دەوڵەتی ئیسلامیدا چۆن مامەڵە لەگەڵ ناموسڵماندا دەکرێت؟**

م. عەلی باپیر: لە شوێنی دیکەدا بە تێروتەسەلی ئەو بابەتەم روونکردووەتەوە، لێرەدا بەکورتی ئەم چەند خاڵە دەڵێم:

١- دادگەریی: پەروەردگار دەفەرموێت (وامرت ان اعدل بینکم) کەواتە فەرمان بە پێغەمبەری خوا کراوە کە دادگەر بێت لەگەڵ هەمووواندا، لەگەڵ ناموسڵمانەکاندا و لە نێوان موسڵمان و موسڵمانانیشدا.

٢- چاکەکردن و هاوکاریکردنیان (لا ینهاکم الله عن الذین لم یقاتلوکم فی الدین ولم یخرجوکم من دیارکم أن تبروهم وتقسطوا إلیهم).

٣- یەکسانی رەها لەنێوان ئەوان و موسڵماناندا لە بواری قەزادا، لە چەند شوێندا من بەسەرهاتی (طعمه بن ابیرق)ی موونافیق و کابرای جولەکەم گێڕاوەتەوە کە بە ناحەق بوختانی دزیکردنی دابوە پاڵی، کەچی خوای گەورە (١١) ئایەتی لە سورەتی (النساء) ناردە خوارەوە بۆ بەرگریکردن لە جولەکەکە، ئەویش ئایەتەکانی (١٠٥ -١١٥)یە.

٤- هەموو گروپێکی ناموسڵمان ئازادی تەواویان هەیە بواری ئاینداری خۆیان و جێبەجێکردنی پەرستشەکانیاندا بەو شێوەیەی دینەکەی خۆی لێی دەوێت.

٥- بەهیچ شێوەیەک ستەم و دەستدرێژی ناکرێتە سەریان، پێغەمبەری خوا دەفەرموێت (من اَذی ذمیاً فأنا خصمه ومن کنت خصمه خصمته یوم القیامة).

٦- بۆ کەس نییە سوکایەتیان پێبکات بە تایبەتی بە ئاین و پیرۆزیەکانیان (ولا تسبوا الذین یدعون من دون الله فیسبوا الله عدوا بغیر علم).

٧- هیچ کەسێکیان ناچار وڵات و شار بەجێهێشتن ناکرێت، هەروەها نابێت دەستوەردان بکرێتە سەر تایبەتمەندیە نەتەوەیەکانیان، بەتایبەت تایبەتتمەندی کەمایەتییەکان (یاایها الناس انا خلقناکم من ذکر وانثی وجعلناکم شعوبا وقبائل لتعرفوا).

٨- هەموو هاووڵاتیەکی دەوڵەتی ئیسلامی مافی خۆیەتی بەرێزەوە بژی و هەر جۆرە پیشەیەک هەڵبژێرێت، بەو مەرجەی زەرەری ئەوانی دی تیانەبێت، ئەوەشی توانای خۆژیاندنی نەبوو، ئەرکی ئەرکی کۆمەڵگە و دەوڵەتە هاوکاری ژیاندنی بێت، ئەمە بۆ هەموو موسڵمان و ناموسڵمانێکە.

٩- لە بواری مامەڵەی کۆمەڵایەتیشدا ئەوا لەسەر موسڵمانان پێویستە زیاد لە موسڵمان رێز لە ناموسڵماناان بگرن، یان هە نەبێت وەک ئەوان رێزیان لێبگرن.

**خاڵ: دوو پرسیار لەسەر ئەم خاڵە دروست دەبێت، یەکەم ئەو فەتوایە چی لێدەکەیت کە دەڵێت: نابێت لە پێشەوە سەلامیان لێبکەیت؟**

م. عەلی باپیر: ئەو فەتوایە زیاتر کاردانەوەی ئەو واقیعە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەی ئەو کاتەی فەتواکە بووە، ئەوە قسەی زانایانە نەک فەرمودەی خوا و پێغەمبەری خوا، ئەویش لەبەر واقیعێکدا کە خۆیان تیایدا ژیاون، کە جولەکە و نەسرانی دژایەتی موسڵمانیان کردوەو جەنگەکانی خاچپەرستانیان دژی موسڵمانان بەرپا کردووە. ئەگەر نا ئەسڵە شەرعیەکە وانییە، چونکە ئایەتەکە دەفەرموێت

(واذا حييتم بتحيه فردوا باحسن منها او ردوها) يان (وقولوا لناس حسنا).

**خاڵ: ئەی فەتوای ئەو زانایانەی کە دەڵێن هەموو ئەو ئایەتانەی باس لە پێکەوەژیان دەکەن بە ئایەتی (فاقتلوا المشركين حيث وجدتموهم وخذوهم واحصروهم واقعدوا لهم كل مرصد) کەپێی دەوترێت ئایەتی (السيف) حوکمەکەیان سڕاونەتەوە؟**

م. عەلی باپیر: لەگەڵ رێزم بۆ هەموو ئەو زانایانە، وابینم بەهەڵەدا چوون لەو ئایەتەی کە کردوویانەتە بەڵگە کە خراپ تێگەشتنیانە لەو ئایەتانەی کە دەڵێن سڕاونەتەوە! ئەگەر بڵێن سڕینەوە هەیە، چونکە بە بۆچوونی من نەسخ بەم مانا زاراوەییەی ئێستا هەر نییە، لەگەڵ ئەوەشدا چەندین ئایەت هەن سڕینەوەیان بۆ نییە بۆ نموونە (ولو شاء ربك لامن من فى الارض كلهم جميعا أفأنت تكره الناس حتى يكونوا مؤمنين) دیارە ویستی پەروەردگاریش رەهایە و نابەسترێتەوە بەهیچ شتێکەوە، بەڵام نەیویستووە هەمویان باوەڕبهێنن، کەواتە چۆن کەسی تر ئەو ویستەی دەبێت؟

جگەلەوەش یەکێک نەیەوێت موسڵمان ببێت و تۆ زۆری لێبکەیت، ئەوکاتە دەبێتە مونافیق، کە لە کافر خراپترن (ان المنافقين فى الدرك الاسفل من النار) جاچۆن دەبێت کەسێک لە خراپەوە بۆ خراپتری ببەیت؟

**خاڵ: ئایا دروستە بە ناموسڵمانێك بوترێت برا؟**

م. عەلی باپیر: جاری واهەیە خەڵکە ئیسلامییەکەی ئێمە ئەگەر وتت: برایانی عەلمانی، برایانی شیوعی، برایانی مەسیحی، برایانی جولەکە، وادەزانێت لە دین دەرچوی! بێگومان ئەوە وانییە، ئەمە بەگوێرەی عورف و باو زۆر جار وایە، بەوان دەڵێین برادەر، بەڵام لەراستیدا ئەگەر بشڵێین برا هیچ ئیشکالی شەرعی نییە، چونکە برایەتی دینی هەیە و برایەتی دنیایش هەیە، برایەتی دینی و عەقیدەیی هەیە و برایەتی نەتەوەیی و نەژادیش هەیە، باتەماشای ئەم ئایەتانە بکەین: (وإلى عاد أخاهم هودا قال ياقوم اعبدوا الله) مانای وایە خوایان نەپەرستوە، لەگەڵ ئەوەشدا خودا دەفەرموێت: بۆ گەلی عاد هودی برایانمان نارد، بۆچی برایان بووە؟ چونکە لە نەژاد و رەچەڵەکدا بریان بووە هەروەها لە سورەتی (اعراف)دا باسی: نوح، هود، ساڵح، لوت، دەکات و بۆ هەموویان دەفەرموێت برایان.

جا هەندێک خەڵکی خۆشمان واحاڵی بووە، وادەزانێ بە خەڵکی دیکە بڵێین برا، کەواش نییە لەراستیدا برایە، هەرنەبێت لە مرۆڤایەتیدا.

## بە بۆچوونی من نەسخ
## بەم مانا زاراوەییەی ئێستا هەر نییە

# گوزەرێك بە مێژوو و بیروباوەڕی ئایینی کاکەیی (یارسان)دا




**جووتیار نەریمان**

لەدایکبووی ١٩٨٣ سلێمانی.

بەکالۆریۆس لە فەلسەفە و تەسەوفی ئیسلامیدا،

ماستەر لە زمان و ئەدەبی فارسیدا.

چەند وتارو لێکۆڵینەوەی بڵاوکراوەی هەیە




## پێشەکی

کاکەیی ناوێکە کە بەزۆری لە باشووری کوردستان بۆ گرووپێکی ئایینی بەکار دێت کە لە رۆژهەڵات بە یارسان ناودەبرێن. جگە لە کاکەیی و یارسان، ناوەکانی ئەهلی حەق، عەلەوی و عەلی ئیلاهیشیان بۆ بەکاردەبرێت، هەروەها لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەندێک جار لەسەر زاری خەڵکانی رەشۆکی بە قەڵخانی ناودەبرێن. ئەم گرووپە ئایینییە کە لە کوردستاندا سەریان هەڵداوە و گەشەیان سەندووە، بەشێکن لە پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی کوردستان و لە زۆر ناوچەی کوردستان بە شێوەی پەرشوبڵاو نیشتەجێن. کەلام و هۆنراوەکانیان لە مێژووی وێژەی کوردیدا گرنگیی تایبەتیی هەیە. خودی پێڕەوانی ئەم گرووپە ئایینییەش لە مێژووی کورددا کاریگەریی گرنگیان هەبووە، لە خەباتی رزگاریخوازیی کورد و شۆڕشە کوردییەکانیشدا بەشدار بوون.

ئەم گرووپە ئایینییە، بەهۆی تایبەتمەندیی ئایینەکەیان و دەوروبەریانەوە بەشێکی زۆری بیروباوەڕ و مەراسیمەکانیان بە شێوەیەکی شاراوە و نهێنی ماوەتەوە، غەیری خۆیان، خەڵکانی دی زۆر ئاگاداری ناوەڕۆکی بیروباوەڕیان نەبوون. هێشتا سەرجەم نووسین و کەلامەکانیان بە تەواوی چاپ نەکراوە و بە شێوەی دەستنووس لای هەندێک لە توێژەران و خەمخۆرانی زمان و ئەدەبی کوردی پارێزراون و هێشتا زۆریان ساغ نەکراونەتەوە.

لەم دوو سەدەیەی دواییدا بەشێک لە نووسین و بیروباوەڕ و مەراسیمەکانیان لەلایەن هەندێک لە رۆژهەڵاتناسان و توێژەرانەوە خرانە بەردەستی توێژەران و نووسەران. خودی پێڕەوانی ئایینەکەش بە نووسینی کتێب و پێشکەشکردنی توێژینەوە پەردەیان لەسەر هەندێک لایەنی تاریکی مێژوو و بیروباوەڕی ئەم ئایینە لادا. بەر لەوە، ئەوەی دەربارەی ئەم ئایینە گوترابێت دوور بووە لە وردبینیی زانستییەوە و هەندێک جاریش کینەی ئایینی لە پشتەوە بووە. هەجووە بەناوبانگەکەی شێخ رەزای تاڵەبانی بۆ کاکەییەکان یەکێکە لە دەرکەوتەکانی تێڕوانینی غەیرە کاکەییەکان بۆ ئایینەکەیان، کە بەداخەوە پڕە لە هەڵە و چەواشەکاری و سنووربەزاندن؛ لە رووی زانستییشەوە هیچ بەهایەکی نییە جگە لە لایەنی هونەری و رەوانبێژی. ئەوەی جێگای داخە ئەوەیە کە وەک خودی شێخ لە هەجووەکەدا دەری بڕیوە، مەبەستی لەم هەجووە تەنها بەدەستهێنانی پارە بووە. ئەمەش لەو بەیتانەدا روون دەبێتەوە کە لەسەر زاری واعیزی کاکەییەکان دەڵێت:

**بمێنێ یا نەمێنێ چیی لەدەس دێ**
**بەتەنها شێخ رەزاکەی هەرزە گوفتار**
**ئەگەر مشتە و مشاریش بێ زمانی**
**عیلاج دەکرێ بە مشتێ پڕ لە دینار[1]**

ئەوەی لەم وتارەدا کاری لەسەر کراوە، بریتییە لە هەوڵی خوێندنەوەی مێژوو و رەچەڵەکی بیروباوەڕی کاکەیی (یارسان) بە شێوەیەکی بێلایەنانە و دوور لە هەموو حوکمێکی پێش وەختە، بەو هیوایەی ببێتە سەرەتایەک بۆ هەوڵی جدیتر لە پێناو ناسین و ناساندنی تەواوەتیی ئەو رێبازە و بە چاپ گەیشتنی سەرجەم نووسینەکانی ئەو ئایینە.

### مێژووی سەرهەڵدان

دیاریکردنی مێژووی سەرهەڵدانی ئایینی کاکەیی ئاسان نییە، چونکە وەک دەردەکەوێت، ئەم ئایینە بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە و پاشان پەرەی سەندووە و شێوەی ئێستای وەرگرتووە؛ بە گشتی هەریەک لە قۆناغەکانیش تایبەتمەندیتیی تایبەت بە

خۆیان هەیە و بە ڕوونی ناتوانرێت خاڵ لەسەر بڕگەیەکی مێژوویی دابنرێت و بە یەقینەوە وەک سەرەتای مێژووی کاکەیی بناسێنرێت.

یەکێک لە نووسەرانی پێڕەوی ئەم ئایینە بە ناوی (نوورعەلی ئیلاهی) سەرەتای مێژووی یارسان بۆ پەیمانی ئەلەستدەگێڕێتەوە.[٢] بە گوێرەی قورئانی پیرۆز پەیمانی ئەلەست بریتییە لە پەیمانێک کە بەر لە هاتنەدونیای تۆرەمەی ئادەم، خودا لەگەڵیاندا بەستوویەتی و خۆیانی کردووە بە شاهید بەسەر بەڵێنەکەی خۆیانەوە کە بریتیبووە لەوەی دانیان بە ڕبووبییەتی خودادا ناوە. وشەی ئەلەست کە لای ئەهلی تەسەووف شێوەی ناوی وەرگرتووە، لە بنەڕەتدا نیوە ڕستەیەکی پرسیارییە و بە شێوەی (ألست بربکم؟)ە.[٣]

یەکێکی دی لە کتێبەکانی یارسان بە ناوی (تذکرة الاعلی) کە نووسەرەکەی دیار نییە، لە گێڕانەوەی چیرۆکی سەرەتای بەدیهاتنی بوونەوەردا باس لەوە دەکات کە بەدیهێنەر سەرەتا دوڕێکی ئافراندووە، پاشان بە پێنج شێوە وێنەی خۆیی تێدا نواندووە، پاشان قوربانی و ئاوی ئامادە کردووە. یەکێک لەو پێنج وێنەیە پاش وتنی نزای پیرۆزی «ئەوەڵ و ئاخر یار، یا حەق» قوربانییەکەی سەربڕیوە، لە درێژەی ڕێورەسمەکەدا نوسخەی «ڕازی مەویژە»[٤] ئامادە دەکرێت.[٥] ئەم ڕێوڕەسمانە کە تەواو تایبەتن بە پێڕەوانی یارسان، بە جۆرێک لە میتۆلۆژیای ئایینییاندا قووڵبووەتەوە کە گەیاندوویانەتە سەرەتای بوون. بێگومان ئەم جۆرە دەقانە بە شێوەی ناڕاستەوخۆ پەیرەوانی ئایینەکە دەگەیەنێتە ئەو باوەڕەی کە مێژووی ئەم ئایینە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای بەدیهاتنی بوونەوەر.

گومان لەوەدا نییە کە ئەم بۆچوونانە تەنها لای باوەڕدارانی ئایینەکە بەهەند وەردەگیرێن و لای توێژەران بەهای مێژووییان نییە.

سدیق بۆرەکەیی (صفی‌زادە) پێیوایە لە سەدەی دووەمی کۆچییەوە تا سەدەی حەوتەم و هەشتەم بیروباوەڕی یارسان لە سینەی باڵووڵی ماهی و یارانیدا بە نهێنی هەبووە و پارێزراوە، تا لە کۆتاییدا سان سەهاکی بەرزنجی (سلطان اسحاق) قانوون و بنەماکانی ئایینەکەی بە شێوەیەکی پوختە و دامەزراو بە پێڕەوانی ئایینەکە ڕاگەیاند.[٦]

گێڕانەوەی مێژووی کاکەیی بۆ سەدەی دووی کۆچی بە ئاسانی ناسەلمێنرێت، چونکە بەڵگەی مێژوویی تەواو لەبەردەستدا نییە. ئەو گوزارشانەی لەبارەی باڵووڵی ماهییەوە لە کەلامی کاکەییەکاندا هاتووە، هەروەها ئەو هۆنراوانەی کە دراونەتە پاڵی نابنە بەڵگەی یەکلاکەرەوە بۆ دیاریکردنی سەرەتای مێژووی ئەم ئایینە، چونکە جگە لە سەرچاوە کاکەییەکان کە بەزۆری زارەکین، هیچ بەڵگەیەکی دی نییە ئەوە بسەلمێنێت کە ئەو کەسە هەڵگری بیروباوەڕی یارسانی بووە. مێژووی ئەو هۆنراوانەش کە دراونەتە پاڵی ڕوون نین و بەهۆی ئەوەی مێژووی نووسینی کوردی زۆر درێژ نییە، ناتوانرێت بەهۆی زانینی گۆڕانکارییە زمانەوانییەکانیشەوە بە وردی مێژووی ئەو هۆنراوانە دیاری بکرێت.

وا دەردەکەوێت مێژووی ئەم ئایینە دەکەوێتە پاش سەدەی حەوتەمی کۆچییەوە و پێدەچێت پلە بە پلە پەرەی سەندبێت. هیچ گومان لەوەدا نییە کە سان سەهاکی بەرزنجی (٦١٢ ک. م) ڕۆڵی گەورەی هەبووە لە پێکهاتنی ئەم ئایینەدا، بەڵام کامڵبوونی تەسەوفی ئیسلامی و گەیشتنە لووتکەی مشتومڕە کەلامییەکانی ڕێچکە شیعەکان و ئاوێتەبوونی تەشەیوع و تەسەوف لە هەندێک ڕێبازی وەک بەکتاشی، حرووفیدا، بەستێنێکی باش بوون بۆ سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ئەم ڕێبازە. ئەگەر خودی سان سەهاکیش ڕاستەوخۆ لەژێر

**هەندێك لە پەیڕەوانی كاكەیی نەك هەر دان بەوەدا دەنێن كە موسوڵمانن، بەڵكو بەرگری لە موسوڵمانیی خۆیان دەكەن**

ئەو کاریگەرییانەدا نەبووبێت، بێگومان پێڕەوانی ئەو کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ئەو بارودۆخە فیکرییەوە. بە دووریش نازانرێت پێڕەوانی یارسانیش کاریگەریی تایبەتی خۆیان لەسەر ئەو باروودۆخە هەبووبێت.

### ڕامان لە بنەچەی ئایینی کاکەیی

لەبارەی بنەچەی ئایینی کاکەییەوە بیرورای جۆراوجۆر هەیە، هەندێک لایان وایە ئەم ئایینە پاشماوەی بیروباوەڕی کۆنی کوردان، یان ئێرانییەکانە، هێندێکیش ڕەگی بەشێک لە بیروبۆچوونەکانیان دەگێڕنەوە بۆ ئایینی مەسیحی و یەهوودی، تەنانەت بوودایی و هندۆکی.

سدیق بۆرەکەیی لە کتێبی (دورە هفتوانە)دا هەوڵ دەدات هەندێک لێکچوون لە نێوان ئایینی یارسان و زەردەشتیدا بدۆزێتەوە و زاراوەی هەفتەن (حەوت تەن) لەگەڵ حەوت ئەمشاسپەندانی دینی زەردەشتدا بەراورد دەکات.[7] خاوەنی کتێبی (العلويون) پێیوایە لای هێندێک لە زانایانی موسوڵمان ڕێچکەکانی وەک بەکتاشی، نوسەیری، عەلەوی، کاکەیی، سەفەوی و ... باکگراوندی فارسییان هەیە و بە مەبەستی زیندووکردنەوەی کەلەپووری کۆنی ئێرانی و گەیشتنە دەستەڵات دامەزراون.[8] نووسەری ئێرانی دکتۆر زەرینکووب

کە توێژەر و شارەزای بواری تەسەوفی ئیسلامییە، پێیوایە وێڕای بوونی ڕەگەزی بیروباوەڕی غولاتی شیعە، نوسەیری و دەرۆزیلە ڕێبازی ئەهلی حەقدا، ڕەگەزی دینی جوولەکە، مەسیحی، مەجووسی و مانەوی و... لەم ئایینەدا دەبینرێت.[9]

ئەوەی کە ڕوونە لەم ئایینەدا کاریگەریی شیعەگەری و سۆفیگەری بەتەواوی دەردەکەوێت. لە ڕێچکە شیعەکاندا کاریگەریی شیعەی ئیسماعیلی لە زۆر شوێندا خۆی دەردەخات، بەڵام ڕێچکەی دوانزە ئیمامی، بەتایبەت ڕێبازی نوسەیری کە لە بنەڕەتدا دوانزە ئیمامین و تایبەتمەندیی خۆیان هەیە، ڕەنگی تۆخترە. ناساندنی ئەم ئایینە وەک لقێکی جودابووەوە لە شیعەی دوانزە ئیمامی کارێکی هێند قورس نییە و دەکرێت بەڵگەی بەهێز بۆ ئەم مەبەستە بخرێتە ڕوو، بەڵام سروشتی توێژینەوەی ئایینی بە جۆرێکە کە تەنها خستنەڕووی بەڵگە مێژووییەکان و ڕامان لە دۆگما ئایینییەکان بەس نین بۆ ئەوەی پەیوەندیی نێوان دوو ئایین، یان دوو ئایینزا دیاری بکرێت. هەندێک ئایین بۆ نموونە ئیسلام، هەموو لادانێک لە ئەسڵی بیروباوەڕی بنەڕەتی، هەندێک جاریش لادانی فیقهی بە دەرچوون لە ئایینی ڕاستەقینە دادەنێت، بۆیە ڕێچکەیەک کە لە دامێنی ئەم جۆرە ئایینەشدا لەدایک بووبێت و گەشەی کردبێت، بەڵام لە چوارچێوە بنەڕەتییەکانی ئایینەکە دەرچووبێت ئیدی تەبەرای لێدەکرێت و وەک ئایینێکی دەرەکی تێی دەڕوانرێت. بۆ نموونە پەیڕەوانی میرزا غولام ئەحمەدی قادیانی کە ناوی «کۆمەڵەی ئیسلامیی ئەحمەدی» بۆخۆیان بەکاردێنن، وێڕای باوەڕبوونیان بە قورئان و بنەما نەگۆڕەکانی ئیسلام و ڕەفتارکردن بە گوێرەی قورئان و سوننەت و مەزهەبی ئەهلی سوننە (بەتایبەت حەنەفی)، بەڵام بەهۆی ڕاڤەی جیاوازیانەوە بۆ بابەتی خەتمی پێغەمبەرایەتی

و بڕوابوونیان بە پێغەمبەرایەتیی میرزا غولام ئەحمەد، وەک تاقمێکی لادەر لە ئیسلام سەیر دەکرێن. لە لایەکی دیکەشەوە، پێڕەوانی هەندێک ئایینزا خۆیان ڕازی نابن ئایینزاکەیان بدرێتە پاڵ ئەسڵەکەی خۆی و حاشا لە ئەسڵی ئایینەکەی خۆیان دەکەن، وەک ئایینی بەهائی کە لقێکی بابییە و شیعەی دوانزە ئیمامییە و ئێستا وەک دینێکی سەربەخۆ لە شیعە جیابووەتەوە، هەروەها لقی بوهرە لە شیعەی ئیسماعیلی، کە زۆرجار حاشا لە موسوڵمانبوونی خۆیان دەکەن. ئەم هۆکارانە وا دەکەن، توێژەری ئایینی بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ پۆلێنی ئایینەکاندا بکات.

هەندێک لە پەیڕەوانی کاکەیی نەک هەر دان بەوەدا دەنێن کە موسوڵمانن، بەڵکو بەرگری لە موسوڵمانیی خۆیان دەکەن و بەرپەرچی ئەوانە دەدەنەوە کە وەک لادەر و بیدعەتکار تێیان دەڕوانن. نووسەرێکی وەک د. محەمەد عەلی سوڵتانی، بە جەختکردنەوەوە داکۆکی لەوە دەکات کە بیروباوەڕی یارسان لە ئیسلامی عەلەوییەوە سەرچاوە دەگرێت.[١٠] هەندێکی تریشیان بە توندی ئەوە ڕەتدەکەنەوە کە بە موسوڵمان هەژمار بکرێن. لە هەندێک برگەی دەقە پیرۆزەکانی یارساندا ئەوە بەرچاو دەکەوێت کە ئایینەکەیان بریتییە لە ئایینی ئیسلام، بەڵام ئایینی خەڵکی ڕەشۆکی نییە، بەڵکو هی ئیماندارانی هەرەتایبەتە (خاص الخاص). لە هەندێک برگەشدا جیاوازی دەخرێتە نێوان موسوڵمانان و ئەهلی حەقەوە.

پێڕەوانی ئەم ئایینە بە گشتی باوەڕیان بە پێغەمبەرایەتیی حەزرەتی موحەممەد (درودی خوای لەسەر بێت) و خاتەمییەتی هەیە، بڕوایان بە ئیمامەتی دوانزە ئیمام هەیە کە یەکەمیان ئیمامی عەلی و دواهەمینیان مەهدییە کە کوڕی ئیمام حەسەنی عەسکەرییە. بڕوایان وایە ئەم ئیمامە

## هاوبەشییەکی یەکجار زۆر لە نێوان میتۆلۆژیای کاکەیی و تەسەوفی ئیسلامیدا هەیە

ئێستا غائیبە و لە ئاخیر زەماندا دەردەکەوێت و دونیا پڕ دەکات لە دادپەروەری. پێیانوایە ئیسلام چوار ڕوکنی هەیە: شەریعەت، تەریقەت، مەعریفەت و حەقیقەت. هەرکەسێک ئەو چوارەی هەبێت بە موسوڵمان هەژمار دەکرێت و لەسەر دینی ڕاستەقینەیە کە دینی ئیسلامە و لە ئادەمەوە تا خاتەم تاکە دینی حەقە و هەرگیز نەسخ نابێتەوە. ئەوان پێیانوایە ئیسلام وەک بادامێک وایە کە شەریعەت توێکڵەکەیەتی و حەقیقەت کاکڵەکەی.[١١]

بە گوێرەی کتێبی (حق الحقائق) قورئان لە بنەڕەتدا کە نازڵ بووە سی و دوو جزم بووە، سی جزمی قورئان بریتییە لە شەریعەت (توێکڵ)ی ئیسلام و دوو جزمەکەی تر بریتییە لە حەقیقەت (کاکڵ)ی ئیسلام. ئەو دوو جزمەی تر پێی دەگوترێت «ڕازی مەوێژە» یاخود فورقان و بە نهێنی لە نێوان دوانزە ئیمامەکەدا دەستاودەستی کردووە تا گەیشتووە بە دەستی ئیمام مەهدی، ئیمامی مەهدی کاتێک کە دەرکەوت ئەو دوو جزمەی قورئان بە زمانی کوردی بۆ مرۆڤایەتی بەیان دەکات.[١٢]

پێوەندیی ئەم ڕێبازە و بزووتنەوەی شیعە شتێک نییە حاشای لێ بکرێت، بەڵگەی سەلماندنی پێوەندیی شیعە و ئەم ڕێبازە هێندە زۆرن کە دەتوانرێت بەهۆیەوە شیعەبوونی ئەم گرووپە بسەلمێنرێت. لە نووسراوەکانی یارساندا گەورە

پیاوانی ئەسحابە وەک ئەبووبەکری سدیق، عومەری کوڕی خەتاب، عوسمانی کوڕی عەفان، بە شێوەیەکی خراپ باس دەکرێن، لە هەندێک شوێندا بە ئاشکرا باسی داگیرکردنی خەلافەت دەکەن لەلایەن ئەوانەوە، ئەمەش ڕوویەکی شیعەگەریی ئەم ڕێبازە دەردەخات.

لەوەدا کە بڕوایان بە هەمان دوانزە ئیمام هەیە، کە شیعەی دوانزە ئیمامی باوەڕیان پێیانە پێوەندیی نێوان ئەم ڕێبازە و شیعەی دوانزە ئیمامی زۆر ڕوونە، بەڵام هەندێک بابەت ئەم ڕێبازە و شیعەی دوانزە ئیمامی لێکجیادەکاتەوە وەک: پابەندنەبوون بە ڕواڵەتی شەریعەتەوە، دۆنادۆن، باوەڕبوون بە ئولووهییەتی حەزرەتی عەلی، باوەڕبوون بە شاخوشێن و سان سەهاک و ... وەک تەجەللیی دووبارەی حەزرەتی عەلی یاخود خودا و زۆر بابەتی تری لەم شێوەیە.

لە هەندێک خاڵدا هاوشێوەی شیعەی ئیسماعیلین. بۆ نموونە بڕوایان بە حەوت چاخ هەیە کە تێیدا خودا بە حەوت شێوەی جیاواز خۆی دەرخستووە و سەرەتای هەر چاخێک بە تەجەللایەکی خودا دەستپێدەکات. لای ئیسماعیلییەکان دونیا حەوت چاخی هەیە و سەرەتای هەر چاخێک بە هاتنی ناتق (رسول)ێک دەستپێدەکات، کە شەریعەتێک دەهێنێت و شەریعەتی پێش خۆی نەسخ دەکاتەوە. بە هاتنی ناتقی حەوتەم شەریعەتەکانی پێشوو هەمووی بەتاڵ دەبێتەوە و ناوەڕۆکی شەریعەت ئاشکرا دەکرێت، تا هێدی هێدی ناتقی حەوتەم قیامەت بەرپادەکات. هەروەها جەختکردنەوەی زیاد لەسەر ڕازی شەریعەت کە لای ئیسماعیلییەکان دەبێ لەلایەن ئیمامی مەعسوومەوە تەئویل بکرێت و لای کاکەییەکان ڕازێکە کە نابێت بگوترێت، یەکێکە لەو خاڵانەی کە ئەو دوو ڕێبازە تێیدا وێک دەچن.

شوێنپێی تەسەووف بە ڕوونی لە ئایینی کاکەییدا دیارە، زۆربەی ئەو خاڵانەی کە ئەو ڕێبازە لە ئایینزا ئیسلامییەکان جیا دەکاتەوە، بە هۆی بیروباوەڕی عیرفانییەوە قابیلی تەئویلن و دەکرێت داکۆکییان لێ بکرێت. هاوبەشییەکی یەکجار زۆر لە نێوان میتۆلۆژیای کاکەیی و تەسەوفی ئیسلامیدا هەیە. ئەو چیرۆکە ئەفسانەییانەی کە لە نووسراوەکانی ئەهلی حەقدا سەبارەت بە سەرەتای بەدیهاتنی بوونەوەر بەرچاو دەکەون، هاوشێوەیان، یاخود خودی ئەو چیرۆکانە لە کەلەپووری نووسواوی ئەهلی تەسەوفدا یەکجار زۆرن. دەستپێکردنی چیرۆکی سەرەتای بەدیهاتن لە کتێبی (تذکرة الاعلی) دا وەبیرخەرەوەی هەمان چیرۆکە کە لە کتێبی سۆفییانەی (مرصاد العباد) ی نەجمەدینی ڕازیدا هاتووە. بوونی ناوی گەورە پیاوانی تەسەوف وەک جونەیدی بەغدادی، حەسەنی بەسری، ئیبراهیمی ئەدهەم، ئەبولحەسەنی خەرەقانی، عەبدولقادری گەیلانی و... و ڕێزگرتن لێیان لە کتێبی یارسانەکاندا، پێوەندیی ئەم ڕێبازە بە تەسەوفەوە ئاشکرا دەکات. لەکاتێکدا ئەو گەورە پیاوانەی تەسەوف، لەسەر مەزهەبی سوننین. بوونی چەندین زاراوەی سۆفییانە لەلای ئەهلی حەق و هاوشێوەیی زۆربەی ئاداب و سرووتەکانیان لەگەڵ ڕێچکەکانی تەسەوفدا نیشانەیەکی تری پێوەندیی ئەم ڕێبازە و تەسەوفە.

### تەوحید لە بیروباوەڕی کاکەییدا

بەو پێیەی لای هەندێک لە خەڵکی، بەتایبەت لە ئێران، پێڕەوانی ئەم ئایینە بە عەلی ئیلاهی ناو دەنرێن، لە نووسراوەکانی خۆیشیاندا ئەوە بەرچاو دەکەوێت کە پلەی ئولووهییەت دەدەنە ئیمامی عەلی، جێی خۆیەتی توێژینەوە لەسەر تەوحید و شیرک لەم دینەدا بکرێت.

بابەتی بەخودازانینی ئیمامی عەلی و سان سەهاک

لە نێو پەیڕەوانی ئەم ڕێبازە و نووسراوەکانیاندا بە ڕوونی دەردەکەوێت. هەندێک جار بە شێوەی کینایی و هەندێک جاریش بە ڕاشکاوی دان بە ئەم بابەتەدا دەنێن. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لە نووسەران و توێژەرانی پێڕەوی یارسان لە هەوڵی ئەوەدان کە پێڕەوانی ئەم ئایینە لەژێر چەتری تەوحیددا کۆ بکەنەوە و بابەتی بەخودازانینی ئیمامی عەلی وەک تۆمەتێک سەیر دەکەن کە بۆ پێڕەوانی ئەم ئایینە هەڵبەستراوە.[3] د. محەمەد عەلی سوڵتانی بۆ سەلماندنی ئەوەی کە پێڕەوانی ئەم ئایینە ئیمامی عەلی بە خودا نازانن، کەلامێکی سان سەهاکی بەرزنجی سەبارەت بە ئیمامی عەلی دەکات بە بەڵگە کە ڕوو لە عابدین گوتوویەتی:

**عابدین! لە دایە و بابێ**
**لایلایەی بۆ کرابێ**
**لە بێشکەی نرابێ**
**ئەو خودا چلۆن خودا بێ؟**[4]

وێڕای ئەوەش، هەوڵی ئەوە دەدات کە بەرگی تەئویلی سۆفییانە بکات بە بەری بابەتەکەدا، بەوەی خودا لە حەزرەتی عەلیدا تەجەللیی کردووە. بەڵام کەلام و دەفتەرەکانی یارسان بە جۆرێک لەم بابەتە دواون کە بە ئاسانی ئەو تەئویلانە لە هەموو شوێنێکدا ڕاست دەرنەچن.

زاراوەی شیرک و تەوحید، هەروەها موشریک و مووەحید دوو زاراوەی باو نین لە پەرتووکەکانی ئەم ئایینەدا. هەندێک جار وشەی شیرک و موشریک وەک بێدینی و بێدین بەکار هاتوون.[5] وێڕای ئەمانە لە زۆر شوێندا جەخت لە یەکتاییی خودا دەکرێتەوە و زاتی خودا بە تاک و تەنها دادەنێن، هەروەها لە زۆر شوێندا خودا بەم ناوانە ناو دەبەن: ئەحەد، خودای واحید، خودای تاک، زاتی ئەحەد، پادشای واحید، زاتی یەکتا، لاشەریک و تاد... هەروەها بەهۆی باوەڕبوونیان بەوەی خودا لە بوونەوەردا تەجەللی دەکات، پێیانوایە زۆر جار خودا لە بوونەوەردا تەجەللیی خۆی دەرخستووە و پاش غاییبوونی ئەو تەجەللییانە، خودا خۆی بە تاک و تەنهایی لە جیهانی باتیندا ماوەتەوە.[6]

لە نووسراوەکانیاندا زۆر شت سەبارەت بە تەجەللی، یان حلوولی زاتی خودا لە ئیمامی عەلیدا نووسراوە. پەرتووکی (تذکرة الاعلی) لە باسی سەرەتای بەدیهاتندا، بە شێوەیەکی تەمومژاوی باسی زاتێک دەکات کە لە قەڵەمڕەوی ناشوێن (لامکان)دا بەرماڵی لەسەر ئاو گەڕاوە، پاش ئەوەی جوبرەئیل لێی دەپرسێت تۆ کێیت، بە تووڕەییەوە تێی دەڕوانێت و بەو تێڕوانینە پەڕوباڵی دەسووتێنێت، پاش هەزاران ساڵ لێی خۆش دەبێت و پێی دەڵێت: ئەگەر خودا لێی پرسییت تۆ کێیت و من کێم، بڵێ: تۆ خودای جەلیلیت و منیش بەندەت جوبرەئیلم، پاشان جوبرەئیل لێی دەپرسێ تۆ کێیت؟ ئەویش دەڵێ جگە لە خودا کەسی دی هیچ لەبارەی زاتی منەوە نازانێت.[7] لە درێژەی باسی بوونەوەردا دێتە سەر باسی میعراجی پێغەمبەری ئیسلام (درودی خوای لەسەر بێت). بە گوێرەی کتێبەکە، پێغەمبەر لە ئاسمانەکان گوێی لە دەنگی ئیمامی عەلی دەبێت و هەزاران کەس دەبینێت کە بە ڕیز وەستاون و هەموویان شێوەی ئیمامی عەلییان هەیە، تا لە دوایین قۆناغدا کە لەگەڵ خودادا گفتوگۆ دەکات، ئەو دەنگەی لەگەڵی دەدوێت دەنگی عەلییە. پاش گەڕانەوەی پێغەمبەر (د. خ.) بە ئیمامی عەلیی وت: من هەرچیم بینی هەر تۆ بوویت، ئیمامی عەلی هەرچی لە سەفەری میعراجدا ڕوویدابوو بۆ پێغەمبەری گێڕایەوە و پاشان پێی ڕاگەیاند کە ئەمە دەبێت ڕازی نەگوتراو بێت و «ڕازی مەوێژە» لەلایەن پێغەمبەر و ئیمامەوە تایبەت کرا بە ئەهلی حەق و حەقیقەت.[8]

**پێڕەوانی ئایینی کاکەیی بڕوایان بە پێغەمبەرایەتی هەیە و دان بە پێغەمبەرایەتیی حەزرەتی محەممەددا دەنێن.**

ئەم بابەتانە بە ڕوونی بۆنی حلوولیان لێ دێت، هەروەها لای موسوڵمانانی سوننی مەزهەب بە شیرک هەژمار دەکرێن و لەگەڵ ڕواڵەتی قورئانیشدا یەک ناگرنەوە، بەڵام پێڕەوانی ئایینەکە خۆیان و ئایینەکەیان لە شیرک بەدوور دەزانن.

### دۆنادۆن

بۆ تێگەیشتن لە بابەتی حلوول، یان تەجەللیی خودا لە بەشەردا پێویستە ئاگاداری عەقیدەی دۆنادۆن بین کە لای هەندێک لە توێژەران بە تەناسوخ ناوبراوە و پێڕەوانی ئایینەکەش ئەوە ڕەتدەکەنەوە کە بڕوایان بە تەناسوخ هەبێت. دۆنادۆن وەک دەردەکەوێت لە وشەی (دۆن)ی تورکییەوە وەرگیراوە، بە گوێرەی وتەی نوورعەلی ئیلاهی ئەو وشەیە بە واتەی جلک و بەرگ دێت.[٩١]د. محەمەد عەلی سوڵتانی پێیوایە وشەکە بە واتای خولخواردن دێت.[٠٢] بە گوێرەی ئەم بیروباوەڕە، ڕووح لە بەرگێکەوە دەچێتە بەرگێکی ترەوە، بەرگ بریتییە لە جەستەی ماددی. ئەم بۆچوونە لە ئایینە ڕۆژهەڵاتییەکاندا هەیە و بە تەناسوخ ناودەبرێت. پێڕەوانی یارسان وای دەبینن کە دۆنادۆن جیاوازە لە تەناسوخ، چونکە دۆنادۆن بریتییە لە خولانەوەی ڕووح لە مەنزڵێکەوە، یان بەرگێکی بە ئەمانەت وەرگیراوەوە بۆ مەنزڵ یان بەرگێکی تر. ئەم جووڵەیە سەرەتا و کۆتاییی هەیە، بەڵام تەناسوخ بریتییە لە جووڵەی ڕووح لەسەر هێڵێکی ڕاست، کە هیچ بەرزبوونەوەیەکی تێدا نییە بەرەو سەرچاوەی ئەزەلی.[١٢]

بە گوێرەی ڕاڤەی سان سەهاک بۆ ئایەتی (تَعْرُجُ الْمَلَائِكَةُ وَالرُّوحُ إِلَيْهِ فِي يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُ خَمْسِينَ أَلْفَ سَنَةٍ} ﴿المعارج: ٤) ڕووح لە گەشتێکی پەنجا هەزارساڵیدا شیاوێتیی ئەوە وەردەگرێت کە ناوە جوانەکانی خودا دەرک بکات و بگەڕێتەوە بۆ ئەسڵی خۆی.[٢٢] وادیارە ئەو گەشتە پەنجا هەزار ساڵییە پێویستی بە گۆڕینی هەزاران جەستە هەیە تا تەواو دەبێت.

بە ڕوونبوونەوەی ئەم بیروباوەڕە دەتوانین باشتر لە بابەتی بە خودازانینی ئیمامی عەلی و سان سەهاک و ... تێ بگەین. لە بیروباوەڕی یارساندا خودا لە حەوت دەورەدا و بە حەوت شێوە خۆی دەرخستووە و بەرجەستە بووە. بە جۆرێک دەڕواننە بەرجەستەبوونی خودا لە شێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکی دی، وەک گۆڕینی جلک و داکەندنی پۆشاکێک و لەبەرکردنی بەرگێکی تر. پێیان وایە خودا سەرەتا لەناو دوڕێکدا بووە، پاشان جاری یەکەم بە شێوەی خاوەندگار دەرکەوتووە، دووەم جار لە ئیمامی عەلیدا دەرکەوتووە، بەم شێوەیە بەردەوام بووە تا حەوتەم جار لە خان ئاتەشدا بەرجەستە بووە.[٣٢]

لە مێژووی تەسەوفی ئیسلامیدا هەندێک بیروبۆچوون هەیە کە تەجەللیی خودا لە بوونەوەردا پشتڕاست دەکاتەوە. گەورە سۆفیی موسوڵمان ئیبن عەرەبی هەموو بوونەوەر بە تەجەللیی خودا دەزانێت و ڕواڵەتی بوونەوەر بە باتینی حەق و باتینی بوونەوەر بە ڕواڵەتی حەق دەزانێت و دەڵێت: «بەهۆی نەفەسی [ڕەحمان]ەوە هەموو بوونەوەر هاتووەتە بوون و نەفەسی [ڕەحمان] بوونەوەری ئاشکرا کردووە کە [ئەو بوونەوەرە] باتینی حەق و ڕواڵەتی خەلقە، بۆیە باتینی حەق ڕواڵەتی خەلقە و

باتینی حەق ڕواڵەتی حەقە و بە کۆی هەردووکیان بوونەوەر دێتە بوون و بە چاوپۆشین لە یەکێکیان [جیاوازیی نێوانیان دەردەکەوێت و پێیان] دەگوترێت حەق و خەلق.»[٤٢] بە سەرنجدان لە باوەڕی تەجەللیی ئیلاهی ڕەنگە بتوانین ڕیشەیەک بۆ دۆنادۆنی کاکەییەکان بدۆزینەوە لە کەلەپووری فیکری ئیسلامیدا بەبێ ئەوەی پێویست بکات ناچار ببین ئەو بیروبۆچوونەی کاکەییەکان بدەینە پاڵ ئایینە ڕۆژهەڵاتییەکان، بەڵکو لە دامێنی کەلەپووری فیکریی ئیسلامیدا شتی هاوشێوەمان هەیە و گریمانەی وەرگرتنی ئەو بۆچوونانە لە تەسەوفی ئیسلامی عەقڵانیتر و واقعیترە. بێگومان دەبێت ئەوەش بڵێین کە هیچکام لە ڕێچکەکانی تەسەوفی ئیسلامی بە ڕادەی کاکەییەکان بە ڕاشکاوی باسی جێگۆڕکێ و جلگۆڕکێی ڕووحیان نەکردووە. دەکرێت دۆنادۆنی کاکەییەکان بە شێوەی پەرەسەندووی بیروبۆچوونی تەجەللیی خودا لە بوونەوەردا لێک بدرێتەوە کە سەرەتا بە شێوەی حەوت تەجەللیی ئیلاهی لە بیروباوەڕیاندا جێگیر بووبێت، پاشان بەهۆی ئەوەی زاتی موتەجەللی لە هەر حەوت حاڵەتەکەدا یەکێکە، بەڵام حەوت ڕواڵەت یان دۆنی جیاوازی گۆڕیوە، بیرۆکەکە پەرەی سەندبێت بۆ دۆنادۆن، پاشان دۆنادۆن وەک قانوونێکی گشتگیر بەسەر هەموو تاکێکدا ڕەوا بینرابێت.

## پێغەمبەرایەتی

پێڕەوانی ئایینی کاکەیی بروایان بە پێغەمبەرایەتی هەیە و دان بە پێغەمبەرایەتیی حەزرەتی محەممەددا (درودی خوای لەسەر بێت) دەنێن. چیرۆکی پێغەمبەران و ناوی پێغەمبەران هەمان ئەو ناو و بەسەرهاتانەیە کە لە دینە ئیبراهیمییەکاندا هاتووە و باس کراوە. داستانی ئادەم و حەوا، نووح و ئیبراهیم، عیسا و مووسا و پێغەمبەرانی دی، بە شێوەیەکی هاوشێوەی دینە ئیبراهیمییەکان باس کراوە. هەندێک جیاوازی کە لە وردەکاریی ئەو داستانانەدا دێنە بەرچاو، شتێکی نامۆ نین، چونکە لای ئەهلی تەسەوفیش ئەو جیاوازییانە لە داستانی پێغەمبەراندا بەرچاو دەکەون. لە کتێبی (برهان الحق)دا نوورعەلی ئیلاهی بنەماکانی دینی یارسان بە پێنج بنەما دەناسێنێت کە هەمان بنەماکانی شیعەی دوازدە ئیمامین، ئەوانیش بریتین لە: تەوحید، دادپەروەری، پێغەمبەرایەتی، ئیمامەت و زیندووبوونەوە.[٥٢]

## ئەنجام

لە کۆتاییدا و پاش تێڕامان لە مێژوو و بیروباوەڕی ئایینی کاکەیی (یارسان)،دەکرێت ئەم خاڵانە لەسەر ئەو ئایینە بگوترێت:

١. ئایینی کاکەیی ڕێچکەیەکی تەسەوف بوون کە بە شیعەی دوانزە ئیمامی کاریگەر بوون و چوونەتە سەر ڕێبازی دوانزە ئیمامی، بەهێزترین ئەگەر ئەوەیە کە سەرەتا لەگەڵ نوسەیرییەکاندا یەک ڕێباز بووبن.

٢. جێبوونەوەی ئەو ئایینە لە ئیسلامدا یان جیابوونەوەی لە ئیسلام پێوەندیی بە خودی باوەڕدارانی ئایینەکەوە هەیە و غەیری خۆیان کەس ناتوانێت ناسنامەی ئایینیان دیاری بکات، بەڵام توێژەری ئایینی ئازادە لەوەی بە گوێرەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی مێژوو و ڕەچەڵەکی ئایینەکەیان دیاری بکات، هەرچەند لەگەڵ بۆچوونی باوەڕدارانی ئایینەکەشدا یەک نەگرێتەوە.

٣. ئەو لێکچوونانەی کە لە نێوان ئەم ئایینە و ئایینە ڕۆژهەڵاتییەکاندا هەیە نابنە بەڵگەی کۆنێتیی ئەم ئایینە، بەڵکو وەک باس کرا، دەگونجێت لە هەناوی کەلەپووری فیکریی ئیسلامیدا ڕەگ و ڕیشەی ئەو بۆچوونانە بدۆزرێنەوە.

## سەرچاوە و پەراوێز:


١. موکەڕڕەم تاڵەبانی، شێخ ڕەزای تاڵەبانی ( ژیانی، پەروەردەی، بیروباوەڕی و شیعری)، ٢٠٠١، ئاراس، هەولێر.لا ١١٨

٢. نورعلی الهی،برهان الحق، ١٣٧٣، چاپ هشتم، انتشارات جیحون، تهران.ص ١٧.

3. ئایەتەکە دەفەرموێت: **(وإذ أخذ ربك من بني آدم من ظهورهم ذريتهم وأشهدهم على أنفسهم ألست بربكم قالوا بلى شهدنا أن تقولوا يوم القيامة إنا كنا عن هذا غافلين) الأعراف: ١٧٢**

٤. ڕازی مەوێژە (سر مگو) زاراوەیەکی تایبەت بە ئاینی یارسانە. پێڕەوانی ئەم ئاینە پێیان وایە خودای گەورە قورئانی بە سی و دوو جزم بۆ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) نازڵ کردووە، سی جزمیان بریتییە لە شەریعەت، ئەم سی جزمە ئەوەیە کە ئێستا لەبەر دەستدایە، دوو جزمەکەی تر بە نهێنی لای دوانزە ئیمام دەستاودەست دەکات و بە زمانی کوردییە. ئەم دوو جزمە ناوی فورقان یان ڕازی مەوێژەیە و دەبێت بە نهێنی بمێنێتەوە تا ئەو کاتەی ئیمامی مەهدی بە زمانی کوردی بۆ خەڵکی بەیان دەکات. کاکەییەکان پێیان وایە ئەم دووە حەقیقەتی دینە و شەریعەت توێکڵیەتی.

٥. ؟، تذکرة الاعلی، باصلاح و. ایوانف، ١٩٦٠م، انتشارات انجمن اسماعیلی، تهران. ص ٥،

٦. صدیق صفی زاده، دوره هفتوانه، ١٩٨٢م، انتشارات کتابخانه طهوری، تهران.ص ٢٥

٧. صدیق صفی زاده، دوره هفتوانه، ص ٢٣

٨. ابراهیم الداقوقی، العلویون، ٢٠١٠م، دار آراس للطباعة والنشر، اربیل، ص ٢٧٠

٩. عبدالحسین زرینکوب، ارزش میراث صوفیه، ١٣٨٢، چاپ یازدهم، انتشارات امیر کبیر، تهران.ص ٩٧.

١٠. محەمەد عەلی سوڵتانی، بنەوای باوەڕی یارسان، ٢٠١٠، ئاراس، هەولێر.لا ١٤

١١. حاج نعمت الله جیحون آبادی، حق الحقائق (شاهنامه حقیقت)، ١٩٨٢م، انتشارات کتابخانه طهوری، تهران.ص ٢٠

١٢. هەمان سەرچاوە، لا ٢٠١- ٢٠٢، بەیتەکانی ٣٨٣٤تا ٣٨٤١

١٣. بڕوانە: نورعلی الهی، برهان الحق، ص ١٧٧

١٤. محەمەد عەلی سوڵتانی، بنەوای باوەڕی یارسان، لا ٣١

١٥. بڕوانە: حق الحقائق، بەیتەکانی ٧٥٥١، ٧٦٨٨، ٨٦١٧

١٦. بڕوانە: تذکرة الاعلی، ص ٥- ٦

١٧. هەمان سەرچاوە، لا ١٠

١٨. هەمان سەرچاوە، لا ١٦- ٢١

١٩. برهان الحق، ص ١٧٣

٢٠. بنەوای باوەڕی یارسان، لا ٤٥

٢١. هەمان لاپەڕە

٢٢. هەمان سەرچاوە، لا، ٤٥- ٤٦

٢٣. حسن خمینی، فرهنگ جامع فرق اسلامی، ١٣٩٠، چاپ دوم، انتشارات اطلاعات، تهران.ج١ ص ٢١٢

٢٤. محی الدین ابن عربی، الفتوحات المکیة، (المکتبة الشاملة)، ج ٤، ص ٩٣. دەقەکەی ئیبن عەرەبی دەڵێت: (فبالنفس کان العالم کلهم تنفس أو النفس أظهره وهوللحق باطن وللخلق ظاهر فباطن الحق ظاهرالخلق وباطن الخلق ظاهرالحق وبالمجموع تحقق الکون وبترک المجموع قیل حق وخلق)

٢٥. برهان الحق، ص ٢٠



# جولەکەکانی کوردستان و پەیوەندییان لەگەڵ خەڵکی کوردستاندا




**عادل سدیق علی**

لەدایکبووی ١٩٨٤ هەڵەبجە ، ماستەر لە مێژووی هاوچەرخ. سێ بەرهەمی چاپکراوی هەیە.
چەند وتاری لە رۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاووبوەتەوە

## مێژووی هاتنی جولەکە بۆ کوردستان

هاتنی جوولەکە بۆ کوردستان و بڵاوبونەوەی ئایینەکەی لە کوردستاندا، لە هەمان کاتی پەیدابوونیان بوو لە میسۆپۆتامیا، ئێران و ئاسایی بچووکدا، ئەوەش لە ئەنجامی سێ شەپۆلی کۆچوڕەوی جوولەکەکانەوە بۆ ئەم ناوچەیە ڕوویداوە، کە لە ئەنجامدا کۆمەڵ و گرووپە ئایینییە دوورەپەرێزەکانی خۆیان لە سەرانسەری ئەم هەرێمە بەرفراوانە دامەزراند.[١]

یەکەم پەیوەندی گەلی کورد بە ئایینی جوولەکەوە، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئیمپراتوریەتی ئاشووری، ئاشوورییەکان لە سەردەمی شەلمەنەسەری پێنجەم (٧٢٧-٧٢٢پ.ز) دا دەستیانگرتووە بەسەر شانشینی ئیسرائیلدا و ژمارەیەکی زۆر لە جوولەکەکانیان بەدیلگرتووە و هێناونیان بۆ ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان .[٢] لەمبارەیەوە یارۆسلاڤ کراچی دەڵێت «لەو هێرشەی ئاشوورییەکاندا خاکی بەنی ئیسرائیل داگیرکراو بوونی ئەو دەوڵەتە وەک پاشایەتییەکی سەربەخۆ کۆتایی پێهات، نزیکەی لە سەدا حەوتی دانیشتوانەکەی دەرکران و بە دیلکراوی لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران، کە ئەوکات مادەکان لەوێبوون نیشتەجێ کران» .[٣]

دووەم شەپۆلی هاتنی جوولەکەکان بۆ کوردستان، دوای هێرشەکەی نەبوخزنەسەری پاشای کلدانیەکان بوو، لە ساڵی (٥٨٧پ.ز) بۆ سەر هەردوو مەملەکەتی جوولەکەکان (ئیسرائیل و یەهودا) و بەدیلگرتنی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانەکانیان و هێنانیان بە کۆیلەیی بۆ شاری بابل. پاش ڕووخاندنی دەسەڵاتداریتی کلدانییەکان بە دەستی ئەخمینیەکان[٤]، جوولەکەکان لە بەندی بابلییەکان ئازادکران و بۆ وڵاتی خۆیان گەڕاونەتەوە[٥]، چونکە ئەخمینیەکان ڕێگەیان بە جوولەکە دوورخراوەکانی شاری بابلدا، کە بۆ وڵاتی خۆیان بگەڕێنەوە، جوولەکەکان تارادەیەک بێ حەزکردنی خۆیان و تەنیا ژمارەیەکی کەمیان گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیان[٦]. لەکاتی گەڕانەوەی جوولەکەکاندا بۆ وڵاتی خۆیان، وەک خۆیان و زۆرکەسی دیکەش گێڕاویانەتەوە چەند تاقمێکیان ڕێگەیان هەڵەکردووە و هاتونەتە کوردستان و لەوێ ماونەتەوە و نیشتەجێبوون .[٧]

سێیەمین شەپۆلی بڵاوبونەوە و دەربەدەری جوولەکەکان لە ئەنجامی لە شکرکێشیەکەی (تیتۆ)ی ڕۆمانیدا بوو، کە لە ساڵی (٧٠)ی زاینیدا فەلەستینی داگیرکرد، لێرەدا شتێکی ئاساییە، کە بەشێکی ئەمانەی دوایی، کە بەشی زۆریان ڕوویانکردە سەرزەمینی ئێرانی کۆن، لەگەڵ ئەوانەی پێشوتردا لە ناوچە جیاوازەکانی ئەو وڵاتەدا جێگیربووبێتن و یەکیان گرتبێتەوە .[٨]

## پەیوەندی نێوان جولەکەکان و خەڵکی کوردستان

لەپاڵ ئەو هۆکارانەی کە لە پێشەوە باسمانکردن، گەلێک هۆکاری دیکە پاڵی بە جولەکەکانەوە ناوە هەتا لە ناوچەکانی کوردستاندا بگیرسێنەوە، ڕەنگە میواندۆستی و مامەڵەی شیاوی کورد لەگەڵ تەواوی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی تری کوردستاندا لە گرنگترینی ئەو هۆکارانەبن کە هانی جولەکەکانی داوە لە کوردستاندا بمێننەوە و تیایدا نیشتەجێ ببن.

جولەکەکانی کوردستان بە زۆری لە سەنتەری شارەکاندا نیشتەجێ دەبوون، بوونی ئاسایش و جۆری ئەو پیشە و کارانەی کە ئەوان دەیانکرد هۆکار بوون بۆ ئەوەی کە ئەوان زیاتر لە شارەکاندا نیشتەجێ ببن. جولەکەکان بە ژمارە و بڕی جیاواز لە شار و شارۆچکە و گوندەکانی کوردستاندا بڵاوببوونەوە، بەشێوەیەک لە زۆربەی شارەکانی

کوردستاندا گەڕەکی تایبەت بەخۆیان هەبوو، گەڕەکەکانیشیان وەکو تایبەتمەندی جوولەکەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا داخراو و کۆڵانەکانیان زۆر تەسک و دیواری خانووەکانیشیان زۆر بەرز بووە، بێگومان ئەوەش هۆکاری تایبەتی خۆی هەبووە.

جولەکەکان لە زۆرێک لە شار و ناوچەکانی کوردستاندا هەروەک چۆن لە ڕووی نەتەوەوە دووەم بوون، لە ڕووی ئایینیشەوە لە دوای مسوڵمانەکان دووەم ئایین بوون، ئەم حاڵەتە هەریەکە لە: کلۆدیۆس جیمس ڕیچ (١٨٢٠) [٩]، مونشی بەغدادی (١٨٢٠)[٠١] ، مستەر هارت (١٨٢٠) [١١] ، ژاک ڕیتۆرێ (١٨٧٨)[٢١] ، مێجەرسۆن (١٩٠٩) [٣١] ، ئەدمۆنز (١٩١٩)[٤١] ... هتد، باسیان لێوە کردووە. بە نموونە (ڕیچ) کاتێک باس لە ژمارەی ماڵەکانی سلێمانی دەکات دەڵێت «(٢٠٠٠) خانووی مسوڵمان و (١٣٠) خانووی جولەکە و (٩) خانووی دیان و کلدانی تێدایە». مێجەرسۆنیش (١٩٠٩) لەبارەی هەڵەبجەوە، دەڵێت « لەناو بازاڕی هەڵەبجەدا دوو نەتەوە بەرچاودەکەوتن، کە ئەوانیش (کورد و جوولەکە) بوون، هەردوو نەتەوەکە پێشوازییان لە خەڵکی نامۆ و غەریبە دەکرد و بەخێرهاتنیان لێدەکردن، لەم پێشوازیکردنەشدا هەردوو نەتەوەکە وەک یەک بوون»[٥١] . سۆن ئەوەشی وتووە، کە: کەرکوک، سلێمانی، هەڵەبجە، ئاڵتون کۆپری، بانە، پێنجوێن و ناوچەکانی قەرەداغ ڕێژەیەکی زۆر لە جولەکەیان تێدایە و لە کوردستانی ئێرانیشدا ژمارەیان زۆرە .[٦١] وەنەبێت جولەکەکان هەر لەو شار و ناوچانەی کە ئاماژەمان پێکردن هەبووبن، بەڵکو هەر لە: خانەقین، مەندەلی، جەلەولا، دووزخورماتووو کفری هەتا دەگاتە کۆیە، ڕانیە، ڕەواندوز، هەولێر، موسڵ، دهۆک، زاخۆ، زێبار، ئاکرێ و ئامێدی ... هتد هەبوون، ژمارەشیان لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە جیاواز بوو .[٧١]

زۆرجار نەیارانی کورد هەوڵیانداوە وانیشان بدەن کە کورد میللەتێکی وشک و ڕەق و دەمارگیرە، مێجەرسۆن یەکێکە لەو کەسانەی کە هەوڵێکی زۆریداوە وا لە خەڵکی بگەیەنێت کە کوردەکان بە زۆر جولەکە و گاورەکانیان ناچارکردووە، کە مسوڵمان ببن و جلوبەرگی کوردی بپۆشنو واز لە جلوبەرگی ڕەسەنی خۆیان بهێنن، کەچی نەیتوانیوە ناوی تاقە گاورێک یاخود جولەکەیەک بهێنێت کە کورد ناچاری کردبێت ببێ بە مسوڵمان[٨١] ، بەپێچەوانەوە بە دەیان نموونەی مێژوویی نووسەرانی کورد و ئەوروپی و جولەکە لەبەردەستدان کە ئاماژە بە پەیوەندی دۆستانەی نێوان کورد و جولەکە و گاورەکانی نیشتەجێی کوردستان دەکەن. ئێمە هەوڵدەدەین بەکورتی ئاماژە بە چەند نموونەیەکیان بکەین:

جارێک کۆبوونەوە و نیشتەجێبوونی ئەو ژمارە زۆرەی جولەکەکان لە کوردستاندا بەڵگەیەکی ڕوونە بۆئەوەی ئەو ڕاستییە بسەلمێنێت کە ئەگەر کورد مامەڵەی نەشیاوی لەگەڵ جولەکەکاندا بکردایە ئەوا ئەوان هەرزوو کوردستانیان بەجێدەهێشت و ڕوویان لە وڵاتێکی دیکە دەکرد، لە شارێکی وەک سلێمانیدا کاک ئەحمەدی شێخ هەتا دوا ئەندازە ڕێزی لە جولەکەکان گرتووە[٩١] ، لە هەڵەبجەش عادیلەخانم زۆر بەتەنگ پاراستنی جولەکەکانی شارەکەوە بووە و هەرگیز بواری بە کەس نەداوە کە دەستدرێژییان بکاتەسەر [٠٢]، (ژاک ڕیتۆرێ)ی قەشە و مسیۆنێر کە لە ساڵی (١٨٧٨)دا چووەتە شاری کەرکوک، دەڵێت «ئێمە شادمانین کە دەبینین وێڕای هەمە چەشنەیی ئایینەکان، خەڵکەکە لە هارمۆنییەکی باشدا پێکەوە دەژین»، ئەوە لەکاتێکدا ژمارەی دانیشتوانی ئەو شارە بە قسەی ڕیتۆرێ نزیکەی (٣٠) هەزار کەس بووە، لەو ڕێژەیە (٢٠٠) ماڵیان جولەکە و (٥٠)

## له ئیسرائیلدا تەوراتی کوردە جولەکەکان کە بە زمانی ئاشووری نووسراوە یەکێکە لە تەوراتە باشەکان و جێگای باوەڕە

شیان مەسیحی بوون، ئەوانی دیکەیان مسوڵمان بوون.[١٢]

(شاکیر فەتاح)یش کە لە ئابی ساڵی (١٩٣٣)دا سەردانی هەڵەبجەی کردووە، لەبارەی جولەکەکانی ئەو شارەوە دەڵێت "جوولەکەکانی هەڵەبجە، لە هی سلێمانی، ئافرەتیشی دیسانەوە لە هی گەلێ جێگای تر سەربەسترن"[٢٢] . ڕەنگە ئەو سەربەستی و ئازادیە زیادەیەش، کە شاکیر فەتاح و ڕەسوڵ هاوار باسی دەکەن لە هەرشتێک زیاتر بۆ ئەو تێکەڵاوی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە بگەڕێتەوە کە لە نێوان جولەکەکانی ئەو شارە و پاشا و بەگزادەکانی جاف و خەڵکی شارەکەدا هەبووە، بەجۆرێک ژمارەیەک لە بەگزادەکانی جاف و زۆر خەڵکی تری مسوڵمان ژنیان لە جولەکەکانی شارەکە خواستووە و کردونیان بە هاوسەری خۆیان.[٣٢]

لەوانەش زیاتر، ساڵێک جوولەکەکانی شاری هەڵەبجە دەیانەوێت پەرستگاکەیان نۆژەن بکەنەوە، بۆ ئەم مەبەستە دەچنە لای شێخ حوسامەدینی نەقشبەندی لە خورماڵ و داوایدەکەن، کە هەندێک داریان لە باخەکەی خۆی بداتێ، ئەویش بەبێ ئەوەی گوێ بەوە بدات کە ئەوانە جولەکەن (٤٠) داری سوورەچناریان پێدەبەخشێت.[٤٢]

بەبڕوای ئێمە گەواهیدانەکەی (ساسۆن حسقێل) بۆ پەیوەندی مێژینە و دۆستانەی نێوان کوردو جولەکەکانی کوردستان لە هەموو ئەو نموونانەی سەرەوە سەنگینترە، ساسۆن لەبارەی هەڵوێستی کورد بەرامبەر بە ئەوان دەڵێت " لەگەڵ ئەوەی لە زۆربەی وڵاتانی دونیادا جوولەکەکان ئازار و ئەشکەنجە دەدران و ڕەشەکوژ دەکران، بەڵام بەپێی مێژوو و قسەی پیرە پیاوانی جوولەکەی کوردستان، نەتەوەی کورد زیاتر لە هەموو نەتەوەکانی تر ڕێزی جوولەکەکانیان گرتووە، وەک هاووڵاتی کورد سەیریان کردوون و پاراستوونیان، هیچ کات بە چاوی سووک و بێگانە سەیری کوردە جوولەکەکانیان نەکردووە، وەنەبێت کوردەکان هەر لەگەڵ جوولەکەکاندا وابووبن، بەڵکو کوردەکان لەگەڵ هەموو کەمە نەتەوە و ئاینییەکانی دیکەدا هەروابوون. کوردەکان گیانی بەزەیی، ویژدان، پیاوەتی، دڵسۆزیی و دڵسافی لەگەڵ خوێنیان تێکەڵاوە. هەرکەسێک و هەر نەتەوەیەک پەنای بۆ کورد هێنابێت، زۆرجار ئەگەر پێویستیشی کردبێت، کوردەکان خوێنیشیان لە پێناودا ڕشتووە، کە پەنایان بۆ بردوون. کوردەکان ئەوەندە دڵساف و خۆشباوەڕ و مرۆڤدۆستن، زۆرجار ئەو دڵپاکییەیان بووەتە هۆی زەرەر و زیان لە خۆیان. هەرگیزیش نەبیستراوە، کە کەسێک لە کوردستاندا لەبەر جولەکەبوونی کوژرابێت، ئەوە لەکاتێکدا لە سەدەی بیستدا و لە ئەڵمانیای باوەشی شارستانیەتی ئەورووپادا نزیکەی شەش ملیۆن جولەکە لە کارەساتی هۆلۆکۆست بە دەستی نازیەکان کۆمەڵکوژکراون ".[٥٢]

### دەستگرتن بە ئایین و د ابوونەریتەکانیانەوە

ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە ئەوەیە، کە جولەکەکان بەدرێژایی (٢٥٠٠) ساڵ ئاوارەیی و ژێردەستەیی هەر وازیان لە ئایین و نەتەوەی خۆیان نەهێناوە، لەکاتێکدا زۆر نەتەوە (بە نموونە

ئاشووری و کلدانیەکان) ناویان لەنێو لاپەڕەکانی مێژوودا سڕاوەتەوە و نەماوە [٦٢]. دەبێت بڵێین جوولەکەکان لە تاراوگەکانییان زیاتر خەریکی پاراستن و قایمکردنی کۆمەڵەکانی خۆیان بوون، نەک بڵاوکردنەوەی ئایین و دوگماکانیان لە ناو میللەتانی تردا [٧٢]. بە پێچەوانەی گاورەکانەوە، ئایینی جوولەکە لەنێو میللەتی کورددا نەبووە، ئەو جوولەکانەشی، کە لە کوردستاندا ژیاون، نە خۆیان و نە کەسی تریش بە کوردی دانەناون[٨٢]، بڵاونەبوونەوەی ئایینەکەشیان ڕەنگە لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی بێت:

یەکەم: ئایینەکەیان نەتەوەیی بووە و تاکی جوولەکە دەبوایە لە دایک و باوکەوە جوولەکە بێت.

دووەم: جوولەکەکان لەوبارەدا نەبوون، نە لەلایەنی ژمارە و هێزیانەوە و (ڕەنگە) نە لە ڕووی دوگما و لۆژیکی ئایینیانەوە، کە ململانێ لەگەڵا کۆمەڵە ئایینییەکانی وەک (زەردەشتی و مەسیحی) و دواتریش ئیسلامدا بکەن، جا بۆیە ئامانجی سەرەکی ئەوان پاراستنی ئایین و ڕەگەزەکەیان بووە [٩٢].

لەگەڵ ئەوەی جوولەکەکان لە تاراوگەکانیان تاڕادەیەک لە هەندێ شوێندا نەریت و ڕەوشتی ناوچەکەیان وەرگرتووە، لەگەڵا ئەوەشدا هەوڵەکانیان بۆ پارێزگاریکردن لە شوناسیان بەشی هەرە گەورەی توانای ئەوان بەخۆیەوە خەریککردبوو [٠٣]. لێرەدا بەسەرنجدان لە شوناسی جوولەکە پارادۆکسێکی گرنگ پەیدادەبێت، لە کاتێکدا کە جوولەکەکان لە وڵاتی خۆیاندا هەتا سەدەی پێنجەمی پێش زایین پارێزگارییان لە زمان و دابونەریتی خۆیان کردووە، لە هەمان کاتدا حەزیان لە قبوڵکردنی ئایینی و بیرۆکەگەلی بێگانەش بوو، لە دوای ئاوارەبوونیان و لە دەرەوەی نیشتمانی خۆیاندا، بارودۆخەکەیان

## هیچ کات کوردەکان ستەم و زۆرداریيان لە جوولەکەکانی کوردستان نەکردووە

بەتەواوەتی پێچەوانە بوویەوە، جوولەکەکان لە دەرەوەی نیشتمانی خۆیان هەوڵیان دەدا پاکێتی و ڕەسەنایەتی ئایینی خۆیان بپارێزن، لە هەمان کاتدا زمان و نەریتی گەلانی دیکە قبوڵا بکەن و بەکاریبهێنن. لە نیشتمانی جوولەکە میللەتگەرایی باڵادەست بوو، لە دەرەوەش ئایین پلەی یەکەمی هەبوو[١٣] . بێگومان هەموو ئەوەی دەربارەی ڕەوشتی جوولەکەکان لە ئاسیای بچووک و ئێران و نێوان دوو زێ دەوترێت، ئەمانەی کوردستانیش دەگرێتەوە، بەوپێیەی کوردستان هەمیشە لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەدا بووە [٢٣].

جوولەکەکان لە شارەکانی کوردستاندا شوێنی خواپەرستی تایبەت بە خۆیان هەبوو، ئەوان بە پیاوانی ئایینی خۆیان دەگوت (مالوم)، کە واتای (مامۆستا) دەگەیەنێت، مالومەکان خوێندنی ئایینیان بە منداڵانی جوولەکە دەوتەوە، ئەوە جگە لەوەی ژمارەیەک لە منداڵەکانیان شانبەشانی منداڵانی تری کوردستان سەرگەرمی خوێندنی خۆیان بوون لەنێو قوتابخانە حکومییەکاندا[٣٣] . لەوەش زیاتر وەک ساسۆن حسقێل[٤٣] باسی دەکات، لە ئیسرائیلدا تەوراتی کوردە جولەکەکان کە بە زمانی ئاشووری نووسراوە یەکێکە لە تەوراتە باشەکان و جێگای باوەڕە [٥٣].

جوولەکەکان لە هەموو ئەو ناوچانەی، کە تیایدا ژیاون گۆڕستانی تایبەت بە خۆیان هەبووە،

لە گۆڕستانی موسڵمانانەدا مردووی خۆیان نەناشتووە[٦٣] ، لەکاتی ناشتنی مردووەکانیشیاندا دوعای ئاینیی تایبەتی خۆیانیان بەسەریاندا دەخوێندەوە، گۆڕەکەشیان بۆ مردووەکانیان هەڵدەبەست بۆئەوەی لاشەی مردووەکانی خۆیان لە لە ناوچوون بپارێزن، سەرنیگای مردووەکانیشیان بەپێچەوانەی مردووی موسڵمانەکانەوە لەنێو گۆڕەکانیاندا دادەنا، لەسەر تەنیشتی ڕاستی درێژیان دەکرد و ڕووشیان لە ڕۆژهەڵات دەکرد .[٧٣]

جوولەکەکان گەلێک دابونەریتی تایبەت بە خۆیان هەبووە، کە لە کەلتوور و دابونەریتی خەڵکی کوردستان جیاواز بووە، یەکێک لەو دابونەریتانەیان بریتیبوو لە یادکردنەوەی جەژنەکانیان، جەژنەکانیشیان ئەمانە بوون:

**یەکەم:** جەژنی کەپرەشینە، جولەکەکان ساڵانە لە کۆتاییەکانی مانگی ئەیلوولدا ئەم جەژنەیان سازدەکرد ، بۆ یادکردنەوە و بەرزراگرتنی ئەم جەژنە ئاهەنگێکی خۆشیان سازدەکرد[٨٣]، ئەوەیان، کە دەسەڵاتی هەبووایە لەسەر سەکۆیەک یان لەژێر کەپری ناو حەوشەکەیدا ساباتێکی سازدەکرد و بە گەڵا و شتی تری ڕەنگاوڕەنگ دەیان ڕازاندەوە، لەژێریدا مێزێکی درێژی نزمیان دادەنا و بە چواردەوریدا لەسەر دۆشەک دادەنیشتن، هەموو جۆرە خواردن و خواردنەوەیەکیان لەسەر مێزەکە دادەنا و دەستیان بە گۆرانیوتن دەکرد، جوولەکەکان تەنها گۆرانییە ئاینییەکەیان بە زمانی عیبری دەوت، ئەوانی دیکەیان کوردی بوون، بەڵام زۆر جوولەکەئامێزانە دەیانوت .[٩٣]

**دووەم**، جەژنی کفتە، ئەم جەژنە دەکەوتە ڕۆژی شەممەی جوولەکەکانەوە، بە درێژایی شەو و ڕۆژی هەینی خۆیان بۆ ئامادە دەکرد و ئاگریان نەدەکردەوە[٠٤] ، نەریتیان وابوو لەو ڕۆژەدا دوکانەکانیان نەدەکردەوە و بە ڕۆژی پشووی خۆیان دەزانی .[١٤]

**سێیەم:** جەژنی کاوڕ، هەموو ساڵێک لە (٢٢ی ئازار)دا ئاهەنگی بۆ سازدەدرا، ڕێوڕەسمەکەشی لە شەودا بەڕێوەدەچوو و گۆشتی (کاوڕ)ی تیادا دەخورا .[٢٤]

**چوارەم:** جەژنی چەقالە .[٣٤]

## زمانیان

جوولەکەکان لە هەر وڵاتێک ژیابن، فێری زمانی ئەو نەتەوەیە بوون[٤٤] ، لە کوردستانیشدا سەرەڕای ئەوەی کە فێری زمانی کوردی ببوون و لەگەڵ خەڵکی کوردستاندا زۆر بەباشی پێی دەدوان، بەڵام لەنێو خۆیاندا بۆ نوێژ و دوعا و بەڕێوەبردنی سەریمۆنیا (سرووتی) ئاینیان زمانی (ئارامی)یان بەکاردەهێنا .[٥٤] سۆن دەڵێت «ئارامی تارادەیەک هاوشێوەیە لەگەڵ کلدانی ئەم بەشە، بەڵام جولەکەی هەموو ناوچەکان بەکاریدەهێنن، لە هەندێک ناوچە ئارەزووی ئەوە دەکرێت کە نووسینی کوردی لە ڕەمزی عیبریدا بەکاربهێنرێت[٦٤] . تەنانەت جوولەکەکان دوای گەڕانەوەشیان، کە لە وڵاتی خۆیاندا دەژیان، لە سەردەمەکانی دوای دوورخستنەوەیان زمانی ئارامیان کردە جێگرەوەی زمانی عیبری، چونکە زمانی ئارامی ڕۆڵی زمانێکی هاوبەشی لە پەیوەندیداریتی خەڵکی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاستی ئەو سەردەمەدا دەگێڕا [٧٤]. هەروەک لەکاتی ئاخاوتنیشیاندا جوولەکەکان هەمیشە (ز)یان دەکرد بە (ذ) و (س)یان دەکرد بە (ث)، هەورامیەکانیش لە کاتی قسەکردن و گفتوگۆدا زۆرجار ئەو دوو پیتە بەهەمان شێوەی جوولەکەکان گۆ دەکەن و دەردەبڕن .[٨٤]

## ڕەوشی ئابووریيان

جوولەکەکانی کوردستان خەڵکێکی کاسبکاربوون، لە ماڵ و سامان پەیداکردندا زۆر زەحمەتکێش و بە دەستوبردبوون، هیچکات ئاوارەیی نائومێدی نەکردوون و چۆکیان دانەداوە، دەستی یارمەتیان بۆ یەکتر درێژکردووە و نەیانهێشتووە کەسیان ئاتاجی سواڵکردن ببێت، شانازییان بەیەکترەوە کردووە و ئیرەیی و حەسوودیان بەیەکتری نەبردووە. هیچ کات بۆ ماڵی دونیا خۆیان نەفرۆشتووە، نهێنی دڵی خۆیان لە لای بێگانە نەدرکاندووە و باوەڕیان بە بێگانە نەکردووە .[٩٤]

سەبارەت بە ڕۆڵی جوولەکەکان لەنێو بازاڕ و کایەی بازرگانیدا، بوونی کەمایەتییەک لە هەندێ لە شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا خۆی لە خۆیدا بەڵگەیەکی گرنگە بۆ کاریگەری فاکتەری بازرگانی لەسەر گەشەسەندنی ئابووری ئەو ناوچانە، بوونی کەمایەتی جوولەکە وەک پێوەرێک بۆ چالاکی بازرگانی ناوەوە و دەرەوەی شارەکانی کوردستان (بە نموونە سلێمانی و هەڵەبجە) لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت[٠٥] ، کە جوولەکە وەکو نەریتی خۆیان چ لە ڕۆژهەڵات و چ لە ڕۆژئاواشدا زیاتر سەرگەرمی کاری بازرگانی و کڕین و فرۆشتن و کاری سەڕافی (پارەگۆڕینەوە) و زەڕەنگەری دەبوون[١٥] ، ڕیچ لە باسی جوولەکەکانی پێنجوێندا دەڵێت «جوولەکەکانی ئەم ناوچەیە خەریکی بازرگانی پێستە و مازو و شتی ترن، هەر لەم ناوچەیەوە پێستەیەکی زۆر ڕەوانەی شاری هەمەدان دەکرێت، جگەلەوەش جوولەکەکان لە کوردستاندا کاری زەڕەنگەری دەکەن» .[٢٥]

جگە لەو پیشانە کاری (چەرچی)شیانکردووە، ژمارەیەکی زۆر لەو کۆڵگێرانە بە شار و گوندەکانی کوردستاندا قوماشیان دەگێڕا و دەیانفرۆشت[٣٥]. سۆن ئاماژەی بەم حاڵەتەکردووە و دەڵێت «جولەکەکان فرۆشیاری گەڕۆک و بازرگانی بچووک بوون، هەموو جۆرێکی بازرگانی تاکفرۆشی لە کەرکوک، سلێمانی، هەڵەبجە و پێنجوێن لەژێر دەستی جولەکەکاندایە. لە تەمموز، ئاب و ئەیلولدا کە تاهیربەگی جاف دەچێت بۆ پێنجوێن ئەو جولەکانەی کە خەریکی کاری چەرچی و بازرگانی بچووکن زیاتر ڕوو لەو ناوچەیە دەکەن»[٤٥] . سۆن باسی ئەوەشی کردووە کە لە کۆی (٥٢) دووکانی قەیسەریەکەی ماڵی عادیلەخانم لە هەڵەبجە، بیستیان کاریان فرۆشتنی قوماشی کەتان و بازرگانی کوتاڵ بووە، زۆربەشیان لە جوولەکەکانی شارەکە پێکهاتبوون .[٥٥]

سەجادیش ئاماژەی بەم حاڵەتە کردووە، باسی ئەوە دەکات کە هەتا کاتی گەڕانەوەی جولەکەکان هەندێ ئیشوکار لە کوردستاندا تایبەت بوون بەوانەوە وەک: خومخانەگەری، زەڕەنگەری، موسوڵمانەکان ئەم جۆرە کارانەیان نەدەکرد، چونکە بەلایانەوە زۆر نەنگی و شوورەیی بوو. تەنانەت لەو ناوچانەدا، کە پێشتر بەشێک بوون لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەردەڵانییەکان بازرگانی و پارەگۆڕینەوە هەر جوولەکەکان دەیانکرد، کاری دکتۆری و حەکیمی بۆ موسوڵمانەکان شوورەیی بوو. بۆ ئاغەوات و بەگزادەی دەرەوەی شارەکان ئەگەر بیانکردایە ئابڕویان لەنێو خەڵکدا نەدەما. لە هەندێ لە گوندەکاندا ماڵە جوولەکە هەبوو، ئەم جوولەکانە ئیشی گرانی گوندەکانیان نەدەکرد، چەند پریاسکەیەکی داوودەرمان و دەرزی و دەزوو خەنە و وسمە سەرمایەی ژیانیان بوو، کەچی لە ئاغاو مسکێنی گوندەکە باشتر و ڕێکوپێکتر دەژیان [٦٥]. هەربۆیە شتێکی سرووشتی بوو، کە جوولەکەکانی کوردستان لە ڕووی داهات و ئاستی ئابوورییانەوە لە دەوڵەندترین خەڵکانی کوردستان بن .[٧٥]

(ساسۆن حسقیل) دەڵێت
"هەرگیز نەبیستراوە، کە
کەسێك لە کوردستاندا لەبەر
جولەکەبوونی کوژرابێت، ئەوە
لەکاتێکدا لە سەدەی بیستدا و
لە ئەڵمانیا نزیکەی شەش ملیۆن
جولەکە بە دەستی نازیەکان
کۆمەڵکوژکراون"

## گەڕانەوەی جولەکەکان بۆ ئیسرائیل

جولەکەکانی کوردستان وەک تەواوی جولەکەکانی عێراق لە ساڵی (١٩٥٠) لەلایەن ئینگلیزەکان و حکومەتی عێراقەوە ئاگادارکرانەوە کە خۆیان ئامادەبکەن بۆ گەڕانەوە، ئینگلیزەکان داوایان لە ئاغاکانی کوردستان کرد کە ئاگاداری جولەکەکانی ناوچەکانی خۆیان بکەنەوە بەوەی کە هەتا ساتی گەڕانەوەیان دەست لە هەموو کاروپیشەکانیان هەڵگرن(٨٥) ، دواتریش پەرلەمانی عێراق لە ڕێکەوتی (١٩٥١/٣/٣) بە یاسا بڕیاری لێ سەندنەوەی ڕەگەزنامەی عێراقی لە جولەکەکان دەرکرد، هاوکات ڕێگەشی پێدان کە کۆچ بکەن بۆ ئیسرائیل. دەرچوونی یاساکەش هاوکات بوو لەگەڵ بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێک هەڕەشە و گوڕەشە بەدرێژایی ساڵانی (١٩٤٨ - ١٩٥٣) بۆ ترس خستنە نێو دڵی جوولەکەکانی عێراق و بە تایبەتی شاری بەغداد، بۆئەوەی ناچاریان بکەن، کە دەستبەرداری ڕەگەزنامەی عێراقیان ببن و بگەڕێنەوە بۆ ئیسرائیل .(٩٥)

بە زۆر ناچارکردنیان بە گەڕانەوە و هاوکات پەیوەندی مێژوویی بەهێزیان لەگەڵ خەڵکی کوردستاندا وایکرد لەکاتی گەڕانەوەیاندا خەڵکی فرمێسکیان بۆ بڕێژن و زۆر دڵگران بن بە گەڕانەوەیان(٠٦) . لەمبارەیەوە ساسۆن دەڵێت «خەڵکی کوردستان لە شار و شارۆچکەکانی خۆیاندا زۆربەی زۆریان دوکان و بازاڕیان داخست و دەستیان لە کارەکانیان هەڵگرت، لە شار و گوندەکانەوە خەڵک هاتبوون بۆ ماڵئاوایی لێکردنی دواجاریان. ئاپۆرەی خەڵکی بەشێوازێک بوو دەرزیت هەڵبدایە نەدەکەوتە سەر زەوی، تەواوی خەڵکی کوردستان بۆمان بە پەرۆش بوون، خەڵکی کوردستان ئەوەندە بۆمان چاوبەگریان بوون دەتگوت خۆشەویستێکیان مردووە».

جولەکەکان تەواوی ماڵ و سامانی خۆیان کردبوو بە پارە و ئاڵتون بەو نیازەی کە لەگەڵ خۆیاندا بیبەنەوە بۆ ئیسرائیل، بەڵام هەر لە شارەکانی خۆیاندا و بەرلەوەی بەو ئۆتۆمبیلانەی کە بۆیان ئامادەکرابوو بکەونەڕێ، لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە جگە لە دوو دەست جلوبەرگ و سەعاتێک و بیست دیناری عێراقی، تەواوی پارە و ئاڵتونەکانی دیکەیان لێوەرگرتن، بەبیانووی ئەوەی کە ئەو ماڵ و سامانەی ئەوان ماڵی دەوڵەتە و نابێت لەگەڵ خۆیاندا بیبەنە دەرەوە. لە بەغدادیش بەرلەوەی سواری فڕۆکە بکرێن دیسان پشکنینیان بۆ کردن و ئەوەی کە پێیانمابوو لێیان وەرگرتن، بەوشێوەیە جولەکەکان بێ هیچ پارە و سامانێک گەڕانەوە بۆ ئیسرائیل، ئەوەش بوو بە بارگرانییەکی گەورە بە سەر شانی ئەوانەوە، بارگرانییەک کە بۆماوەی چەندین دەیە باجەکەیاندا .(١٦)

لە ئەمڕۆدا لەنێو کوردە جوولەکەکانی هەر چوار پارچەکەی کوردستان، کە گەڕاونەتەوە بۆ ئیسرائیل زیاتر کوردە جوولەکەکانی باشووری کوردستان

ناوو ناوبانگیان هەیە، زیاتر بە کورد دەناسرێن، لەنێو ئەمانیشدا زیاتر کوردە جوولەکەکانی ناوچەی بادینان ناو بەدەرەوەترن و زیاتر گیانی کوردبوونیان تێدایە[٢٦] . تا ئەمڕۆش جوولەکەکانی کوردستان لە جوولەکەکانی تەواوی دونیا بێ فرۆفێڵترن و زیاتر لە جوولەکەکانی تری وڵاتان نەتەوایەتی خۆیان پاراستووە، ئەوەش مرۆڤایەتی گەلی کورد دەسەلمێنێ بەوەی هیچ کات کوردەکان ستەم و زۆرداریيان لە جوولەکەکانی کوردستان نەکردووە[٣٦] . هەرئەوەش وای لە موردەخان زاکین کردووە، کە بڵێت: «غەریب کەوتنی کوردە جوولەکەکان بۆ کوردستان سەیرێکە سەیرانی لێبکەوێتەوە» .[٤٦]

## سەرچاوە و پەراوێز:

١, رەشاد میران: رەوشی ئاینیو نەتەوەیی لە کوردستاندا، چ١، کوردستان، ٢٠٠٠، ل٢٩.

٢ شوان عوسمان: کوردستانو پرۆسەی بە ئیسلامکردنی کورد، چ١، سەنسەری چاپو پەخشی نما، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل١١٣.

٣. رەشاد میران: س.پ، ل٢٩ ؛ میجرسون: رحله متنکر الی بلاد مابین النهرین وکردستان، ت. فوادجمیل، ج١، بغداد، ١٩٧٠، ص١٦٢ ؛ ساسۆن: کوردە

٤. رەشاد میران: س.پ، ل٢٩ ؛ میجرسون: رحله متنکر الی بلاد مابین النهرین وکردستان، ت. فوادجمیل، ج١، بغداد، ١٩٧٠، ص١٦٢ ؛ ساسۆن: کوردە جولەکەکانی کوردستان، گ(مامۆستای کورد)، ژ(١٩)، پایزی١٩٩٣، ل٣٠.

٥. محەمەد رەسوڵ هاوار: بیرەوەری، ئامادەکردنی سدیق ساڵح، ب١، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٢ ل٥٨.

٦ یارۆسلاڤ کراچی: س.پ، ل١٠٧.

٧ محەمەد رەسوڵ هاوار: س.پ، ل٨٥.

٨ رەشاد میران: س.پ، ل٢٩.

٩ کلۆدیۆس جیمس ریچ: گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، و.محەمەد حەمەباقی، چ١، تەورێز، ١٩٩٢، ل١٣٨.

١٠ سەفەرنامەی مونشی بەغدادی لە تەک مستەر ریچدا(١٨٢٠)، و.ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، چ١، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠١٤، ل٥٣.

١١ بەوەرگرتن لە: محەمەد رەسوڵ هاوار: شێخ مەحمودی قارەمانو دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب١، لەندەن، ١٩٩٠، ل١٠٥.

١٢ ژاک ریتۆرێ: گەشتنامەی میسیۆنەرێک بۆ ناوچەکانی کەرکوکو سلێمانی ساڵی ١٨٧٨، و.نەجاتی عەبدوڵڵا، چ١، چاپخانەی شڤان، بنکەی ژین، ٢٠٠٨، ل٤٧،٤٠،٣٢،٢٦.

١٣ مەیجەرسۆن: سلێمانی ناوچەیەک لە کوردستان، و.مینە، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٢٦ ؛ میجرسون: رحله متنکر، ج١ ص٢٣٧،١٥٨،١٢٠.

١٤ س.ج. ادموندز: کرد ترک عرب، ت.جرجیس فتح الله، گ٢، وگبعه وزارت التربیه، اربیل، ١٩٩٩، ص٧٨.

١٥ میجرسون: رحله متنکر، ج١، ص٢٩٦ ؛ کوردستان لە چاپکراوە عوسمانییەکاندا، و.فەیسەڵ دەباغ، چ١، دەزگای چاپو بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤، ل١٣٥.

١٦ مەیجەرسۆن: سلێمانی ناوچەیەک لە، ل٢٥.

١٧ژاک ریتۆێ: س.پ، ل٢٦-٤٧ ؛ ساسۆن: س.پ، ل٣٠،٣٦ ؛ رەسوڵ هاوار: بیرەوەری، ل٨٨-٨٩ ؛ ئەحمەد باوەڕ: ، ل٣٩-٨٥ ؛ د.سەعدی عوسمان هەروتی: سنووری باشووری کوردستان لە سەدەی نۆزدەدا، چ١، چاپخانەی خانی(دهۆک)، دەزگای موکریانی، ٢٠٠٧، ل٢٢.

١٨ محەمەد رەسوڵ هاوار: شێخ مەحمودی قارەمانو، ل٨٠.

١٩ ه.س، ل١٢٦-١٢٧ ؛ ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی: شاری سلێمانی، ل٤٠.

٢٠ محەمەد سەعید جاف: ئاوارە، بەشی دووەم، دارالحریه للطباعة، بەغداد، ١٩٩٩، ل٢٧٤.

٢١ ژاک ریتۆرێ: س.پ، ل٣٢.

٢٢ گەشتی هەڵەبجەو هەورامان لە ساڵی ١٩٣٣دا، چاپخانەی کامەرانی، ١٩٧٤، ل١٥ ؛ بیرەوەری، ل٨٧.

٢٣ بەکر حەمەصدیق عارف: لاپەرەیەک لە مێژووی هەڵەبجە (١٧٠٠-١٩٥٨)، چ٢، چاپەمنی گەنج، ٢٠٠٧، ل٢٦-٢٧ ؛ عادل صدیق: چەند لاپەرەیەک لە مێژووی هەڵەبجە، چاپخانەی کەمال، بەرێوەبەرێتی چاپو بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠١١، ل٥٨-٥٩.

٢٤ سەلاحی حەمەی زەینەب:س.پ، ل٤٤.

٢٥ ساسۆن: س.پ، ل٣١.

٢٦ ه.س ل٣٠-٣١.
٢٧ ڕەشاد میران: س.پ، ل٢٩.
٢٨ محەمەد ڕەسوڵ هاوار: بیرەوەری، ل١٥٨.
٢٩ ڕەشاد میران: س.پ، ل٢٩-٣٠.
٣٠ یارۆ سلاڤ کراچی: س.پ، ل٩٦-٩٧ ؛ محەمەد ڕەسوڵ هاوار: بیرەوەری، ل٨٥.
٣١ یارۆ سلاڤ کراچی: س.پ، ل١٠٨.
٣٢ ڕەشاد میران: س.پ، ل٣٠.
٣٣ سەلاحی حەمەی زەینەب: هەندێ لە جوولەکەکانی خەڵکی ئەم شارەو شاری هەڵەبجە، گ(سلێمانی)، ژ(٧٣)، ٢٠٠٦، ل٤٤.
٣٤ ساسۆن حسقێل یەکێکە لەو جوولەکە هەڵەبجەییانەی، کە کاتی خۆی گەڕاوەتەوە بۆ ئیسرائیل، ماوەیەکیش لە سلێمانیدا ژیاوە، د.عیزەدین لە بارەی ساسۆنەوە لە یاداشتەکەیدا دەڵێت" بۆ سەیری (زەمانو مەکان) دەڵێم: لە قوتابخانە قوتابییەکی جوولەکەی خەڵکی هەڵەبجەمان بە ناوی: حسقێل لەگەڵ بوو، ساسۆن پێشتر لە هەڵەبجە لەسەر شوعێتی گیرابوو، کوڕێکی کراوەو باش بوو. ئەمڕۆ لە واشنتنم (٢٠٠١/٨/١٧)، پێری (٢٠٠١/٨/١٥) لە ڕادیۆی دەنگی ئەمریکا بووم، کاک هۆمەر دزەیی وتی: جوولەکەیەکی سلێمانەیی هەیە ناو بە ناو تەلەفون بۆ بەشی کوردی ڕادیۆی دەنگی ئەمریکا دەکات، هەواڵی سلێمانی دەپرسێت، ئێستا لە شاری (ئەنتالیا)ی ئیسرائیل دەژی، ناوی (حسقێل)ە. وتم: ئەوە هەڵەبجەییە، یەکسەر هۆمەر تەلەفونی هەڵگرتو لام سەیر بوو بڵێ: کاک حسقێل، تۆ بۆ ناڵێیت هەڵەبجەییم. حسقێل وتی: هەڵەبجەییم.
بە سۆزێکی گەرمەوە، کەوتە باسی هەڵەبجەو هەواڵی سلێمانی پرسین. مژدەیەکی خۆشبوو، کە زانی من لەوێم بە (عیزەدینی مەلا مستەفا) ناسیمییەوە. نیو سەعاتێک قسەمان کرد، دەتوت نیو سەدە نییە، هەفتەیەکە وڵاتی بەجێهێشتووە. زۆر لە هاوەڵەکانی خوێندنی لە بیر بوو. لە گەڕەکی جوولەکەکانی هەڵەبجەو سلێمانیی دەپرسی. ماڵی کێ ماوە؟ کێ نەماوە؟ کوردییەکەی هەر ئەوەی خۆی بوو. سەیر ئەوە بوو دەیوت: لەم شارەی ئێمە کورد زۆرین. ئەمەو یەک جوولەکە خۆی بە کوڕی میللەتێکی تر (واتە کورد) بزانێت. نەمن دەسەڵاتو مافی ئەوەم هەبوو بانگی بکەم بۆ کوردستان، نە ئەو". (بەشێک لە یاداشتەکانم، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، دەزگای حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٢٦٦-٢٦٧)
٣٥ ساسۆن: س.پ، ل٣٢.
٣٦ بروانە: ئەحمەد باوەڕ: جولەکەکانی کوردستان، چ١، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، کوردستان، ٢٠٠٠، ل٤١-٨٥ ؛ شوان عوسمان: س.پ، ل١١٥ ؛ عادل صدیق علی: هەڵەبجە (١٨٨٩-١٩٣٠)، چ١، چاپوپەخشی نوسەر، ٢٠٠٨، ل٤٠.
٣٧ جەمال ئیبراهیم لۆلۆ: مێژووی جوولەکە لە کوردستاندا، گ(خاک)، ژ(١١٣)، ل١٨.
٣٨ ئەحمەد باوەڕ: س.پ، ل٤١.
٣٩ ڕەسوڵ محەمەد ڕەسوڵ هاوار: س.پ، ل٨٦.
٤٠ بەکر حەمەصدیق عارف: س، پ، ل٢٧.
٤١ ئەحمەد باوەڕ: س.پ، ل٤٧ ؛ سەلاحی حەمەی زەینەب: س.پ، ل٤٤.
٤٢ جەمال ئیبراهیم لۆلۆ: س.پ، ل١٨.
٤٣ بەکر حەمەصدیق عارف: س.پ، ل٢٧.
٤٤ ساسۆن: س.پ، ل٣١.
٤٥ ڕەشاد میران: س.پ، ل٣١.
٤٦ مەیجەرسۆن: س.پ، ل٤١ ؛ رحله متنکر، چ١، ص١٦٢ ؛ ژاک ریتۆرێ: س.پ، ل٢٦.
٤٧ یارۆ سلاڤ کراچی: س.پ، ل٩٢.
٤٨محەمەد ڕەسوڵ هاوار: بیرەوەری، ل٨٠ ؛ میجرسون: رحله متنکر، چ١، ص٢٣٧-٢٣٨.
٤٩ عادل صدیق: هەڵەبجە ، ل٤١ ؛ ساسۆن: س.پ، ل٣١.
٥٠ ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی: شاری سلێمانی (١٩١٨-١٩٣٠)، چ١، چاپخانەی زانست، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٤٠.
٥١ عادل صدیق: چەند لاپەڕەیەک، ل٦٩ ؛ ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی: س.پ، ل٤٠.
٥٢ س.پ، ل١٧٤.
٥٣ سەلاحی حەمەی زەینەب: س.پ، ل٤٤.
٥٤ سلێمانی ناوچەیەک لە، ل٦١،٢٥،٤٩.
٥٥ میجرسون: رحله متنکر الی، ج٢، ص٢٩٦ ؛ سلێمانی ناوچەیەک لە، ل٥٢-٥٣.
٥٦ عەلادین سەجادی: ڕشتەی مرواری، ب٦، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٢٥٩.
٥٧ عادل صدیق: هەڵەبجە، ل٥٠ ؛ ساسۆن: س.پ، ل٣٢.
٥٨ ساسۆن: س.پ، ل٣٢.
٥٩ بەهادین نوری: بیرەوەریەکانی بەهادین نوری، و.سەردار صالح، چاپی یەکەم، سلێمانی، ١٩٩٥، ل١٣٤-١٣٥.
٦٠ بەکر حەمەصدیق عارف: س.پ، ل٢٧.
٦١ ساسۆن: ل٣٢-٣٣.
٦٢ ه.س: ، ل٣٢،٣٦.
٦٣ ه.س، ل٣٢.
٦٤ بەوەرگرتن لە: ئەحمەد باوەڕ: س.پ، ل٨٥.



# بزووتنەوەی هەقە و کاڵبوونەوەی بنەما ئایینییەکان

هەقە، بزوتنەوەیەکی «سۆفیگەری» و « کۆمەڵایەتی» بووە، لە سەرەتای سەدەی رابردووەوە لە خانەقای شەدەڵەوە سەری هەڵداوە، زۆربەی مورشید و مەنسوبەکانی ئەو خانەقایەی لە دەورە کۆبوونەوە لە ناوچەکانی دۆڵی جافایەتی، سورداش، دۆڵی خەلەکان، دەشتی کۆیە، ناوشوان و شێخ بزێنی.



کامەران بابان زادە
لەدایکبووی ١٩٦٩ کۆیە، ماستەر لە مێژووی هاوچەرخ،
ماستەر لە مێژووی ئیسلام.
شەش بەرهەمی چاپکراوی نووسین و وەرگێڕنی هەیە.
دەیان وتارو لێکۆڵینەوەی بڵاوکردوەتەوە.

## ته‌ریقه‌ت له‌ کوردستان

قسه‌کردن له‌سه‌ر هه‌ر پێشینه‌یه‌ک بۆ مێژووی ئه‌و ئه‌فکار و بنه‌ما و بیروباوه‌ڕه‌ی زۆربه‌ی ته‌ریقه‌ته‌کان هه‌یانه‌، بابه‌تێکه‌ هه‌ڵوه‌سته‌ی زۆری ده‌وێت، به‌ڵام ته‌ریقه‌ت به‌ هه‌موو لق و به‌شه‌کانیه‌وه‌، مۆرکی دامه‌زرێنه‌ر یان نوێکه‌ره‌وه‌یه‌کیان به‌سه‌ردا براوه‌، ته‌واو په‌یوه‌ندی نییه‌ به‌ مێژووی ئیسلامییه‌وه‌، به‌ڵام له‌ ژینگه‌یه‌کی ئیسلامیی مۆرک و سیمای ئیسلامیی وه‌رگرتووه‌. ئه‌گینا له‌ ناوچه‌کانی هیندستان و باشوری رۆژهه‌ڵاتی ئاسیا و له‌ ناوه‌ڕاستی ئه‌فریقا ئه‌وه‌نده‌ی دیراسه‌ی ئه‌و پرسه‌م کردبێت، له‌وێ مۆرکی ئایینه‌ باوه‌کانی ئه‌و شوێنانه‌ی وه‌رگرتووه‌، به‌ تایبه‌ت له‌ هیندستان.

ته‌ریقه‌ت لێره‌ کۆمه‌ڵێک خاڵی ئیجابی وه‌رگرتووه‌ بۆ کۆمه‌ڵگای کورده‌واری، که‌ زۆر پێویست بووه‌ بۆ سه‌ده‌کانی رابردووی جوتیار و ره‌شوڕووتی کورد. وه‌کو ته‌وبه‌کردن و ته‌زکیه‌ و پته‌وکردنی گیانی هاوکاری و پاراستنی رایه‌ڵه‌ کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کان. له‌ رووی سیاسییه‌وه‌ له‌ شێخ عوبێدوڵڵای نه‌هرییه‌وه‌ هه‌تا بنه‌ماڵه‌ی شێخ مه‌حمود حه‌فیدزاده‌، شێخانی ته‌ریقه‌ت سه‌رکردایه‌تی بزووتنه‌وه‌یه‌کی میللی به‌رفراوانیان کردووه‌ دژی داگیرکه‌رانی کوردستان.

له‌ به‌رباڵاوترینیان هه‌ردوو ته‌ریقه‌تی (نه‌قشبه‌ندی) و (قادری) بووه‌، رێبه‌ر و نوێکه‌ره‌وه‌ و بزوێنه‌ری ئه‌و دوو ته‌ریقه‌ته‌ مه‌ولانا خالیدی نه‌قشبه‌ندی (١٧٧٩-١٨٢٦ز) و شێخ مارفی نۆدێی (١٧٥٣-١٨٣٨ز) بوون له‌ سلێمانی و له‌ ناو گه‌رمه‌ی رووداوه‌ سیاسیی و کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کانی دارولمولکی بابانه‌کانی سه‌ره‌تای سه‌ده‌ی نۆزده‌.

ئێمه‌ ئێستا دید و چاره‌نووسی ته‌ریقه‌تی قادری لێده‌گه‌ڕێین و دێینه‌ سه‌ر ته‌ریقه‌تی نه‌قشبه‌ندی، له‌سه‌ر ئه‌ویش ته‌نیا له‌سه‌ر ئه‌و به‌شه‌ هه‌ڵوه‌سته‌ ده‌که‌ین که‌ په‌یوه‌ندی به‌ (بزووتنه‌وه‌ی هه‌قه‌)وه‌ هه‌یه‌، به‌و حیسابه‌ی بزووتنه‌وه‌ی هه‌قه‌ له‌ ناو هه‌ناوی یه‌کێک له‌ خانه‌قا زیندووه‌کانی ئه‌و ته‌ریقه‌ته‌ له‌ دایک بووه‌.

## شێخ عه‌بدولکه‌ریمی شه‌ده‌ڵه‌ و بزوتنه‌وه‌ی هه‌قه‌

شێخ عه‌بدولکه‌ریم له‌ حه‌فتاکانی سه‌ده‌ی نۆزده‌ له‌دایکبووه‌، حه‌وته‌مین شێخی خانه‌قای شه‌ده‌ڵه‌ بووه‌، یه‌که‌م شێخی خانه‌قا شێخ ئه‌حمه‌دی سه‌ردار بووه‌، دوا شێخیان شێخ عه‌بدولکه‌ریمی شه‌ده‌ڵه‌ بووه‌، که‌ له‌ ساڵی (١٩٤٢) کۆچی دوایی کردووه‌، له‌ نێوان شێخی یه‌که‌م و دوا شێخ، پێنج شێخی تر هه‌بوون، ئه‌وه‌ی زیاتر زه‌مینه‌ی خۆشکرد بۆ پاشاگه‌ردانی و دوایی په‌رتبوونی مورید و مه‌نسوبه‌کانی، راسپارده‌ی مه‌ولانا خالید بووه‌، بۆ شێخ ئه‌حمه‌دی سه‌ردار، که‌ زنجیره‌ی شێخایه‌تی ئه‌و خانه‌قایه‌ له‌ حه‌وته‌مین که‌س تێپه‌ڕ نه‌کات، رێک ئه‌مه‌ له‌ سه‌رده‌می شێخ عه‌بدولکه‌ریم کۆتایی دێت.

خانه‌قایه‌ک خاوه‌نی هه‌زاران مورید و مه‌نسوب بووه‌، له‌ پانتایه‌کی فراوانی باشووری کوردستان پێگه‌ی هه‌بووه‌، له‌ قۆناغی زیندووییدا، ئه‌و مافه‌ی نه‌بێت که‌سێک به‌ فه‌رمی به‌ جێگره‌وه‌ی شێخ دابنێت، به‌شێک له‌ئاریشه‌ لێره‌وه‌ سه‌رچاوه‌ ده‌گرێت.

## فاکته‌ره‌کانی سه‌رهه‌ڵدانی بزووتنه‌وه‌ی هه‌قه‌

ئایا شێخ عه‌بدولکه‌ریم دامه‌زرێنه‌ری بزووتنه‌وه‌ی هه‌قه‌ بووه‌؟ یان مامه‌ ره‌زا (١٩٦١) دامه‌زرینه‌ری بووه‌؟ یان بزووتنه‌وه‌ی هه‌قه‌ دواساته‌کانی ته‌مه‌نی شێخی شه‌ده‌ڵه‌ و رانه‌سپاردنی که‌س به‌ میراتگری شێخایه‌تی له‌ دوای خۆی به‌ده‌رفه‌ت زانیوه‌ بۆ

دروستکردی ئەو بزووتنەوەیە؟ یان تەماعگیری مورید و مەنسوبە دیارەکانی خانەقای شێخی شەدەڵە ئەو بزووتنەوەیان لە ناو ریزەکانی مورید و نەنسوبەکان دامەزراند؟ دەکرێت ئەمانە هەریەکە و بە شوێنی خۆی بەشدار بێت لە سەرهەڵدانی بزووتنەوەی هەقە.

بزووتنەوەی هەقە لە گردبوونەوەی هەقەکان لە ساڵی (١٩٤٤) رۆیشتنیان بۆ کەرکوک بەتەواوی بەرجەستە بوو، لێرەوە وەکو بزووتنەوەیەکی ناسراو و تۆکمە بەدیار کەوت، بەڵام ئەم شێوە خەباتە درێژەپێدەری گردبوونەوەی یەکەمیانە بۆ هەمان شوێن لە کەرکوک لە ساڵی (١٩٣٤) بۆ ئازادکردنی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە، دەمارگیری موریدەکانی خانەقای شەدەڵە لە سەردەمی شێخ عەبدولکەریمەوە ئەو روخسارەی وەرگرت، کە دواتر لە هەقەکاندا بەرجەستە بوو، دەبینین مەلای گەورەش لە تەفسیرەکەی و لە شیعرەکانی ئەو رەخنانەی هەیبووە، ئاراستەی شێخ عەبدولکەریمی کردووە، نەک مامە رەزای کوڕی شێخ مەستەفای عەسکەر، ئاراستەی خانەقای شەدەڵەی کردووە نەک خانەقای کلکەسماق. لەو توێژینەوە و بەدواداچوونانەش لەسەر هەقەکان کراوە، شێخ عەبدولکەریم بە دامەزرێنەر دادەنێن.

بە راست ئەی ئەوانەی مامە رەزا وەکو دامەزرێنەر نیشان دەدەن، ئەمەش بەشێکی لەراستی تێدایە، چونکە دوای مردنی شێخ عەبدولکەریم و دابەشبوونی مورید و مەنسوبەکانی بەسەر چەند ئاراستەیەک، ئەوە مامە رەزا بوو زۆرینەی لە ژێر رابەرایەتی تازەدا کۆنترۆڵ کرد، ئەمە مامە رەزا بوو کۆمەڵێک رینمایی و ئاڕاستەی تازەی لە ناو سۆفیەکانی خانەقای شەدەڵە داهێنا، کە پێشتر نەبووە جەدەلی لادان لە ئایین و نوێژنەکردن و زەکات نەدان و ... هتد، لە سەردەمی ئەودا بەدیار کەوت، کە دواتر بووە خەسڵەتی ناسینەوەی هەقەکان.

شێخ عەبدولکەریم لە دوا ساڵەکانی تەمەنی، هەم رکەبەری لە ناو هەقەکان بۆ پەیدا بووە و هەم ئاراستەی جیاواز، هەم کێشەی میراتگری. دوای ئەوەی شێخ عەبدولکەریم لەسەر راسپاردەی مەولانای نەقشبەندی نەیتوانی جێگرەوە راسپێرێ بۆ درێژەدان بە تەریقەتەکەی. لەلایەکی تر تەمەنی شێخ ئاسانکار نەبوو بتوانێت ئەو پەرتەوازەیی و بیروبۆچوونە جیاوازانە کۆنترۆڵ بکات، دەکرێ لێرە هۆکاری دیکەشی بۆ زیاد بکەم، ئەویش شەپۆلە تازە فیکریەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم و کاریگەری بەسەر مامە رەزا و کاراکتەرە چالاکەکانی خانەقای شەدەڵە، دوور نییە بەشێک لەو ئاماژانەی لێرە و لەوێ دەوترێت لەسەر کاریگەری دەرەکی بەسەر رەوتی تازەی ناو هەناوی خانەقای شەدەڵە.

بەم دواییە بە وردی هەندێک کتێبم لەسەر «بەهائی»یەکان خوێندەوە و لێرەوە گەڕامەوە بۆ ئەو رەوت و گروپە ئایینیانەی لە سەردەمی عەباسییەکان دروست بوو، دواتر بارودۆخی ساڵانی نێوان کەوتنی بەغدا بۆ هاتنی سەفەوی و عوسمانیەکان لە سەدەکانی هەشتەم بۆ یازدەهەم. شەپۆلێک رەوتی جۆراوجۆر ئێران و کوردستانی گرتەوە.. بابەتی بانگەشەی «پێغەمبەرایەتی»و «تەناسخولئەرواح» و «هاتنی مەهدی»و جەختکردنەوە لە گۆشەگیری و پاککردنەوەی روح و تەزکیە و بێبایەخکردنی ژیانی دونیا ... هتد.

لە هەموو ئەم حاڵەتانە کەسێک پەیدا دەبێت بۆ رێبەرایەتی، لای موریدەکانی ئەو متمانەیە بەدەست دەخا، تەجاوزی هەندێک هەقیقەت بکات، کە عەقیدە و بیروباوەڕی ئیسلامی بڕیوەتیەوە.

راستیەکی تر هەیە بۆ سەرهەڵدانی هەموو ئەو رەوت و گروپانە لە مێژووی ئەم ناوچەیەدا

**هەقەکان پێیانوایە نوێژ و خواپەرستی بەو شێوەی مسوڵمانان دەیکەن بەشێکە لە وەسوەسە و بەدگومانی لە رەحم و بەزەیی خوای گەورە.**

بە قۆناغە جیاجیاکانەوە، ئەویش ئەو ژینگەیە کە ئەو بزووتنەوانەی تێدا گەشە دەکات، یەکێک لە خاڵە هەرە سەلبیەکانی دەسەڵاتی عوسمانی لە کوردستان فەرامۆش کردنی قوتابخانە و خوێندن بووە، ئەگەر لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمید (١٨٧٦-١٩٠٨) لە رێگەی قوتابخانەی روشدیەوە هەندی هەنگاوی نرابێت، یەکەم زیاتر بۆ مەبەستی سەربازی بووە، دووەم تەنیا هەندێک لە شارە گەورەکانی گرتبۆوە، ئەویش تایبەت بووە بە توێژێکی زۆر سنووورداری ئەرەستۆکراتی. رێژەی نەخوێندەواری زۆر بووە، مەلایەکانی کوردستان زۆر دابڕاوبوون لە هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگا بە ئیسلام و بنەماکانی، لە جیاتی ئەوە زۆربەی زۆری کۆمەڵگای کوردستان دینی لە رێگەی تەکیە و خانەقاکانی قادری و نەقسبەندیەوە وەرگرتووە، سیمای زاڵی بزووتنەوەی دینداری لە سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست، زاڵبوونی خەسڵەتەکانی سۆفیگەری بووە.

لەو هەموو فاکتەرانەی وەکو سەرەدا و بۆ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی هەقە خستمانەروو، دەبێت ئەو شاهیدیەش بۆ مێژوو بدەین، ئەوانەی خۆیان بە مورید و مەنسوبی خانەقای شەدەڵە زانیوە و خۆیان جیاکردۆتەوە لە خانەقای کەڵکەسماق، پابەندی بەدینداری لە شکڵە سۆفیگەریەکەی زیاتر بووە.

## لە شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵەوە بۆ شێخ هاوڕێ

ئەگەر گومان بکەین لەوەی شێخ عەبدولکەریم بزووتنەوەی هەقەی دامەزراندبێت، ئەوە نکۆڵی لەوە ناکەین، بزووتنەوەی هەقە لە بیستەکانی سەدەی بیستەم لە سەردەمی ئەو دامەزرابێت، لە خانەقای ئەو و لە ناو مورید و مەنسوبەکانی ئەو.

هەوڵەکان بۆ جێگرەوەیەکی زۆر جیاواز لە خەسڵەتەکانی رێبەرایەتی بە گەرمووگوڕی لە ئارادابووە، دوور نییە لە دوا ساتەکانی تەمەنی ئەو جیاوازیە بوبێتە فاکتەر بۆ تەقەلێکردنی و بریندارکردنی و دوایی کۆچی دوایی کردنی شێخ بە برینی ئەو تەقەلێکردنەوە.

ئەگینا شێخێکی بە تەمەنی سەلامەت، کە زیانی بۆ کەس نەبووە، بە پێی سەرچاوەکان لە ئامۆژگاری و قسەی نەرمونیان بەولاوە هیچی تری نەزانیوە، لە ناو ژینگەی دەورووربەری خۆی نەبێت، دەبێت کێ دوژمنی بێت؟!

بەهەر حاڵ شێخ لە ساڵی (١٩٤١) کۆچی دوایی کردووە، لێرەوە بە فەرمی مورید و مەنسوبەکانی دابەشدەبن بەسەر لایەنگرانی لە بنەماڵەکەی بەسەرۆکایەتی «مامە رەزا»ی برازای و «حەمەسوور» ناوێک و «حەماغا» ناوێک، کە یەکەمیان خانەقا دەگوزاێتەوە گوندی کەڵکەسماق، دووەم دەیگوازێتەوە گوندی کلاوقوت لە ناوشوان، سێیەم دەیگوازێتەوە گوندی کانی تۆ لە بەری مەرگە لە پشدەر.

دوا جار پێری سێیەم وازیان هێنا یان گەڕانەوە بۆ خانەقای شەدەڵە بە حیسابی خۆیان لەسەر ستایلی جاران، دەستەی دووەم بەسەرۆکایەتی حەمەسوور گوندی کلاوقوت دەکەنە مەڵبەندی رەوتەکەیان، بەڵام ئەمان بە جوغزێکی بچوک دەمێننەوە، وەکو رەوتێکی زۆر جیاواز بەدیارکەوتن،

هەتا دواجار خۆیی و موریدەکانی بڕیار دەدەن ڕێگە نەدەن هیچ نەوەیان لێ بکەوێتەوە. «ئەمەش باسێکی ترە».

زۆرترین میراتی خانەقای شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە دەکەوێتە دەستی خزمەکانی بە تایبەت مامە ڕەزا، لێرەوە دوای کۆچی دوایی شێخ عەبدولکەریم ناونیشانی تازە بە ناوی بزووتنەوەی هەقە دەبێتە ناونیشان و بەرگو ناوەڕۆکی تازە و دەمارگیری تازەی بۆ دروستدەبێت.

مێژوونووسان، لە بابەت مێژووی شیعەوە دەڵێن ڕووداوی کەربەلا و شەهیدکردنی حوسێنی کوڕی عەلی بووە هەوێنی یەکخستن و کۆبوونەوەی شیعەکان، دیارە ئەوەی لە (١٩٤٤) ڕوویدا، سەعید قەزار لە دوکان بانگی مامەڕەزای کردووە و یەکسەر دووری خستۆتەوە بۆ کەرکوک، بۆچی حکومەت ئەمەی کردووە؟ هەتا ئێستاش پاساوی ئەو دەستگیرکردنە ڕۆشن نییە، بەڵام ڕووداوی دوورخستنەوەی مامە ڕەزا بۆ کەرکوک و ئەو گردبوونەوە هەشت هەزار کەسیەی هەقەکانی لێکەوتەوە، کە زۆربەیان بە ژن و منداڵەوە لە ناوچەکانی سنووری خۆیانەوە بە پێ ڕۆیشتن بۆ کەرکوک، لە ساڵی (١٩٤٤) و مانەوەیان بۆ ماوەی سێ مانگ، کە ئەوکات «کاپتن لاین» وەکو نوێنەری حکومەتی بەریتانی دەیانبینێت.

دووبارە ئەوەی جێی پرسیارە، ئەوکات بەریتانیەکان لە عێراق بە پێی ڕێکەوتنامەی (١٩٣٠) دانیان بە سەربەخۆیی حکومەتی عێراقیدا نابوو، چواردە ساڵ بەسەر ئەو ڕێکەوتنامەیە تێپەڕی بوو، بۆچی کابتن لاین دێتەوە سەر خەت، ئەمەش هەتا ئێستا هەڵقەیەکی بەتاڵە لەو مەسەلەیەدا. حکومەت مامە ڕەزای ئازاد کرد، بەڵام ڕێگەی نەدا بگەڕێتەوە بۆ کەلکەسماق، بەڵکو دووری خستەوە بۆ هەڵەبجەو لەوێ پێنج ساڵ هێشتیەوە.

## هەقەکان درێژەپێدەری ڕێبازی نەقشبەندین، بەڵام بە دەستکاریەکی زۆرەوە

لە ساڵی (١٩٤٩) لە ناو جۆشوخرۆشی هەوادارانیدا، مامە ڕەزا گەڕایەوە کەڵکەسماق، دوایی سەردانی هەموو ئەو شوێنانەی کرد، کە پەیڕەوکارانی بزووتنەوەکەی لێبوو. دوای دوو ساڵ مامە ڕەزا نەخۆش کەوت، بەو نەخۆشەوە مایەوە هەتا لە ساڵی (١٩٦١) کۆچی دوایی کرد.

دوای مامەڕەزا کوڕەکەی بەناوی «کاکەحەمەی مامە ڕەزا» جێی گرتەوە، وەکو هەقەکان باسی دەکەن، کاکە حەمە پیاوێکی کۆمەڵایەتی و خەمخۆری پەیڕەوکارانی هەقە بووە، زۆر لێبڕاوانە خزمەتی بزووتنەوەی کردووە، پیاوێکی بە هەڵوێست بووە، کاکە حەمەی مامە ڕەزا لە ساڵی (١٩٩٦) کۆچی دوایی کردووە. دوای خۆی شێخ هاوڕێی کوڕی جێگای گرتۆتەوە.

ئەو بنەمایانەی هەقەکان کاریان لەسەر دەکرد

دەبێت ئەوە بزانین هەقەکان درێژەپێدەری ڕێبازی نەقشبەندین، بەڵام بە دەستکاریەکی زۆرەوە، ئەوانیش بە ناوەندی سەرەکی گردبووبوونەوەکانیان دەڵێن «خانەقا»و بە موریدەکانیان دەڵێن «سۆفی»و هەر زیکر و وێردێک بخوێنن بە بێدەنگی دەیخوێنن. هەروەها وەکو نەقشبەندییەکان زیاتر لە ناو ڕەشوڕووت و چینە هەژار و کاسبەکانی کۆمەڵگای کوردەواری بڵاببونەتەوە، ڕێزلێگرتنی زیاد لە پێویستی شێخ و

سەردان و دیاری بردن بۆ خانەقا.

بەڵام ئەوەی جیاوازە هەقەکان بایەخ بە زیکر و نوێژو رۆژوو نادەن، پێیانوایە نوێژ و خواپەرستی بەو شێوەی مسوڵمانان دەیکەن بەشێکە لە وەسوەسە و بەدگومانی لە رەحم بەزەیی خوای گەورە.

هەتا ئیستا ئەوە ساخ نەبۆتەوە هەقەکان وەکو دەقی نووسرا و پشتیان بە چی بەستووە، چونکە هەموو ئەو بنەمایانەی هەقەکان لەسەری دەڕۆن وەکو رینمایی زارەکی لە ناویاندا بڵاوبۆتەوە، ئێمە زیاتر لە رێگەی گفتوگۆ و هەڵسوکەوتیانەوە لە هەندێکی تێدەگەین.

## بایەخە کۆمەڵایەتییەکانی هەقەکان

ئەوەی من لە مێژووی هەقەکان لێی حاڵی بووم، چەند بنەمایەکی کۆمەڵایەتیی پێکەوەی بەستوونەتەوە، زیاتر لە دید و بۆچوونی ئایینیەوە نزیکە، لەو قوناغەی ناکۆکیەکانی دەرەبەگ و جوتیار و جیاوازی هۆزایەتی کۆمەڵگای کوردی ماندوو کردووە، ئەوانە جەختیان لەسەر چەند بنەمایەکی کۆمەڵایەتیی کردۆتەوە و بەکردەوەش لە نێوان خۆیاندا پیادەیان کردووە وەکو:

برایەتی: گوزارشتی برای دینی و بەتەنگەوەچوونی برای دینی لە کاتی تەنگانەدا، هاریکاری یەکتری و خۆشەویستی بۆ یەکتر لە ناو هەقەکان زۆر برەوی پێدراوە.

باربو و هاوکاری: هەقەکان لە رێگەی میکیانیزمێکەوە کە «برا سەیار»یان پێدەوت، بەسەر هەقەکانەوە دەگەڕان، هاوکاریان کۆدەکردەوە بۆ خانەقا، لەویشەوە خزمەتی هەژار و پیر و پەککەوتەی هەقەکانی پێدەکرا، هەقەکان زەکاتیان نەدەدا بەڵام لە جیاتی زەکات لە شێوەی کۆمەک و دیاری هاوکاری خانەقایان دەکرد.

بەشداری ژن لە کاروباری کۆمەڵایەتیی و ئایینی: لە ناو هەقەکان ژن بەشداریەکی کارایان هەبووە لە ئەرکە کۆمەڵایەتیی و ئایینییەکاندا، ژن بەشداربووە لە مەجلیسی پیاوان و سەردانی خانەقا و کۆکردنەوەی کۆمەک و مەجلیسی راوێژ و قسەکردن. هەر لێرەوە هەقەکان کەوتوونەتە بەر تانەوتەشەری غەیری خۆیان

خانەقای کەڵکەسماق و کاری هەرەوەزی: خانەقا هێندەی مەڵبەندی هاریکاری و کۆڕبەستنی کۆمەڵایەتی بووە، هێندە ناوەندی زیکر و تەسبیحاتی هەقەکان نەبووە، لەوێدا هەقەکانی ناوچە جیاجیاکان یەکتریان دەناسی، هەندێ لە پیاوە بەتەمەنەکان دوای تەمەنی (٦٠) ساڵی دەچوون لە خانەقا دەمانەوە، رۆژانە هەندێک ئەرکی وەکو هێنانی بارێک دار بۆ سوتاندن، یان هەندێ ئەرکی کشتوکاڵیان رادەپەڕاند و ئەوێ دەبووە جێگەی خواردن و خەوتنیان، لێرەوە باسی باشی و خزمەتگوزاری کاکە حەمەی مامە رەزا دەکرێت لە بەتەنگەوەچوونی میوانەکانی خانەقا بەتایبەت پیر و پەکەوتەکان.

ئەو ئیشکالیەتانەی لەسەر هەقەکان باس دەکرا کۆمەڵێک پرسیار هەتا ئێستاش لە بزاڤی هەقەکان وەکو ئیشکالیەت ماوەتەوە، لەوانە:

وازهێنان لە دروشمە عیبادیەکانی وەکو نوێژکردن و رۆژوگرتن و دروشمە عیبادیەکانی تر، راستە لەسەر زاری مامە رەزاو هەقەکان دەوترێت کە ئەوان پشتیان بە ئایەتی (فاعبد لربک حتی یأتیک الیقین) یان (فاسجد لربک حتی یأتیک الیقین). گوزارشتی «لابردنی نوێژ لەسەر هەقەکان لەلایەن شێخەکەیانەوە» لەو سەردەمە باوو بووە، ئەمە وڵامی تەواوی ئەو پرسیارە نییە، چونکە لەو سەردەمە نە هەقەکان ئەوەندە لە ئیسلام شارەزا بوون

ئەو قەناعەتە بەناوی شەرعی لە دڵی خەڵک جێگیر بکەن، نە کوردستان بێ مەلا و شارەزا بووە، وەڵامدانەوەی ئەو ئیشکالیەتەی لەو دوو ئایەتەوە وەریانگرتووە زۆر روونە. ئیستا ئەو قەناعەتەیان لە کوێ هێنا و چۆن توانیان مورید و مەنسوبەکانی خۆیان قەناعە پێ بکەن، هەم بەرگەی ئەو هەموو توانج و هێرشانەی سەردەمی خۆیان بگرن، بۆ زانین رۆژگاریک بووە لە ژیانی هەقەکان زۆربەی مەلایەکان رازی نەبوون ژنیان لێ مارە بکەن و تەلقینی مردوویان بدەن. لە بەرانبەردا هەندێ مەلای ناوچەکە هەبوون بە فەرمی بوونە، کاراکتەرە دیارەکانی بزووتنەوەی هەقە.

پەیوەندییە سیاسی و دینیەکانی بزووتنەوەی هەقە، لە پەیوەندییە دینیەکانی ئەو بزووتنەوەیە، پەیوەندی ئەوانە بە «بەهائیەکان»، سەرچاوەی دیدگای ئەوان بۆ (تناسخولئەرواح) کە دووبارەبووەوەی چەندان گروپ و بزاڤی ئایینی دیکەیە، لە سەردەمی عەباسیەکانەوە هەتا سەدەکانی حەڤدە و نۆزە، هەروەها (هاتنی مەسیح) و (هاتنی مەهدی) وەکو رزگارکەری مرۆڤایەتی لە زوڵم و زۆرداری.

لە لایەکی ترەوە پەیوەندییە سیاسییەکانی ئەوان بە ئینگلیز و رووس، زۆر چیرۆک و سەرەداو دەوترێت، بەڵام وەڵامی دڵنیایی لەو بارەیەوە نییە، ئایا ئەو پەیوەندییە رووکەشەیە کە لە واقیعدا هەبووە، یان پەیوەندی دیکەی شاراوە هەبووە.

لەلایەکی ترەوە، هەقەکان بە تایبەت لە پەنجاکانی سەدەی رابردوو پەیوەندی زۆر پتەویان لەگەڵ حیزبی شیوعی عێراقیدا هەبوو، ئەم پەیوەندیانە راستە رەهەندێکی کۆمەڵایەتیی هەبووە بەوەی هەقەکان لە ناکۆکی نێوان جوتیار و دەربەگەکان زیاتر بەلای جوتیار و کاسبکاردابوون بەرانبەر ئاغاکان، بەڵام پەیوەندی مامە ڕەزا و متمانەی بە حیزبی شیوعی و دانانی مکانیزم بۆ بڵاوبوونەوەی شانە حیزبیەکانی حیزبی شیوعی، بێجگە لە رەهەندە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکەی رەهەندی فیکری لێدەخوێندرێتەوە بۆ ئەو سەردەمە.

پرسی ژن لای هەقەکان یەکێکی تر بووە لەو ئیشکالیەتانەی هەقەکان لەو سەردەمە بۆخۆیان دروستکردبوو، ئەوەی هەقەکان کردیان لە تێکەڵاوی ئەو دوو رەگەزە و بەشداری ژن لە پرسە کۆمەڵایەتییەکان پێموانییە پارتە سیاسییە چەپەکان لە کۆتایی سەدەی بیستەم بۆیان کرابێت، هەندێک جار بێ رەچاوکردنی دوور و نزیکی لەیەکترەوە هەقەکان لە رووی کۆمەڵایەتییەوە تێکەڵاو دەبوون، زۆر جار ژن و پیاو پێکەوە لە گوندەکان دەگەڕان بەناوی «برا سەیار»ەوە بۆ کۆکردنەوەی هاوکاری بۆ خانەقا یان یان گەیاندنی رێنمایی، خۆیان دەیانوت «خوشک و برای دینی». ئەمە بۆ پەنجاکان و شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی رابردوو موجازەفەیەکی گەورە بووە، ئیشکالیەت لێرەدایە، ئەو قەناعەت و فاکتەرانە چیبوون لەو موجافە گەورەیەی هەقەکان لە بەگەڕخستنی ژن لە کاروباری بزووتنەوەکەیان؟

## کاڵبوونەوە لە بنەماکانی بزووتنەوەی هەقە

زۆر لە بزووتنەوە ئایینەکان ئەوەی لە کتێبە مێژوویەکان بەهەندێکیان وتراوە «فیرەق» ماوەی زیاتر بەردەوامیان هەبووە بە بەراورد لە مانەوەی بزووتنەوە هەقە، پەیڕەوکارانی نەوە دوای نەوە شێوازی پشتاوپشتی وەرگرتووە، لە شوێن و لەناو خەڵکانێکی دیاریکرا و بە چەند خەسڵەتێکی هاوبەشەوە خۆیان لە ئەوانی دیکە جیاکردۆتەوە،

**سیمای زاڵی بزووتنەوەی دینداری لە سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست، زاڵبوونی خەسڵەتەکانی سۆفیگەری بووە.**

دوای چەند نەوە ورده ورده جیاوازیەکانیان لەگەڵ غەیری خۆیان کەمبۆتەوە، هەتا جارێکی تر کۆمەڵگا بە سیفەتە هاوبەشەکانی ئەو سەردەمە وەریگرتوونەتەوە.

بزووتنەوەی هەقەش لە بیستەکانی سەدەی رابردوو، وەکو رەوتێکی جیاواز لە ناو خانەقای نەقشبەندی شەدەڵە بە دیارکەوت و لە سییەکان و چلەکان بیروبۆچوونەکانی خۆی بەتەواوی بەرجەستەکرد، لە پەنجاکان و شەستەکان گەیشتە لوتکە، لە حەفتاکان و دوایی لە هەشتاکان ورده ورده بەرەو خاوبوونەوە چوو، لە دوای راپەڕین و لە دەروازەی سەدەی تازە، بزاڤی هەقەکان و خانەقای کەڵکەسماق زیاتر وەکو رایەڵەی کۆمەڵایەتی دەرکەوتووە، ئەو ئەرکە کۆمەڵایەتییەی هەندێک لە خانەدانەکانی ناوچەکە دەیگێڕن لە سەردانی نەخۆش و پرسە و بەتەنگەوەچوونی گرفتەکانی هاوولاتیان، رێبەرایەتی بزووتنەوەی هەقە و پیاوە دیارەکانی ئەو بزووتنەوە زیاتر ئەو رۆڵە دەبینن.

دوای راپەڕین ئەوانیش لە ژێرکاریگەری بزاڤی دینداری و رەوتی ئیسلامەتی کوردستان و زیاتر ئاوەدانبوونەوەی مزگەوت و جومعە و جەماعەت، نەوەی تازەی هەقەکان نوێژ دەکەن و رۆژوو دەگرن.

**دەکرێت هۆکارەکانی ئەم کاڵبوونەوەیە بۆ ئەم چەند خاڵە کورت بکەینەوە:**

١- لەسەرەتاوە تێکەڵبوونی رێبەرانی بزووتنەوەکە بە ژیان و خەباتی سیاسی، لە کۆتایی هەشتاکان هەقەکان تیپێکی تایبەتیان لە ناو یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان هەبوو، کە شێخ هاوڕێ سەر تیپی بوو، شیخ عومەری برای بەرپرسی ناوچە و کادری یەکێتی بوو. پێشتر بنەماڵەی ئەوان لە دێی «عەسکەر» پیاوی دیاری ناو شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێی وەکو «عەلی عەسکەری» لێ هەڵکەوتبوو. بە دڵنیایی بەشداری لە ژیانی سیاسی لەسەر حیسابی کاڵکردنەوەی جیاوازیەکان بووە لەگەڵا غەیری هەقەکان.

٢- بزووتنەوەی هەقە لە رۆژگارێک سەریهەڵدابوو، کۆمەڵگای کوردەواری لە گرفت و ئاریشەی گەورەی کۆمەڵایەتیدا دەژیا، بۆ ئەو سەردەمە ئەو رینمایی و هەنگاوە بەرجەستەکراوانەی هەقەکان تازە بوو، بەڵام بۆ ئەم شەست ساڵ، بە پێشڤەچوونی کۆمەڵگای کوردی لەرووی جیاوازەکانەوە بە تازەیی نەمایەوە، نەوەی تازەی هەقەکان بە رێبەرایەتی تازەیشانەوە تێکەڵا بە ژیانی تازەی کۆمەڵگا بوون.

٣- هەقەکان خاوەنی بنەمای نووسراو و جێگری نەبوون بۆ مورید و مەنسوبەکانیان، دەرهاویشتە عەقیدەیی و دروشمی دینداری هێندە جیاوازی لە خۆ بگرێت، وا بە ئاسانی نەتوێتەوە. ئەوجا هەقەکان بە بەراورد لەگەڵ کاکەیی و هاواری و بەهائی و یەزیدیەکانی کوردستان زۆر جیاواز نەبوون لە دەروووبەریان، ژنوژنخوازیان لەگەڵ دەرەوەی خۆیان دەکرد، نەوەی تازەیان لەگەڵ منداڵ و گەنجی غەیری خۆیان تێکەڵبوون.

٤- شوێنی جوگرافی هەقەکان فاکتەرێکی دیکەی خاوبوونەوەی هەقەکانە، یەکەم،

هەقەکان دابەش ببوون بەسەر دەیان گوند، شار، شارۆچکەی پارێزگای سلێمانی، هەولێر و کەرکوک، بۆ نمونە وەکو شوێنی «هاوار»یەکان چەند گوندێکی رۆژهەڵاتی هەڵەبجە نەبوو. دووەم هەقەکان بە خۆیان و شوێنەکانیانەوە لەناوجەرگەی رووداوە سیاسیی و پێشڤەچوونە کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگیەکانی کوردستان بوون، نەدەکرا هەقەکان وا بەئاسانی تێکەڵ بە واقیعی تازە نەبن لەگەڵ دراوسێیەکانیان.

## سەرچاوەکان:


١- ئیدمۆندز: کورد، تورک، عەرەب.

٢- ریچ: گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان

٣- محمد امین زکی: تاریخ السلیمانیه و احائها.

٤- موحەمەد رەئوف زودی: بۆ ە هەقە کەوتنە تەقە.

٥- موحەمەد عەلی سوڵتانی: عەلەویەکانی عەلەویەکانی زاگرۆس.

٦- مستەفا عەسکەری: ئاوڕدانەوەیەک لە بزووتنەوەی هەقە.

٧- قارەمان نادر شیخ بزێنی: بزووتنەوەی هەقە «نامەی ماستەر چاپکراوە»

٨- زانیاری مەیدانی نووسەر لە ناو کەلتووری هەقەکان... کە بەشێکی خزم و کەسی نووسەر لە پەیڕەوکارانی هەقەکان بوون.

# ڕۆڵی بزووتنەوە تەبشیرییەکان
# لە پێکەوەژیانی ئایینی و کاردانەوەی بەسەر ناوبانگی کوردەوە




**جەعفەر گوانی**

لە دایکبووی ساڵی (١٩٨٠) دەڤەری سۆران.

هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لە زانستە ئیسلامییەکان.

ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئیسلامییە.

نۆ بەرهەمی نووسین و وەرگێڕانی چاپ بووە.




زۆرێک لەوانەی زانیاریان دەربارەی مەسیحیەت و کارەکانی گرووپە تەبشیرییەکان نییە، رەخنەی ئەوە دەگرن کە بۆچی لەمپەر لە بەردەم چالاکییەکانیان دروست دەکرێت، چونکە بە قەولی خۆیان ئەم بزاوتانە لەوانەیە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کەڵکیان بۆ نێوبانگی کورد هەبێت، بەڵگەیەکیشە لەسەر بەردەوامی پێکەوەژیان لە کوردستان، بەڵام ئەگەر بە وردی خوێندنەوە بۆ مێژووی چالاکییەکانیان بکرێت هەر زوو ئەو ئومێدانە دەپووکێنەوە کە وابەستەی ئەو گروپانە کراون، دەرەکەوێت ئەمانە زیاتر قسەی هەرزەگۆیانەن.

جارێ لە بنەڕەتدا رەخنەی ئەوە لەم رەوتانە دەگیرێت، کە هەمیشە هاوڕێ لەگەڵ هێرش و پەلاماری داگیرکاری وڵاتەکانی رۆژئاوا دەچنە ناو وڵاتە داگیرکراوەکان، ئەمە بە روونی لە هێرشەکەی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ سەر ئەفغانستان و عێراق دیارە، کاتێک یەکەم بالیستی پڕ بارووت سنووری ئەفغانستانی بەڕووی هەزاران موژدەبەردا کردەوە، لە عێراقیش هاوزەمان زرەی زنجیری دەبابەی عەسکەر و قاقای موژدەبەران لە ناو شارەکانی عێراق تەراتێنیان دەکرد.

لە بیرمان نەچێت ئەم شتانە بە مێژووی موژدەدانەوە سەیر و نامۆ نین، تەنها مێژوویەکە خۆی دووبارە دەکاتەوە، ئەوەتا لە سەدەی نۆزدەهەم سامۆئیلی ئینگلیز لە هاتنی بۆ رۆژهەڵاتی ناوین، کەشتیگەلی سەربازی و هێزە چەکدارییەکانی بەریتانیا یاوەری بوون، لەو بارەوە (بارکەر – barkar) بریکاری بەریتانی لە شام لە سەدەی نۆزدەهەم دەڵێت «ئاسانکردنی هاتوچۆ و پەیوەندیکردن لە نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا لە رێگەی شامەوە و دانانی ئەم پەیوەندییانە لە ناو لەپی ئەورووپییەکان بە ئامانجی ئاسانکردنی بڵاوکردنەوەی مەسیحیەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سەروو جێگەی پێداگیرییە».

ئەم رەنگە لە جوڵانەوەی گرووپگەلی تەبشیری، سەلمێنەری ئەو راستەقینەیە کە تەبشیرییەکان بەر لەوەی جوڵانەوەیەکی ئاینی بن، لاباڵێکی فیکری داگیرکاری ئیستیعمارین، بۆیە لە هەر وڵاتێک پێیان چەقاندبێت بوونەتە مایەی ئاریشە و تێکچوونی شیرازە و نانەوەی پشێوی، بۆ ئەوەی نە تەنها خاک بەڵکو بیرو ئەندێشەشیان داگیر بکەن، لەوەشدا دژی هەموو ئەوانە وەستاونەتەوە کە ئامادە نین ببنە پاشکۆی فیکری رۆژئاوایی، ئەوەتا کێشەیان بۆ مەسیحییە نەستووریەکان دروست کردووە و مەزەبیان گۆڕیون، چونکە فیکری شەرقیان لە مێشکدا بووە، هەروەها سادق شەمۆی ئێزدی کرایە قەشە و کاهینی کلێسای هەولێری ئینجیلی، ئەلیاس حەمۆش بووە قەشەی کەرکوک، هەروەک مەزەبی دانیشتوانی دەشتی نەینەوایان گۆڕی، لە حاڵی ئێستاشدا بە گوێرەی قسەکانی «ڤیان دەخیل» پەرلەمانتاری ئێزدی لە پەرلەمانی عێراق، دەزگا تەبشیرییەکان دۆخی ئاوارەیی و پەراگەندەبوونی ئێزدییەکانیان قۆستۆتەوە و مەبەستی دین گۆڕینیان زۆر زیاترە لە هاریکاری مرۆیی. بە دڵنیاییەوە موسڵمانان کەمترین پێکهاتەی کوردستان بوونە کە کەوتبنە ژێر کاریگەری بانگەوازی تەبشیری، ئەمەش بۆ رۆشنی و ساناتێگەیشتنی باوەڕ و ئاقیدەی ئیسلام دەگەڕێتەوە.

ئەگەر سەرێک لە مێژوو بدەین، دەبینین موسڵمان و فەلەکانی کوردستان پێکەوەژیاون، ئەوپەڕی ئاشتی و تەباییان هەبووە، تا ئەو کاتەی موژدەبەران هاتوون، لەگەڵ هاتنیان، درزی گەورەیان خستە نێوان ئەم پێکەوەژیانە. دواجار شەڕو کوشتاریان نایەوە. بوونە مایەی هەڵمەتێکی گەورەی راگەیاندن دژی کورد و کوردستان، کە پتر لە سەدەیەکە کورد باجەکەی دەدات.

# فەلەکانی ڕۆژهەڵات ئەگەر بە درەنگیشەوە بوبێت ئەو هەقیقەتانەیان نەشاردۆتەوە کە موژدەبەران چ زیانێکیان لە مەسیحییەکانی ڕۆژهەڵات داوە

## دروستکردنی درز لە نێوان موسڵمان و مەسیحی

مێژوویکی درێژە موسڵمانان و فەلەکانی کوردستان بە نێوانخۆشی دەژین، تا هەردوولا سنووری خۆیان نەبەزاندبێت گرفتیان نەبووە، بەڵام هەرکە یەکێک چووبێتە ناو تخوبی ئەوەی تر، ئەوا ئاشووب هاتۆتە ئاراوە، لەوەدا دەزگا تەبشیرییەکان و موژدەبەران پشکی شێریان بەرکەوتووە، تا ئەوان نەهاتبوون موسڵمان و فەلەکان جیاوازییان نەبوو، مەگەر لە ڕێگەی مزگەوت و کلێسا بووبێت، بەڵام هەر کە دەزگا تەبشیرییەکان هاتوونەتە ناو گۆڕەپانەکە، ئیدی هێدی هێدی ئەو پێکەوەژیانە کاڵبۆتەوە، ململانێ و گرژی بووەتە جێگرەوەی، ئەوەش نە تەنها لە بەینی هەڵگرانی دوو دینی جودا، بەڵکو لە نێوان شوێنکەوتووانی حەزرەتی مەسیحیش.

تا موژدەبەران نەهاتبوون مەسیحییەکانی کوردستان و عێراق بەناوی کلێسای ڕۆژهەڵات و مەزەبی نەستووری وەک هێزێکی کارا لە گۆڕەپانەکە هەبوون، بەڵام ئەم یەکێتییەی مەسیحییەکان درزی کەوتە ناو و کلێساکەیان دابەشبوو، بە هۆی هەناردە تەبشیرییە کاسۆلیکەکان، کە پاپاکانی ڕۆما لە سەدەی شازدەهەم دەیان ناردن، لە ئەنجامدا زۆربەی نەستوورییەکانی دەشتی موسڵ و سەر دەشتایی دەوروبەرەکەی وەک (تلکێف، کاراملیس، باتنای، باقوفە، قەرەقۆش و قۆش) چوونە پاڵ کلێسای کاسۆلیکی. هەروەها کەسێک بە ناوی «پترۆس جیسی» گوایە دایک و باوکی موسڵمان بوون و ساڵی (١٦٤١) دەچێتە ڕۆما و بووەتە مەسیحی، کاتێک ڕێوڕەسمەکانی قەشەیەتی تەواو دەکات و دەگەڕێتەوە شاری (ئامەد)ی زێدی خۆی، ناتوانێت بحەسێتەوە، چونکە ڕۆما وەکو موژدەدەرێکی کاسۆلیک پەروەردەی کرد، دژی کلێسای نەستووری پف درا، بۆیە کێشەی دروستکرد، ئەوانیش دژی وەستانەوە، ناچار ئەوێی بەجێ هێشت بەرەو شارەدێی قۆش. هەروەها ساڵی (١٨٢٩) موژدەبەرانی پرۆستانتەکانی بەریتانی کە هاتنە عێراق و کوردستان چۆکیان دا لە بەرامبەر هێزی موژدەبەرە کاسۆلیکەکانی فەرەنسا، بۆ ئەمە پەنایان بردە بەر موژدەبەرەکانی ئەمریکا تا (نەستووری)و (سریانی) و (ئەرسۆزۆکس) و (کاسۆلیک)ەکان بکەنە پرۆستانت، سەرباری بە کریستیانکردنی موسڵمانەکان، واتە جارێکیان موژدەبەرە کاسۆلیکەکان دەشتی نەینەوایان لە نەستوورییەکان ستاند و کردنیانە کاسۆلیک، ئەمجارەش تاقمێکی دیکە هاتوون تا بیانکەنە پرۆستانت. چەندان نموونەی تریش ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن کە موژدەبەران ناو ماڵی فەلەکانی کوردستان و عێراقیان وەها شێواند، کەس پێی قایم ناکرێتەوە.

قوربانی یەکەمی ئەم هەوڵانەشیان فەلەکانی کوردستان خۆیان بوون، چونکە کردنیانە کیانێکی بچووکی پەرپوت و پەرتەوازەی فرەگرووپی، لە هەنگێوە سیاسەتمەدارانی مەسیحی بێ هوودە خەریکن ئەم قڵشە گەورەیە نەهێڵن، یان هیچ نەبێت بەرتەسکی بکەنەوە.

ئەم درزەی موژدەبەران تەنها لە ناو ئاینزاکانی

مەسیحی نەبوو، بەڵکو نێوانی موسڵمان و فەلەکانیشی گرتۆتەوە، ئەگەر دیقەت بدەین یەکێک لە شەڕە گەورەکانی نێوان کوردە موسڵمان و فەلەکان لە سەردەمی میر بەدرخان، لە ڕێگەی موژدەبەرانەوە دروستبووە، چونکە بەر لە هاتنی ئەوان هەردوولا ئاشتیانە مل بە ملی یەکتر دەیانگوزەراند، کەچی بە هاتنیان، کەمایەتییەکانیان قۆستنەوە بە بیانووی مافخوراوی، پاشان تەماحیان خستە بناگوێیان، ئەوانیش پێیانوابوو تازە پشتیان قایمە و دەکارن بەرەنگاری هەموو کوردان ببنەوە، ئەنجام هەرایەکی گەورەیان نایەوە و ملیان بۆ ئاشتی نەدا، هەرچەندە دواتر مەسیحییەکانیش ئەم حەقیقەتانەیان بۆ دەرکەوت، بەڵام درەنگ کەوتبوون، چونکە تازە خەڵکێکی زۆر ببووە قوربانی و خوێنێکی زۆر ڕژا بوو، لەو بارەوە پەتریک «مار شەمعون ئەوراهم» لە نامەیەکیدا بۆ سەرۆکی ئەسقەفەکانی کانتربری لە مانگی ئابی ساڵی (١٨٤٩) دەڵێت «ئێمە پێش هاتنی موژدەبەرەکانی ئەمەریکا ئاشتیانە دەژیاین، ئێستاش پێویستە لێیان وریا بین». هەروەها توێژەری لوبنانی «جۆرج کرم» داندەنێت بەوەی سیاسەتی موژدەبەران دوژمنداری لە نێوان ئیسلام و مەسیحییەت دروست کرد. بگرە زۆربەی ئەو نامانەی موژدەبەران بۆ باڵیۆز و کونسوڵخانەکانی ڕۆژئاوا دەیاننادرن، بەخسوس نامەکانی موژدەبەری بەریتانی جۆرج بادگەر کە ساڵی (١٨٢٤) سەردانی هۆزەکانی ئاشووری کرد، هەماهەنگی باشی لەگەڵ باڵیۆزی بەریتانیا لە ئیستانبوڵ هەبووە و ڕاپۆرتی بۆ دەنارد، بەڵام ڕاپۆرتەکان زیاتر سیاسی بوون نەوەک ئایینی، دیارە تێکەڵکردنی کارە ئایینییەکانی موژدەبەران بە کارە سیاسییەکانی باڵیۆز و دیپلۆماتەکان ڕەوشێکی خراپیان هێنا ئاراوە، بوونە مایەی

**کوردستان هەمیشە لانکی پێکەوەژیان بووە، هیچ گرژی و ناخۆشییەکیش لە ناوبەینی کورد و فەلەکان نەبووە، تەنها ئەو کاتانە نەبێت کە موژدەبەران دروستیان کردووە**

نانەوەی کێشە و ئاریشەی دوژمنداری لە نێوان موسڵمان و مەسیحییەکان.

فەلەکانی ڕۆژهەڵات ئەگەر بە درەنگیشەوە بووبێت ئەو هەقیقەتانەیان نەشاردۆتەوە کە موژدەبەران چ زیانێکیان لە مەسیحییەکانی ڕۆژهەڵات داوە، ئەمەش بە ڕوونی لە نامەکەی پەتریک مار شەمعون ئەوراهم دیارە، کە لە ١٤ی کانوونی دووەمی ساڵی (١٨٤٤) بۆ (کانیک) باڵیۆزی بەریتانیا لە ئیسانبۆلی عوسمانی ناردووە، تێیدا وێڕای داوای پشتیوانی، گلەییش لە موژدەبەران دەکات و دەڵێت «دوژمنەکانمان ئەوانەی ناویان لە خۆیان ناوە مەسیحی، لە ڕاستیدا ئەوانە نێردراوی جامباز و دەجالن، ئەوان زۆر خۆشحاڵن بەو بەڵا و کارەساتانەی بەسەرماندا هاتن، وا تێدەگەن لەو کاتە ناخۆش و دژوارەدا دەتوانن بەسەرماندا سەرکەون، ئەوان هەوڵی گورجوگۆڵ دەدەن تا بریکارەکانیان ڕەوانەی ناو ڕۆڵەکانی گەلی پەڕاگەندەمان بکەن، هەڵدەستن بە پێدانی بەرتیل لە جلوبەرگ و پارەو پول، تا لە کڵێساکەیان دابڕێنن».

ئەمە لە حاڵی هەنووکەش دووبارە دەبێتەوە، ئەگەر تەماشای کوردستان بکەین، موسڵمان و فەلە پێکەوە بەوپەڕی ئاشتی و تەبایی دەژیان، نەخوازەڵا لەو شوێنانەی مەسیحی هەن، خۆشی و ناخۆشیان پێکەوەیە، لە هەندێک شوێن بە

جلوبەرگیش لێکجوداناکرێنەوە، ژنان و پیاوانیان هەمان جلکی کوردی دەپۆشن، هەمان کورتەک و شەرواڵ و رانک و بەرگوزی پیاوانە، هەمان چارۆک و چەفیەی ژنانە دەبەرەکەن. بەڵام لەو کاتەوەی رێکخراوە تەبشیرییەکان دوای داپرانێکی زۆر دووبارە پێیان ناوەتەوە کوردستان، ئیدی خەریکە ئەو پێکەوەژیانە کاڵ دەبێتەوە، کە ئەگەر هەوڵ و هیممەتی مرۆڤە حەکیم و لێزانەکانی هەردوولا نەبێت، لەوانەبوو بەرەو ئاقارێکی خراپ بڕوات. هەر ئەمەشە وای لە مەسیحییەکانی کوردستان کردووە لە کاتی هەستکردنیان بەو مەترسییە رووونکردنەوەی هاوبەش دژی ئەم رێکخراوانە بڵاو بکەنەوە، وەک لە بەیاننامە هاوبەشەکەی نێوان بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری و یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان هاتووە «لە چەند ساڵی کەمی رابردوودا بزووتنەوەیەکی گوماناوی دەستپێکرد و لە دەرەوەی وڵاتەوە هاتوون، کار دەکات دژی بنەما و رەوشت و بەهاکانی هەموو لایەک، ئامانجی شێواندنی رەوشی تەبایی و برایەتی ئایینییە لە کوردستان». دواتر بە توندی ئیدانەی دەکەن و داوا دەکەن رێ لەم گرووپە گێرەشێوێنانە بگرن.

هەروەها لە (١٩٩٥/١٢/٥)، «حەنا مەرخۆ» سەرۆکی ئەسقەفییەی هەولێری کلدانی، رووونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە، وێڕای ستایشکردنی مێژووی پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نێوان موسڵمان و فەلەکانی کوردستان، ئینجا دەنووسێت «بۆ برا موسڵمانەکانمان دووپات دەکەینەوە، کە کەنیسەی مەحەلی هیچ پەیوەندی نییە بە دابەشکردنی بڵاوکراوە ئایینیەکان لەسەر شەقام و دوکان و فەرمانگە رەسمیەکان، چونکە ئێمە نە بەم کارانە هەڵستاوین نە پێشیان هەڵدەستین، دەمانەوێت بە برا موسڵمانەکانیشمان رابگەیەنین، کە ئێمە لە کۆبوونەوەکانی کەنیسەدا، هەمیشە داوای گفتوگۆی برایانە دەکەین لە نێوان نەسرانی و موسڵمانەکان، داوای هەماهەنگی دەکەین بۆ کارکردن دژی بێدینی و تەفرەقەی ئایینی».

ئەم رووونکردنەوەی ئەسقەفییەی هەولێر وەڵامدانەوەیەکی توندی بەڕێوەبەری رێکخراوی چاودێری و فریاکەوتنی کوردانی بە دواوە هات، کە رێکخراوێکی تەبشیری مەسیحییە لە ئەمەریکا، لە کاتی گرانییەکەی نەوەدەکان هەڕەشەی توند لە ئەسقەفییەی هەولێر دەکات، ئەگەر واز نەهێنن، لەلای پاپای ڤاتیکان و بیل کلنتۆنی سەرۆکی ئەمەریکا و ئالگۆری جێگری و وارن کریستۆڤەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا و خاتوو مادلین ئۆلبرایتی باڵیۆزی ئەمەریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان سکاڵایان لێ دەکات تا نان و هاوکارییەکانیان ببڕن.

بە کورتییەکەی، ئەوان جگە لە ئامانجی خۆیان گوێ بە هیچ شتێکی تر نادەن، ئەگەر موسڵمان و مەسیحی لە لوتکەی پێکەوەژیانیشدا بن فلسێکی قەلپ و سووتاویشی پێ نادەن، ئەوەتا سوڵتان سولێمانی قانوونی تەواوی مافەکانی دابووە مەسیحیەکانی دەوڵەتی عوسمانی، بەبێ ئاریشە دەژیان، تا ئامادەبوو ئەم پێکەوەژیانە وەکو بەڵێننامە لەگەڵ دەوڵەتانی رۆژئاوا مۆر بکات، کە خۆیان بە پارێزەری مەسیحییەکان دەزانی، کەچی هەرکە دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ رووسەکان کەوتە شەڕ، دواتریش کە رووخێندرا و میراتی پیاوە نەخۆشەکە دابەش کرا، موژدەبەران مەسیحییەکانیان سیخدا، ویستیان وەک کۆرەمار بە دەوڵەتی عوسمانییەوە بدەن، لە پشترا خەنجەری ژاراوی لێ بوەشێنن.

ئەم کارەی موژدەبەران راستەوخۆ نەبوو، بەڵکو پێشەکییەکی باشیان بۆ دانا، بەناوی قوتابخانەی نموونەیی و ئەهلی، نەوەیەکی مەسیحی

توونداژۆیان پێگەیاند، ئێستاش لەو قوتابخانە رۆژئاواییانەی ناراستەوخۆ لە بن نیری وانن، منداڵانی موسڵمانان بە هەستێکی دژ بە دابونەریتی رۆژهەڵاتی و موسڵمانی پەروەردە دەکەن.

## تخووبەزاندن و لێدانی ئیسلام

ئەم موژدەبەرانە وێڕای ئەوەی ئەم قڵیشە گەورانەیان خست ناو ماڵی مەسیحییەکان، بوونە سەری فیتنە لە نێوان موسڵمان و فەلەکانی کوردستان، لێ وەنەبێت ئەو کارانە تەنها بە راگەیاندنی پەیامە بەرتەسکەکەی خۆیان بێت، بەڵکو دەستدرێژی دەکەنە سەر موسڵمانانیش، ئەمەش وای کردووە موسڵمانان وەدەنگ بێن، هەر بۆیە مەلای کورد قەت قسەی دەربارەی مەسیحییەت و کتێبی پیرۆز نەدەکرد، خەڵکی موسڵمانیش وا تێدەگەیشتن، ئەو ئینجیلەی ئێستای مەسیحییەکان هەمان ئەو ئینجیلەیە کە قورئان باسی دەکات و وەکو وەحی بۆ حەزرەتی عیسا دابەزیوە، بەڵام کە موژدەبەران دوای راپەڕینی گەلی کورد دووبارە هاتنەوە کوردستان، ملیان دایێ هەرچی بۆیان لوا دەرهەقی پەیامی ئیسلام کردییان، لەوە هەر مەپرسە، کە لەو کاتەی هیچ رێکخراوو کەسایەتییەکی موسڵمان ئامادە نییە بچێتە ناو گەرەکە کریستیاننشینەکان تا قورئان و حەدیسی تێدا بڵاوبکاتەوە، کەچی ئەوان بەهار و نەورۆز و سەری ساڵیان کردۆتە دەلیڤە تا کتێبەکانی خۆیان لە هەموو گوند و گەڕەک و کونو کەلەبەرەکانی ناو موسڵمانان بڵاوبکەنەوە، لەوەش زێتر هێرش دەکەنە سەر ئیسلام، ئەمەش موسڵمانانی ناچارکرد بۆ دیفاعکردن لە خۆیان و پاراستنی پەیامەکەیان لە وتارەکانی هەینی باسیان بکەن، کتێب و بڵاوکراوە لەسەر پەیامی مەسیحییەکان بنووسن.

لەو کاتەی ساڵی (١٩٩٢) کڵێسای نەعمەی رەسوولی ئینجیلی لە دهۆک کراوەتەوە، پاشان هاتە شارەکانی تریش، دەستییان کردووە بە هێنانی کتێبی تەنسیری، سەرباری ئەوەی باسی مەسیحییەت دەکەن، هێرشیش دەکەنە سەر ئیسلام و موسڵمانان، ئەوان لە وڵاتانی ئەوروپایی وەک ئەڵمانیا، سویسرا، لۆکسمبۆرگ و تورکیا کتێبیان دەهێنان، بە مەبەستی گومان خستنە ناو عەقیدە و شەریعەتی ئیسلامی لە عەقڵی لاوی کورددا، هەروەک هەڵدەستان چەند کتێبێکیان بڵاودەکردنەوە بە حسێبی خۆیان دژایەتی لە نێوان ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز هەیە لە رووی ئیعرابی و زمانەوانییەوە. هەروەک قسە لەوە دەکەن، کە قورئان دەستکاری کراوە، شتانێکیش لە قوتابخانەکان بە منداڵانی موسڵمانان دەخوێنن، کە لەگەڵ عەقیدە و باوەڕی موسڵمانان نایێتەوە، هەروەک دەیانەوێت سۆزی کوردان بەوە رابکێشن گوایە ئیسلام بۆتە هۆکاری پاشکەفتنی کورد و نەبوونی بە دەوڵەت، دیسان کۆمەڵێک ئەفسان ەو حەقایەتی ناراست دێننەوە دەربارەی شەڕ و کوشتاری کورد و ئەسحابەکان.

## رۆڵی موژدەبەران لە شێواندنی ناوبانگی کورد

بەدەر لەوەی موژدەبەران لانەی فەلەکانی عێراق و کوردستانیان تێکوپێکدا، بەدەر لەوەی بوونە سەرچاوەی فیتنە لەسەر پێکەوەژیانی ئاشتیانەی موسڵمان و مەسیحی، لە هەمان کاتیشدا رۆڵێکی گەورە دەگێڕن لە زڕاندنی ناوبانگی کورد، هەروەک دوای رووخانی دەوڵەتی عوسمانی، دەورێکی باڵایان دیتووە بۆ دانانی کورد لە پەراوێزی گەلانو بێبەشکردنی لە مافەکانی.

ئەگەر بۆ مێژوو بگەڕێینەوە دەبینین گەورەترین شۆڕشی کوردان لە سەدەی نۆزدەهەمدا میرنشینی

**تا موژدەبەران نەهاتبوون مەسیحییەکانی کوردستان و عێراق بەناوی کلێسای رۆژهەڵات و ئاینزای نەستووری وەك هێزێکی کارا لە گۆڕەپانەکە هەبوون، بەڵام ئەم یەکێتییەی مەسیحییەکان درزی کەوتە ناو و کلێساکەیان دابەشبوو**

بۆتان و دەسەڵاتی میر بەدرخان بوو، موژدەبەران هاتنە ناو گوند و شارە فەلەنشینەکان، ئەوانیان دژی میر قیت دەکردنەوە، بە تەماح چاویان تاریک دەکردن، ئەو برایەتی و تەباییەیان لە بیر دەبردنەوە کە لە سایەی میرنشینی بۆتان چنگیان کەوتبوو، نەخاسمە موژدەبەری ئەمریکی «گرانت» پێدەچێت زاری «مار شەمعوون»ی چەور کردبێت، تا دواجار فیتنەیەکی گەورەیان نایەوە، خەڵکێکی زۆر لە کوردان و نەستوورییەکان بوونە قوربانی، کاتێکیش ئاژاوەکەیان بە بەرژەوەندی میرنشینی بۆتان تەواو بوو، ئەم موژدەبەرە چڵێسانە کەوتنە ناوزڕاندن، ئەوەی بۆیان لوا دەستیان لێ نەگێڕاوە، هیچ باڵیۆزخانەیەکی وڵاتانی رۆژئاوا نەما لە دەرگای نەدەن، راپۆرتی لایەنگیریان بۆ بەرزەدەکردنەوە، تا دواجار وڵاتانی دونیا دەستیان خستە ناو کوردستان و ناوچەکە بە بیانووی دیفاعکردن لە کریستیانەکان رێگەیان بۆ ئیستیعمار خۆشکرد، فەرەنسا بەناوی کاسۆلیکەکان، بەریتانیاش بۆ پرۆستانتەکان، لە دوو ماهێکدا لە ساڵی (١٨٤٧) میرنشینی بۆتان رووخا، بەتایبەتی دوو موژدەبەر بەناوەکانی «گرانت و بادگر» رۆڵی سەرەکیان دیت لە دژایەتیکردنی میر بەدرخان، لەولاوەش خەریک بوو بەرهەمی شۆڕشەکەی شێخ عوبێدوڵای نەهری بدووڕێتەوە، دیسانەوە موژدەبەران بەتایبەتی موژدەبەری ئەمەریکی «کۆشران» پوکاندیانەوە، ئەم خەونەی کوردیان لە بار برد، کاتێک کۆمەڵگا مەسیحییەکانی ورمێ لەگەڵ شێخی نەهری تێکگیران و بوونە درِی لە پێیدا، چونکە ببوونە کلکی قاجارییەکانی نەیاری شێخ و دەستیان لەگەڵیان تێکەڵ کردبوو بۆ لەناوبردنی، شێخیش هەڕەشەی لێکردن و هۆشداری دانێ واز بێنن، وادیارە فەلەکانی ورمێ سوورن لە پشتیوانی قاجارییەکان و دژایەتیکردنی شۆڕشی نەهری، بۆ لابردنی ئەو هەڕەشە بەردەوامە شێخ دەستیکرد بە کۆکردنەوە و ئامادەکردنی هێزێک، بەڵام دکتۆر «کۆشران» سەرۆکی هەناردەی تەبشیری ئەمەریکی بەتەواوی جێی خۆی لەلای شێخ کردبووەوە، چونکە وەکو پزیشک چارەسەری هاوژینەکەی شێخیان دەکرد، شێخیش زۆر رێزی دەگرتن، بەڵام ئەوان بێنمەک بوون بەرامبەر شێخ و پاشقولیان لێدا، کۆشران چاک ئاگاداری هێزی قاجارییەکان بوو، دەیزانی بەرِێوەن بۆ شەڕکردن لەگەڵ شێخ، دواجار هەناردە تەبشیرییەکە هەرچۆنێکی بێت شێخیان رازی کرد چەند رۆژێک بردنە پێشەوەی هێزەکەی رابگرێت، لەم کەین و بەینەدا هێزە فارسەکە گەیشت، دواجار بەسەر کوردانیان دادا، کاتێکیش شوێنکەوتووانی شێخ بەرەو تورکیا هەڵاتن، خۆشی تووشی داڕووخان هات و بۆ شاری مەککە دوور خرایەوە و لەوێ کۆچی دوایی کرد، بەمەش موژدەبەران شۆڕشەکەی شێخ عوبێدوڵای نەهریان بەتەواوەتی لە ناو برد.

دەرەنجامی هەوڵەکانی موژدەبەران لە نێوان موسڵمان و مەسیحییەکان رژانی خوێن بوو، بەڵام ئەنجامە خراپترەکەی ئەوە بوو، کە موژدەبەران لە رۆژئاوا و وڵاتە زلهێز و خاوەن بڕیارەکان بە نووسین و سمینار ناوبانگی کوردیان بەد کرد،

مەسیحییە خۆجێییەکانیش وێڕای ئەوەی دەیانزانی ئەوە موژدەبەرانن ئەم فیتنەیان ناوەتەوە، بەڵام تازە کە شەڕ دروست بوو، ئەوانیش بوونە بەشێک لە هەڵمەتی بەنێودەوڵەتیکردنی ناشیرینکردنی کورد، بۆ نموونە باسی هێرشی کوردانیان دەکرد، باسی ئەوەشیان نەدەکرد، کە کێ بوون فیتنەیان هەڵگیرساند، یان ئەگەر کورد سەرنەکەوتبان خۆ لەشکری مەسیحیەکانیش خراپتریان بەسەر کورد دەهێنا، میناک ساڵی (١٨٩٥) قەشە ئیسحاق ئەرمەلەی سریانی، کوردی بە دڕندە وەسف دەکرد و دەیگووت «کورد وەک کەرو جاشک خەریکی تۆڵەستاندن بوون، بەڵام ئەمان لە کەریش دڕندەتر بوون، بە کەرێکیان گووت: دەمانەوێ بتکەینە کورد، کەرەکە سێ ڕۆژان خەم دایگرتب و ئالیکەکەشی نەدەخوارد». دواتر کوردیان بە ئاوارە دەژمارد و دەیانگووت «کوردستان لە بنەڕەتدا کلدانستان-بووە».

سەبارەت بە کەسایەتییەکانیش موژدەبەران و کلکەکانیان هەموو هەوڵێکیان دا بۆ ناشیرینکردنی ناوی ڕێبەرانی کورد بەتایبەتی «محەممەد پاشای ڕواندز، بەدرخانی میری بۆتان، شێخ عوبێدوڵای نەهری، شێخ مەحمودی حەفید، سمکۆی شکاک، شێخ ئەحمەدی بارزانی»، چونکە دەیانزانی یەکەمین دەرگای لێدانی کورد لە کرێتکردنی ناو و ناوبانگی سەرکردەکانییەتی، هەر کاتێک تواندرا سەرکردەکان ناشیرین بکرێن، دەرەنجام بە سانایی دەتوانن شۆڕشەکان لەبەریەک ببەن.

ئەوانەش چەند نموونەیەک لەسەر زیانەکانی موژدەبەران بۆ سەر کورد و ناوبانگەکەی، زستانی (١٨٤٣) «جۆرج بادگەر»ی موژدەبەری ئینگلیزی هاتە سەردانی پەتریک مار شەمعون، دواتر پەتریک لەگەڵ سەد پیاوی ئاینی خۆی کۆبوویەوە بڕیاریدا هیچ پەیمانێک لەگەڵ کورد نەبەستێت، بەڵکو بەرئەمری پاشای موسڵی عوسمانی بن. دواتر کە شەری لەگەڵ نوروڵا بەگ دەستپێکرد، دوو کورد بە نوێنەرایەتی نوروڵا بۆ ئاشتی هاتنە لای مار شەمعون، بەڵام ئەو ڕەتی کردەوە، براکەی وتی «وڵاتی ئێمە موڵکی ئەم پیاوەیە (بادگەر)».

دوای شەڕی میر بەدرخان هەڵمەتی شێواندنی ناوبانگی کورد دەستپێکرد، نەخاسمە لە ڕۆژئاوا، بە تایبەتی لەلایەن گرانت موژدەبەری ئەمریکی، بادگەر موژدەبەری بەریتانی، هێنری لایارد گەڕیدە و سیخوڕی ئینگلیز و پاشکۆکانیان، تا ئێستاش دوو گۆڤاری کریستیانەکان لەسەر پاشماوەی بیرۆکەی موژدەبەران لە سوێد دەردەچن بە ناوەکانی (حویودو) و (دربو) هەمان دەرد بە کورد و ناوبانگی دەکەن. لەگەڵ چەندان نووسەری تریش. بەمەش ناحەقییەکی زۆر گەورە لە کورد دەکەن، وەک «ماتفییف بارمتی» نووسەری رووسی بە رەگەز لوبنانی تاوانەکە دەخاتە ملی موژدەبەران، دەڵێت «توێژەران تێبینییان کردووە، لەو کاتەی موژدەبەران چوونەتە ناو دەڤەرەکانی ئاشوورینشینەوە، ئیدی تێکچڕان و جۆرەها پێکدادان لە نێوان ئاشووری و کوردەکان زۆر زیادی کردووە».

ئەم هەڵمەتەی موژدەبەران سرووشتی نییە، چونکە کاریگەری خراپی بەسەر کوردەوە هەبووەو، هۆکارێکی سەرەکی بووە بۆ شێواندنی ناوبانگی کورد و پەراوێزخستنیان لە کردنە دەوڵەت.

بە کورتی، کوردستان هەمیشە لانکی پێکەوەژیان بووە، هیچ گرژی و ناخۆشییەکیش لە ناوبەینی کورد و فەلەکان نەبووە، تەنها ئەو کاتانە نەبێت کە موژدەبەران درووستیان کردووە، بۆیە دەبێت هەردوولا دەست بەو پێکەوەژیانە بگرن، نەهێڵن بەکرۆکەکان بەرەو ڕووی یەکتریان بکەنەوە.

# پەیوەندییە دۆستانەکانی
# نێوان گەل و نەتەوەکان
# لە قورئانی پیرۆزدا

ن: د. مستەفا زەڵمی
و: ڕێدار ئەحمەد



بنچینەی پەیوەندیە دۆستانەکانی نێوان گەلان لە قورئانی پیرۆزدا، کە دەستووری هەموارکراوی تێکڕای دەستوورەکانی پێشترە کە خوای گەورە ناردوونی، ئەو بنچینانە لەژمارە نایەن و ناتوانرێت هەموویان باس بکرێت، لەبەر ئەوە تەنها هێندەی کە لە توانامانداا بێت لێیان دەدوێین:

**بنچینەی یەکەم:**
**یەکێتی رەچەڵەك (وحدة النسب):**

تێکڕای ئەندامانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە رابوردو و ئێستا و ئایندەشدا، خوشک و بران، چونکە هەموویان لەیەک باوکن (ئادەم) لەیەک دایکیش (حەوا)، لەبەر ئەوە هیچ باڵازانی پێر و خۆبەرزگرتنی جۆر لەنێوانیاندا نییە، فەلسەفەی دابەشکردنیشیان بۆ گەل و هۆزەکان بەمەبەستی یەکدی ناسینە نەک لێکجیایی، هاریکارییە نەک یەکشکاندن، بەرزیباشی تەنها بە تەقوا و کردەوەی چاکەیە کە باشێتیەکەی بۆ هەمووی گرۆی ئادەمیزاد دەگەڕێتەوە. لەمبارەیەشەوە خوای گەورە دەفەرمویت: (يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوباً وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ) [١]، وشەی (اتقاكم) واتە نزیکترینتان کە پەیوەندی هەبێت بە خوای گەورەوە سەبارەت بە ژیانی قیامەت بەسودترینتان بۆ مرۆڤایەتی لەژیانی دونیادا، هەروەک پێغەمبەریش –درودی خوای لێبێت– دەفەرموێت: (خيرُ الناسِ أنفعُهمْ للناسِ) [٢].

**بنچینەی دووەم:**
**یەکێتی پێکهاتە (وحدة المعدن):**

بیروباوەڕی ئیسلامی بەدەقە یەکلاکەرەوەکانی جەختی لەوە کردۆتەوە کە مرۆڤایەتی لە بنچیەنیدا بۆ یەک پێکهاتە (نفس) دەگەڕێتەوە کە هەموو مرۆڤایەتی لێ پەیدا بووە، پێکهێنەری یەکەمیان یەکە، ئەویش خاکە، کۆتایەکەشیان هەر یەکە و ئەویش گەڕانەوەیانە بۆ لای خوای گەورە تا هەر یەکەیان پاداشتی کردەوەکانیان وەربگرن، خوای گەورە دەفەرمووێت: (وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَكُم مِّن تُرَابٍ ثُمَّ إِذَا أَنتُم بَشَرٌ تَنتَشِرُونَ) [٣].

پێغەمبەریش (درودی خوای لێبێ) لە حەجی ماڵئاواییدا جەختی لەسەر ئەم دوو بنچینەیە کردۆتەوە و دەفەرمووێت: (يا أيها الناس، ألا إن ربكم واحد، ألا وأن أباكم واحد، ألا لا فضل لعربي على عجمي، ألا لا فضل لأسود على أحمر إلا بالتقوى) [٤].

**بنچینەی سێیەم:**
**یەکێتی بەدیهێنەریان (وحدة الصانع (الخالق):**

بەدیهێنەری هەموو مرۆڤایەتی تەنها خودایە، مرۆڤ وەک کاڵا نییە لە رووی باشە و پێکهاتەوە بەگوێرەی ئەو کۆمپانیایەی دروستی کردووە جیاوازیان هەبێت، هەموو مرۆڤێک لە ڕابوردو و ئێستا و ئایندەشدا تەنیا یەک بەدیهێنەری هەیە کە ئەویش (الله)یە، خوای گەورە دەفەرمووێت: (يَا أَيُّهَا النَّاسُ اعْبُدُواْ رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ وَالَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ) [٥].

**بنچینەی چوارەم:**
**یەکێتی باوەڕبوون بەخوداو ئەو شتە پەنهانانەی دیکەی کەلێی دەبێتەوە (وحدة الإيمان بالله وبما يتفرع عنه من سائر المغيبات):**

ئەوەی پەیڕەوکارانی تێکڕای ئایینە ئاسمانییەکان کۆدەکاتەوە، باوەڕبوونە بە یەک پەروەردگار کە بەدیهێنەری بونەوەر و ئەوەی تێیدایە، دیاریکاری چارەنووسی مرۆڤە لەرووی بەدیهێنان و ئەرکەوە (قضاء وتكليفا)، کە ئەویش فەرمانکردنە بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە.

## ئەوەی پەیڕەوکارانی تێکڕای ئایینە ئاسمانییەکان کۆدەکاتەوە، باوەڕبوونە بە یەک پەروەردگار کە بەدیهێنەری بونەوەر و ئەوەی تێیدایە

**بنچینەی پێنجەم:**
**یەکێتی ڕێزلێگیران (وحدة التكريم):**

خوای گەورە ڕێزی لە مرۆڤ ناوە بەوەی بەجوانترین شێوە دروستیکردوون، هەروەها بە بێ جیاوازی نیعمەتی پێ بەخشیون، خوای گەورە دەفەرموویت: (وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِى آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِى الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُم مِّنَ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَى كَثِيرٍ مِّمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلاً) (٦).

**بنچینەی شەشەم:**
**یەکێتی ئایین (وحدة الدين):**

ئیسلام بڕیاری یەک ئایینی داوە، هەموو پێغەمبەرانیش لە لایەن خوای گەورەوە پێیان ڕاگەیەنراوە، کتێبە ئاسمانییەکانیش هەمووی وەحی ئەون، بڕوادارانیش هەموویان لە هەر نەتەوەیەک بن بەندە ڕاستگۆکانی خوای گەورەن کە لە دونیا و قیامەتدا براوەن، جیاکاری لە ئایینداو دژایەتی بەناوی ئەوەوە خراپەیەکە دژە لەگەڵ بنچینە و بنەماکانیدا، یەکیش ناگرێتەوە لەگەڵ مەبەست و ویستیدا.

قورئانی پیرۆز جیاوازی کردووە لە نێوان ئایین و شەریعەتدا، خوای گەورە دەفەرموویت: (شَرَعَ لَكُمْ مِنْ الدِّينِ مَا وَصَّى بِهِ نُوحًا وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَى وَعِيسَى أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ) (٧).

**بنچینەی حەوتەم:**
**یەکێتی بەرژەوەندی و خاوەندارێتی خێروبێری سەر زەوی (وحدة المصلحة وملكية خيرات الأرض):**

خوای گەورە دەفەرموویت: (هُوَ الَّذِى خَلَقَ لَكُم مَّا فِى الأَرْضِ جَمِيعاً ...) (٨)، بۆیە لە ئیسلامدا هیچ سنوورێک نییە لە نێوان هەرێم و وڵاتەکاندا، خاوەندارێتیان تەنها بۆ خودای گەورەیە.

**بنچینەی هەشتەم:**
**یەکێتی چارەنووس (وحدة المصير):**

مرۆڤەکان هەموویان یەکسانن لە چارەنووسدا کە ئەویش مردنە و دابڕانە لە دونیا، ئیدی مردنەکە لە کوخێکدا بێت یان لە کاولەیەکدا، یان لە کۆشکێکی ڕازاوەدا، خوای گەورە دەفەرموویت: (أَيْنَمَا تَكُونُواْ يُدْرِككُّمُ الْمَوْتُ وَلَوْ كُنتُمْ فِى بُرُوجٍ مُّشَيَّدَةٍ) (٩).

**بنچیەنەی نۆیەم:**
**یەکێتی بەرپرسیارێتی (وحدة المسؤولية):**

هەموو تاکێک بەرپرسە لە جێکەوتەی کارەکانی، ئەگەر چاکە بوو ئەوا پاداشتەکەی چاک دەبێت، ئەگەر خراپیش بوو ئەو پاداشتەکەی خراپ دەبێت، خوای گەورە دەفەرموویت: (فَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْراً يَرَهُ، وَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرّاً يَرَهُ) (١٠)، لەسەر ئەم بنەمایە هیچ کەس حەسانەی نییە لە ئیسلامدا ئیدی پلەوپایەی هەرچیەک بێت.

**بنچینەی دەیەم:**
**یەکێتی پەرستراو (وحدة المعبود):**

ئەو ئەندامانەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کە بڕوایان بە بوونی یەک خودا هەیە هاوبەشن

لەوەی پەرستش بۆ ئەو خودایە دەکەن و کڕنوشی بۆ دەبەن، هەر لایە بەپێی پەرستشی تایبەتی خۆی لەبەر رۆشنایی ئەو پێڕەوانەی لە ئایینەکەیدا هەیەو لە هەموو ئایینەکاندا دوو پەرستراو نییە.

**بنچینەی یازدەیەم:**
**یەکێتی سەرچاوە (وحدة المرجع):**

سەرچاوەی هەموو بوونەوەرە زیندووەکان لە مرۆڤ و ئەوانی دیکەس بۆ بەجێهێنانی پێداویستییەکانیان تەنها خودای گەورەیە.

**بنچینەی دوازدەیەم:**
**یەکێتی ململانێی نێوان هەستی چاکە و هەستی خراپە لە مرۆڤدا (وحدة الصراع بين نزعة الخير ونزعة الشر في الإنسان):**

لە سەرەتای دروستبوونەوە جیهانی مرۆڤایەتی بۆ دوو سەربازگە دابەش بووە، سەربازگەی چاکە و سەربازگەی خراپە، ئەم سوننەتەی ژیانیش ئەوە دەخوازێت کە لە هەموو سەردەمێکدا دەستێکی دانا هەبێت و لە کۆتایی گەشتەکەدا کەشتی ژیان بەرەو کەناری چاکە و چاکسازی ببات.

**بنچینەی سیازدەیەم:**
**یەکێتی بنەمای شەرعیەت. هیچ تاوانکاری و سزایەك نییە مەگەر دەقی لەسەر بێت (وحدة مبدأ الشرعية. لا جريمة ولا عقوبة إلا بنص):**

(هیچ تاوانکاری و سزایەک نابێت تا دەقی لەسەر نەبێت) واتە دروست نییە سزادان لەسەر ئەو کارانە نەبێت کە بەپێی یاسا بەتاوان دادەنرێن لەکاتی ئەنجامدانیدا، دروست نییە جیبەجێکردنی سزایەکی توندتر لەو سازایەی بەرکارە لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا.

> **ئەو ئەندامانەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کە بڕوایان بە بوونی یەك خودا هەیە هاوبەشن لەوەی پەرستش بۆ ئەو خودایە دەکەن**

**بنچینەی چواردەیەم:**
**یەکێتی بنەمای نەبوونی کاریگەری پێشخۆیی یاسا (وحدة مبدأ عدم رجعية القانون):**

بنەمای نەبوونی کاریگەری پێشخۆیی یاساکان لەو بنەما سەرەکیانەیە کە ڕێسای یاسای لەسەر دادەمەزرێت، لەبەر ئەوەی یاسا راستەوخۆ و دەستبەجێ کاریگەرییەکانی لەسەر کارەکان دەردەکەوێت کە لەلایەن کەسەکانەوە ئەنجام دەدرێت لە مێژووی دەرچوون و بەرکابوونیەوە، ناتوانرێت بەسەر ئەو رووداوانەدا جیبەجێ بکرێت بە کاریگەری پێشخۆیی کەپێش دەرچوون و بەرکاربوونی یاساکە ئەنجام دراون.

**بنچینەی پازدەیەم:**
**بنەمای تۆمەتبار بێتاوانە تا ئەوکاتەی تۆمەتەکە لەسەر ساغ دەبێتەوە (مبدأ المتهم بريء حتى تثبت ادانته):**

ئەم بنەمایە لەسەر بنەمایەکی دیکە دامەزراوە کە ئەویش بریتییە لەوەی کە لە بنەچەدا مرۆڤ ئەستۆی پاکە.

**بنچینەی شازدەیەم:**
**یەکێتی بنەمای کەسێتی سزا. هیچ کەس سزای کەسێکی تر لە ئەستۆ ناگرێت (وحدة مبدأ شخصية العقوبة. ولا تزر وازرة وزر أخرى):**

لەو بنەما چەسپاوانەی لە شەریعەتی ئیسلام و شەریعەتەکانی دیکەدا بڕیاری لێدراوە: هیچ کەس لەبارەی تاوانی کەسێکی ترەوە پرسیاری لێناکرێت و کەس بەهۆی تاوانی کەسێکی ترەوە سزا نادرێت، سزاکان لە هەموو ئایینەکاندا کارێکی کەسییە و پەیوەستە بە تاوانبارەکەوە و کەسی دیکە جگە لە خۆی بەرپرسیارێتیەکەی لە ئەستۆ ناگرێت.

**بنچینەی حەڤدەیەم:**
**یەکێتی هۆکاری لەئەستۆگیری (عەقڵ) (وحدة مناط التكليف (العقل)):**

ئەو مرۆڤەی عەقڵی نەبێت لە ڕووی تاوانکارییەوە لێپرسینەوەی لەگەڵ ناکرێت، ئیدی لەبەر منداڵی، یاخود شێتی، یان خەوتن، یان لەهۆشچوون (غەیبوبە)، یان خواردنی مادەی هۆشبەر، یان جگە لەوانە[١١]... بنچینەی ئەمەش فەرموودەی پێغەمبەرە (درودی خوای لێبێت) دەفەرموێت: (رفع القلم عن ثلاثة: عن الصبي حتي يبلغ، وعن النائم حتى يستيقظ، وعن المجنون حتى يفيق[٢١]) واتە: قەڵەم لەسەر ئەم سیانە هەڵگیراوە: منداڵ تا بالغ دەبێت، خەوتوو تاخەبەری دەبێتەوە، شێت تا چاک دەبێتەوە.

هەموو ئەوانەی هۆش لەدەستدەدەن لەسەر ئەو سیانە دەپێورێن، ئەمەش وەک کارکردن بە بیرۆکەی پێوانەکردن لە تاوانکارییەکاندا لای زانایانی شەریعەت[٣١]، بە پێچەوانەی زانایانی یاساوە.

**بنچینەی هەژدەیەم:**
**یەکێتی گەشە لە قۆناغەکانی شیاوێتیدا (وحدة التطور في مراحل الأهلية):**

**بنچینەی نۆزدەیەم:**
**هاریکاری مرۆیی (التعاون الإنساني):**

هاریکاری بنەمایەکی گشتیی هەموو کۆمەڵگانە لە ئیسلامدا هەروەک قورئان بڕیاری لەسەر داوە، لە سورتی (المائدة)دا هاندان لەسەر هاریکاری ڕەها لەچاکەدا هاتووە، ڕێگری دەکات لە هاریکاری لە خراپە و دوژمنکاریدا، خوای گەورە دەفەرمووێت: (وَتَعَاوَنُواْ عَلَى الْبرِّ وَالتَّقْوَى وَلاَ تَعَاوَنُواْ عَلَى الإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ) [٤١]، هاریکاری دەکرێت لە نێوان هەرێمەکاندا بێت لە چوارچێوەی مرۆڤایەتیدا بێت.

پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) بە کردار و گوفتار داوای هاریکاری دەکات لە پەیوەندی نێوان وڵاتەکاندا لەگەڵ یەک، لە دەقی قورئاندا هاتووە: (يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوباً وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ) [٥١]، ئەو واتایە دەگەیەنێت کە جیاوازی هۆزەکان و جۆرەکان بۆ یەکتر ناسینە، لەپشت ئەو یەکترناسینەشەوە هاریکاری لەسەر کاری چاکە لەنێوانیاندا هەیە.

**بنچینەی بیستەم:**
**مەردایەتی لێبووردەیی (شيمة التسامح):**

ئیسلام داوای لێبووردەییەک دەکات کە سەرشۆڕی تێدا نەبێت، کە پەیوەندیە مرۆییەکان لەسەر لێبووردەیی دوور لە خۆبەدەستەوەدان بۆ خراپە، یاخود پشتگیری خراپەکاری بونیات بنێت، ئیدی لە نێوان تاکەکاندا بێت یان لە نێوان کۆمەڵەکاندا، خوای گەورە باسی لە پێویستی ڕەتکردنەوەی دژایەتی کردووە بە باشترین شێوە، هەروەک خوای گەورە دەفرمووێت: (ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ فَإِذَا الَّذِي بَيْنَكَ وَبَيْنَهُ عَدَاوَةٌ كَأَنَّهُ وَلِيٌّ حَمِيمٌ) [٦١]، ئەم ڕەتکردنەوە جوانە دەبێتە هۆی هێنانەئارای خۆسەویستی ئەگەر بوارێکی هەبێت، فەرماندەکات بە پێغەمبەری دەستپاک بەلێخۆشبوون بەشێوەیەکی جوان لەگەڵ ئەوانەی دژایەتی دەکەن، هەر وەک

دەفەرموویت: (فَاصْفَحِ الصَّفْحَ الْجَمِيلَ) [٧١]، لێخۆشبوونی جوان بریتییە لە لێبوردەیی لە کاتی دەستەڵاتدا و دوور لە خۆبەدەستەوەدان بۆ خراپە و پشتیوانی خراپەکاران.

**بنچینەی بیست ویەك:**
**باشێتی (الفضيلة):**

بەپێی بنەماکانی ئاکاری پەسەند، باشێتی مافی هەموو مرۆڤێکە کە بەپێی مرۆڤبوونەکەی پێویستی پێیەتی و بریتییە لە ناساندنێکی هاوبەشی نێوان هەموو نەوەکانی ئادەم، لە بنەما ئیسلامییەکاندا بریار لە جێبەجێکردنی ئەمە بەسەر هەموو خەڵکی سەرزەویدا دراوە، توندترین داوای قورئانیش بۆ باشێتی ئەوەیانە کە بەجیهادەوە دەبەستریتەوە، لەترسی ئەوەی لەکاتی جەنگدا خەڵک پەنا بۆ ئەو کارانە ببات کەپێچەوانەی ئەو بنەما گشتییەیە، بۆ نمونە لە دەقی قورئاندا دەبینین فەرمان بە مامەڵەی هاوشێوە دەکات لەکاتی دوژمنکاریدا، هەر کەس دەستدرێژی کرد رەتی کارە خراپەکەی دەکرێتەوە، هەرکەس جەنگا، جەنگی لە دژ دەکرێت، بەڵام ئەمەی بەستۆتەوە بە پێویستی دەستگرتن بە تەقواوە، تەقواش لە دەستگرتن بە باشێتیەوە دەبێت، هەروەک خوای گەورە دەفەرموویت: (فَمَنِ اعْتَدَى عَلَيْكُمْ فَاعْتَدُواْ عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا اعْتَدَى عَلَيْكُمْ وَاتَّقُواْ اللّهَ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ مَعَ الْمُتَّقِينَ) [٨١].

کاتێک کە قورئان بریار لە وەڵامدانەوەی دەستدرێژی بە دەستدرێژی دەداتەوە، ئەگەر دوژمن سنوورەکانی باشێتی بەزاند، ئەوا لە بەرانبەریدا نابەزێندرێت، ئەگەر جەنگ بوو ئەوا جەنگی پێغەمبەرێکی بەسۆزی دادپەروەرە لە دژی ستەمکار و دەستدرێژیکاران و جەنگی باشێتیە لە دژی خراپەکاری، باشێتی باڵای بۆ زیاد دەکرێت، بەباشێتی کۆتایی دێت و سەرکەوتنەکە دەبێتە بەرز و باش.

**ئیسلام داوای لێبووردەییەك دەكات كە سەرشۆڕی تێدا نەبێت، ئیدی لە نێوان تاكەكاندا بێت یان لە نێوان كۆمەڵەكاندا**

**دەرئەنجامی ئەو بنچینانەی باسکران**

ئەو بنچینانەی بۆ مافەکانی مرۆڤ و پابەندییەکانی لە ئاینەکاندا باسکرا ئەم دەرئەنجامانە دێنێتە ئارا:

یەکەم: بنەمای بنەڕەتی لە پەیوەندییەکانی نێوان گەل و نەتەوەکان لە ئاینەکاندا ئاشتیە، جەنگ جیاچارە (استثناء)یە:

لە قورئانی پیرۆزە ئەمە باسکراوە، خوای گەورە دەفەرموویت: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا ادْخُلُوا فِي السِّلْمِ كَافَّةً وَلَا تَتَّبِعُوا خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُبِينٌ) البقرة: ٢٠٨، لە ئایەتێکی دیکەدا دەفەرموویت: (وَإِنْ جَنَحُوا لِلسَّلْمِ فَاجْنَحْ لَهَا وَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ) الانفال ٦١، ئەمەو دەیان ئایەتی دیکە کە فەرمان بە شوێنکەوتنی رێگای ئاشتیانە دەکات، پەنابردن بۆ بەکارهێنانی هێز لە چارەسەرکردنی ناکۆکیەکاندا شوێنکەوتنی هەنگاوەکانی شەیتانە، کە ئەویش دوژمنی مرۆڤە، سەرەرای ئەوە ئەوەی بەلگەیە لەسەر

## بنەمای بنەڕەتی لە پەیوەندییەکانی نێوان گەل و نەتەوەکان لە ئایینەکاندا ئاشتیە، جەنگ جیاچارە (استثناء)یە

ئاشتی لە ئیسلامدا بنچینەیە وشەی (السلام) و هاوچەشنەکانی (١٣٣) جار لە قورئاندا دوبارەبۆتەوە، وەک ئەوانەی باسمان کرد، لە ئایەتێکی دیکەشدا هاتووە: (وَاللَّهُ يَدْعُو إِلَى دَارِ السَّلَامِ) یونس ٢٥.

پاشان ئیسلام فەرمانی کردووە بە سڵاوکردن لە نێوان تاکەکاندا بەیانیان و ئێواران بوترێت (السلام عليكم) و (عليكم السلام)، لەسەر نوێژخوێن پێویستە لە نوێژەکەیدا بڵێت: (السلام عليكم ورحمة الله وبركاته.. السلام علينا وعلى عباد الله الصالحين)، وشەی ئیسلامیش لە وشەی سەلامەوە وەرگیراوە.

**دووەم: جەنگە ڕەواکان:**

تەنها لە دوو حاڵەتدا جەنگ لە ئیسلامدا ڕەوایە:

– حاڵەتی یەکەم: بریتییە لە حاڵەتی بەرگری ڕەوا (الدفاع المشروع)، خوای گەورە دەفەرموویت: (فَمَنِ اعْتَدَى عَلَيْكُمْ فَاعْتَدُوا عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا اعْتَدَى عَلَيْكُمْ وَاتَّقُوا اللَّهَ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ مَعَ الْمُتَّقِينَ) البقره ١٩٤.

– حاڵەتی دووەم: بۆ بەرەنگاربوونەوە و نەهێشتنی ئاشوب (فیتنە)، خوای گەورە دەفەرموویت: (وَقَاتِلُوهُمْ حَتَّى لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ الدِّينُ لِلَّهِ) البقرة ١٩٣.

**بنەما و ڕاسپاردەکانی جەنگە ڕەواکان:**

ئەگەر لە ئیسلامدا جەنگ جیاچارە بێت، ئەوا بە ڕەهایەتی ئەم حاڵەتە جیاچارەیە بەجێنەهێڵراوە، بەڵکو کۆتکراوە بە هەندێک ڕاسپاردە و بنەما، لەوانە:

لە ڕاسپاردەکانی قورئان: پێویستە بەرگری بەرادەی دەستدرێژیەکە بێت، ئەگەر لەوە زیاتر بوو ئەوا لەبەرگریەوە دەگۆڕێت بۆ دستدرێژی، لە قورئاندا بەمشێوەیە باسکراوە: (فَمَنِ اعْتَدَى عَلَيْكُمْ فَاعْتَدُوا عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا اعْتَدَى عَلَيْكُمْ) البقرة ١٩٤. چونکە جەنگ بۆ کاتی پێویستە و پێویستیەکانیش بەرادەی پێویستبوونیان دەپێورێن.

لە ڕاسپاردەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لێبێت): (لا تغدروا، ولا تغلوا، ولا تقتلوا وليداً، وستجدون رجالاً في صوامع معتزلين للناس فلا تعرضوا لهم، ولا تقتلوا امرأة، ولا صغيراً، ولا كبيراً فانياً، ولا تحرقن نخلاً ١٩)، ولا تقلعن شجرا، ولا تهدمن بيتاً)(٠٢). واتە: ( ستەم لە کەس مەکەن، زیدەڕەوی مەکەن، مناڵ مەکوژن، کەسانێک دەبینن خۆیان پەناداوە هێرشیان مەکەنە سەر، ئافرەتان مەکوژن، نەمناڵ، نەگەورە، دارخورما مەسوتێنن، دار مەبڕن، ماڵ وێران مەکەن.

أ– لە ڕاسپاردەکانی خەلیفەی یەکەم ئەبوبەکری سدیق (خوا لێی ڕازی بێت): خیانەت مەکەن، ستەم مەکەن، مناڵی بچوک، پیاوی بە تەمەن، ئافرەت مەکوژن، دارخورما مەبڕنەوە و مەیسوتێنن، داری بەردار مەبەڕنەوە، مەڕ و مانگا و گوێرەکە سەرمەبڕن(١٢).

ب– لە ڕاسپاردەکانی خەلیفەی دووەم عومەری کوڕی خەتتاب (خوا لێی ڕازی بێت):

کاتێ روو لە جەنگاوەرانی جەنگی رەوا دەکات: من فەرمانت پێدەکەم و بەوانەشی کە لەگەڵ تۆدان لە سەربازەکان کە لە هەموو حاڵەتێکدا تەقوای خواتان هەبێت، چونکە تەقوای خوا باشترین ئامادەسازییە بۆ چونە سەر دوژمن، بەهێزترین پلانە لە جەنگدا، فەرمانت دەکەم بە تۆ و ئەوانەی لەگەڵتاندان زیاتر خۆتان لە گوناه بپارێزن، لە خۆتان و لە دوژمنەکەتان، چونکە گوناهی سوپایەک مەترسیدارترە بۆیان لە دوژمنەکەیان، خوای گەورە سوپا بە هۆی سەرپێچی بەرانبەرەکەیانەوە بۆ فەرمانی خوا سەردەخات، ئەگەر وا نەبوایە ئەوا ئێمە هێزی ئەوانمان نەبوو، چونکە ژمارەمان وەک ژمارەی ئەوان نییە، چەک و تفاقمان بە رادەی ئەوان نییە، ئەگەر لە گوناهکردندا وەک یەکمان لێبێت، ئەوا ئەوان بەسەرماندا زاڵ دەبوون لە هێزدا، ئێمە بەهۆی باشەمانەوە بەسەریاندا سەردەکەوین، نەک بەهۆی هێزمانەوە[٢٢].

ج- لە راسپاردەکانی خەلیفەی چوارەم عەلی کوڕی ئەبوتاڵب (خوا لێی رازی بێت): خۆت دوور بگرە لە خوێن و خوێنڕێژی بە رەوا نەبێت، چونکە هیچ شتێک نییە لەوە کەمتر بێت تووشی قینت بکات و لەوەش گەورەتر بێت کە بە هۆی ئەوەوە تووشت دەبێت و شایستەترە کە ببێتە هۆی نەمانی نیعمەت و کورتکردنەوەی ماوە بە هۆی خوێنڕێژی بە ناڕەوا، خوای گەورە لە رۆژی قیامەتدا حوکمی خۆی لە نیوان بەندەکانیدا بەو خوینڕێژیەی کردوویانە دەستپیدەکات، دەستەلاداریتی خۆت بەخوێنڕێژی ناڕەوا بەهێز مەکە[٣٢].

سێیەم: ئەو کانزایانەی لە قوڵایی زەوی و سەر زەویدا هەن(فلزی و نافلزی) خوای گەورە بۆ نەوە یەک لەدوای یەک هاتووەکان دروستی کردووە:

دروست نییە بۆ هیچ نەوەیەک بە رادەی پێویستی خۆی نەبێت، هەموو زیادەڕەوییەک لە دەرهێنان و بەکارهێنانیدا دەستدرێژیە بۆسەر مافی نەوەکانی ئایندە، پێچەوانەی ئەو گوتارەیە کە خوای گەورە لە قورئاندا ئاراستەی هەموو نەوەکانی کردووە: (هُوَ الَّذی خَلَقَ لَکُمْ ما فی الأَرضِ جَمیعاً).

چوارەم: زیادەی هەر گەلێک پێویستە بۆ گەلێکی دیکەی هەژار خەرج بکرێت:

وەک بەجێهێنانی فەرمانی خوای گەورە: (وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ) [٤٢]، هەربۆیە کرینی چەک و تەقەمەنی لەلایەن مرۆڤەوە بۆ دژایەتی برای مرۆڤی هاریکاریە لەسەر تاوان و دەستدرێژی.

پاشان خوای گەورە کردوینەتە گەل و هۆزی جیا تا یەکتر بناسین و هاریکاری و دەستبارگرتن و بەدەمی یەکەوەچوون لەنێوانماندا هەبێت، هەروەک دەفەرموویت: (يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا) [٥٢]، یەکترناسینیش بریتییە لە هاریکاری لەسەر چاکە و تەقوا.

ئەمە دڵۆپێک بوو لە دەریای برایەتی مرۆڤایەتی لە قورئانی پیرۆزدا.

## سەرچاوە و پەراوێز:

**تێبینی: ئەم بابەتە لە بنەڕەتدا دوا کتێبی چاپکراوی دکتۆر مستەفا زەڵمییە، لەبەر گونجانی لەگەڵ تەوەری گۆڤارەکە بە باشمانزانی پەختەکەی لێرەدا بڵاوبکەینەوە.**

١ الحجرات : ١٣

٢ رواه جابر بن عبدالله، أخرجه السيوطي في الجامع الصغير، الرقم٤٠٤٤، خلاصة حكم المحدث: حسن

٣ الروم : ٢٠

٤ المحدث: ابن تيمية، في اقتضاء الصراط المستقيم، الرقم٤١٢/١، خلاصة حكم المحدث: إسناده صحيح.

٥ البقرة : ٢١

٦ الإسراء : ٧٠

٧ سورة الشورى /١٣

٨ البقرة : ٢٩

٩ النساء : ٧٨

١٠ الزلزلة : ٨

١١ يقول ابن حزم الظاهري (المحلى ٣٤٤/١٠): لا قود على مجنون فيما أصاب في جنونه، ولا على سكران فيما أصاب في سكره المخرج له من عقله، ولا على من لم يبلغ، ولا على أحد من هؤلاء دية ولا ضمان.

١٢ رواه احمد وابو داود والحاكم عن عمر وعلي.

١٣ اي في غير جرائم الحدود والقصاص، حيث اتفق فقهاء المسلمين على عدم جواز القياس فيها، وانما يجوز في جرائم التعزير فقط. والى جانب ذلك فإنه لا داعي الى القياس في هذا المقام، لأنه لا يلجأ إليه إلا عند عدم وجود النص، وهنالك نص عام في القرآن الكريم يشمل المقيس والمقيس عليه، وهو قوله تعالى: [لاَ يُكَلِّفُ اللهُّ نَفْساً إِلاَّ وُسْعَهَا]البقرة : ٢٨٦.

ثم إن القياس في الجرائم والعقوبات ليس مصدرا تشريعيا، وإنما هو مصدر تفسيري يساعد على تعيين الأفعال والأقوال التي تدخل في ماصدقات النص، أخذا بعمومية مبدأ الشرعية (لا جريمة ولا عقوبة إلا بنص).

١٤ المائدة : ٢

١٥ الحجرات : ١٣

١٦ فصلت : ٣٤

١٧ الحجر : ٨٥

١٨ البقرة : ١٩٤

١٩ والمراد بالنخل كل شجرة نافعة بثمرها وظلها.

٢٠ تاريخ بغداد, للخطيب البغدادي: ٢٩٦/٤، وتاريخ الطبري:٢٤٦/٢، والبداية والنهاية, للحافظ ابن كثير: ٢٢٠/٥.

٢١ تاريخ بغداد, للخطيب البغدادي: ٦٧/١٣، البداية والنهاية, للحافظ ابن كثير: ٢٢٠/٥.

٢٢ تاريخ بغداد, للخطيب البغدادي: ٦٧/١٣, البداية والنهاية, للحافظ ابن كثير: ٢٢٠/٥.

٢٣ نهج البلاغة: ٥٣.

٢٤ المائدة: ٢.

٢٥ الحجرات: ١٣.

# ئەی ڕەقیب

# سروودی نەتەوەیی و تەبا بە شەریعەت



**د.ئیسماعیل بەرزنجی**

ئیسماعیل ئیبراهیم بەرزنجی، لەدایکبووی ١٩٧٨
بڕوانامەی دکتۆرای هەیە لە ئەدەبی عەرەبی
چوار بەرهەمی چاپکراوی هەیە.
چەندین توێژینەوە و وتاری بڵاوکراوەی هەیە
ئەندامی دەستەی کارگێڕی سەنتەری زەهاوی



**ئەم نیوە دێڕەش (دینمان، ئایینمانە نیشتمان) نەك هیچ سوکایەتیەکی تێدا نییە بە دین، بەڵکو بەرزنرخاندن و بە پیرۆزدانانی دینی تێدایە**

لەبەر ئەو گرنگیەی کە ئەم تێکستە پێیدراوە، بەهۆی ئەو ڕەهەندە نیشتمانییەوە کە وەریگرتووەو ئەو کاردانەوانەی بەدوای خۆیدا هێناویەتی لە دژایەتی و لایەنگریی، پێمباشبوو کەوا هەندێک لەو بەدحاڵیبوونە ڕاست بکەمەوە کە سەبارەت بەم تێکستە ناوەناوە دێتە ئاراوە، هۆکاری سەرەکی ئەو لێکتێنەگەیشتن و کێشمەکێشمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کەسانی پسپۆڕی بواری ئەدەب قسەی جدییان لەسەر نەکردووە، یان باشتر بڵێم ڕایان وەرنەگیراوە و پرسیاریان لێ نەکراوە، بەڵکو وەکو زۆرێک لە باسوخواسەکانیتر بووە بە قۆچی سیاسەتەوەو ملکەچی لێکدانەوەی پێوەری بواری تر کراوە.

ئامانجی سەرەکی ئەم نووسینە، ڕاڤەکردنێکی بابەتیانەی تێکستی (ئەی ڕەقیب)ە، بە پشت بەستن بە بنەمای ڕەخنەی ئەدەبی هاوچەرخ، بێ حوکمی پێشوەختە و پیاهەڵدان یان کەمکردنەوەی ئاستی، وەکو ئەوەی کەسانێک زیاد لە پێویست ئاستی هونەری بەرزدەکەنەوە و کەسانێکی تریش بە بیانووی دژایەتی ئایین لەکەداری دەکەن.

پێش هەموو شتێک دەبێت ئەوە بزانین (ئەی ڕەقیب) پێش ئەوەی سرودی نیشتمانی بێت تێکستێکی شیعرییە، وەکو هەموو تێکستەکانی تر شیکردنەوەی بۆ دەکرێت و بە پێی بنەماکانی ڕەخنەی ئەدەبی دەپێورێت، هەر ئەمەش دەبێتە بنەمای وەڵامێک بۆ هەموو ئەو هەڵلایەی لەدەوری نراوەتەوە، چونکە ئەگەر دەقی شیعری نەبوایە ئەوا دەکرا بە لۆجیکێکی تر مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بەڵام مادام شیعرە –جا ئاستی هونەری هەرچەندێک بێت– ئەوا هەموو لێکدانەوەیەک لە دەرەوەی دنیای ئەدەب ناپێکێت و کەموکورت دەبێت.

من لێرەدا وەکو پسپۆڕێکی بواری ئەدەب لەهەمانکاتدا پەیوەست بە فیکری ئیسلامییەوە دەمەوێت ڕاوسەرنجی خۆم بخەمەڕوو، ئەگەرچی زۆرجاری ترو لەشوێنی تردا ڕای خۆمم ڕاگەیاندووە، بەڵام هیوادارم ئەم شیکردنەوەیە وەکو بەڵگە و دۆکیومێنت لێرە بچەسپێت، بۆئەوەی لەهەر کات و ساتێکی تردا سوودی هەبێت.

من دەمەوێ ڕوون و ڕاشکاوانە ئەو ئەنجامە بڵێم کە پێی گەیشتووم لەم بابەتەدا، ئەویش ئەوەیە: ئەی ڕەقیب وەکو تێکستێکی شیعری هیچ کێشە و تێکگیرانێکی لەگەڵ بیروباوەڕ و پرەنسیپەکانی ئایینی ئیسلامدا نییە و بە ئاستی جیاواز زۆرێک لە بنەما و کۆڵەکەکانی شیعربوونی تێدایە، ئەگەرچی لە ڕووی هونەرییەوە لە ئاستێکی باڵادا نییە و شیعربوون تیایدا مامناوەندە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەلومەرجەی کە تییدا بەرهەمهاتووە، بەڵام ئەمە سیفەتی شیعربوونی لێ ناسەنێتەوە.بۆ سەلماندنی ئەم ڕایە چەند خاڵێک بە کورتی ڕووندەکەمەوە:

**یەکەم: ئاستی هونەریی**

وەکو پێشتر وتم لەڕووی هونەری و ئاستی

شیعربوونەوە ئەم تێکستە ئاستێکی بەرزی نییە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە دەچێتە خانەی (ئەدەبی بەرگریی)یەوە،کە بێگومان ئەدەبێکی (وابەستە – ملتزم)یە، وابەستەییەش واتە بەرهەمهێنەری دەق هونەرەکەی بکاتە ئامراز و ڕێگایەک بۆ خزمەتی بیرێکی دیاریکراو، نەک تەنها مەبەست لە هونەرەکەی جوانی و چێژبەخشین بێت(١)، واتە لە پاڵ وەزیفەی جوانی و چێژبەخشین ئەرکێکی تریش جێبەجێ بکات کە بەرگریکردن و هاندان و خەباتە بە وشە، لەپاڵ خەباتی چەکداری و سیاسیدا، لەمبارەیەوە (سارتەر) وایدەبینێت کە ئەدەب ئەرکی تێگەیشتنی واقیعە و دەبێت لە هەوڵی گۆڕینیدا بێت و کار لە خەڵکی بکات بۆ چوون بەرەو ئازادی و ئاسایش و پێشکەوتن(٢)، بە مانایەکی تر پەیامێک بگەیەنێت جگە لە پەیامی هونەری.

کاتێک شیعر لەپاڵ ئەرکە هونەریەکەیدا ئەرکێکی تری ناهونەری جێبەجێ دەکات، بێگومان بەشێک لە شیعربوون و جوانی لەدەستدەدات، زمانی شیعری سادەتر و وێنەکان ساناتر و مانا و دەلالەتەکان ڕوونتر دەبن، بۆیە تێکستی (ئەی ڕەقیب) هەم لە زمانی شیعریدا و هەم لە مانا و وێنە و وشەدا ڕوون و سادەیە، بەڵام ئەمە بە واتای ئەوە نییە لە خانەی شیعر بێتەدەرەوە و بە پێوادنگی واقیع و نووسینی ئاسایی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، چونکە هەر لە فەزای شیعردایە و وێنەی هونەری و ئامرازەکانی ڕەوانبێژی و ڕیتمی شیعریی بەرجەستەکردوە.

ئەم چەشنە لە ئەدەب لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوو لای گەلانی ئەم ناوچەیە پەیڕەوکراوە کە سەردەمی خەباتی نەتەوەیی و بەرەنگاریی بووە، بۆ نموونە لای عەرەب (مەحمود دەرویش و سەمیح قاسم) بەشێکی زۆری بەرهەمیان

## ئەی ڕەقیب وەکو تێکستێکی شیعری هیچ کێشە و تێکگیرانێکی لەگەڵ بیروباوەڕ و پرەنسیپەکانی ئایینی ئیسلامدا نییە

بۆ تەرخانکردووە، لە ئەدەبی کوردیدا ماوەکە درێژدەبێتەوە تا ڕاپەڕینی بەهاری (١٩٩١) و هەموو شاعیرانی ئەو ماوەیە کەم و زۆر شیعریی بەرەنگاریان نووسیووە.

**دووەم: (ڕەقیب) خودا نییە**

ئەگەرچی پێویست نییە ڕوونکردنەوە لەسەر ئەوە بنووسم کە وشەی (ڕەقیب) مەبەست لێی خوای گەورە نییە، چونکە ئەوەی کەمێک شارەزای ئەدەبی کوردی بێت، ئەوەی لەلا ڕوونە کە ڕەقیب بە کەسی (بەدکار) و ناحەز دەوترێت و لە چەندین دێڕی شیعریدا هاتووە، بەڵام چونکە ئەم بابەتە بە نەزانی لێکدراوەتەوە تا ئێستاش زۆرێک وا دەزانن لێرەدا ڕەقیب خوای کەورەیە و شاعیر وەکو تەحەدایەک مانەوەی کورد بەرامبەر دەسەڵاتی ئەو باسدەکات، بۆ ئەوانە و خوێنەرانیش دەڵێم: ئەگەر بە گریمانەش وای دابنێین کە خوا بێت، ئەوا لەگەڵ سیاقی گشتی شیعرەکە و ماناکەیدا ناگونجێت، نموونەی ئەوەش کە ڕەقیب لە شیعری زۆرێک لە شاعیراندا هاتووە سالم دەڵێت:

**تیماری چاکی سینەم ڕاجیع بە چاوی مەستە**
**بەختیش موافیقی عەشق، بۆمن خەراپی هێنا**
**یارم لە دەردەرون(٣) هات، دەستی ڕەقیب**

**لەدەستا**

**غەمناک و شادمانم، ڕەحمەت عەزابی هێنا(٤)**

دەکرێت بپرسین: ئایا گونجاوە کەوا مەبەست لە ڕەقیب خوا بێت لێرەدا کەوا یاری شاعیر دەستی خستبێتە ناو دەستی و یار ڕەحمەت بێت و ڕەقیبیش عەزاب بێت؟ نەک هەر ئەوە بەڵکو زۆرێک لە شاعیران لە شیعرەکانیاندا زیاد لە ڕەقیبێکیش هەیە و بەشێوەی (کۆ) وشەکە هاتووە، ئەگەر تەفسیری ئەوانە دروست بێت بۆ وشەی ڕەقیب، دەبێ کێ بن ئەو ڕەقیبانەی تر لەگەڵ خوادا؟ بۆ نمونە مەحوی دەڵێت:

**دەم لە دەم نانی ڕەقیبانی چ بێ مروەتییە**
**تێکەڵی ئاوی دەباخانە دەکا ئاوی حەیات(٥)**

لە شەرحی ئەم بەیتەدا (مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس) دەڵێت: «کە یار قسە لەگەڵ بەدکارەکانی دەکا کە بۆ ئەوە ناشێن دەم بنێتە دەمیان، وەک ئەوە وایە ئاوی حەیات کە تفی دەمی ئەوە لەگەڵ ئاوی پیسی دەباغ خانە کە تفی دەمی بەدکارانە تێکەڵ بکات، ئەمەش کارێکی ئێجگار بێ مروەتانەیە»(٦).

هەربۆیە مانای یەکەم بەیتی قەسیدەکەی دلدار (ئەی ڕەقیب) بۆ تەحەدای ناحەز و دوژمنانی کوردە، کە پێیان دەڵێت سەرەڕای دوژمنایەتی و پیلانگێرانی ئێوە بەلاّم قەومی کورد هەرماوە و لەناو نەچووە.

## سێیەم: (نایرمێنێ دانەیی تۆپی زەمان)

لە خوێندنەوەی ئەم نیوە دێڕەدا گوێگر توشی بەدحاڵی بوون بووەو وادەزانێت (دانەری تۆپی زەمان)ە، واتە (دانەیی) بووە بە (دانەری) ئەمەش لەوەوە بووە کە خەڵکی دەقەکەیان لەبەردەستدا نەبووە بە نووسراوی، بەڵکو دەماودەم وتراوەتەوە تا بەو شێوە هەڵەیە جێگیر بووە، لەمەشەوە دەڵێن کات و زەمەن هی خوایە و ئەو دانەری ئەرز و ڕاگری ئاسمانە و زەمان هی ئەوە، بۆیە ئەمە بەوە لێکدەدەنەوە کە خودا ناتوانێت کورد لەناوبەرێت.بەلاّم لە ڕاستیدا مەبەستی جۆرە چەکێکە لەو سەردەمەدا چەکی قورسی شەڕکردن بووە و پێی وتراوە (تۆپی زەمان)، ئەو دەڵێت کەوا (دانە)ی ئەو تۆپەش تەنانەت ناتوانێت کورد بشکێنێت، ئەمەش هیچ پەیوەندیەکی بە خواوە نییە.

مەسەلەی زەمانیش نەمزانیوە لە شیعری کوردیدا بە تۆپ یان (گۆ) چوێنرابێت، بەڵکو بە تەشی و چەرخ و ئەو شتە خولاوانەی کە چەقێکی جێگیریان هەیە و بەدەوری خۆیاندا دەسوڕێنەوە چوێنراوە، وەک ئاماژەیەک بۆ سوڕانەوەی زەوی بەدەوری خۆیدا کە شەو و ڕۆژ و زەمانی لێ دروست دەبێت، بۆ نمونە نالی دەڵێت:

**مەسەل دنیا ژن و، چەرخیش خەڕەک،**
**دەم دەم بە دوخی غەم**
**ڕەگی تاری وجودت بادەدا،**
**هێشتاکو هەر خاوی**
**زەمانە چەرخ و، چەرخی ئاسمانیشی،**
**فەلەک فیلکە**
**سەری ڕشتەی وجودی چەندە**
**باداوی یو هەر ماوی(٧)**

سەرەڕای ئەمەش ئەوەی ئەم لێکدانەوەیە زیاتر پشتڕاست دەکاتەوە ئەوەیە کە لە دەقە ئەسڵیەکەی دلداردا وشەی (نایشکێنێ)ی تێدا نییە، بەڵکو (نایرمێنێ)یە ئەمەش زیاتر لەگەڵ تۆپ و چەک و وێرانکاریدا دەگونجێت، بۆیە ئەم کرداری ڕماندنە وێرانکردنی زیاتر و بەهێزتری تێدایە و شاعیر وردبووە لە بەکارهێنانی کردارە زمانییەکاندا، بەلاّم ئەوکەسەی ئەمەی گۆڕیوە

بۆ (نایشكێنێ) شاره‌زای مانای ئه‌ده‌بی و ورده‌كاری جیاوازی نێوانیان نه‌بووه‌.

## چواره‌م: (دینمان، ئایینمانه‌ نیشتمان)

ئه‌وه‌ی ئیشكالی گه‌وره‌ی دروستكردووه‌ ئه‌م نیوه‌ دێڕه‌یه‌، ئه‌ویش به‌ هه‌ڵه‌ (هه‌ر)ێك خراوه‌ته‌ به‌رده‌م نیشتمان، به‌مه‌ش ماناكه‌ی ده‌گۆڕێت و مانای كورتهه‌ڵهێنان (حصر) ده‌دات، واته‌ دین و ئایینمان هیچ شتێكیتر نییه‌ ته‌نها نیشتمان نه‌بێت، به‌ڵام له‌ ڕاستیدا ئه‌م (هه‌ر)ه‌ی تێدا نییه‌، به‌ڵكو به‌وشێوه‌یه‌ی سه‌ره‌وه‌یه‌، چونكه‌ ئه‌گه‌ر وشه‌ی (هه‌ر) دابنێیین ئه‌وا ڕیتم و وه‌زنه‌كه‌ی تێكده‌چێت كه‌ له‌ بنه‌ڕه‌تدا قه‌سیده‌كه‌ له‌سه‌ر كێشی (به‌حری ڕه‌مه‌ل)ه‌ و ته‌فعیله‌كانی به‌م شێوه‌یه‌ن:

**فاعلاتن فاعلاتن فاعلن**
**دینمانئا یینمانه‌ نیشتمان**

سه‌بارەت به‌وه‌ی كه‌ ئه‌گه‌ر ئه‌و (هه‌ر)ه‌ش نه‌بێت ئه‌وا ڕاشكاوانه‌ شاعیر ده‌ڵێت كه‌وا دینی نیشتمانه‌، به‌ڵام بۆ ئه‌مه‌ش ده‌مه‌وێت به‌ خوێنه‌ر بڵێم كه‌وا به‌هیچ جۆرێك ئه‌م نیوه‌ دێڕه‌ به‌و شێوه‌یه‌ ته‌فسیر ناكرێت، چونكه‌ ئه‌م ده‌ربڕینه‌ (پێچواندن – تشبیه‌)ه‌ نه‌ك ته‌حقیق و به‌ڕاستگێران.

(پێچواندن – تشبیه‌) له‌ ڕه‌وانبێژیدا واتا باسكردنی له‌یه‌كچون له‌نێوان دوو شتدا كه‌ له‌سیفه‌تێك یان شێوه‌یه‌ك یان زیاتر له‌یه‌كده‌چن، نه‌ك له‌هه‌موو ڕوویه‌كه‌وه‌، چونكه‌ ئه‌گه‌ر له‌ هه‌موو ڕووه‌كانه‌وه‌ له‌یه‌كچون، ئه‌وا هه‌ر یه‌ك شتن نه‌ك دوو شتی جیا(٨)، بۆیه‌ كاتێك ده‌ته‌وێت باسی شتێك بكه‌یت یان لایه‌نێكی ڕوون بكه‌یته‌وه‌ – جا وه‌كو خۆی یان زیاده‌ڕۆیی تێدا بكه‌یت – ئه‌وا په‌نا ده‌به‌یته‌ به‌ر شتێكیتر كه‌ ئه‌و سیفه‌ت و لایه‌نه‌ی تۆ ده‌ته‌وێت تێیدا زاڵتر و زیاتره‌، له‌نێوانیاندا هاوشێوه‌یی و له‌یه‌كچون گرێ ده‌ده‌یت، به‌وه‌ ده‌گوترێت (لێكچواندن) (٩)، بۆ نمونه‌ ده‌ته‌وێت ئازایه‌تی كه‌سێك ڕوون بكه‌یته‌وه‌ یان سه‌رسامیت پێی و زیاده‌ڕۆیی ده‌كه‌یت له‌ باسكردنی ئازایه‌تیه‌كه‌یدا ئه‌وا ده‌ڵێیت (فلان كه‌س وه‌ك شێر وایه‌) یان (فلان كه‌س شێره‌)، لێره‌دا ڕوونه‌ كه‌ شێر ئازاتره‌ له‌و مرۆڤه‌ بۆیه‌ ده‌ته‌وێت ئازایه‌تیه‌كه‌ی بگه‌یه‌نیته‌ ئاستی ئازایه‌تی شێر، به‌ڵام له‌ڕاستیدا شێر نییه‌ و ته‌نها له‌ ئازایه‌تیدا له‌و ده‌چێت.

له‌م دێڕه‌ شیعره‌شدا هه‌مان ته‌كنیك هه‌یه‌ به‌له‌به‌ر چاوگرتنی پاش و پێش خستنی وشه‌كان له‌به‌ر كێش و سه‌روا، شاعیر ده‌ڵێت (دینمانه‌ نیشتمان)، لێره‌دا ده‌یه‌وێت نیشتمان بچوێنێت به‌ دین له‌ڕوی پیرۆزی و گرنگی پێدان و خۆشه‌ویستییه‌وه‌، واته‌ له‌بنه‌ڕه‌تدا ڕسته‌كه‌ به‌م شێوه‌یه‌یه‌ (نیشتمان دینمانه‌) به‌ڵام دوایی هه‌ندێك وشه‌ی تێدا لابراوه‌:

نیشتمان وه‌ك دینمانه‌ له‌ ڕووی پیرۆزیه‌وه‌

به‌مه‌ش نیشتمان (پێچو – مشبه‌)ه‌ و دین (له‌وچوو – مشبه‌به‌)ه‌، هه‌روه‌ها (وه‌ك) ئامرازی لێكچواندنه‌ و (پیرۆزی) سیفه‌تی هاوبه‌شی نێوانیانه‌، ئه‌مانه‌ پایه‌كانی لێكچواندنن، به‌ڵام شاعیر ئامرازی لێكچواندن و سیفه‌ته‌ هاوبه‌شه‌كه‌ی نێوانیانی لابردوه‌ و ته‌نها (پێچو – نیشتمان) و (له‌وچو – دین)ی هێشتوه‌ته‌وه‌، ئه‌مجۆره‌ له‌ لێكچواندن له‌ ڕه‌وانبێژیدا پێی ده‌وترێت (لێكچواندنی ڕه‌وان – التشبیه‌ البلیغ) (١٠)، به‌مشێوه‌یه‌ش ته‌واو وه‌كو ئه‌وه‌ وایه‌ بڵێیت (ئازاد شێره‌)، چونكه‌ له‌ ڕوی ستراكچه‌ره‌وه‌ یه‌كێكن:

**ئـازاد + شێر + ه‌**
**نیشتمان + دین +ه‌**

بەڵام ئەوەی گرنگە لێرەدا هیچکاتێک (پێچو) و (لەوچو) نابن بەیەک بەهۆی لێکچواندنەوە، بەڵکو تەنها لە ڕوویەک یان چەند ڕوویەکەوە لەیەکدەچن، هەروەها هیچکات پێچو ناگاتە ئاستی لەوچو، چونکە سیفەتە هاوبەشەکەی نێوانیان لە دوەمیاندا زاڵتر و زیاتر و ناسراوترە، بۆیە پەنا دەبرێتەبەر ئەوەی کە یەکەم بچوێندرێ بە دووەم.

کەواتە لەمەوە دەڵێین بەهیچ شێوەیەک نیشتمان نابێت بە دین، بەڵکو پیرۆزە وەک دین، چۆن بەرگری لە دین دەکەین و دەیپارێزین بەو شێوەیەش بەرگری لە نیشتمان دەکەین و دەیپارێزین، هەمیشە پیرۆزی دین زیاتر و ئاشکراترە، چونکە شاعیر ویستویەتی نیشتمان بەو بچوێنێت، هەوەکو ئەوەی کە دەڵێین (ئازاد شێرە)، خۆ بەو لێکچواندنە ئازاد لە جنسی مرۆڤەوە ناگۆڕێت بۆ ئاژەڵ و ببێت بە شێر، بەڵکو ئازایەتیەکە مەبەستە و هەر ئازایەتی شێریش زیاترە بۆیە ئازادمان بەو چواندوە.

بۆیە ئەم نیوە دێڕەش (دینمان، ئایینمانە نیشتمان) نەک هیچ سوکایەتیەکی تێدا نییە بە دین، بەڵکو بەرزنرخاندن و بەپیرۆز دانانی دینی تێدایە، چونکە شاعیر دەیەوێت نیشتمانەکەی بە پێودانگ و پێوانەی پیرۆزی و گەورەیی دین بپێوێت، هەروەها پەنادەبات بۆ بەپیرۆزکردنی نیشتمان، چونکە لە زەین و بیری خەڵکیدا دین پیرۆزیەکەی چەسپاو و دیارە، ئەگەرنا سیفەتێک کەلای خەڵکی نەناسراو بێت چۆن شتێکیتری نەناسراو بەهۆیەوە دەناسێنێت، ئەم مانایەشی لە ڕێگای تەکنیکی (التشبیە البلیغ – لێکچواندنی ڕەوان)ەوە دەربڕیوە.

## سەرچاوە و پەراوێز:

١ . بڕوانە: معجم مصطلحات الادب، مجدی وهبە (دار القلم، بیروت، ١٩٧٤)، لاپەڕە٧٩.

٢. بڕوانە: الادب الملتزم، جان بول سارتر، ترجمة: جورج طرابیشی (دار الاداب، بیروت، ١٩٦٧)، لاپەڕە٤٤–٤٥.

٣. نازانم ئەمە هەڵەی چاپە یان نا؟ بەڵام من بە (ئەندەرون) بیستومە کە ناوچەیەک بووە لە شام و لەشیعری شاعیرانی عەرەبیشدا هاتووە، بەڵام لێرەدا بەوشێوەیە هاتووە ، منیش وەک ئەمانەتی زانستی نوسیومەتەوە.

٤. بڕوانە: بەشێک لە دیوانی سالم، ساغکردنەوەی کاروان عوسمان خەیات، پێداچوونەوەی د.عەبدوڵڵا ئاگرین (لەبڵاوکراوەکانی مەڵبەندی ڕۆشنبیری هەورامان، ٢٠١٢)، لاپەڕە٥١.

٥. بڕوانە: دیوانی مەحوی، لێکۆڵینەوە لێکدانەوەی: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس و موجەممەدی مەلا کەریم (انتشارات کردستان، سنە،١٣٨٧)، لاپەڕە٩٩.

٦. هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.

٧. دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی: مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم (انتشارات کردستان، سنندج، چاپی چوارەم،١٣٨٥)، لاپەڕە ٦٨٠–٦٨١.

٨. بڕوانە: علم البیان، د.عبدالعزیز عتیق (دار النهضة العربیە، بیروت، ١٩٧٤)، لاپەڕەکانی ٦١–٦٤.

٩ بڕوانە: جواهر البلاغە فی المعانی و البیان و البدیع، السید أحمد الهاشمی (دار الفکر، بیروت، طبعە مجددە،١٩٩٤)، لاپەڕە٢١٤.

١٠. هەمان سەرچاوە ل٢٣٥.

# ئایین وەك وزەی خێر یان شەڕ؟!



**عومەر عەلی غەفوور**
بەکالۆریۆس لە زمانی ئینگلیزی.
نۆزدە بەرهەم (نووسین و وەرگێڕان)ی چاپکراوی هەیە..
ژمارەیەک وتاری لە رۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاوبووەتەوە.

ئایین یەکێکە لەو هێزە ڕۆحیانەی گەورەترین کاریگەریی لەسەر هەست و سلوکی شوێنکەوتوانی و جۆشدانیان بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی و بەدیهێنانی ئامانجەکانی و تەختکردنی لەمپەر و بەربەستەکانی بەردەمی هەیە، هەر لەبەرئەوەیە ئایین، هەر ئایینێک، چ بەچاک چ بە خراپ ڕۆڵی گەورەی لە کۆمەڵگە و مێژوودا هەیە.

کاتێ هێزی ئایین بۆ چاکە و خێر و خۆشەویستی و بەخشندەیی و لێبوردەیی بخرێتە گەڕ، ئیتر پێویست بە یاسا و پۆلیس و ڕەنگە دەوڵەتیش نەبێت، چونکە هەموو ئەو کارانەی ئەم دەزگا و ئامرازانە دەیانکەن هەستە ئایینیەکە خۆبەخۆ و بەبێ زۆرلێکردن و چاودێریی دەرەکی بۆ کۆمەڵگەیان فەراهەم دێنێت، هەربۆیە پەیوەندیەکی توندوتۆڵ و مێژوویی لە نێوان ئایین و ئەخلاق و بەها ئەخلاقیەکاندا هەیە. مرۆڤی دیندار لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە بە دەستپاک و دڵسۆز و خێرخواز و خزمەتگوزار و خەمخۆر ناسراوە، یانی بەکورتی ڕەحمەتە بۆ خۆی و کۆمەڵگە و دەوڵەتەکەی.

بەڵام ڕێک هاوشێوەی وزەی ئەتۆمی کە وەک چۆن لە بارێکدا هەستێکی ئینسانی لەپشتەوە بێ دەکرێ بکرێتە سەرچاوەیەکی بێوێنەی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا و وڵاتێکی گەورە ڕووناک و ئاوەدان بکاتەوە، بەهەمان شێوە ئەگەر هەستێکی شەڕخوازانەی لەپشتەوە بێ بکرێتە هێزێکی بێئەندازە وێرانکەر و بۆمبێکی لێ دروست بکرێت کە لە چرکە ساتێکدا دەیان هەزار مرۆڤ بکوژێت، ئایینیش بەهەمان شێوەیە.

ئەگەر هاتوو هێزی ئایین بۆ خراپە و ڕق و کینە و زەبر و زەنگ و شەڕی پیرۆز دژی ئەوانی تر بەکارهات، دەبێتە هێزێکی وێرانکەری گەورە کە ڕەنگە هیچی لە مەترسیی بۆمبی ئەتۆمی کەمتر نەبێت. لێرەوەیە مێژوو پڕیەتی لەو شەڕانەی ئەو هەستە ئایینیە دزێوە و ئەو بەکارهێنانە خراپەی ئایین لەنێوان شوێنکەوتوانی ئایینە جیاوازەکان و بگرە زۆر جار لەنێوان لایەنگرانی مەزهەبە جیاوازەکانی سەر بە هەمان ئایینیدا بەرپایان کردوون، سەدان هەزار و هەندێ جار ملیۆنان کەسیان تێدا بوونەتە قوربانی، بەشێوەیەک کۆمەڵگە جیاوازەکان بیر لەوە بکەنەوە ئایین و دەسەڵاتی ئایینی و کاریگەریی ئایین لەسەر ژیانی گشتی دوور بخەنەوە تا ئارامی و سەقامگیریی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی وڵاتانیان مسۆگەر بکەن.

دیارە هەر ئایینێک لەو ڕووەوە چیرۆکی خۆی هەیە، لەوانە ئایینی ئیسلام کە ئایینی بەشی هەرەزۆری کوردستان و عێراق و وڵاتانی موسڵمانە.

ئایینی ئیسلام وەک هەر ئایینێکی تر چیرۆکی دڵخۆشکەر و چیرۆکی تۆقێنەری تێدایە. دەقی نەرم و مژدەبەخش و دەقی ڕەق و ترسێنەریشی تێدایە، چ بۆ ئەم دنیا و چ بۆ ئەو دنیا:

**- مژدەبەخش:**

**– قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَى أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِن رَّحْمَةِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ {الزمر/٥٣}**

**–.. وَرَحْمَتِي وَسِعَتْ كُلَّ شَيْءٍ فَسَأَكْتُبُهَا لِلَّذِينَ يَتَّقُونَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَالَّذِينَ هُم بِآيَاتِنَا يُؤْمِنُونَ {الاعراف/١٥٦}**

**- ترسێنەر:**

**– ..وَتَمَّتْ كَلِمَةُ رَبِّكَ لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنَ الْجِنَّةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ {هود/١١٩}**

**–.. وَلَا تَأْخُذْكُم بِهِمَا رَأْفَةٌ فِي دِينِ اللَّهِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَلْيَشْهَدْ عَذَابَهُمَا طَائِفَةٌ مِّنَ الْمُؤْمِنِينَ {النور/٢}**

باسی ئاشتی و ناتوندوتیژی و پێکەوەژیانی

تێدایە، هاوکات باسی شەڕ و توندوتیژی و لەناوبردنی دوژمنیشی تێدایە، باسی لێبوردن هەروەها باسی تۆڵەکردنەوەیشی تێدایە:

**- ئاشتی و ناتوندوتیژی و پێکەوەژیان:**

– وَإِن جَنَحُواْ لِلسَّلْمِ فَاجْنَحْ لَهَا وَتَوَكَّلْ عَلَى اللّهِ إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ {الانفال/٦١}

– قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ تَعَالَوْاْ إِلَى كَلَمَةٍ سَوَاء بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلاَّ نَعْبُدَ إِلاَّ اللّهَ وَلاَ نُشْرِكَ بِهِ شَيْئاً وَلاَ يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضاً أَرْبَاباً مِّن دُونِ اللّهِ فَإِن تَوَلَّوْاْ فَقُولُواْ اشْهَدُواْ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ {ال عمران/٦٤}

– لَئِن بَسَطتَ إِلَيَّ يَدَكَ لِتَقْتُلَنِي مَا أَنَاْ بِبَاسِطٍ يَدِيَ إِلَيْكَ لَأَقْتُلَكَ إِنِّي أَخَافُ اللّهَ رَبَّ الْعَالَمِينَ {المائدة/٢٨}

**- توندوتیژی و شەڕ:**

– قَاتِلُواْ الَّذِينَ لاَ يُؤْمِنُونَ بِاللّهِ وَلاَ بِالْيَوْمِ الآخِرِ وَلاَ يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ اللّهُ وَرَسُولُهُ وَلاَ يَدِينُونَ دِينَ الْحَقِّ مِنَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ حَتَّى يُعْطُواْ الْجِزْيَةَ عَن يَدٍ وَهُمْ صَاغِرُونَ {التوبة/٢٩}

– فَإِذَا انسَلَخَ الأَشْهُرُ الْحُرُمُ فَاقْتُلُواْ الْمُشْرِكِينَ حَيْثُ وَجَدتُّمُوهُمْ وَخُذُوهُمْ وَاحْصُرُوهُمْ وَاقْعُدُواْ لَهُمْ كُلَّ مَرْصَدٍ..{التوبة/٥}

– مُّحَمَّدٌ رَّسُولُ اللَّهِ وَالَّذِينَ مَعَهُ أَشِدَّاء عَلَى الْكُفَّارِ رُحَمَاء بَيْنَهُمْ .. {الفتح/٢٩}

– هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَى وَدِينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ وَلَوْ كَرِهَ الْمُشْرِكُونَ {الصف/٩}

باسی وەڵامدانەوەی تۆڵەکردنەوە و مامەڵەی هاوشێوەی ڕەق بە ڕەق و هەق بە هەقی کردوە، هاوکات باسی لێبوردەیی و بەخشینیشی کردوە:

**- تۆڵەی هەق بە هەق:**

– .. فَمَنِ اعْتَدَى عَلَيْكُمْ فَاعْتَدُواْ عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا اعْتَدَى عَلَيْكُمْ.. {البقرة/١٩٤}

– .. وَقَاتِلُواْ الْمُشْرِكِينَ كَآفَّةً كَمَا يُقَاتِلُونَكُمْ كَآفَّةً... {التوبة/٣٦}

– وَلاَ تُقَاتِلُوهُمْ عِندَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ حَتَّى يُقَاتِلُوكُمْ فِيهِ فَإِن قَاتَلُوكُمْ فَاقْتُلُوهُمْ.. {البقرة/١٩١}

**- بەخشین و لێبوردەیی:**

– ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ السَّيِّئَةَ نَحْنُ أَعْلَمُ بِمَا يَصِفُونَ {المؤمنون/٩٦}

– وَأَن تَعْفُواْ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى وَلاَ تَنسَوُاْ الْفَضْلَ بَيْنَكُمْ إِنَّ اللّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ {البقرة/٢٣٧}

ئیدی ئەوە کە ئەم دەقانە چۆن چۆنی تەفسیر کراون، بە چ ڕیزبەندی و ڕێکخستنی ئەولەیاتێک دابەزێنراون، پاشخان و ئاستی هۆشیاری و کەلتووری جیاوازی کۆمەڵگەکان چ کاریگەرییەکی لە تێگەیشتن و دابەزاندنی ئەو دەقانەدا هەبووە، سەرەنجام چ مێژوویەک بەرهەم هاتووە و ئەو مێژووە چەندە گوزارشت لە ڕۆح و پەیام و ئامانجی ئەو دەقانە و سەدان و هەزاران دەقی تر لە سەرچاوە تەئسیسیەکانی ئایینەکەدا دەکات، ئەوەیان بابەتێکە مشتومڕ هەڵدەگرێت. پێداگریکردنی ڕەوتێکی دیاریکراویش لەسەر ئەوەی ئەو واقیعە مێژووییە گوزارشت لە دەقەکان و ئایینە ڕاستەقینەکە ناکا، تەنیا پاکانەیەکی ئەخلاقییە بۆ ئایینەکە و یەکلاکردنەوەیشی مەحاڵە،

> **ئەگەر هاتوو هێزی ئایین بۆ خراپە و ڕق و کینە و زەبر و زەنگ و شەڕی پیرۆز دژی ئەوانی تر بەکارهات، دەبێتە هێزێکی وێرانکەری گەورە**

بەڵام ئەوە روونە کە ئەوەی لە واقیعدا دەگوزەرێت خودی دەقەکان نین، چونکە دەقەکان لە هەردوو جۆرەکەیان تێدایە، بەڵکو ئەو وێنە جیاوازانەیە کە موسڵمانانی شوێنکەوتووی ئایینەکە لە مێژوودا لە خوێندنەوەی تایبەتی خۆیان بۆ ئەو دەقانە گەڵاڵەیان کردوە، هەربۆیە دەبینین خوێندنەوەی جیاواز و لەوێیشەوە مەزەب و قوتابخانەی فیکری و فیقهی و سیاسیی جیاواز بەرهەم هاتووە، کە هەندێک جار جیاوازیەکەیان تا رادەی نامۆکردنیان بەیەکتر لێک دوور بووە و کار گەیشتۆتە ئەوەی لەسەر جیاوازیی تێگەیشتنی ئایینییان دژ بەیەکتر بوەستنەوە و یەکتر بچەوسێننەوە.

سیستمی بیرکردنەوەی ئایینیی باو لە سەدان ساڵەوە تا ئەمڕۆ هێندەی بەشی دووەم، واتە دیوە تۆقێنەر و ترسێنەر و توندوتیژ و رەقەکە زەق دەکاتەوە و گەورە و بچوکی ئێمەی پێ گۆش دەکا و بەوەیش توندوتیژی دەکاتە بنچینە لە هەست و هۆشی مرۆڤی ئیمانداردا، نیو هێندە دیوە نەرم و ئومێدبەخش و ناتوندوتیژییەکە پیشان نادات و کاری بۆ ناکا. ئەم پەروەردە ئایینییە ریشەداکوتاوە وای کردوە ئیمانی تاکی موسڵمان هێندەی ئیمانێک بێت زادەی ترس لە رق و خەشم و تۆڵەی خوا، گۆڕەوشار، عەزابی قەبر، ئەشکەنجە و جەزرەبەی جەهەننەم، هێندە زادەی خۆشەویستیی خوا و پەیوەندیەکی دۆستانەی نێوان خالق و مەخلوق و حەزی نەمری دنیایەکی ئەبەدی و بگرە تەنانەت خۆشی و ناز و نیعمەتەکانی بەهەشتیش نەبێت، بەشێوەیەک رەنگە زیادەرەوی نەبێت ئەگەر بڵێین خەڵک ئەوەندەی ترسی چوونە دۆزەخیانە ئەوەندە خەمی چوونە بەهەشتیان نییە.

ئەم ترسە گەورە و لاسەنگە لەسەر حسابی لەدەستدانی هەستی خۆشەویستی و متمانە بە خۆشەویست، وای کردوە مرۆڤی موسڵمان تەنانەت کاتێکیش بەئەوپەڕی دڵسۆزی و لێبڕان و وردی عیبادەت و ئەرکەکانی جێبەجێ دەکات، هەر بترسێ و بەگومان بێت خوا لێی وەرنەگرێت و سزای بدات، لەکاتێکدا باوەڕیشی وایە خوا ئەرحەمو راحیمینە و دادپەروەریی رەهای هەیە و رەنجی بەندەکانی بەزایە نادات، وەک ئەوەی خوای گەورە بەبیانوو بێت لەوەی شوبهەیەک لە تاعەت و عیبادەتی بەندەکانیدا بدۆزێتەوە تا سزایان بدا، وەک ئەوەی لای خوا سزادان لەپێش لێخۆشبوون بێت، لەکاتێکدا خوا فەرمویەتی (رەحمەتی من هەموو شتی گرتۆتەوە) (١) بەڵام نەیفەرموە (سزا یاخود خەشمی من هەموو شتێکی گرتۆتەوە).

ئەم زهنیەتە ئایینییە باڵادەستە کە بەرهەمی سیستمێکی سەقەتی تێگەیشتن و پەروەردەی ئایینییە، دەکرێت ناوی بنێین (زهنیەتی بێمتمانەیی بە خوا)، وای کردوە زانا و موفتی و فەقیهی موسڵمان لە فتوا و رێنمایەکانیاندا زیاتر بەلای توندگیریدا بچن نەک نەرمگیری یاخود ئاسانگیری، زیاتر بەلای حوکمدان بە حەرامی و کەراهەدا بچن تا حەڵاڵی یاخود موستەحەب یان موباح، گوایە بۆ زیادە ئیحتیاتە، بەشێوەیەک وەک – هەڵە نەبم- شێخ یوسف قەرزاوی دەڵێت، ئایین بووەتە کۆمەڵێ ئەحوەتیات!

ئەمە لەکاتێکدایە ریوایەتمان هەیە کە پێغەمبەر (د.خ) هەرکات لەنێوان دوو ئەرکدا سەرپشک کرابێت، ئاسانەکەیانی هەڵدەبژارد بەو مەرجەی گوناهی تێدا نەبووبێ (٢).

ئەم پەروەدەیە وای کردوە موسڵمانی ئاسایی هەمیشە دوودڵ و راڕا بێت و ورکەی ئەوەی هەبێت ئەو کارەی دەیکا شەرعی نەبێت و سزا بدرێت، هەربۆیە زۆرجار خۆ دەبوێرن لە سوود بینین لەو روخسەتانەی وەک ئاسانکاری لە هەندێک دۆخی تایبەتدا بۆ مرۆڤی موسڵمان

دانراون، وەک کورتکردنەوەی نوێژ لە سەفەر، یان رۆژوونەگرتن لە سەفەر و کاتی نەخۆشیدا، زۆر کەسم دیوە لە سەفەری دوور و درێژیشدا نوێژ کورت - کۆ (قەسر و جەمع) ناکا، چونکە بەو شێوەیە دڵی ئاو ناخواتەوە و هەست دەکا تاوانبارە! ئەمە لەکاتێکدا حەدیس هەیە کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) فەرمویەتی: (إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ أَنْ تُؤْتَى رُخَصُهُ كَمَا يُحِبُّ أَنْ تُؤْتَى عَزَائِمُهُ)(٣) واتە: خوا وەک چۆن پێی خۆشە سوود لە عەزایمەکانی (واتە ئەرکە قورسەکان) وەربگیرێت، بەهەمان شێوە پێیشی خۆشە سوود لە روخسەتەکانی (واتە ئاسانکاریەکانی) وەربگیرێت.

لە هەمووی ترسناکتر لەم دیاردەیەدا ئەوەیە لە سایەی ئەو پەروەردە و کەلتوورەدا گرووپە توندڕەو و دڕەکان بەئاسانی سەرهەڵدەدەن و گەشە دەکەن. هەر کە زار دەکەنەوە دەبینیت گەروویان پڕپڕە لە دەقەکانی ئایین کە پاڵپشتی لە نەهجەکەیان دەکەن، بەشێک لە نهێنیی سیحر و جازبیەتی ئەو رەوتانەش بەلای توێژی گەنجانی تازەپێگەیشتوو و خوێنگەرمی دینداردا ئەو زمانپڕی و متمانەبەخۆبوونە دەقییەی ئەو جۆرە گرووپانەیە، کە زۆرترین دەق و کەمترین وەگەڕخستنی عەقڵانیەت و ئینسانیەت و واقیعیەت لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو دەقانە بەخەرج دەدەن.

## رۆڵی فاکتەری بەشەری لە توندوتیژیی ئایینیدا

ئەز وای بۆ دەچم ئایین قسەی یەکلاکەرەوەی لە جەدەلیەتی توندوتیژی/ ناتوندوتیژیدا نەکردوە، بەڵکو دەقی بۆ پاڵپشتیی هەردووکیان هەیە و سەرکەوتنی هەریەکەیانی بە عەفەویەتی سروشتی مرۆڤ و رەوتی مێژوو سپاردوە. جا لە بارێکیشدا پەنابردن بۆ توندوتیژی یەکەم بژاردەیە کە مرۆڤ بەعەفەویی خۆی لە یەکەم کاردانەوەیدا بۆ زەبرێک کە پێی دەکەوێت پەنای بۆ دەبا، ئەوا دەنگی توندوتیژی دلێرتر و نەڕەی نێرتر بووە.

ئەم عەفەویەت و یەکەمبوونەی کاردانەوەی توندوتیژانە نهێنیی پشت ئەو بەربلاوی و بالادەستیەیەتی لە مێژوودا، بەشێوەیەک ئایینیشی — بەو هەموو بانگەشە مرۆڤدۆستانەوە- لەگەڵ خۆی راماڵیوە. سەرەنجام مرۆڤ سروشتی خۆی بەسەر هەموو شتەکاندا دەسەپێنێت. ئەو دەتوانێت لە شیرین تاڵ و لە تاڵ شیرین ساز بکات. بڕوانە حەزرەتی مەسیح دەفەرموێ «ئەگەر زللەیەکیان لە لای راستت دا لای چەپیشتی بۆ حازر بکە»، هەروەها دەڵێت «دوژمنەکانتان خۆش بوێت و پیرۆزبایی لەوانە بکەن کە نەفرەتتان لێدەکەن»، کەچی مێژووی ئەو ئایینە یەکێک لە خوێناویترین مێژووەکانە، نەک تەنیا لەنێوان ئەو ئایینە و نەیارەکانیدا، بگرە لەنێوان ئایینزاکانی هەمان ئایینیشدا. خۆشبەختانە خۆرئاواییەکان توانیویانە ئەزموون لەو رووداوە تاڵانەی مێژووی دوور و نزیکیان وەربگرن و سەرەتای قۆناغێکی نوێ دەست پێبکەن کە هەموو شتەکان لە خزمەتی ناتوندوتیژیدا بن، لانیکەم لەسەر ئاستی ناوخۆ، ئەم جارەیان ئایینەکەش هاورێک لەگەڵ پەیامەکەی حەزرەتی مەسیح و بەپێچەوانەی ئەزموونە مێژووییە توندوتیژەکە، لە خزمەت ئەم رەوتە نوێیەدا تەوزیف دەکرێتەوە. ئێستا مەسیحیەت و رەمزە مەسیحیەکان بوونەتە هێمای ئاشتی و پێکەوەژیان نەک شەڕ و شۆڕ.

ئەم گۆڕانەی بەسەر رۆڵی ئایین لە ئەورووپا هاتووە پێمان دەڵێت، ئەگەرچی ئایین خۆی یەکێکە لە پێکهێنەرەکانی کەلتوور و دنیابینیی

**سیستمی بیرکردنەوەی ئایینیی باو لە سەدان ساڵەوە تا ئەمڕۆ دیوە تۆقێنەر و ترسێنەر و توندوتیژ و ڕەقەکەی ئایین زەق دەکاتەوە**

مرۆڤ و کۆمەڵگەکان، بەڵام پانتاییەکی فراوانی بیرکردنەوە و ژیانیش هێز و هەلومەرج و پێداویستییەکانی دەرەوەی ئایین دایدەڕێژن و سەرەنجامی ئەو پرۆسەیەیش جارێکی تر کاریگەری لە شێوەی تێڕوانین و تێگەیشتنمان لە ئایین دەبێت، واتە عەقڵێکی کراوە و مرۆڤدۆست دەتوانێت ئایینەکەشی - بەچاوپۆشین لە سروشتی دەقەکان و مێژووی ئەو ئایینەش- بکاتە ئایینێکی مرۆڤدۆست، ئەنجا هێزە مەعنەویەکەی ئایینیش بخاتە خزمەتی ئەو عەقڵ و هەستە مرۆڤدۆستانەوە، بەپێچەوانەوە عەقڵ و هەستێکی داخراو و عاشق بەشەڕ دەتوانێت ئایینەکەی – ئەگەر دەقی زۆر مرۆڤدۆستانەشی تێدا بن- لە هەر ڕۆحیەتێکی مرۆڤدۆستانە خاڵی بکاتەوە و بیکاتە هێزێکی بەهەرمهێنی توندوتیژی و کاولکاری.

شوێنکەوتوانی هەندێ لە ئایینەکان، لەوانە ئایینی مەسیحی، دوای ئەزمونی تەڵخی دەسەڵاتداریی پیاوانی کەنیسە لە سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەوروپا و تراژیدیای دادگاکانی پشکنین، بەم ئاقارەدا کاریان کردوە، بەشێوەیەک ئیتر ئەو ئایینە خەریکە لە مێژووە تەڵخەکەی دادەبڕێت و لە زەینی گشتیدا وەک پەیامی ئاشتی و خۆشەویستی وێنا دەکرێت و پاپای کاسۆلیکەکانی دنیا لە قودداسەکانیدا نزا بۆ ئاشتیی جیهانی دەکا.

بەڵام موسڵمانان تا ئێستا دیلی تین و تاوی نمونە مێژووییەکانی فتوحات و شەڕە شیر و جەدەلیەتی دارولحەرب و دارولسلم و زاڵبوون لەڕێی زەبر و زەنگەوەن، بەشێوەیەک گەنجێکی ١٧-١٨ ساڵ وای لێبێت عاشقی شەڕ و خۆتەقاندنەوە و مرۆڤکوشتن بێت، ئەوەش تەنیا لەسەر ئاستی شەڕی دەرەکی نییە، بەڵکو لەسەر ئاستی ململانێی هێز و گرووپە سیاسی و مەزەبیەکانیش لەوپەڕی هێز و دڵڕەقیدایە (سەیری تەقینەوە خۆکوژیەکان و شەڕی بێئامانی شیعە و سوننە بکە).

بەڵام لەبارێکدا ناتوندوتیژی لەڕێی پەروەردەیەکی پشوودرێژەوە بەرهەم دێت، هەرگیز ناتوانین هێزی پەروەردەی ئایین لەو پرۆسەیەدا نادیدە بگرین، بەتایبەت لە بارێکدا ئەو توندوتیژیەی ئەمڕۆ بەرۆکی ئەم ناوچەیەی ئێمەی بەپلەی یەکەم گرتووە توندوتیژیەکە فیکر و ئایدیۆلۆژیایەکی دینی لەپشتەوەیە، ئەوانەی بێڕەحمانە خۆیان و خەڵک دەکوژن ئەوە بەناوی جێبەجێکردنی ویست و فەرمانی خوا و پاراستنی سنوورەکانی خوا و بەرگریکردن لە مەملەکەت و دەسەڵاتی خوا و بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی و بەهەشتی نەبڕاوی خوا دەکەن، چونکە ئەگەر نەتوانین ئایینەکە بکەینە بزوێنەر و دایەنی ئەو هەستە ناتوندوتیژانەیە، ئەوا بەدڵنیاییەوە دەبێتە دایەنی فەلسەفەی توندوتیژی، بۆیە دەبێ وابکەین لانیکەم خزمەت بە توندوتیژیەکە نەکا.

با وا نەزانرێت لەبەردەم توغیانی عەقڵیەتی توندوتیژیی ئایینیدا کە بەرهەمی قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراوە، ناتوانرێت و مەحاڵە

جێپێیه‌کی به‌هێز له‌نێو ده‌قه ته‌ئسیسیه‌کان بۆ ناتوندوتیژی بدۆزرێته‌وه‌، به‌پێچه‌وانه‌وه وه‌ک پێشتریش باسمان کرد، ده‌یان ده‌ق له قورئاندا هه‌ن ڕێک ده‌ڵێیت بۆ ئه‌وه دانراون ئه‌مڕۆ به‌لۆکی ده‌ربهێنرێن و بۆ گه‌ڵاڵه‌کردنی عه‌قڵیه‌تێکی ئایینیی ئاشتیخوازانه و ناتوندوتیژ و مرۆڤدۆست و لێبورده و کراوه ته‌وزیف بکرێن، که ڕه‌نگه ئایه‌ته‌کانی (لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّين..) (٤) (هُو الَّذِي خَلَقَكُمْ فَمنكُمْ كَافِرٌ ومنكُم مُّؤْمِنٌ..) (٥) (وقُل الْحَقُّ مِن رَّبِّكُم فَمَن شَاء فَلْيُؤْمِن وَمَن شَاء فَلْيَكْفُرْ)(٦) (ولَوْ شَاء رَبُّكَ لَجَعَلَ النَّاسَ أُمَّةً واحِدَةً وَلَا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ. إِلاَّ مَن رَّحِمَ رَبُّكَ ولِذَلِكَ خَلَقَهُمْ..)(٧).

ئه‌م ده‌قانه و ده‌یانی تری له‌و شێوه‌یه که هه‌ڵگری ئه‌و مانا و به‌هایانه‌ی سه‌ره‌وه‌ن، له‌لایه‌ن عه‌قڵی باڵاده‌ستی ئایینییه‌وه سڕ کراون، له‌به‌رئه‌وه‌ی له‌گه‌ڵ سروشتی عه‌قڵیه‌ته مێژووییه‌که‌دا تێک گیراون که لۆژیکی هێز نه‌ک هێزی لۆژیک به‌سه‌ریدا زاڵ بووه‌، له دنیای شه‌ڕ و شۆڕ و فتوحات و هێرش و به‌ره‌نگاربوونه‌وه‌ی دوژمنانیدا ژیاوه و به‌و هه‌ناسه جه‌نگاوه‌رانه‌ش مامه‌ڵه‌ی له‌گه‌ڵ ده‌قه‌کان کردوه‌.

ئه‌گه‌ر بارودۆخه مێژووییه‌که زه‌مینه‌یه‌کی به‌پیت و له‌بار و پاڵپشت بووه بۆ زاڵبوونی که‌لتوورێکی توندوتیژی ئایینی که تا ئه‌مڕۆیش ڕووبه‌ڕێکی گه‌وره‌ی له هزر و هه‌ستی ئایینی داگیرکردوه و خۆی وه‌ک وێنه‌ی به‌ڵگه‌نه‌ویست و شه‌رعیی ئایینه‌که نمایش ده‌کات، ئه‌وا هه‌لومه‌جی ئه‌م قۆناغه مێژووییه ئیتر ته‌واو له‌و قۆناغه دێرینانه جیاوازه‌، قۆناغ قۆناغی ئاشتیی جیهانی و ئیقلیمی، لێبورده‌یی و پێکه‌وه‌ژیان، ئازادی و دیموکراسی، خه‌بات و ململانێی مه‌ده‌نی و ناتوندوتیژانه‌یه‌، ئه‌و گه‌لانه‌ی تا

**عه‌قڵێکی کراوه و مرۆڤدۆست ده‌توانێت ئایینه‌که‌شی - به‌چاوپۆشین له سروشتی ده‌قه‌کان و مێژووی ئه‌و ئایینه‌ش- بکاته ئایینێکی مرۆڤدۆست**

دوێنێیش له شه‌ڕ و خوێن و زه‌بر و زه‌نگ گه‌وزابوون وا هه‌موو پشت له‌و ڕابردووه‌یان ده‌که‌ن و دێنه نێو جیهانی نوێ، به‌و به‌هایانه‌وه باسکران، ئیدی هیچ مانای نییه عه‌قڵی موسڵمان هه‌ر دیلی وێنه و تیز و ئه‌زموونه مێژووییه‌که‌ی هه‌زار و ئه‌وه‌نده ساڵ له‌مه‌وپێش بێت و له‌باتیی ئه‌زموون وه‌رگرتن له دیمه‌نه تاڵخ و تاڵ و جه‌رگبڕه‌کانی که به‌ر له هه‌ر شت به‌هاکانی ئایینه‌که‌یان تێدا ژێرپێ خراوه‌، هێشتا خه‌می گه‌وره‌ی به‌رجه‌سته‌کردنه‌وه‌ی که‌لتوور و که‌له‌پووری ئه‌و مێژووه له توندوتیژی بێت و به‌رنامه بۆ زیندووکردنه‌وه‌ی ئه‌زموونه‌که به ورده‌کاریه‌کانیه‌وه له سه‌رده‌می نوێدا بدا. زۆر سه‌یره که پاش نزیکه‌ی ١٤٠٠ ساڵ له ڕووداوی که‌ربه‌لا و شه‌هیدکردنی ئیمامی حوسێن له‌لایه‌ن ده‌سه‌ڵاتی ئیسلامیی ئه‌و کاته‌وه‌، هێشتا موسڵمانانی سوننه و شیعه له‌سه‌ر ئه‌و ڕووداوه یه‌کتر ده‌کوژن.

ئیتر کاتی ئه‌وه‌یه عه‌قڵی ئایینی ئه‌و مێژووه سووره تێبپه‌ڕێنێت و پێ بنێته ناو مێژوویه‌کی سپی، که له‌باتیی ڕق و زه‌بر و زه‌نگ و تاکڕه‌وی، خۆشه‌ویستی و لێبورده‌یی و ناتوندوتیژی و فره‌یی به‌سه‌ریدا زاڵ بێت.

## سەرچاوە و پەراوێز:

١ ئایەتی: ورَحْمَتي وَسِعَتْ كُلَّ شَيْءٍ {الَاعراف/١٥٦}
٢ حدثنا عبد اللَه بن مسلمة عنً مالك عن ابن شهاب عن عروة بن الزبير عن عائشة رضي الله عنها أنها قالت: ما خير رسول الله صلي الله عليه وسلم في أمرين إلا اختار أيسرهما ما لم يكن إثما فإن كان إثما كان أبعد الناس منه وما انتقم رسول الله صلي الله عليه وسلم لنفسه إلا أن تنتهك حرمة الله تعالي فينتقم لله بها .
قال المنذري: وأخرجه البخاري ومسلم والترمذي .
٣ رواه الإمام أحمد وابن حبان، والبيهقى
٤ {البقره/٢٥٦}. واتە: زۆرلێکردن لە ئایندا نیە.
٥ {التغابن/٢} واتە: ئەو خەلقی کردون جا هەندێکتان بێباوەڕن و هەندێکتان باوەڕدار.
٦ {الكهف/٢٩} واتە: بڵێ راستی لەلایەن پەروەردگارتانەوە، جا کێ ویستی باوەڕ بێنێ با باوەڕ بێنێ و کێیش ویستی باوەڕ نەهێنێ با باوەڕ نەهێنێ.
٧ هود/١١٩-١٢٠، واتە: ئەگەر خوا بیویستایە خەڵکی هەموو دەکرد بە یەک ئوممەت، بەلام ئەوان هێشتا جیاوازن، مەگەر ئەوەی خوا رەحمی پێ بکا، هەر بۆ ئەوەیش دروستی کردوون.

# مرۆڤ و زانستدۆستی لە نێوان هیۆمانیزم و فەلسەفەی ئیسلامیدا



**بوخاری عەبدوڵای قەسری**
لەدایکبووی ١٩٩٠ شاری هەولێر
قوتابی ماستەرە لە ئەدەبی ئینگلیزی.
خاوەنی دوو پەرتوکی وەرگێڕدراوە.





**سەنتەربوونی مرۆڤ و ڕەهەند و ئاریشەکانی مرۆڤبوون یەکێکە لەو ئاریشە گرنگ و بەهەندوەرگیراوانەی کە تەواوی ئایدۆلۆژیاکان و نێوەندە ئەکادیمی و ئایینی و هزرییەکانی بەخۆیەوە سەرقاڵکردوە. ئەو باسە خۆی لەو پرسیارانەدا دەبینێتەوە کە: ئایا مرۆڤ نێوەند و چەقی ئەم گەردونەیە یاخود خودا؟ ئایا ژیانی مرۆڤ لەخزمەتی مرۆڤدایە یان خودا؟ ئایا ئایین لەخزمەتی مرۆڤدایە یان مرۆڤ لە خزمەتی ئاییندایە؟ پەیوەندی نێوان خودا و مرۆڤ چییە؟ ئەم پرسیارانە تەنها پرسیارگەلێك نین و وەڵامەکانیشیان وەڵامگەلێکی کلاسیکی و سێنا نین کە بەچەند دێڕێك بەکۆتا بگەن و بە سێنایی خاڵیان بۆ دابنرێن! بەڵکو هەرکام لەم پرسیارانە لەڕاستیدا پرسێك دەوروژێنن و دەروازەی فەلسەفیی فرەڕەهەند ئاوەڵا دەکەن بۆ گفتوگۆ و لێڕامان.**

مرۆڤگەرایی (هیومانیزمHumanism) لە ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاستدا وەک کاردانەوەیەک بۆ هزریی ئوسولیی مەسیحی هاتەئاراوە، زیاتر دیوێکی ئەدەبییانەشی وەرگرت و لە تێکستە ئەدەبییەکاندا بەرجەستە بوو. لە ئامۆژەکانی کڵێسادا مرۆڤ وەلانرابوو، ئەرزش وبەهای مرۆڤ جگە لەوە کە مرۆڤ ئامرازێکە بۆ پەرستشی خودا و جێبەجێکردنی فەرمانە ئایینیەکان زێتر هیچی تر نەبوو. مافی مرۆڤ و فەلسەفەی مرۆڤبوون لە ئامۆژەکانی کڵێسادا غیابێکی ڕاستەقینەیان هەبوو. هەرهێندە ناوی مرۆڤ دەهێنرا تا گوێڕایەڵێکی ڕاستەقینە و گوێلەمستی پیاوانی کڵێسا بێت و فێری بکەن خودا و بوون و ژیان و گەردوون چین. مرۆڤ ناتوانێت ببێتە ئەو کائینەی کە خۆی بە عەقڵ و ئاوەز و بیرکردنەوەکانی ژیانی خۆی هەڵسوڕێنێت، هەرگا مرۆڤ ئاوەزی خستە کار ئیدی گورزێکی کوشندەی داوە لە ڕازیردنی خودا، مرۆڤ بونەوەرێکی بەکاربراو (مسیر)ی نائازادە، لەبری ئەوەی خۆی بیربکاتەوە کتێبی پیرۆز و قەشە بیردەکەنەوە و پێی دەڵێن کامە شتێ باش و ئەرێنییە و کامانەش خراپ و ناحەز. کڵێسا هێندەی ناوی خودای دەهێنا وەک ئاماژەیەک بۆ لێترسان، هێندە باسی میهر و مرۆڤدۆستی و لوتفشیرینی خوای نەدەکرد. بوونی ئافرەت شەرمێکی پەنهانیی بوو، تاوانی ئەو دووهێندە هەژمار دەکرا، چون دایە حەوا زووتر تاوانێکی بە مرۆڤایەتی ئەنجامدابوو لەو باخچەی (ئەدەن) کە خوا بۆ مرۆڤی فەراهەمهێنابوو! پیاوانی کڵێسا سڵیان لەوە نەدەکردەوە کە هەمیشە ئەوە دووبارەبکەنەوە کە مرۆڤ بونەوەرێکی شەرمن و خەجاڵەتبارە لە ئاستی خودا، چونکە هەمیشە ڕووی بە تاوانی یەکەم (the origin sin) ڕەش و نزمە. لای کڵێسای سەدەکانی ناوەڕاست، زانست هێندەی هەوڵێکە بۆ یاخیبوون لە کتێبی پیرۆز و ترسان لەخودا، هێندە ئامرازێکی بەختەوەری نییە بۆ مرۆڤ. پێدەچێت ئەفسانەی یۆنانی (ئاگرەکەی پرۆمیسیۆس) باشتر ئەو ترسەی کڵێسا لە زانست بۆ ئێمە ڕاڤە بکات.

یۆنانیه کۆنه‌کان ئه‌وه‌مان پێده‌ڵێن که گوایه کاتی خۆی خودای خواکان (زیۆس)،دوای ئه‌وه‌ی بونه‌وه‌ره خراپه‌کانی تری له‌ناو بردن،دوو بونه‌وه‌ری له‌سه‌ر زه‌وی جێگیرکرد، ئه‌و دوو بونه‌وه‌ره‌ش -به‌گوته‌ی هێندێک-دوو مرۆڤ بوون، یه‌کێکیان ناوی (پڕۆمیسیۆس) بوو، ئه‌وی تر ناوی (ئیپمیسیۆس)، هێندێک ده‌ڵێن گوایه ئیپمیسیۆس ئاماژه بووه بۆ به‌نی ئاده‌م، وه‌لێ پڕۆمیسیۆس ئاماژه بووه بۆ شه‌یتان، به هه‌ر حاڵ، ئه‌م دوو بونه‌وه‌ره ته‌واو پشتگوێ خرابوونله‌لایه‌ن (زیۆس) ه‌وه، توانای بیرکردنه‌وه‌ی ئازادانه‌یان نه‌بوو، نه‌یانده‌توانی کشتوکاڵ بکه‌ن، کوخه‌ڵیت و وارێکی گه‌رم بۆ خۆیان بینا بکه‌ن، نه‌یانده‌زانی چلۆن جلوبه‌رگ ساز بکه‌ن، ئاسن ده‌ربهێنن و چه‌قۆ و ئامرازه‌کانی چێشتخانه‌ی پێ ساز بکه‌ن. به کورتیه‌که‌ی له نه‌زانین و پشتگوێخرانێکی ته‌واودا ده‌ژیان، چونکه (زیۆس) وه‌های پێ په‌سه‌ند بوو، تا هه‌میشه ئه‌وان حه‌وجێی خودا بن و لێی بترسن و فه‌رمانبه‌رداری بن!به‌ڵام ڕۆژێکیان پڕۆمیسیۆس بیری له‌وه کرده‌وه که له‌و تاریکییه ڕاسته‌قینه‌یه ڕزگاریان بێت، ئیدی بیرۆکه‌ی ئه‌وه‌ی هاته ئاوه‌ز که بچێ له شاری خواکان (ئۆله‌مپیۆس)دا ئاگری پیرۆز بدرێت. ئه‌و ئاگره هه‌م زانسته، هه‌م ماریفه‌ته، هه‌میش ڕووناکی و گه‌رمی. ئیدی توانی چڵێک قرچه‌ی ئه‌و ئاگره بهێنێته‌وه سه‌ر ڕووی زه‌وی، له‌وێوه فێری چێشتلێنان و ماڵداری بوون، ماڵیان ساز کرد، ئاسنیان ده‌رهێنا و گاسنیان پێ دروستکرد تا کشتیاریی پێبکه‌ن، فێری چێکردنی گوند بوون و شارستانیه‌ت ده‌ستی پێکرد. له‌وه‌ش زێتر، ئه‌و ئاگره ڕووناکی ماریفه‌ت و زانستی پێبه‌خشین و ئیدی چیتر هێنده له (زیۆس) نه‌ده‌ترسان، چون ده‌یانتوانی خۆیان خۆبژێنن و مه‌داری خۆڕاپه‌ڕاندنیان به شێوه‌یه‌کی ئاقڵمه‌ندانه ساز بده‌ن. له‌مه‌وه توانستی مرۆڤ زیادی کرد، توانستی زیۆس –وه‌ک ئاماژه‌یه‌ک بۆ خودا- که‌می کرد. به‌و ئه‌فسانه‌یه بێت، ئیدی له‌وساوه زیۆس ڕقی ئه‌وه‌ی له مرۆڤ هه‌ڵگرتوه که مرۆڤ خاوه‌نی ئاگری پیرۆزه، چونکه شه‌یتان مرۆڤی بۆ ئه‌و دزینه هه‌ڵخه‌ڵه‌تاند، خودا ڕقی ئه‌وه‌ی له مرۆڤ گرتوه که مرۆڤ پشتی به عه‌قڵ و هۆشی به‌ست و ئیدی بوو به خاوه‌نی زانست. له‌وساکه‌وه گوایه هه‌رچمکێک له زانست پێش بکه‌وێت چمکێک له توانستی مرۆڤ به‌رز ده‌بێته‌وه، له مشورگێڕییه‌تی خودا که‌مده‌بێته‌وه. به‌و ئه‌فسانه‌یه‌بێت ژیریی مرۆڤ هه‌میشه له‌ململانێدایه له‌گه‌ڵ ماریفه‌تی خودا، بۆیه تا مرۆڤ وه‌دوای قسه‌کانی ژیریی بکه‌وێت زێده‌تر له خودا دورده‌که‌وێته‌وه. ئا ئه‌مه‌یه ئه‌فسانه‌ی (ئاگری پیرۆز و پڕۆمیسیۆس). ده‌توانین بڵێین که ئامۆژه‌کانی کڵێسا و پیاوانی ئاینی مه‌سیحی به‌رجه‌سته‌یه‌کی کردارییی ئه‌م ئه‌فسانه‌یه بوون، چونکه لای ئه‌وان فێربوونی ماریفه‌ت و زانین وه‌ک پرۆسه‌یه‌کی ئاقڵمه‌ندانه له‌ده‌ره‌وه‌ی کڵێسا، به پشت به‌ستن به ئه‌زموون و زانست و فه‌لسه‌فه جۆرێک بوو له به‌ره‌نگاریی (تحدی)ی خودا و په‌رتوکه‌که‌ی، بۆیه دژایه‌تییه‌کی ڕاسته‌قینه‌ی ئه‌و زاناو بیرمه‌ندانه‌یان ده‌کرد که له‌ده‌ره‌وه‌ی ئایین به‌دوای هه‌قیقه‌تدا ده‌گه‌ڕان، یان ژیریی خۆیان

**هزری ئیسلامی زۆر مرۆڤگه‌رانه‌یه و مرۆڤ له مه‌نزومه‌ی هزریی ئیسلامیدا چه‌قی گرنگیپێدانی شه‌ریعه‌ته**

دەخستەگەڕ بۆ فێربوون. بە هەمانشێوەش، بیرمەند و فەلسەفەکارانی ئەوساش پێیان وابوو هەر لێکدانەوەیەکی لاهوتیی بۆ سێکوچکەی (بوون، ژیان و مرۆڤ) جۆرێکە لە گەمژەیی و دواکەوتویی ژیری.

لەڕاستیدا ئەفسانەی (ئاگری پیرۆز) تەنها ئەفسانەو چیرۆکێکی خەیاڵیی بەرئاگردان نییە و بەس، بەڵکو بەجۆرێک لە جۆرەکاندیوی پشتەوەی عەقڵیەتی (هیومانیزم)ە. فەیلەسوفی فەرەنسی (ژان پۆل سارتەر)یش کە هیومانیستێکی مۆدێرنە پەرتوکێکی هەیە بەناوی (بوونگەرایی ڕەوتێکی مرۆڤگەرییە Existentialism Is Humanism) لە وتارێکدا دەڵێت بەناوی (مرۆڤ خۆی خۆی دروست دەکات).هیومانیزم لەدژی ستەمی کڵێسا لە مرۆڤی ئەوروپی هاتەکایەوە، مرۆڤی کردە چەقی گەردوون و گرنگییدانەکانی، بۆ ئەو مەبەستەش گەڕایەوە بۆ کەلەپوری فەلسەفەی یۆنانی کلاسیک. لەوێدا تام و بۆی ئەوەیان دۆزیەوە کە مرۆڤ شکۆی ئەوەی هەیە بەبەکارهێنانی ئاوەز و ژیرییەکەی ببێتە سەرداری زەمین و دەتوانێت خاوەنی شارستانیەت بێت و لەو تاریکییەش بێتە دەرەوە کە بەناوی تاوانی یەکەمەوە بۆی سازکراوە. بۆیە لەبری ئەوەی مرۆڤ خزمەتکاری گەردوون بێت، ئیدی کاتی ئەوەبوو بڵێن گەردوون خزمەتی مرۆڤ دەکات. لەبری ئەوەی زانست مایەی تورەبوونی خوا (یان خواکان) بێت لە مرۆڤ، ئیدی زانست مایەی ڕزگاریی مرۆڤە لە تاریکی و نەهامەتیەکان. لێرەدا نامەوێت ئەوە بڵێم کە سەرجەمی فەیلەسوف و زاناکان بەگژ کڵێسادا چوونەوە، بەڵکو دەمەوێت ئەوە بڵێم کە دۆزینەوە زانستیەکان شەرێک بوون لەلایەن دەزگا زانستیەکانەوە لەگەڵ دامەزراوەی کڵێسا دەکران، هەروەک لە چیرۆکی (پرۆمیسیۆس)یشدا وەهایە.

هیومانیزم-وەک ڕاڕەوێکی ئایدۆلۆژی و لای هێندێک کەسیش وەک ئایینێک- بڕوای بەوە هەیە کە مرۆڤ حەوجێی ئەوە نییە کە بۆ ژیانێکی دیکەی دوارۆژ بژیت، بەڵکو بەو زانستەی کە هەیەتی ئەوەی لێ چاوەڕواندەکرێت کە ئەو زەویەی ئێرەی ئاوەدان و ڕۆشنا بکات و تێیدا بحەسێتەوە، تا بەو جۆرەی دەیهەوێت ڕابوێرێت. بڕوای بە مەبدەئی کارپیدیۆم (carpediem) هەیە، کە بەمانای ئەوە دێت (تا پێت دەکرێت ئەمرۆ بەخۆشی بژی و بیر لە سبەی مەکەرەوە)، (کارپیدیۆم) لە ئەدەبی ئینگلیزیدا بە ئاشکرایی هەیە، بەتایبەت لە شیعری ڕۆمانتیکی. لای هیومانیستەکان مرۆڤ پیرۆزییەکی گومانهەڵنەگری هەیە، بۆیەش هەمو ئایدۆلۆژیاکان دەبێت لەخزمەتی ئەو پیرۆزییە بێسنورەی مرۆڤدابن و خۆشڕابوێرییەکەی مرۆڤ فەراهەم بێنن. هیومانیزم ئازادیە ڕەهاکانی مرۆڤ دەکاتە چەقی مەبەستە باڵاکان، ماف و ئازادی مرۆڤ و خۆشڕابوێری مرۆڤ بە نمرەی یەکەم دەزانێت، جا ئەوجار شتانی دیکەی وەک ئایین و ئەخلاق و ...هتد، تەنانەت مرۆڤ هێندە بەپیرۆز دەزانێت تا ئەو ڕێژەیەی هێندێک لە هیومانیستەکان مرۆڤ «بەخواوەند» دەکەن.فەیلەسوف و زانای بەریتانی (یولیان هاکسلی) پێی وایە کە ئیدی مرۆڤ حەوجێی ئەوە نییە زانست لە خوداوەندەوە فێرببێت، چونکە مرۆڤ ئێستا خاوەنی پێشکەوتوترین زانستە و بەو زانستەی دەزانێت نهێنی هەورەتریشقە و بروسکە وباران چییە، خۆی دەبێتە خواوەند لەجێگەی خودا.گرنگترین شتیش ئەوەیە کە ماریفەت و زانست و فێربوون لە هزری هیومانیستیدا یەکڕا و هاوتەبا نییە لەگەڵ ئایین و فێرکارە ئایینیەکاندا. لای هیومانیستەکان (زانست) چونکە پەیوەستە بە مرۆڤەوە و کەسبی دەستی مرۆڤە، بۆیە جێگەی بەپیرۆز زانینە، گۆشەیەکە کە تێیدا بەرەنگای مرۆڤ

دژ بە ئایین دەبینرێت.

لە سیستەمی هزریی ئیسلامیدا، ئەم تێڕوانینە هیۆمانسیتیە جێگەی مشتومڕێکی قوڵ و ئاڵۆزە. پێویستە ئەوە بڵێم کە هیومانیزم لە هەناوی مەسیحیەتدا دروست بوو، بۆیە بەراوردکردنی لەگەڵ ئیسلامدا شتێکی بەرهەمدار و بەپێت نییەو تەنانەت زۆریش سەختە. دەگونجێت ڕەوتی هیومانیزم وەک ئایدۆلۆژیا لەگەڵ ئیسلامدا بەراورد بکەین بەڵام هیومانیزم وەک چەند ڕێبیرێک کە نرخ بۆ ئازادی مرۆڤ دادەنێت ناگونجێت لەگەڵ ئیسلامدا وەک شتێکی دژەوانەو لێکنەچوو بەراورد بکرێن. بازنە و بارگەی ئیسلام لەگەڵ هیومانیزم نە سالیبە و نە موجەب، بەڵکو زۆر لەوە ئاڵۆزترە. لە زۆرشتدا پێکدەگەنەوە و یەکتر بینا دەکەن، بەڵام لەزۆر شتی دیکەشدا بە ئاشکرا پێچەوانە ڕادەوەستن. ڕوونتر بڵێم، هزری ئیسلامی زۆر مرۆڤگەرانەیەو مرۆڤ لە مەنزومەی هزریی ئیسلامیدا چەقی گرنگییدانی شەریعەتە، ئاخر ئیسلام نە ئەو تەسکبینیەی کڵێسایە بۆ پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خودا، نە ئەو بوغرابوون و لەخۆباییبوونەی مرۆڤە بەرامبەر بە خودا کە خۆی بخاتە شوێنی ئەو. مرۆڤ لە ئیسلامدا بونەوەرێکی دوجەمسەرەیە، دیوێکی پڕ لە فەزیڵەتی هەیە چونکە پەیوەستە بە ئاسمانەوە، ئەویش لە سۆنگەی ئەوەی کە ڕۆحی پیرۆزی خودای تێدا دەدرەوشێتەوە، لەهەمانکاتیشدا دیوێکی زەمینی ئاژەڵیانەی هەیە کە بە غەریزەکانی تێراو و پڕ کراوە. بۆیە بوونی مرۆڤ نە هێندە نزمدەروونە کە هەمیشە پێویستی بە سەرکۆنەی دەروون بێت وەک ئامۆژە کڵێساییەکان وای بە پەسەندی دەزانن، نە هێندەش بەرزشکۆ و پیرۆزپایە بە وەک هیۆمانسیتەکان لێی دەنۆڕن و دەیکەن بە جێداری خودا. باشترین پێناسەی مرۆڤ ئەوەیە کە بەڕێزترین دروستکراوی خوایە و کەرەم و ڕێز و بەهەندزانینی تایبەتی خوایی هەیە **(ولَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي ادَمَ)** الإسرا ٧٠.

خاڵە جەوهەرییەکانی ئیسلام و فەلسەفەی مرۆڤگەرایی لەوەدا بە پرد دەبن و پێکدەگەن کە هەردولا گرنگی بە شکۆ و ڕێز و ڕۆحی باڵای مرۆڤ دەدەن. پێیانوایە کە مرۆڤ سەرداری ئەم ژیانەیە و ژیان بۆ ئەو بینا و سازکراوە تا تێیدا بحەسێتەوە و ئۆخشڕن و ئاسودەیی بچێژێت. ئاخر هەم ئیسلام لە چوارچێوە مێژوییەکەی سەرهەڵدانیدا و هەمیش هیومانیزم هەوڵێکی ڕادیکاڵانەیان دا بۆ دەرهێنانی مرۆڤ لە دۆزەخی کۆیلایەتی و نەریتگەرای کۆمەڵگەی خێڵەکی و دواکەوتوو. ئیسلام لەسەردەمێکدا هات کە جاهیلییەتی عەرەب تەنگی بە ئازادیەکان و کەرامەتی مرۆڤ هەڵچنیبوو، ڕەوتی مرۆڤگەراییش وەک کاردانەوە لەسەردەمێکدا قوتبوویەوە کە کڵێسا گرنگی بە (نامۆکردن)ی مرۆڤ دەدا، گرنگی بەوە دەدات کە مرۆڤ جەستەی پێشێل بکات بۆ تێرکردنی ڕۆحانیەتی. هەردولا ئیسلام و هیومانیزمی نائایدۆلۆژی پێیانوایە کە مرۆڤ ئیدی ئۆباڵی (تاوانی یەکەم)ی باوە ئادەم و دایە حەوای لەسەر نییە، مرۆڤ کە لەدایک دەبێت بێتاوانە و پەڕەیەکی سپیی بێ پەڵەیە (مامن مولود الا یولد علی الفگره) و **(ولَا تَزِرُ وازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَي)** الزمر (٧). هەروەها خاڵێکی دیکەی هاوبەش لەنێوانیاندائەوەیە کە مرۆڤ ئەرکی ئاوەدانکاری و جێنیشینی و سەرداری ئەم گەردون و ژیانەی لەسەر شانە، زەمین بۆ مرۆڤ خراوەتە سەر پشت تا مرۆڤ ئەرکی ئاوەدانکاریی و ژیانسازیی ڕابپەڕێنێت. خوا لە قورئاندا ئەفەرمویت **(إِنَّا عَرَضْنَا الاَمَانَةَ عَلَي السَّمَاوَاتِ وَالاَرْضِ وَالْجِبَالِ فَأَبَيْنَ أَنْ يَحْمِلْنَهَا وَأَشْفَقْنَ مِنْهَا وَحَمَلَهَا الْإِنْسَانُ)** الاحزاب (٧١). بۆیەش هەڵە

**هیومانیزم وەك چەند ڕێبیرێك كە نرخ بۆ ئازادی مرۆڤ دادەنێت ناگونجێت لەگەڵ ئیسلامدا وەك شتێكی دژەوانە و لێكنەچوو بەراورد بكرێن**

نییە ئەگەر بڵێم هەروەک چۆن لە هیومانیزمدا مرۆڤ سەنتەری گرنگپێدانی گەردوونە، لە ئیسلامیشدا مرۆڤ سەرداری خەلاتکراوی ئەم گەردونەیە، بەڵام خاڵی جیاوازی نێوان ئەم دوو سەنتەر بوونە ئەوەیە کە لە هیومانیزمدا مرۆڤ خۆی بە شان و باڵ و دەستەلاتپێدانی خۆی و بە ئازادی و جەسووریی خۆی خۆی کردوە بە سەرداری گەردون، بەڵام لە ئیسلامدا مرۆڤ ئەو سەرداریییەی لەلایەن خوای مشورگێڕەوە وەک خەلات و ڕێزلێنانەوە پێبەخشراوە. مرۆڤ لە ئیسلامدا بەرەنگاری خوا ناکات بۆ ئەوەی ببێتە سەردەست و قسەڕۆیشتووی سەر زەمین، وەک لە چیرۆکی (پرۆمیسیۆس) دا دەردەکەویت، بەڵکو خوا بە ویستی خۆی و بە قسەی خۆی مرۆڤی کردوە بە جێنیشینی خۆی لەسەر زەوی (إِنِّي جَاعِلٌ فِي الأرضِ ) البقره (٣٠).

جەوهەریترین خاڵی جیاواز و دەبەریکراچونی نێوان هیومانیزم و سیستەمی هزریی ئیسلامی لەم دوو حاڵەتەی خوارەوەدایە کە:

١- هیومانیستەکان وای دەبینن کە بەو پێیەی کە مرۆڤ پیرۆزترین بوونی ئەم گەردونەیە، کەوایە دانانی هەر سنورێک بۆ ئازادیەکەی جۆرێکە لە پێشێلکاریی بەرامبەر بە ئازادیەکانی. مرۆڤ کاتێک دەتوانێت پیرۆزیی خۆی بەرجەستە بکات کە هیچ سنورێک بۆ ئازادیە ڕەهاکانی بونی نەبێت. لە فەلسەفەی ئیسلامیدا مرۆڤ بونەوەرێکە بە ئازادی لەدایک دەبێت، بە ئازادی ئاین و سیاسەت و بیرورا ئایدۆلۆژیەکانی مومارەسەدەکات، بە ئازادیش دەمرێت، بەڵام هیچکات ئەم ئازادیەی بێسنور و بێمەودا نییە، چونکە تێڕوانینی ئیسلام بۆ ئازادی وەهایە کە ئازادی هەمیشە ڕووبەڕداره و بە کۆمەڵێک دیسپلین و مەبدەئی تر ڕەنگڕێژ دەکرێت، فەلسەفەی ئیسلامی بۆ ئازادی وەهایە کە ئازادی سورێکی هەڵخەڵەتێنەری هەیە، هەرکاتێک مرۆڤ بەرەهایی ئازاد بوو ئەوا دەبێتەوە بە کۆیلە، دەبێتەوە بە کۆیلەی دەروون و ئارەزووە ئاژەڵیەکانی. ئەمە جگە لەوەی ئازادی کەسێک بە پایان دەگات لەو خاڵەی کە ئازادی کەسێکی دیکە دەستپێدەکات. مرۆڤ لەئیسلامدا ئەوکاتە بەمانا تەواو و بەرفرەوانەکەی ئازادە کە بەندەی خوا بێت، هەمیشە مرۆڤ لەنێوان دوو هێڵدایە، هێڵێک کە بەسەرەوەی خۆی – کە بەدیهێنەرەکەیەتی- دەبەستێتەوە، هێڵێکیش کە بەشێوەیەکی ئاسۆیی بە زەمین دەیبەستێتەوە. لە ئیسلامدا مرۆڤ لە(هیچ) ەوە نەهاتۆتەدی تا تەنها بۆ ئارەزوە تایبەتەیەکانی بژیت، وەک یاریەکی شەهوەتبازانەی کاتیی سەیری ژیان بکات، بەڵکو ئامانجێکی باڵا مرۆڤی هێناوەتە بوون، ئەویش ئاوەدانکاری ئەم زەویە و دروستکردنی شارستانیەتێکی ئەخلاقییە. لە فەلسەفەی ئیسلامیدا کاتێک مرۆڤ بەم ئەرکەی هەڵبسێت و ئەم ئامانجە بێنێتەدی ئەوا هەم بۆ خۆی دەژی و هەمیش بۆ خودا. خودا و مرۆڤ نە دژ بەیەک ڕادەوەستن نە یەکتری فەرامۆش دەکەن، بۆیە دەتوانین بڵێین کە ئیسلام وەک ئاینێکی مرۆڤگەرا (ئەگەر ئەو دەستەواژەیە دروست بێت) مرۆڤ لە دۆزەخی کۆیلایەتی مرۆڤەکان

ڕزگاردەکات، ڕێز و شکۆی بۆ دەگێڕێتەوە، بەڵام بە تەنیا نایهێڵێتەوە و بەرهەڵدای ناکات، بەڵکو ئەرکێکی پیرۆزیشی دەخاتە سەر کە هەر لەخزمەتی خودی مرۆڤایەتیدایە.

٢- هیومانیزمی ئایدۆلۆژیی هێندێک جار پێیوایە کە زانست دەستکەوتی تاقانە و بەرهەڵستیکارانەی مرۆڤە، جۆرێکە لە بەرەنگاری دژ بە ئایین. هەروەک لە چیرۆکی (ئاگری پیرۆز)دا دەردەکەوێت، مرۆڤ هەتا بە ڕەنجی خۆی ئاگری لە خواوەندی گریک (زیۆس) نەدزی نەیتوانی ببێتە خاوەن زانست و شارستانیەت. خواوەندیش بەوە ڕەنجا و توڕەبوو، بۆیە لەوساکەوە ململانێیان هەیە! هێندێک لە هیومانسیتە سەختبینەکان پێیان وایە کە زانست جۆرێکە لە پیرۆزیی مرۆڤ، بۆیە دانانی نیشانەی پرس لەسەر زانست و پێدراوەکانی زانست و پرسیارکردن لەوە کە «ئایا زانست بەتەنیا دەتوانێت مرۆڤ بەختەوەر بکات؟» جۆرێکە لە بێڕێزی بەرامبەر مرۆڤێتی مرۆڤ. بۆیە هێندێک جار ئایدۆلۆژیای هیومانیزم بەرەو زانستپیرۆزی (پۆزەتیڤیزم) هەنگاو دەنێت. لە فەلسەفەی ئیسلامیدا زانست پێدراو و خەڵاتێکی نایابی خواییە بۆ مرۆڤ، خوا بە میهر و لوتفشیرینی خۆی مرۆڤی کردە بونەوەرێکی چاووگوێکراوە و زانا (وَعَلَّمَ ءَادَمَ الاَسْمَاوَ كُلَّهَا ) البقره (٣١). خوا خۆی نایەوێت مرۆڤ نەزان و بێهەواس و تاریکبین بێت، زانستدۆستی کردوە بە ئەرک لەسەر مرۆڤ. بۆیەش لە ئیسلامدا یەکەمین پەیامێک بۆ مرۆڤ لەلایەن خواوە هاتبێت بریتیە لە «بخوێنە» (إقرا). ڕوون و ئاشکرایشە کە لە ئەدەبیاتی ئیسلامیدا زانستدۆستی-جا هەر جۆرێک بێت لە زانست کە لەخزمەتی مرۆڤایەتیدا بێت-

> **ئیسلام و هیومانیزمی نائایدۆلۆژی پێیانوایە کە مرۆڤ ئیدی ئۆباڵی (تاوانی یەکەم)ی باوە ئادەم و دایە حەوای لەسەر نییە، مرۆڤ کە لەدایک دەبێت بێتاوانە و پەڕەیەکی سپیی بێ پەڵەیە**

جۆرێکە لە جێبەجێکردنی پەرستش بۆ خودای بەرز و زانا. لێرەوە بەکورتی دەتوانین بڵێین کە فەلسەفەی هیومانیستی و فەلسەفەی ئیسلام لەڕوانینیان بۆ زانست لەوەدافرەڕەنگ و ئاڕاستەجیاوازن کە ئیسلام وەها لەزانست دەڕوانێت کە پەیوەندیەکی ئاشتیانەی پیرۆز و خەڵاتبەخشیانەیە لەنێوان مرۆڤ و خوا، بەڵام بەشێک لە هیومانیستە ئایدۆلۆژیستەکان وای دەبینن کە زانست چەکێکە لەدەست مرۆڤ بۆ بەرهەڵستکاریی و بەرەنگاری خودایی.

نابێت نکوڵی لەوە بکەین کە مرۆڤگەرایی (هیومانیزم)، وەک ڕەوتێکی فەلسەفیی، هەوڵێکی بەبایەخ بووە بۆ بەئازادڕوانینی مرۆڤ و بەشکۆمەندزانینی بوون و مەبەستەکانی مرۆڤ لەژیاندا، هیومانیزم وەک لەناوەکەیدا دەردەکەوێت هەوڵێک بووە بۆ گێڕانەوەی پیرۆزی مرۆڤ. بەڵام کاتێک سەیری تێز و تیۆری هیومانیزم دەکەیت بەگشتی، جۆرێک لە زۆرڕۆیشتن و زێدەڕەویکردنی ستایشگوزارانەی تێدا دەخوێنیتەوە بەرامبەر بە مرۆڤ، هەڵبەتە ئەوەش لەبەر ئەوە بووە کە کاردانەوە بووە لە بەرامبەر ستەمی کڵێسا لەسەر مرۆڤی ئەورووپی،

هەموو کاردانەوەیەکی هزرییش جۆرێک لە زیادەڕەوی وەردەگرێت، جۆرێک لە ڕەهایی و بوغرایی دەدات بە بوونی مرۆڤ، مرۆڤ یاخی دەکات، هیومانیزم هەندێجار مرۆڤێکی خۆبەپیرۆززان و سەرکەش بەرهەمدەهێنێت، ئەو مرۆڤە یاخییەش دوور نیبە دووبارە ببێتەوە ستەمکار لەسەر مرۆڤەکانی تر. فەلسەفەی ئیسلامی بەو ڕەهەندە مرۆڤگەراییەی کە لەخودی خۆیدا هەڵیگرتوە تێڕوانینێکی هاوسەنگتری تێدا بەرجەستەیە بۆ پیرۆزیی مرۆڤ، بەڵام بەداخەوە لە توراس و ئەدەبیات و فیقهی ئیسلامیدا ئەو مرۆڤدۆستییەی ئیسلام هێندێکجاران بە کەمبایەخەوە سەیر کراوە، یاخود زۆرجاریش پێشێل کراوە و ڕووی ڕاستەقینەی مرۆڤگەرایی ئیسلام بەجوانی نمایش نەکراوە.

## سەرچاوە:

- Literary Movements for Students. David Galens.
- Oedipus the King. Sophocles, Translated by: E. F. Storr
- Favorite Greek Myth, lilian Stoughton
- “Man Makes Himself” by Jean-Paul Sartre
- Wikipedia: Julian Sorell Huxley.
- Existentialism Is Humanism. Jean–Paul Sartre
- فلنخرج من الظلمات التية، محمد قطب
- WHAT IS HUMANISM, Fred Edwords. published in Americanhumanist.com

# گۆڤاری (خاڵ) و

# پڕۆژە ڕۆشنبیرییەکەی شێخ محەممەدی خاڵ




**نەبەز هەورامی**

لەدایکبووی ١٩٦٧، شاعیر و نووسەر

چوار کتێبی چاپکراوە و دوو کتێبی ئامادەی چاپن

کۆمەڵێک وتار و لێکۆڵینەوەی ئایینی و ئەدەبیی و

فیکری و سیاسیی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوبۆتەوە.




هەر کە ژمارە(١)ی گۆڤاری (خاڵ)م بینی، گوتم بێگومان ناولێنانەکەی پێوەندیی بە زانای گەورە(شێخی خاڵ)ەوە هەیە. کە وتاری سەرەتام خوێندەوە؛ تێیدا ئاماژە بەوەش کرابوو «تێگەیشتنی رەسەن و سەردەمیانەو کوردانە بۆ ئیسلام، خزمەتکردن بەزمان و فەرهەنگ، خوێندنەوەی دەنگ رەنگی جیاواز...»؛ پرۆژەی ئەو زانا گەورەیەبووە، ئەمەش هۆیەکی ناونانی گۆڤارەکە بووە بە(خاڵ).

با من ئەوەشی بخەمەسەر؛ کە بڵاوکردنەوەی بیر و بۆچوونیش ـ بە تایبەت بیر و بۆچوونی ئایینی ـ لە گۆڤار و رۆژنامەدا ـ لای خاڵ ـ هەنگاوێکی نوێی ئامانجدار بووە، لە وتارێکیشیدا ـ لە ٢٠ خاڵدا ـ بایەخی گۆڤار و رۆژنامە دەردەخات، لە کۆتاییەکەشیدا دەڵێت: «هیچ گەلێک بەبێ گۆڤار و رۆژنامەی باش، بە ئامانج و مەبەستی خۆی ناگات». بە بۆنەی دەرچوونی یەکەم ژمارەی گۆڤاری (رۆژی نوێ)شەوە لە (١٩٦٠) دا، ستایشێکی زۆری رۆژنامەوانیی دەکات و بە دەسەڵاتی چوارەم، بە زمان و بە قوتابخانەی کۆمەڵ ناوی دەبات ! «١».

دەرچوونی ئەم گۆڤارە بە دەرفەت دەزانم ـ منیش لای خۆمەوە- تیشکێک بخەمەسەر پرۆژەرۆشنبیرییەکەی ئەو زانایە.

سەرەتا با ئەوەبڵێم؛ کە ئایینداریی خاڵ، لەمێژە جێگەی سەرنج و جۆرێک لە سەرسامییم بووە، بۆیە لە ژمارە (٨)ی گۆڤاری (رابەر/١٩٩٢/٩/٨)دا، وتارێکم لەبارەی (ژیان و بەرهەم و بیر و هەڵوێستەکانی)یەوە بڵاوکردەوە«٢». چونکە بە پێویستم دەزانی، نەوەی نوێی ئیسلامخواز، بەزانا ئایینیەکانی نەتەوەکەشی ـ بە تایبەت ئەوانەیان کە خاوەنی خەونی گەورەبوون ـ ئاشنا ببێت «٣»، دوایی ـ هەر لەو گۆڤارەدا ـ لەبارەی (مەلای گەورەو شێخ عومەری ئیبنولقەرەداخیی) شەوەوتارم نووسی «٤».

## پرۆژەی رۆشنبیریی:

ئەگەر لە سەدەی رابردوودا، چەند زانا و رۆشنبیرێکی کورد خاوەنی پرۆژەی رۆشنبیریی، خاوەنی نەخشەیەک بووبن بۆ هۆشیارکردنەوەی گەل و نەتەوە؛ بەدڵنیاییەوەخاڵ یەکێک بووە لەوانە«٥». بەڵام جیاوازی پرۆژەکەی لەوەدا بوو، کە ئەویش ـ وەک چەند زانایەکی دیکەی هەڵکەوتوو ـ ئایینی بە وزەیەکی گەورەی چاکسازیی و گۆرانکاریی و رزگاریی دەزانی.

شێخ زوو هەستی بەوەکردووە کە ئەرکێکی گەورەی ئایینی و نیشتیمانیی لە ئەستۆدایە، لە کاتێکدا کە هێندێک لە قەڵەمبەدەستان، تازە دەکەوتنە بەر کاریگەریی بیروبۆچوونی جیاکردنەوەی ئایین لە کاروباری ژیان و بە داگیرکەرزانینی کەلتووری ئیسلامیی، یان ئەگەر وەزیفەیەکیشیان بە ئایین رەوا دیتبێ، وەزیفەیەکی بەرتەسک بووە، ئەوەتا بەسەرسوڕمانەوە پرسیاری ئەوەی لێدەکرێت:» چۆنە زانایەکی ئایینیی دەچێتەمەیدانی فەرهەنگ و زمانی نەتەوەوە؟! «٦»

شێخ بەروونیی ئەوەی لەبەرچاو بووە؛ پایەکانی ئەدەب و زمان و رۆشنبیریی کوردی، رێبەرانی شۆڕشەکانی کوردستان، کەسانی ئایینیی بوون، بۆیە- بەباوەڕێکی پتەوەوە- لە هەوڵی ئەوەدا بووە ئەو دوو ئەرکە لێکجودا نەکرێنەوە، خزمەتکردنی ئایینی لەوەدا بینیووە؛ رێز و شکۆمەندیی و ماف بۆ مرۆڤ و گەل و نەتەوە بگێڕدرێتەوە«٧». لە سەردەمێکدا کە هێندێک لەمامۆستایانی ئایینیش ـ لە وانەیان کەجووڵەی رۆشنبیریی و سیاسییان هەبووە- بە بیری چەپ و رەنگ و رواڵەتی تازە دەرکەوتووی عەلمانیەت بارگاویی دەبوون.

## سەرچاوەی ڕۆشنبیری خاڵ

بزافەکەی (جەمالوددینی ئەفغانیی و موحەممەد عەبدەو هاوڕێکانیان) ـ کە بزافی نوێکردنەوە و ڕیفۆرمی ئایینی بووە- بۆ خاڵ دەبێت بە ڕۆشنکەرەوەی بیر و ڕێگەیەکی نوێ لە ئاینداریيدا. لە ساڵی ١٩٣٢دا ـ پاش خوێندنەوەی هەشت ژمارەکەی گۆڤاری (العروة الوثقى) ـ کە ئەفغانیی و عەبدە لە پاریس دەریاندەکرد ـ ئاماژە بەگۆڕانکاریەکی گەورە لەبیر و بۆچوونیدا دەکات، «هۆی بنەڕەتی کاریگەر لەجیهانی ڕۆشنبیری مندا، نووسینەکانی ئەفغانی بوو «٨»، ئیدی بایەخی بە هەموو ئەو کەناڵانەدا کەئەو گرتبوونیەبەر بۆ گەیاندنی پەیام و پرۆژەکەی؛ وەک: ڕۆژنامەوانیی، زمان، ئەدەب، ڕەوانبێژیی، وتاردان. «لە وتەجەمالیەکاندا بۆم دەرکەوت کە زمان گیانی میللەتە، کە زمان هەبوو گەل هەیە، ئەو دوو ڕستەیە ڕایانچڵەکاندم «٩»، بەڵام ئەڵبەت خاڵ ئەزموونەکەی ئەفغانیی لە هەموو ڕوویەکەوە کورداندووە، نەک وەک خۆی گواستبێتیەوە.

شێخ لە دەرکەوتنی بزافی (برایانی موسڵمان) یش ـ کەپاش بزافەکەی ئەفغانیی و هاوڕێکانی دەرکەوت و کاریگەریی ئەویشی بەسەرەوەبووە- ئاگاداربووە، سوودیشی لەب ۆچوونەکانی (شێخ حەسەن بەننا و سەید قوتب) وەرگرتووە و بە دوو کەسایەتیی گەورەی زانیون «١٠». شێخ سەووافیش ـ وەک کەسی یەکەمی ئەو ڕێکخراوە لە عێراقدا ـ کە ساڵی ١٩٥٢ هاتۆتە کوردستان ـ بۆ ناساندنی ئەو بزافە- (خاڵ)ی بینیووە، لەگەڵ کەسە دیارەکانی ئەو کارەشدا لە کوردستان ـ وەک مامۆستایان عوسمان عەبدولعەزیز، عەبدولعەزیز پارەزانیی، مامۆستا عەلی موحەممەد بەهادین ـ پێوەندی شەخسیی هەبووە، بەڵام نەچووەتە نێو ئەو کارەوە«١١». پێدەچێت بە گونجاوی

**شێخی خاڵ خزمەتکردنی ئایینی لەوەدا بینیووە؛ ڕێز و شکۆمەندیی و ماف بۆ مرۆڤ و گەل و نەتەوە بگێڕدرێتەوە**

نەزانیبێت بچێتە نێو کارێکەوە کە شێوە حیزبیی و نهێنیی بووە، نەک بزاڤێکی فیکریی و زانستیی و کۆمەڵایەتیی بەرفرەوان، کە لەگەڵ سروشتی کاری ڕیفۆرمخوازییدا بگونجێت.

## نوێکردنەوەی گوتار (خطاب)ی ئایینی

شێخ کە ئایینی بەوزەی گۆڕانکاریی و پێشکەوتن و ڕزگاریی دەزانی، ئەوەیشی دەبینی کە ئاییندارییەکە لەخۆیدا خورافەت گەمارۆی داوە، بۆیە نوێکردنەوەی گوتاری ئایینیی و بەرەنگاریی کردنی دۆگمایی و زۆر لایەنی دواکەوتووانەی ئاینداریی باوی کرد بە یەکەمین ئەرکی خۆی. بێگومان ئەمەش کارێکی پڕ لەمپەر بووە، بەڵام دەشێت ئەو ڕاستیەی لەلا ڕوون بووبێت؛ کە چاکسازیی ئایینیی؛ بنەمای چاکسازیی کایەکانی دیکەی ژیانە، هەرگیز ناشکرێت لە هیچ سەردەمێکدا ژیان بەگشتیی لە ئاینداریی داماڵدرێت، ڕاستکردنەوەی ئاینداریيەکی نادروستیش، بە ئاینداریەکی دروست دەبێت، دەنا هیچ شتێکی دی جێگەی ئایین لە ژیاندا پڕ ناکاتەوە. (لە وتاری فەلسەفەی ئەدیان ئاماژەی بەمەکردووە). بەداخەوە تا ئێستاش، بەشێک لە ڕۆشنبیرانی ئێمە، وا دەزانن دەکرێت شتێکی دی (بۆ نموونە: زانست،

فەلسەفە، فیکر، هونەر، شێوازێک لە حوکمڕانیی...) ببێت بەئەلتەرناتیفی ئایین بۆ کۆمەڵ بەگشتیی.

هەوڵەکانی نوێکردنەوە و چاکسازیی ئایینی

لە تەفسیری قورئانەوەدەستپێکرد، تەفسیرێک کە قورئان وەک سەرچاوەی شۆڕشێکی فیکریی و زانستیی و دادپەروەریی بناسێنێت ـ لە وتارێکیدا (بیگۆڕن تا خواش بیگۆڕێ) لەو بارەوە دواوەـ ئەمە لە کاتێکیشدا کە دەستبردن بۆ تەفسیرکردنی قورئان بە کوردی، لای هێندێ کەس بە جۆرێک لە حەرام لێی ڕوانراوە، «١٢» بەڵام خاڵ «ئەوەی بە نەنگیی زانیوە گەلێکی وەک کورد ـ بەو هەموو خزمەتەیەوە کە بەکایەی ئایینداریی کردووەـ بە زمانەکەی خۆی خاوەنی تەفسیر نەبێت»١٣».

لەگەڵ بایەخدانی بە قورئان و ئیمان، بە پێویستیشی دەبینی بایەخێکی باشیش بە ژیاننامەی پێغەمبەری ئیسلام (درووودی خوای لەسەر بێت) بدات، سەرەتا (مەولودنامەی نەوئەسەر/١٩٣٢)ی نووسی، کە تێیدا پوختەیەکی ڕاستی ژیانی حەزرەتی (درووودی خوای لەسەر بێت) خستۆتەڕوو بۆ بێرەواجکردنی مەولوودنامە خورافییەکان، ئاخر هەتا ئەم دواییانەش، پێغەمبەر (درووودی خوای لەسەر بێت) ـ لای ڕەشایی خەڵک ـ زێتر لەو مەولوودنامانەوە دەناسرا. پاشان لە چەند نووسینێکی دیکەدا، بەزمانی جیاواز بۆ ئاستێکی باڵا لەسەر پەیامی پێغەمبەری (درووودی خوای لەسەر بێت) نووسیووە.

لە وتاری (ڕۆژی لە دایکبوونی پێغەمبەر/ درووودی خوای لەسەر بێت)دا، باس لە جیهانێتیی ئیسلام، یەکسانیی، مافی ئایینەکانی دیکەو باوەڕ پێبوونیان دەکات، تەنانەت باوەڕ بەو پێغەمبەرانەش (سەلامی خوایان لێبێت) کە لەقورئاندا ناویان نەهاتووە، پاشان باس لە تایبەتمەندیەکانی ئەو کۆمەڵگەیە دەکات کە پەیامەکەی بونیاتی نا، کۆمەڵگەیەکی فرەڕەنگ و بێچینایەتیی، کە دین و دونیای پێکەوەبەستووە، هەروەها پێی وابووە ئەو کۆمەڵگەیە بۆ جارنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ و دیموکراتیەت، بناخەبووە، لەکۆتایی وتارەکەشدا نووسیوویەتی؛ «ئەگونجێ هێندێ کەس ئەمرۆ لەم قسەیەم سەر با بدات» بۆیە ئەم ئایەتە بەگوێیاندا دەدات: «ولتعلمن نبأه بعد حين». لە وتارێکی دیکەدا، باسی لەوە کردووە کە موحەممەد (درووودی خوای لەسەر بێت)، سەرکردەی کایەی (کۆمەڵایەتیی و پەروەردەیی و سیاسیی)ش بووە.

پاشان بۆ زێتر تیشک خستنەسەر (مرۆڤ سەنتەریی) لە ئیسلامدا؛ لە وتارێکدا (ماف و سنوور)، باسی لە ئازادیی تاک کردووەتا ئەو شوێنەی مافی ئەوانی دی پێشێل نەکات.

لە وتاری (ژنهێنان و تەڵاقدان)دا، مافە مرۆییەکانی ئافرەت، لە وتارێکیشدا، ڕۆڵی وەزیفەی دایکایەتی لە پاراستنی خێزاندا دەخستووە، کە دواجار کۆمەڵیش لەو ڕێگەیەوە دەپارێزرێت. لە ڕێگەی خوێندنی کچانیشدا لە قوتابخانەـ بەدەرخستنی بەڵگەی شەرعیی ـ بەربەستشکێن بووە«١٤».

لەو سۆنگەیەوە کە وتاری مینبەرەکان، کاریگەریکی قووڵ و فراوانی لەسەر خەڵک هەیە، ڕەخنەی وتاری باوی مینبەرەکانی کردووە، پێی وابووە چۆن جەستە بە خۆراکی پاک لە نەخۆشیی بەدوور دەبێت و دەژی، ڕۆحیش پێویستی بە خۆراکی ئایینداریی و پەرستشێکی پاکە، نەک ئەو ئاینداریيە پۆخڵەی کە لەسەر زۆر لە مینبەرەکانەوە دەرخواردی گیانی مرۆڤ دەدرێت، تەنانەت ئەو جۆرە وتارانەی بە ژاری نێو خۆراکی ڕۆح ناو بردووە! (وتاری خۆراکی جەستەو گیان).

شێخ نەک چاکسازیی و نوێکردنەوە، باوەڕی بە

گۆڕانکارییش هەبووە، لە ڕوانگەی ئایەتی «ان الله لا یغیر ما بقوم حت ییغیروا ما بانفسهم»و ئایەتی «وان لیس للانسان الا ماسعی»وە؛ مرۆڤی بە سەنتەری ئەو گۆڕانکاریەزانیوە، لە وتاری (هیوا، بیگۆڕن تا خواش بیگۆڕێ، پێغەمبەری ئیسلام)دا، ئەو باسەی کردووە.

ئەگەر تەنیا سەیری ناوی وتارەکانی بکەین؛ دەردەکەوێ مەبەستێکی ئینسانیی زۆر گەورە لەلای ئەو ئامادەیی هەبووە، ئەمە ناوی چەند وتارێکی دیکەیەتی: (دادی کۆمەلایەتی، فەلسەفەی ئەدیان، فەلسەفەی یەکێتی کۆمەڵ و زمان، هەستی ناتەواوی)، لە دوو وتاریشدا، باسی لەڕۆڵی زانکۆ و مامۆستای زانکۆ و زانین کردووە. لەچەند وتارێکی دیکەدا، تیشکی خستۆتەسەر کێشە و نەریتە کۆمەلایەتییە هەڵەکان و ڕوانگەی دروستی ئایینیی و زانستیی بۆیان. لە وتارێکیشدا، (دە ئامۆژگاریی) کەسێکی ئامریکایی پێشچاو خستووە، کە لە ئەمرۆدا ئەو باسانە دەچنە نێو بواری (گەشەپێدانی مرۆیی)ەوە.

لە بارەی تەسەوف و تەریقەتیشەوە- ئەگەرچی باب و باپیری موریدی تەریقەتی نەقشبەندیی و خۆیشی ماوەیەک پێڕەوکاری بووەو جاروباریش - بەهەستی سۆفیانەوە- هەوڵی شیعرنووسینی هەبووە- بەگشتیی ڕووبەڕووی گۆشەگیریی و ئەو شتە نادروستانە بۆتەوە کە بەناوی تەریقەتەوە تێکەڵی ڕۆحی ئایینداریی کراون، بەڵام ڕێزی تایبەتی لە ڕەمزەکانی تەریقەت و ڕێوڕەسمەکانی تەسەوف گرتووە، تەسەوفی ڕاستەقینەشی بەچرای ڕۆشنکەرەوەی دڵ زانیوە. (وتاری هیچێکی تازە لەژێر تیشکی خۆرا نیە- لە بارەی مەولەویەوە)»١٥».

ویڕای نوێکردنەوەی گوتاری ئایینیی و پێوەستکردنی بە کایەکانی ژیانەوە، پاراستن و نوێکردنەوەی مەعالیمی ئیسلامیی، پێشخستنی خوێندنی حوجرە، نوێکردنەوەی پرۆگرامی وانەی ئایین لە قوتابخانەکاندا، دامەزراندنی خوێندنگەی نوێی ئایینیشی بەپێویست زانیوە، بۆیەڕۆڵی گەورەی لەکردنەوەی ئامادەیی و پەیمانگەی خوێندنی زانستەئیسلامیەکاندا هەبووە، ئەمە ویڕای بەشدارییشی لە دامەزراندنی (زانکۆی سولەیمانی) دا.

هەروەها هەوڵیداوە مزگەوتە دیارەکان، خاوەنی خەتیبی لێوەشاوەبن»١٦». چونکە بۆچوونی وەها بووە:» پێویستەدوواندەری سەر دوانگەکان و واعیزەکان، خوێندنی زانستگەیەکی وەک ئەزهەریان ببێت و بڕوانامەی بڵندیان بەدەستەوەبێت» (وتاری خۆراکی جەستە و گیان).

## یەکخستنی خەمی ئایینیی و نەتەوەیی

لەو قۆناغەدا و لەلای خۆیەوە، ئەو کەلێنەدروستکراوەی نێوان ئایین و فەرهەنگی نەتەوەیی، نێوان دین و دونیا و کۆمەڵگەی سڕیەوە. کوردایەتیی و نیشتیمانپەروەریشی بە بەشێک لە پەرستش زانیوە. لە ڕوانگەی ئایینەوە، باسی لە ڕەوایەتیی ڕووبەڕووبوونەوەی ستەمکاران و داگیرکەران کردووە، ئەمەویڕای ستایشی پێشمەرگەو جەنگاوەرانی کوردستان، لەوتارێکیشدا باس لە ئەرکی ئەدەب دەکات لەکاتی شۆڕشدا؛ بۆ نموونە بڕوانە: (کوردستانی جوانی زەرد و زەبوون، یانزەی ئازار، داد، چ ڕۆژێکی ڕەش بوو، ویژەمان و ئەم جەنگە لە گەڵمان، ئادەمیی نالەبار «١٧». کە لەم وتارانەدا، بەدڵێکی بریندار و پڕ حەسرەتەوە، لاپەڕە ڕەشەکانی ستەمکاریی بەرابەر بە نەتەوەیەکی موسڵمانی وەک کورد تۆمار کردووە.

هەمیشەش تەبایی و یەکڕیزیی بەهەوێنی سەرکەوتن زانیوە، لەوتاری ڕۆژێکی هەینیدا ـ بە بۆنەی ساڵی تازەوە- بەرانبەر بە دووبەرەکیی و

**ڕاستکردنەوەی ئایینداریی ەکی نادروستیش، بە ئایینداریەکی دروست دەبێت، دەنا هیچ شتێکی دی جێگەی ئایین لەژیاندا پڕ ناکاتەوە**

خوێنڕشتنی یەکدی لە دڵەوە هاواری لێهەڵساوە، هەمووانی ڕووبەڕووی خوا کردۆتەوە، پاشان لەدەست فێڵکردن و بێبەڵێنیی کاربەدەستان، بێزاریی دەربڕیووە. هەر لەبەرابەر خۆفرۆشیی و خۆخۆریی نێوخۆیی، وتاری (پاک و پیس، بەهاری چی..؟!!) نووسیووە.

یەکێک لە کارە گەورەکانی، لە پێناو پاراستنی زمانی نەتەوەییدا ـ کەئەو باوەڕی وەها بووەزمان نەبوو گەلیش نیە- نووسینی (فەرهەنگی خاڵ)بووە لەسێ بەرگدا، کەچەند زانا و نووسەرێکی کورد و بێگانەنرخاندویانە، دواییش بۆ فەرهەنگەکانی دی بووە بە بناخە.

هەر لەبواری پاراستن و گەشەپێدانی فەرهەنگی نەتەوایەتیی و بەمەبەستی دەرخستنی بەرزیی ئاستی زانستیی زانایانی کورد بۆ گەلانی دی، بە زمانی عەرەبی کتێبی لە بارەی (شێخ مارفی نۆدێیی، بێتووشیی و شێخ ئەحمەدی فائیزی بەرزنجەییەوە) نووسیووە.

وێڕای خزمەتی زانستیی و فەرهەنگیی، کوردی بە پارێزەرێکی گەورەی خاک و قەوارەی سیاسی موسڵمانانیش زانیوە، بۆ ئەمەش سەلاحەدینی ئەیوبیی وەک نموونەیەکی گەورە ناوبردووە.

یەکێکی دی لە کارە فەرهەنگییەکانی، پاراستن و دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەیەکی دەستنووس بووە- نیزیکەی ٦٣٦ دەستنووسی تێدا بووە- کە بەشێکی زۆریان لە بنەماڵەکەیەوە بۆی بەجێماون»١٨».

لە١٩٨٠دا لیژنەیەک لە بەغداوە هاتووە بۆ لای کە دەستنووسەکانی ـ بە کتێبخانەی سەدام ـ بفرۆشێت، پارەیەکی زۆر و پاشان چەکی کراوەی وەبەر نراوە، دوا قسەی ئەوەبووە «بەرانبەر بەو چەکەش لاپەڕەیەک نادات «١٩».

وەک بینیمان، شێخ لەزۆر بواردا قەڵەمی تاو داوەو بە زۆربواردا کۆشاوە، ئەمەش ئەگەر بەڵگەبێت لەسەر شتێک، بەڵگەیە لەسەر گەورەیی خەم و خەونی ئەو «٢٠».

**بازنەیەکی فراوانی پێوەندی**

پێوەندی لەگەڵ زۆربەی زانا و ڕۆشنبیران و نووسەران و شاعیرە دیارەکانی کورددا ـ بە جیاوازی بیرو ڕا و بەچەپ و ڕاستیانەوە- هەبووە، هەر بە پایەی زانایەتی و بە پۆشاکی مەلایەتیشەوە، ماوەیەک سەرۆکی لقی سلێمانی یەکێتی نووسەران بووە، ماڵ و حوجرەکەشی زۆربەی کات جمەی هاتووە لە ڕۆشنبیران.

**وادەزانم بوونی ئەم پێوەندیە فراوانەشی بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە:**

١- بەرزیی ئاستی زانستیی ئەو لەئایین و زمان و ئەدەب و ڕۆشنبیریی گشتییدا. (واتە دەتوانین بڵێین مەرجەعێکی ڕۆشنبیریی بووە).

٢- هاوخەمیی لەگەڵ ئەوانی دی لە بواری خزمەتکردن بە فەرهەنگ (کەلتوور)ی نەتەوەییدا.

بوونی یەکێتی ئەدیبانیشی بەپێویست زانیوە، نیگەرانیی لە دابڕان ـ کە دەبێتەهۆی نەبوونی کاری هاوبەش ـ دەربڕیوە، ئاماژەشی بە کاریگەریی سیاسەت لەسەر ئەمەکردووە. (وتاری یەکێتیی وێژەران).

هەروەها لەگەڵ زۆربەی گۆڤار و رۆژنامەکاندا، پێوەندی هەبووە، «لە هەموو ژمارەیەکی (گەلاوێژ) دا ـ کە مامۆستایان ئیبراهیم ئەحمەد و سەجادی دەریانکردووە- تەفسیری ئایەتێکی قورئانی بڵاوکردۆتەوە«۲۱»، لە کاتێکدا ئەو گۆڤار و رۆژنامانە ئامانجێکی ئایینیان نەبووە. لەگەڵ سەرکردە سیاسیەدیارەکانی کوردستانیشدا: (شێخی حەفید، بارزانی، تاڵەبانی، قاسملۆ) نێوانی هەبووە.

کە سەیری پێوەندی شێخ بەنووسەر و نێوەندە رۆشنبیریەکانەوە دەکەین، دەتوانین بڵێین لە بەشێکی زۆر لە رۆشنبیرانی ئیسلامیی ئەم سەردە مەکراوەتر بووە، ئەوانی دیکەش لە زۆر لە رۆشنبیرانی خۆ بەعەلمانیزانی ساڵانێکی پاش راپەڕین کراوەتر بوون، گۆڤار و رۆژنامەکانیشیان لە زۆر گۆڤار و رۆژنامەی ئەمرۆ (ئەهلیی)تر و (لیبراڵ)تر بوون. ئاخر تا ئێستاش، پێوەندی نێوان نووسەران و رۆشنبیرانی ئایینیی و ئەوانی دی ـ بەگشتیی ـ پێوەندیی دیالۆگ و خەمی پرۆژەی هاوبەشی فەرهەنگیی نییە. ئەمەلەکاتێکدا کەدەتوانین بڵێین دیالۆگی فیکریی و رۆشنبیریی، سەرەتایە بۆ مامەڵەکردنی دروست لەگەڵ جیاوازی و فرەیی و دیالۆگ لە کایەکانی دیکەدا. پێوەندی ناردنی بەرهەم و نامەشی لەگەڵ هێندێک لە زانا و نووسەرە گەورەکانی میسردا هەبووە، ئەمەش بۆ ناساندنی ئایینداریی و فەرهەنگی نەتەوەکەی بووە.

لە کۆتاییدا: لە کاتێکدا لەلایەن چەند رۆشنبیرێکی ناسراوەوە، بە زانا و بە (متبحر) ناوبراوەو ستایشی هەڵوێست و رەفتاری کراوە، بەڵام خاڵ هەرگیز خۆی لە سەرووی رەخنەوەنەبینیووە، لەپێشەکی (ناڵەی دەروون)دا ـ بە بەیتەشیعرێکی حاجی قادری کۆیی ـ ئەوەی دەربڕیوە:

**ئەمانە زادەیی ئەفکار و خۆشەویستی منن**
**ئەگەر قەبیح و کەریهن، ئـەگەر شەل و ئەعیما**

## سەرچاوەو پەراوێز:

۱ـ ناوی هەر وتارێکمان برد، لە (ناڵەی دەروون)دا ـ کۆکراوەی سێ بەرگی وتارەکانی ـ بڵاو کراوەتەوە، کە دەزگای ئاراس لەیەک بەرگدا ساڵی ۲۰۰۷ چاپیکردووە.

۲ـ ئەو وتارانە- پاش راپەڕین ـ یەکەمین نووسین بوون لەبارەی ئەو زاتانەوە، پاشانیش لە هەڵەبجەی شەهید و سولەیمانی، لە دوو کۆڕی تایبەتدا، قسەمان لە بارەی شێخەوە کرد. دواتر نووسین لەبارەیانەوە، بە ئاستی توێژینەوە و ماستەرنامە گەیشت، (دەرفەت نیە ناوی ئەو توێژینەوانەبەرین)، هەروەها (د. ئاراس محەممەد سالح) کتێبێکی چاپکردووە بەناوی (شێخ موحەممەدی خاڵ لە کۆمەڵە دیدارێکی رۆژنامەنووسییدا)، هێندێ لەم بۆچوونانە و راوبۆچوونی دیکەمان لەبارەی خاڵەوە لەم کتێبەدا دەرخستووە.

۳ـ بەداخەوە ئەم نەوەیە بەگشتیی، لەبەر ئەوەی نەوەی نێو کارێکی پەروەردەیی ـ حەرەکیی ـ سەر بە(رێکخراوی برایان) بووە، لەرووی پەروەردەییەوە- نەک سیاسیی ـ زێتر لەژێر کاریگەریی ئەدەبیاتی ئەو

بزافە و ڕەمزەکانیدا بووە، تا ئەم دواییانەش وەک پێویست ئاگای لە ڕەمزەئایینیەگەورەکانی گەلەکەی نەبووە، (لە وتاری دیکەدا لەم بارەیەوە شتێکمان گوتووە. (ئیدی با باسی ئەوەی بەناو سەلەفیی نەکەین کەپێڕەوی لە ئایینداریيەکی کۆپیکراوی عەرەبستانی سعودی دەکات).

٤ـ هۆیەکی دیکەی نووسینی ئەو وتارانە ئەوەبوو، لە هێندێ نووسیندا، وەک پێویست لایەنی ئایینداریی و سەرچاوەی بیری ئەوان دەرنەدەخرا، یا دەکرا بەژێر ڕەنگی ئایدۆلۆژیاوە.

٥ـ مەرج نییەهەموو ڕۆشنبیر و نووسەرێک خاوەنی پرۆژەی ڕۆشنبیریی بێ، بۆ نموونە د.فەرهاد شاکەلی، عەلادین سەجادی و ڕەفیق حیلمیی بەخاوەنی پرۆژەی ڕۆشنبیریی دەزانێ (بروانە: شاکەلی/ کە بازنە و لاکێشەکان هەڵدەوەشێنەوە/ل١٣١/ئاراس/٢٠١٠/ هەروەها: سەجادی/هەمیشەبەهار/پێشەکی شاکەلی/چ٢ ئاراس/٢٠١٢).

٦ـ چاوپێکەوتن/محمد سالح مەلا حەسەن/ڕۆژنامەی االعراق/١٩٨٥/١/١٤/ پوختەکەی لە ژ٩٩ی پاشکۆی کوردی ڕۆژنامەکەدا لە٢٣/٨/١٩٨٩ بڵاوکراوەتەوە.

٧ـ لە نێوەندە ئیسلامیەکەی ئێستاشدا، کەم نین ئەو جۆرە کەسانەی کەئەوەیان لەلا ڕوون نییە خزمەتکردنی ئایین هەر خزمەتکردنە بە مرۆڤ، ئاخر پەیام و پەیامبەرانی خودایی لەپێناو مرۆڤدا هاتوون، تەنانەت فریشتەکانیش لە خزمەتی ژیانی ئەوداندن (لەم بارەوەشتی دیکەمان نووسیوە).

٨ـ پەراوێزی ژ(٦).

٩ـ پەراوێزی پێشوو.

١٠ـ دیداری نووسەری ئەم دێرانە لەگەڵ شێخ خالیدی کوڕی خاڵ ٥ـ٨ـ١٩٩٢.

١١ـ نامەیەکی بەڕێز مامۆستا عوسمان عەبدولعەزیز، لە وەڵامی نامەیەکماندا/ ١٩٩١/١٠/٨. کەسانی دیکەش لەو پێوەندیەئاگادارن.

١٢ـ د. ئاراس محەممەد ساڵح لە ژمارە(١)ی ئەم گۆڤارەدا لەبارەی تەفسیرەکەیەوەبابەتێکی نووسیووە.

١٣ـ پەراوێزی(٦)

١٤ـ شێخ نوری شێخ ساڵحی شاعیر، بەبۆچوون و بەڵگەیەکی شەرعیی خاڵ، مامۆستایەکی ئافرەت ڕازیی دەکات کەلەقوتابخانەی کچاندا وانەبڵێتەوە.

١٥ـ شێخ هێندە لەگەڵ نوێکردنەوەدا بووە، لە شیعریشدا بە پێویستی زانیوە، «شیعر دەبێ هەمیشە لە گۆڕان و تازەبوونەوەدا بێ، بە پێی ڕۆژ کاڵا لەبەربکات، شاعیری ئەمڕۆ ئازا و سەربەستن، لەکەس ناترسن، شیعری ئەمڕۆ دیلی وەزنی خەلیل و عەرووزی ئەو نیە» ( وتاری شیعرو شاعیر)، کەتا ئێستاش لای هێندێ‌کەس، هەر شیعری عەرووزیی بەشیعر دەزانرێ.

١٦ـ بروانە پەراوێزی (١٠)، هەروەها: نەبەز هەورامی/ زانای گەورە شێخ موحەممەدی خاڵ/ گۆڤاری ڕابەر/ژ/٨/ ئەیلول/١٩٩٢.

١٧ـ بۆ زۆر هەڵوێستی دیکەی، بروانە: ڕۆڤار/ ژ٢٩/٢٤ ـ ٢٠٠٤/٤/ ژمارەی تایبەت بە خاڵ/دەزگای سەردەم، هەروەها پەراوێزی(١٦).

١٨ـ پەراوێزی (١٦)، هەروەها دیداری نووسەری ئەم دێرانە لەگەڵ شێخ خالیدی کوڕی خاڵ لە٥ـ٨ـ١٩٩٢دا.

١٩ـ هەردوو پەراوێزی پێشوو.

٢٠ـ بۆ ژیان و ببلیۆگرافیای بەرهەم و نووسینەکانی بروانە: پەراوێزی (١٧) هەروەها: پەراوێزی(١) ل/٣٣٢.

٢١ـ بروانەپەراوێزی (١٧)/ڕۆڤار/ ل ٧٠.

# گێڕانەوەی هاوسەنگی
# بۆ جیهانی شتەکان و کەسەکان و ئایدیاکان
# لای مالیکی کوڕی نەبی



**خالد محەممەد غەریب**
لەدایکبووی ١٩٦٩، هەڵەبجە، ماستەر لەبواری شەریعەت. چەندین وتار و بەرهەم و توێژینەوەی بڵاوکراوەی هەیە



بیرمەندی جەزائیری، مالیکی کوڕی نەبی لە ساڵی(1905 ز) لە دایکبووە و لە خێزانێکی هەژار و ئاینپەروەردا گەورە بووە، لە شاری (تەبسە) کە شارێکی دووردەست دەبێت لە دەسەڵاتی فەرەنسییەکان، گەورە دەبێت و بەیانیان زوو قورئانی پیرۆز و زمانی عەرەبی دەخوێنێت و کاتژمێری هەشتی بەیانیانیش دەچێتە قوتابخانەی فەرمی. ساڵی (1930) بۆ درێژەدان بە خوێندن دەڕوات بۆ پاریس و زانستی کارەبا و میکانیک دەخوێنێت، ساڵی (1935) کۆلیجی ئەندازیاری تەواو دەکات. دەگەڕێتەوە بۆ جەزائیر، بەڵام نە لە جەزائیر و نە لە وڵاتە عەرەبیەکاندا کاری پێ نادرێت. ناچار دەگەڕێتەوە بۆ فەرەنسا و هەتا ساڵی (1956) لەوێ دەمێنێتەوە و لەو ماوەدا ئەم بەرهەمانە بڵاو دەکاتەوە:

الظاهرة القرآنية، شروط النهضة، وجهه العالم الإسلامي، فكرة الإفريقية الآسيوية.

ساڵی (1956) سەردانی میسر دەکات و هەتا ساڵی (1963) دەمێنێتەوە، لە قاهیرە ئەم بەرهەمانە بڵاو دەکاتەوە:

حديث في البناء الجديد، مشكلة الثقافة، في مهب المعركة، تأملات في المجتمع العربي.

ساڵی (1963) دەگەڕێتەوە بۆ جەزائیر و وەک بەڕێوەبەری گشتی خوێندنی باڵا دادەمەزرێت. ساڵی (1967) لە پۆستەکەی دەستلەکاردەکێشێتەوە و خۆی تەرخان دەکات بۆ کاری فیکری، ئەم بەرهەمانە بڵاودەکاتەوە:

آفاق جزائريه، مشكلة الأفكار في العالم الإسلامي ، المسلم في عالم الإقتصاد.

ئەم بیریارە جەزائیرییە لە (31 ئۆکتۆبەر 1973) لە جەزائیر کۆچی دوایی کردووە(1).

## جیهانی شتەکان و کەسەکان و ئایدیاکان

### ١- جیهانی شتەکان

کاتێک کۆمەڵگە لە حاڵەتی هەستانەوەدا بێت، پێویستە هاوسەنگی نێوان هەرسێ جیهانی شتەکان و کەسەکان و ئایدیاکان بە باشی تێدا بێتەدی، بەڵام کۆمەڵگەی ئیسلامیی ئەمڕۆ بە دۆی لەدەستدانی ئەو جۆرە هاوسەنگیەوە دەناڵێنێت و هەر ئەمەشە گرفتی سەرەکی کۆمەڵگەی ئیسلامیی.

لەم جیهانەدا چەندایەتی زاڵ و باڵادەستە و کۆمەڵگەی ئیسلامی بەرەو ساتمە بردنێکی گەورە و مەترسیدار ڕاپێچ کردووە، شت بووە بە سەنتەر و کەسەکان و ئایدیاکان بە دەوریدا دەسوڕێنەوە، کاتێک جیهانی ڕۆشنبیری بە دەوری تەوەری شتەکاندا دەسوڕێتەوە، شتەکان لە پەیژەی بههادا لوتکە دەگرن، فەرمانە جۆرییەکان دەگۆڕێن بۆ فەرمانی چەندێتی و کاروبارەکان بەپێی پەیژەی شتەکان هەڵدەسەنگێنرێن.

کارمەند لە ڕیزبەندی ئیداریدا و لە دیاریکردنی پۆستەکەیدا پشت بە ژمارەی ئامێرەکان دەبەستێت بەکاریان بەێنێت یان نا. هەروەها کاتێک دەزگایەکی فەرمی بیەوێت خۆی نەوژەن بکاتەوە داوای ژمارەیەکی خەیاڵی کەلوپەل و کەرەستە دەکات.

ئەم لە سنووردەرچوونەی جیهانی شتەکان لە هەموو بوارەکاندا بەجوانی دیارە، مالیک چەندین نمونە بۆ بواری دەروونیی، ئاکاریی، مەعریفیی، کۆمەڵایەتیی و سیاسیی دێنێتەوە. بۆ نمونە لە بواری مەعریفیدا پرسیار لە نوسەر ناکرێت چ گرفتێکی چارەسەر کردووەو و چی نووسیوە و لەچی دەکۆڵێتەوە، بەڵکو پرسیاری ژمارەی کتێب و بەرهەمەکانی و ژمارەی لاپەڕەکانی لێدەکرێت. هەندێکجار نوسەرانیش توشی هەمان پەتا دەبن و خۆشیان باس لە ژمارەی بەرهەمەکانیان دەکەن.

لە بواری ئەدەبی سیاسییدا، لە وتەی

پشتگیریکردن له‌ یه‌کێک له‌ وڵاته‌کاندا ئه‌م ده‌سته‌واژه‌ هاتووه‌ (حکومه‌ت و گه‌له‌که‌ی). به‌ راستی په‌یوه‌ندی خاوه‌ندارێتی ئاوه‌ژوو کراوه‌ته‌وه‌، له‌بری ئه‌وه‌ی گه‌ل حکومه‌تی هه‌بێت، وای لێ هاتووه‌ حکومه‌ت گه‌لی هه‌یه‌، خاوه‌ندار بووه‌ به‌ موڵک و سامان، هه‌رچۆنێک بێت ئه‌م ساتمه‌ یه‌کێکه‌ له‌نیشانه‌کانی ئاوه‌ژووبوونه‌وه‌ی په‌یژه‌ی بههاکان (2). له‌ که‌شوهه‌وایه‌کی ئاوا بیماردا که‌ڵه‌که‌کردنی شت به‌ شارستانییه‌ت داده‌نرێت، کۆمه‌ڵگه‌ی پاش شارستانی پڕه‌ له‌ شت به‌ڵام ژیانی لێ نییه‌ (3).

## ٢- جیهانی که‌سه‌کان:

کاتێک خه‌ڵکی - زیاتر له‌ئایدیا و ڕاستی- ده‌گری که‌سایه‌تییه‌کان ده‌بن، هه‌میشه‌ چاوه‌ڕێی قاره‌مان و که‌سایه‌تییه‌کی کاریزمایی ده‌که‌ن سه‌رهه‌ڵبدات و ڕزگاریان بکات. وتاربێژ و بانگخوازه‌کان زۆرجار له‌ وتاره‌کانیاندا هاوار ده‌که‌ن: وامعتصماه! صه‌لاحه‌دین ده‌هه‌ستۆوه‌! ئه‌مه‌نه‌خۆشییه‌کی به‌ربڵاوی ناو کۆمه‌ڵگه‌ی ئیسلامییه‌.

مالیک ده‌ڵێت: جاری واهه‌یه‌ له‌ به‌رانبه‌ر پیاوی قه‌ده‌ر و پاڵه‌واندا پیاوی کڵۆڵ و نه‌گبه‌تیش هه‌یه‌(4)، پیاوی کڵۆڵ ئه‌و که‌سه‌یه‌ که‌ سه‌رله‌به‌ری شکست و نسکۆکان ده‌خرێنه‌ گه‌ردن و ئه‌ستۆی و به‌ هۆکاری هه‌موو نهامه‌تیه‌کان داده‌نرێت. له‌بری ئه‌وه‌ی له‌ ڕووداوه‌کان بکۆڵینه‌وه‌ و هۆکاره‌کان بدۆزینه‌وه‌، یا چاوه‌ڕێی پیاوی قه‌ده‌ر و پاڵه‌وانێکی ئاسمانین، یان که‌سێک کڵۆڵ و به‌دبه‌خت ده‌که‌ینه‌ هۆکاری سه‌رجه‌م نسکۆکانمان (5). له‌ئێستای هه‌رێمی کوردستانی خۆشماندا سه‌رۆکی هه‌رێم له‌لایه‌ن پارته‌که‌یه‌وه‌کراوه‌به‌پیاوی قه‌ده‌ر و به‌تاقه‌ئومێدی ئاینده‌له‌قه‌ڵه‌م ده‌درێت! به‌ڵام له‌لایه‌ن پارته‌کانی تره‌وه‌کراوه‌به‌پیاوی کڵۆڵ و به‌سه‌رچاوه‌ی سه‌رجه‌م نهامه‌تیه‌کان داده‌نرێت!

هه‌ندێکجار ئایدیاکانمان له‌ که‌سایه‌تییه‌کدا به‌رجه‌سته‌ ده‌که‌ین، که‌ که‌سایه‌تییه‌که‌ ده‌مرێت ئایدیاکانیش له‌گه‌ڵ خۆیدا ده‌نێژێت. جاری واش هه‌یه‌ ئه‌و که‌سه‌ شایان و شایسته‌ نییه‌ و دواجار هه‌ڵه‌کانی به‌سه‌ر کۆمه‌ڵگه‌ی ئیسلامیدا ده‌شکێته‌وه‌.

1) جیهانی ئایدیاکان

پێشتر باسی گرفتی کۆمه‌ڵگه‌ی ئیسلامیمان کرد له‌ هه‌ردوو جیهانی شته‌کان و که‌سه‌کاندا، گرفته‌کانی ئه‌و دوو جیهانه‌ به‌شێکن له‌ گرفتی جیهانی ئایدیا.

بۆ ڕوونکردنه‌وه‌ی گرفته‌کانی کۆمه‌ڵگه‌ی ئیسلامی له‌ جیهانی هزر و ئایدیادا سه‌ره‌تا پێویسته‌ ئه‌م دوو چه‌مکه‌ ڕوون بکه‌ینه‌وه‌:

یه‌که‌م: ئایدیای ڕه‌سه‌ن:

بریتیه‌ له‌ ئایدیای ڕاست و دروست، ڕه‌سه‌نایه‌تی سیفه‌تێکی زاتی ئایدیای ڕاست و دروسته‌، که‌ ئایدیایه‌ک ڕاست و دروست بوو پارێزگاری له‌ ڕه‌سه‌نایه‌تی خۆی ده‌کات.

دوووه‌م: ئایدیای کارا:

بریتیه‌ له‌و ئایدیایه‌ی که‌ له‌ دڵ و ده‌روون و هۆش و زه‌ین و هه‌ست و نه‌ستی تاکدا ئه‌کتیڤ و کارایه‌ و ده‌یهه‌ژێنێت و ده‌یبزوێنێت و به‌ره‌و ئامانجێکی دیاریکراو ئاراسته‌ی ده‌کات.

## په‌یوه‌ندی ئایدیای ڕه‌سه‌ن و ئایدیای کارا

مه‌رج نییه‌ ئایدیای ڕه‌سه‌ن هه‌میشه‌ کارا و کاریگه‌ر بێت، وه‌ک چۆن مه‌رج نییه‌ ئایدیای کاریگه‌ریش هه‌میشه‌ ڕه‌سه‌ن و دروست بێت. کاریگه‌ری په‌یوه‌ست نییه‌ به‌ ڕاستی و دروستی ئایدیاکه‌وه‌، کاریگه‌ری سیفه‌تێکی کاتی و ده‌ره‌کییه‌، به‌ڵام ڕه‌سه‌نایه‌تی سیفه‌تێکی زاتی و هه‌میشه‌ییه‌.

کاریگه‌ریی مێژووی خۆی هه‌یه‌، وه‌ک مالیک ده‌ڵێت له‌گه‌ڵ ساتی ئه‌رخه‌میدسدا ده‌ستپێده‌کات،

ئەو ساتەیە کە پاڵەپەستۆ و فشار و هەژموونەکەی هەڵدەکات و تاک و دەوروبەری دهەژێنێت(6).

ئەرخەمیدس (278 Archamade-212 پ. ز) زانایەکی گەورەی یۆنانیە، دەگێڕنەوە سیراکۆزی پاشا، ئەرکی ئەوەی پێ سپارد دیاری بکات تاجەکەی ئاڵتونی پوختە یان نا، بەتوێژینەوە چەمکی کێشی عەینی دۆزییەوە. ئەو دەمەی لە گەرماوێکدا خەریکی خۆشتن بوو، بیری لە بابەتەکە دەکردەوە لەپڕ ئیلهامی بۆ هات و لەخۆشیدا خۆی لەبیر چوویەوە و لە گەرماوەکە هاتە دەرەوە و هاواری کرد: "ئۆریکا! ئۆریکا! واتە: دۆزیمەوە! دۆزیمەوە! ".

ئەمە ساتی کاریگەری ئایدیایە کە هەست و نەست و هۆش و فیکر و هەموو گیانی ئەرخەمیدس دەگرێتەوە و جۆش و خرۆشییەکی وەهای پێدەبەخشێت خودی خۆیی بیر بچێتەوە.

کۆمەڵگەی ئیسلامیی لە ئەشکەوتی حیراوە ئایدیا زیندوو و رەسەنەکانی وەردەگرێت، ئەو ئەشکەوتەی کە وەک نیچە دەڵێ: سەمفۆنیایی قارەمانێتی دابە گوێی ئاینی مەرداندا(7).

ئایدیای رەسەن لە کات و ساتی خۆیدا کاریگەرە و دڵ و هۆش و هەست و نەست و ویژدان دەهەژێنێت، فیکر و حەز و ئارەزوو و بها و ئاراستەکانی تاک دەگۆڕێت و لە رەفتاریدا بەرجەستە دەبێت، دروست وەک ئەو ئایدیا قورئانیانەی کە دەستەی کۆچەران و پشتیوانانی کرد بە باشترین ئوممەت. (کنتم خیر أمة أخرجت للناس تأمرون بالمعروف و تنەون عن المنکر....) (8).

بەڵام بەداخەوە وردە وردە کاریگەری ئەم ئایدیا رەسەنانە لە دڵ و دەروونی تاکەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامیدا دامرکایەوە، ئەمەش بە هۆی لاسەنگبوونی هەرسێ جیهانی شتەکان، کەسەکان و ئایدیاکانەوە بوو. پەیوەندی نێوان ئایدیاو شت گۆڕا، شت بوو بە سەنتەر و ئایدیا و کەسەکان بە دەوریدا کەوتنە سوڕانەوە.

کاتێک شت ببێت بە سەنتەر، بیروباوەڕ و کەسەکانیش دەکرێنە قوربانی شتەکان و چیدی ئیتر تاک ناتوانێت باوەڕ یان خۆی ببەخشێت و بەرخۆدان دەپوکێتەوە و چڵێسی و چاوچنۆکی و رژدی و پیسکەیی لە دەروونی تاکەکاندا باڵادەست دەبێت.

بە هەمان شێوە پەیوەندی ئایدیاو کەس گۆڕا و هەندێکجار ئەم پەیوەندییە بووە و دەشبێ بە پەیوەندی ئایدیا و تەوتەم یان ئایدیا و شەیتان.

کەسێک یان گرووپ و پارتێک یان خێڵ و نەتەوە و زمان و رەچەڵەکێک دەکرێت بە بت و تەوتەم و دەپەرسترێت، یان دەکرێتە شەیتان و نەفرەتی لێدەکرێت.

کاتێک پەیوەندی ئایدیا و کەس دەگۆڕێت بۆ پەیوەندی ئایدیا و بت، یان ئایدیا و شت چیدی ئیتر بوارێک نامێنێتەوە بۆ یەکتر قبوولکردن و گوێگرتن لە یەکتر چ جای پێکەوە ژیان!

بە تەوتەمکراوەکە دەبێت بە پێوەری راست و هەڵە و باش و خراپ و جوانی و ناشیرینی. بڕیاردان بە پێی جیهانی ئایدیا نابێت، بەڵکو بەپێی جیهانی کەسەکان دەبێت و هیچ بوارێک بۆ رەخنە نامێنێتەوە و پرۆسەی پیرۆزکردن بە کاڵای تازە و مۆدێلی نوێوە - بەشێوەیەکی مەترسیدار- تەشەنە دەکات و دڵ و دەروونی تاکەکان داگیر دەکات.

لەو سۆنگەوە کە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ تەوتەم ئاسانترە لە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ئایدیا، هەمیشە ناحەزان و دوژمنان کار لەسەر هێشتنەوەی تەوتەم دەکەن، راستە تەوتەمپەرستی لە رۆژی ئازادکردنی مەکەدا لە ساڵی شەشەمی کۆچیدا، مۆدێلەکەی بەسەرچوو، بەڵام هەمیشە

شێوە و شێوازی خۆی دەگۆڕێت، یان راستتر بڵێین شێوە و شێوازی دەگۆڕدرێت و مۆدیل و ستایلی نوێی پێدەبەخشرێت. مۆدێلی تەوتەمپەرستی لەم سەردەمەدا لە کەسایەتی و سەرکردەو پارت و خێڵ و زمان و نەتەوەدا بەرجەستە بووە.

ئەمە ئەو دۆخە نەخوازراوەیە کە موسوڵمانان تێیکەوتون، دەسبەرداری ئایدیا رەسەنەکانیان بوون و پەیوەندیان لەگەڵی نەماوە، یان هێندە سست و لاوازە لە حوکمی نەماندایە و دووچاری نەسازییەکی سەیر بوون، لە مزگەوتدا نوێژی هەینی و نوێژەکانی تر دەکەن، بەڵام هەرکە لە مزگەوت دێنە دەرەوە، لە جیهانێکی دیکەدا نغرۆ دەبن تەواو جیاواز لە جیهانە رۆحییەکەیان. کار بە ئاستێک گەشتووە کە خودی بیرکردنەوەی تاکەکان بووەتە بەربەست و ئاستەنگ لەبەردەم رزگاربوون و بەرەوپێشچوونیاندا.

کاتێک کۆمەڵگە لە بشێوی و شڵەژاندا بێت، نە ئەوەیە لە دەستپێکی شارستانییەتدا بێت و نە ئەوەشە بە تەواوی لە دەرەوەی شارستانییەتدا ژیان بەسەر ببات، لەو دۆخەدا ناتوانێت لەگەڵ نێوەندی کۆمەڵایەتیدا خۆی بگونجێنێت، لەبری ئەوەی قسە لەسەر گرفت و ئازارەکانی خەڵکی بکات و پلان دابنێت بۆ ئایندەیەکی باشتر، باس لە رابوردوو دەکات و بە باڵای رابوردوودا هەڵدەدات.

رۆژانە چەندین کتێب لە چاپخانەکانەوە دەردەکرێن کە هیچ پەیوەندیەکیان بە ئێستاو واقیعەوە نییە، بەڵکو تەنها راکردن و هەڵاتنە لە واقیع. لەم کەشوهەوا بیمارو نەسازدا، بواری تیۆری زاڵە بەسەر بواری پراکتیکیدا، قاڵەقاڵ و گفتوگۆی وشک و بێگیان، زاڵە بەسەر توێژینەوە و گفتوگۆی زانستیدا و بیرکردنەوەی رەخنەگرانە بە خۆسووکردنەوە و سەرکوتکردن دادەنرێت.

هەمووان قسە دەکەن و تانە لە یەکتر دەدەن و شمشێر لە یەکتر دەسون! لەمەش سەیرتر ئەوەیە کە کەس گوێ لەوی تر ناگرێت، قسە هیچی تێناچێت و ئاسانە و بە هەموو کەس دەکرێت، بە پێچەوانەی توێژینەوە و گفتوگۆی ئەکادیمیەوە، کە بە هەموو کەسێک ناکرێت و پیاوی تایبەتی دەوێت. قسەوباس و خواستەکانیش هێندەبێ تام و خوێن، یان پیاهەڵدانن یان سوکایەتیکردن.

هەندێکجار بواری تیۆری زاڵ دەبێت تەنانەت بەسەر مامۆستای زانکۆشدا، مالیک دەڵێت: لە یەکێک لەوانەکانیدا سەبارەت بە پێکهاتەی دەرمانەکان، مامۆستایەک لە وەسفکردنی یەکێک لە رووەکەکاندا خۆی ماندو دەکات، لەبری ئەوەی دەست درێژ بکات و لە حەوشەی کۆلێژەکەوە رووەکەکە لێبکاتەوە و پێشکەشی بکات بە فێرخوازەکانی، لەوانەکەیدا لە دوو توێی کتێبەکاندا بەدوای شێوەی رووەکەکەدا دەگەڕا، لە کاتێکدا رووەکەکە لەخوار پەنجەرەی هۆڵی وانەوتنەوەکەدا بوو(9).

هەروەها مالیک نمونەیەکی تر دێنێتەوە، ئەویش بارودۆخی جەزائیرە لە ساڵی (1936ز) لەبری ئەوەی ببێت بە وەرشەی کارکردن بۆ هەستانەوە، بوو بە سەکۆی هەڵبژاردن و میللەتیش بوو بە چەپڵەلێدەر بۆ هەر کاندید و وتاربێژێک کە وەک مێگەل بەرەو بازاڕی هەڵبژاردن راپێچی بکات (10).

کارەساتی خراپتر لەوەدایە کە نوخبەی کۆمەڵگەی ئیسلامیی ویستیان و ئێستاش دەیانەوێت جیهانی رۆشنبیری - کە لێوانلێوە لە ئایدیای مردوو- بە ئایدیای کوشندە و مرێنەر زیندوو بکەنەوە!

ئایدیای مرێنەر ئەو ئایدیایەیە کە پاش ونکردنی رەگ و ریشەکانی شوناس و بههاو رۆشنبیرییەکەیشی ونکردووە، بێ رەگ و ریشە

هاوردەکراوە و کۆلۆنیالیست بەرهەم دێنێت، کاتێک ئایدیا لە جیهانە رۆشنبیرییە سەرەکییەکەی جیادەکرێتەوە، دەبێت بە میکرۆب و دەزگاو رێکخراو و کۆمەڵگە دووچاری نەخۆشی دەکات!

گرفتەکە پەیوەست نییە بە سروشتی شارستانیەتی رۆژئاواوە، بەڵکو پەیوەستە بە سروشتی پەیوەندی تاکەکان بە جیهانی رۆشنبیری رۆژئاواوە. تاکەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامیی کاتێک بۆ خوێندن یان بۆ گەشتکردن یان لەبەر جەور و ستەم بەرەو رۆژئاوا دەچن، روو دەکەنە ئەو شوێنانەی کە شارستانیەتی رۆژئاوا پاشماوەکانی خۆی فڕێدەداتە ناوی و بەرەو سەرچاوەکانی شارستانیەتی رۆژئاوا نارۆن، بەڵکو توێکڵ و رووکەشیان دەوێ بە دەستەواژەی هەژار موکریانی لە توێکڵ کرەکریانە و کاکڵ بەسەر ناکەنەوە! پاشماوە و بەشە مردووەکەی شارستانیەت وەردەگرن نەک بەشە زیندووەکەی. بەم شێوە کۆمەڵگەی ئیسلامیی لە لایەک ئایدیای مردووی لێدەرژێت و لە لایەکی تر ئایدیای مرێنەر هەڵدەمژێت.

تاک لەم کەشوهەوا ناسازگارەدا باجی ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتیەکەی دەدات، چەندە کۆمەڵگە لە گەشەکردن و بەرەوپێشبردنی تاکدا کەموکورتی هەبێت، ئەوەندەش باجەکەی قورستر و گرانتر دەبێت و رێژەکەشی بەرزتر دەبێتەوە.

## چارەسەر

سەرەتا پێویستە بزانین کە ئەم گرفتانە گرفتی ئوممەتێکی گەورە و بەربڵاوە، کە ئوممەتی ئیسلامە بە درێژایی چەندین سەدە، لەم سۆنگەوە دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی گرفت و نەخۆشیەکان بە هەوڵ و کۆششی تاقە بیرمەندێک ئەگەر مەحاڵ نەبێت، کارێکی زۆر ئەستەم و دژوارە. مالیک بەپێی توانای خۆی هەوڵیداوە پشکی تایبەتی خۆی هەبێت لەو کارەدا. بەڵگەی ناوێ کە دەستنیشانکردنی گرفت و نەخۆشیەکان، خاڵی یەکەمی چارەسەرکردنە. بەکورتی مالیک چارەسەر لەسێ خاڵی سەرەکیدا دەبینێتەوە:

1ـ دەرچوون لەو هەستەی کە بکوژی سەرلەبەری کەسێتی و برست و توانا و بهەرە و چالاکی و کارامەیی مرۆڤە، هەستی خۆبەکەمزانین.

2ـ کارکردن بە پلان و میتۆدی زانستی و دوورکەوتنەوە لە عەقڵیەتی گەردیلەگەرایی. مەبەست لەم چەمکە ئەوەیە هەندێک بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ و جیا تەماشای رووداوەکان دەکەن، وەک ئەوەی رووداوەکان زنجیرەیەک نەبن لە مێژوو، بەڵکو کۆمایەکی کەڵەکە بوون لە رووداو.

مالیک دەڵێت: دووبارەی دەکەینەوە و دووبارەکردنەوەش بێزارمان ناکات، کێشەی ئێمە کێشەی ئایدیا و نەبوونی پرۆگرامە. هەروەها دەڵێت: واقیعی ئێمە یان بیرۆکەیەکە کە نایەتە، دی یان کارێکە پەیوەست نییە بە هەوڵ و تێکۆشانێکی فیکرییەوە (11).

هەروەها دەڵێت: ئەگەر هەوڵ و تێکۆشانی ریفۆرمیستی ئیسلامیی شرۆڤە بکەین، پەی بە مەبەستپاکیەکەی دەبەین، بەڵام لە هەوڵ و تێکۆشانەکانیدا بۆن و بەرامەی میتۆد و پرۆگرام، بوونی نییە(12).

بەکورتی: چارەسەر لەوەدایە تەوژمێکی ئیسلامیی تۆکمە بونیات بنرێت کە لەبری ئەوەی هۆگری شت و کەس بێت، هۆگری راستی و ئایدیا بێت و بە شێوازی جڤاتی کار بکات، پەیوەست بێت بە میتۆد و پرۆگرامەوە، نەک بە کەسێکی دیاریکراوەوە.

3ـ گێڕانەوەی کاریگەرییە بۆ ئایدیا رەسەنەکانمان، ئەویش بە هاوسەنگکردنەوەی ئەو

سێ جیهانە دەبێت کە باسمانکرد، جیهانی شتەکان و جیهانی کەسەکان و جیهانی ئایدیاکان. مالیک دەڵێت: کۆمەڵگەی ئیسلامی دەتوانێت کاریگەری خۆی بەدەست بهێنێتەوە، بەوەی لە بناغەی پلانەکانیدا ئەم دوو خاڵە دابنێت:

1 بژێوی بۆ هەموو کەسەکان

2 کارکردن بۆ هەموو دەستەکان (13).

دیارە مەبەستی هەموو ئەو دەستانەیە کە توانای کارکردنیان هەیە، نەک هەموو دەستێک. پێویستە هەموو کەسەکان بژێویان بۆ دابین بکرێت و وەک مرۆڤ بژین، هەروەها هەموو دەستانەی کە توانای کارکردنیان هەیە کار بکەن و دروشمی " کارکردن خواپەرستیە" بەرزبکەنەوە.

یابانیەکان پاش جەنگی دووەمی جیهانی و پاش ئەو وێرانی و شکستە گەورەیەی کە رووبەڕوویان بوویەوە، بە حکومەت و میللەتەوە، رێککەوتن لەسەر بەرزکردنەوەی ئەم دروشمە "کارکردن خواپەرستیە و ئامانجمان کوالیتیە".

جێگای خۆیەتی ئاماژە بەوەش بدەین کە کۆمەڵگەی یابانیی و کۆمەڵگەی ئیسلامیی وەک یەک لە دەوروبەری (1860ز) بوون بە قوتابی رۆژئاوا، کۆمەڵگەی ئیسلامیی پەنای بۆ ئایدیا مرینەرەکان برد و کۆمەڵگەی یابانیش بە ئەمەکداری مایەوە بۆ جیهانی رۆشنبیری و کلتورو داب و نەریت و رۆحە سامۆراییەکەی!

## سەرچاوەو پەراوێزەکان


(1) چەمکی رۆشنبیری و گرفتەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامی لای مالیکی کوری نەبی، خالد محمد غریب، گۆڤاری هەژان، ژمارە 14-15سالی 2004ز، ل276

(2) مالیکی کوری نەبی، گرفتی ئایدیاکان لە جیهانی ئیسلامیدا، وەرگێڕانی: خالد محمد غریب، نوسینگەی تەفسیر، هەولێر/ چاپی یەکەم 2014ز، ل90 بەدواوە.

(3) بروانە: مالك بن نبی، شروط النهضة، ترجمة عبد الصبور شاهین و عمر كامل مسقاوي، دار الفكر، دمشق، الطبعة الأولى 1986م، ل40 بەدواوە.

(4) مالیکی کوری نەبی، گرفتی ئایدیاکان، ل97

(5) سەرچاوەی پێشوو

(6)سەرچاوەی پێشوو ل70

(7)سەرچاوەی پێشوو ل42

(8) سورەتی(آل عمران:) ئایەتی ١١٠

(9)سەرچاوەی پێشوو ل98

(10)سەرچاوەی پێشوو ل117

(11) مالك بن نبی، وجهه العالم الإسلامي، ترجمة عبد الصبور شاهین، دار الفكر، دمشق، إعاده الطبعة الأولى 2002م، ص83

(12) مالك بن نبي، فكرة الأفريقية الآسيوية، ترجمة: عبد الصبور شاهين، دار الفكر، دمشق، الطبعة الثالثة 2001م، ص83

(13) مالیکی کوری نەبی، گرفتی ئایدیاکان، ل139

# ئیسلامی کوردی و ڕیفۆرمی ئایینی

## تاوێك لەگەڵ تەحسین و فکر و یەکێك لە کتێبەکانیدا



رانان: حەسەن مەحموود حەمەکەریم






ئیسلامی کوردی و ڕیفۆرمی ئایینی، کتێبێکی قەبارە مامناوەندیە، لە دوو توێی ١٥٠ لاپەڕەدایە، لە نووسینی تەحسین حەمەغەریب،، ژمارە١٥ی زنجیرە کتێبەکانی هەژانی هەڵگرتووە، لە چاپخانەی سیما لە سلێمانی ساڵی ٢٠١٣ چاپکراوە، ئەم کتێبە هەر وەک کتێبەکانی تری ماموستا تەحسین بابەتێکی فیکریە، کاک تەحسین هەر لەو بوارەداو لە زنجیرەکانی هەژاندا نزیک بە چل کتێب و نامیلکەی بە قەبارەی جیاواز بڵاوکردوەتەوە، کاریگەری فیکری لەناو خوێندکارە ئیسلامییەکاندا هەیە، ئەم کتێبە کراوەبەسێ بەشەوە، بەشییەکەم بە ناوی ئیسلامی کوردی، بە پێشەکیەک دەست پێدەکات، باس لە ڕیفۆرمی ئایینی دەکات و دەڵێ (ڕیفۆرمی ئایینی بریتیە لە چەمکی عەقڵ و ئەخلاق و خەیاڵ، خەیاڵی لە جێی تردا باسکردوە، لەم کتێبەدا تەنها باسی چەمکی عەقڵ و ئەخلاق دەکات و دەڵێت لێرەشەوەیە وەرچەرخان بەرەو ئیسلامی کوردیڕوودەدات و مەبەستەکانی لەسێ خاڵ دا ڕووندەکاتەوە.

یەکەم: لای وایە دینداری ئێمە پێچەوانەی گەلانی دراوسێمانە، ئەوان سودیان لە ئایین بینیوە و ئێمە هیچ.

دووەم: مەبەست لە ئایینی کوردی چاکردنی دینداریمانە.

سێیەم: دەڵێ هەرکەس بەڕیفۆرم هەستابێت بەر تۆمەت و ئازارو ڕووبەڕووبوونەوە کەوتوە، وەک چۆن پێغەمبەران بەسەریان هاتووە، بۆ ئێستاش نمونەی خۆی لە چاوپێکەوتنەکەی گۆڤاری لڤیندا دەهێنێتەوە کە هەندێ ناحاڵی چیان پێکردوە، پاشان مەبەستی خۆی لەسەر عەقڵ و ئەخلاق ڕووندەکاتەوە بەتایبەت ئەخلاقی سەربەخۆ، کە مەبەستی ئەخلاقی ئایینی نییە، بەڵکو ئەخلاقی گشتی گەردونی مرۆڤایەتییە، کە زۆرجار لای مرۆڤی غەیرە ئایینیش هەیە، پاشان عەقڵ دەکاتەدوو بەشی کردەیی و تیۆری، کردەیەکەش دەکاتەدوو بەشی کردەیی ئەخلاقی و کردەیی ئابووری، مەبەست چالاکی ئابووریە، کە ئەگەر مافێکی ئاینی دژ هاتەوەلەگەڵ هەرکام لەمانە، ئیتر لێرەوەیە کە ڕیفۆرمی ئایینی خۆی نیشان دەدات و چەمکی ئیسلامی کوردی تیا دەردەکەوێ.

سەرەتای بەشی یەکەم: بە هەندێ پێشگریمانە ڕووندەکاتەوە و دەڵێت: کاتێک باس لەئیسلامی کوردی و ئیسلامی ئاینی دەکەین، مەبەست چاکسازی ئایینیە و ئەزمونی کوردیانەی ئیسلام نیشان دەدەین، لە دەرەوەی ئایین لێکۆڵینەوە لە ئایین ناکەین، بەڵکو وەک ئایینداریک ئەو کارەدەکەین، کەئەمەش دەکەم باوەڕم بە خواو قورئان و پێغەمبەرە، بەس دەمانەوێت وەحی لە مێژوو جیابکەینەوە، ئەوسا دەتوانین ئایین وەک خۆی بناسین و ئایین لەنائایین جویێبکەینەوە.

ئەمەی دەیڵێم، هەر نوخبەیی و مەعریفی نییەو هەر باس لە ئایندار ناکات، بەڵکو هەموو کۆمەڵگاکانی تریش کە پەیوەندیان بە ئایینەوە هەیەو ئەوانەش کە لەگەڵ ئاییندا دەرگیرن. ئەم بابەتەسێ ڕەهەندی هەیە:

أ. ئەوەی پەیوەندی بە ئیسلامی کوردی و دیوە کەلتووریەکەی هەیەو لە ئیسلامی گەلانی تری جویدەکاتەوە، واتەپێغەمبەر چی بۆ کۆمەڵگەی عەرەب کرد، ئەگەر لەکۆمەڵگەی کوردیدا هەڵکەوتایە چۆنی بۆ کۆمەڵگەی کوردی دەکرد؟

ب. ئیسلامی کوردی ئیسلامێکی جیاواز نیە،

ج. ئەوانەی لە ڕووی مەعریفیەوە سەیری ئایینیان کردوەسێ ڕەهەندیان هەیە:

١. ڕەهەندی مەعریفی ئایین.

٢. پەیوەندی کات بەلایەنی مێژووی ئایین.

٣. ڕەهەندی فیقهی ئایین و ئەحکام، گریمانەی چوارەم: ئایا هەست دەکەین مەعریفەی ئایین لە قەیراندایە؟ ئایا دەرکی دەکەین؟ لەکوێوە دەستپێبکەین؟ چۆن مامەڵە لەگەڵ ئایین بکەین؟ چاوەڕوانیەکانی ئایین لەم سەردەمەدا چییە؟ ئایا ئەو قەیرانانە کاری

له شوێنکەوتوانی کردوه و هەست بەونبون و لەتبون دەکەن؟ چۆن کۆن و نوێ کۆبکەینەوە؟ لێرەوەیە تەحسین قسە لەسەر ئیسلامی کوردی و چاکسازی ئایینی دەکات و دەڵێت فکری ئایینی لە قەیراندایە، حیزبە ئیسلاحییە ئیسلامییەکان خۆیان بونەتە کێشە نەک چاری کێشە بکەن، پاشان باس لەدوو جۆر کەسایەتی نێو سوننەمەزهەبەکان دەکات.

١. کەسایەتی ئایینی و زاناکانیان، لەو ڕووەوە سوننەلەشیعە جیاوازن، زانای شیعە ئەمڕۆ پیاوی سیاسیشە، بەڵام لەناو سوننەکاندا جیاوازە، پیاوی ئایینی سوننە دەسەڵاتی سیاسیان نییە کە ئەمە بەکارێکی ئیجابی دادەنێ بۆ سوننە، بەڵام ئەوەیە کە کەسایەتیی سیاسی سوننەخۆی لە قەیراندا دەژی و توشی جۆرێک لە دوو ڕەهەندی و کەرتبونی کەسایەتیی بووە، کە دەیانەوێت ئایین و پیاوی ئایینی بەکاربهێنن بۆ سیاسەت و بەکارهێنانی شەرعیەتی دینیی بۆ شەرعیەتی سیاسیی.

٢. کەسایەتییە سیاسییەکان کێشەی فیکریان هەیە، ناتوانن لەگەڵ سەردەمی نوێدا بێنەوە، کاتێک سیاسییە دینییەکان دەگەنەدەسەڵات بەو ئەزمونەکەمەی هەیانە وەک سیاسییەکان مامەڵە دەکەن و دەکەونەکێشەی فیکری، لەبەر ئەوەئەم دوانەسێ گرفتیان توش دەبێت: گرفتی مەعریفی کە سەردەمی نوێ ناناسن، گرفتی سیاسی کەهەوڵی پێگەو جێگە دەدەن، گرفتی پیشەیی کە دەبێت زانایەتی و مەلایەتی لەیەکتری جویێکەنەوە.

پاشان نووسەر باسێکی درێژ دەهێنێت لەسەر تێگەیشتن لە گرفت و کێشەی پەیوەندی نێوان خواو مرۆڤ و پێغەمبەر و وەحی و مەعریفەو عەقڵ، کامەی ئاسمانیە و کامەی زەمینیە و چۆن دیوە ئاسمانیەکە لە دیوە زەمینیەکە جویێدەکەینەوە، عەقڵ و نەقڵ و عەقڵ و ئەخلاق چییەو چۆن جوییان دەکەینەوە، ئایا بەتەنها دەقی قورئان بەسەبۆ حوکم و کاری مرۆڤ و ئاییندارى، یان بێجگە لە وەحی سەرچاوەی تریش هەن؟ ئەم باسەی کۆتایی ڕێگایەکی دورە و پێشتر زۆری لەسەر وتراوە و کەس نەگەیشتوەتە ئەوپەڕی، هەرکەس باس لە سەرەتای فەلسەفە بکات، ناچارە خۆی لێبدات و کەسیشی تێر نەکردوەو قسەی کۆتایی لای کەس نییە.

بەشی دووەم: بەناوی ڕیفۆرمی ئایینی، دەڵێت هەرچەند واباوە کە داهێنان لە ئاییندا گومراییە، بەڵام ئەم ئایینە لەڕێی داهێنانە نوێیەکانیەوە درێژە بەخۆی دەدا تا دەیگەیەنێتە قیامەت، ئەگەر لەم کارەبوەستێت، ناتوانێ مامەڵە لەگەڵ سەردەمەکەیدا بکات، لەڕێگەی هونەری شیعرو ئەدەبیاتەوە دەتوانرێت ئەو گواستنەوە بکرێت، هەر بۆیە ڕۆحە گەورەکان هەموو هونەرمەندبوون، ئایین لەڕێگەی داهێنانە هونەریەکانەوە بەردەوام دەبێ و لەگەڵ خوادا تەجەلابونی نوێ دەبێت و شتانی نوێ بەکۆمەڵگە دەبەخشن، ئەوە وا دەکات پەیوەندی خوا بە بەندەکانییەوە کۆتایی نەیەت و چالاک بن و ئایین لەگەڵ قۆناغەکاندا ڕەوت بکات، بەڵام بەپێچەوانەی ئەم ڕایە، سەلەفیەکان لە کۆمەڵگە پچڕاون و چەقبەستوو دابڕاون، چونکەبڕوایان بە داهێنان نییە، لەویوە توندی ئایینی دروست دەبێت، لە سەدەی نۆزدەدا لەنێو شاعیرە گەورەکانی کوردا سەردەمێکی ڕۆشنگەری و ڕێنسانسێکی سەیردروستبوو، بەڵام لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا ڕۆژ بەڕۆژ دارمان و داڕوخان دروستدەبێت، ئەوە ئیسلامی کوردی لەئیسلامی نەتەوەکانی دی جویێدەکاتەوە، سۆفیەکان لەوەدا کەوتونەتە هەڵەوە، ئەو داهێنانانەی کە شێخێکی تەریقەت کردویەتی لایان بوەتە ئایین، ئەمەوای کردوە کە ئیسلامی کوردی ئیسلامێکی عیرفانی بێت، ئیسلامی عیرفانی ئیسلامێکی داهێنانکاری بێت، ئەمەش ئەزمونی کوردە لەگەڵ ئاییندا، کە بەڕاستی لە نەتەوەکانی تردا جۆرێکی ترە، تەنانەت لە جلوبەرگ و هەندێ ڕەفتارو زمان و جۆری بیرکردنەوەو

**پێغەمبەر چی بۆ کۆمەڵگەی عەرەب کرد، ئەگەر لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەڵکەوتایە چۆنی بۆ کۆمەڵگەی کوردی دەکرد؟**

سلوکی ڕۆژانەدا لەوان جیان، ئەمەوادەکات خوا لە کۆمەڵگەی ئێمەدا نەمردوەو خوداناسی زیندو پڕ داهێنانە، ئایین لای ئێمە درێژە بە ژیانی زیندوی خۆی دەدات، لێرەشەوەیە ئایین دەبێتە بونەوەرێکی زیندو، مامەڵەیەکی زیندو لەگەڵ کۆمەڵگەدا دەکات، لێرەوەیە کەلتووری دینی دروست دەبێت، کەنیوەی مێژوویی داهێنراوەو نیوەکەی تری ئاسمانیە، بۆ ئەوەی بتوانین لەگەڵ کۆمەڵگەدا هەڵبکەین و لەگەڵ سەردەمی نوێشدا بمێنینەوە، دەبێ باوەڕمان بە پرنسیپەکانی دەرەوەی ئایین لە عەقلانیەکان و ئەخلاقیەکان هەبێت، لە خۆمان قوتاربین و هونەر بخولقێنین، لە ڕووی ئەخلاقیشەوە چاکسازی دینی بکەین، هەر بۆیە ئیسلامی کوردی دوو ڕەهەندی هەیە،ڕەهەندێکی کەلتووری کوردی و ڕەهەندێکی ئاسمانی دینی، بە یەکەوە ئەم کەلتوورەدروست دەکەن، تەحسین دەڵێت: ئیتر نابێ ئێمە زووزوو ناوی عەرەب بێنین، ئەگەر وابوو، کەواتە لە ئایین نەگەیشتوین، نەخۆشین و چاک نەبوینەتەوە، قوتابین و هەرگیز نابینە مامۆستا، بەڵام ئێمە لەڕووی کەلتووریەوە لە عەرەب پچڕاوین، ئایین ئەرکی خۆی جێبەجێکردوەو نەسەپێنراوە بەسەرماندا، بەڵام ئەوەتە حیزبەکانمان هەر دەمانبەنەوە ناو ئەو کەلتوورەی کە ئێمە ساڵەهایە لێی پچڕاوین، تەحسین زۆر جوان و ژیرانە ئەم باسەدەهێنێت، بەڵام لەپڕ هەر وەکو لە کۆتایی بەشی یەکەمدا بینیمان، لەم بەشەشدا ماندودەبێت و دەچێتە سەر چەند بابەتی عەقڵی و فقهی بێسوود و تیارۆدەچێت، خوێنەر بیتاقەت دەکات، وەک باسەکانی حیلەی شەرعی، مارەبەجاش، ئافرەت، ڕیبا، سزادان، عەقڵی تیۆری و کرداری، ئابووری، فقهی کۆن و نوێ و حەق و ئیرادە، بۆچونی هەندێ نووسەر وەک سروش و ئەبوزەید و ئەرەکۆن و تەنانەت زەمەخشەری و شیعەکان دەهێنێت، لێکیاندەداتەوە و بابەتەکەون دەکات، هەروەکو کۆتایی بەشی یەکەم ناتوانێت لێیدەرچێت، خوێنەری ئەمڕۆ حەوسەڵەی ئەوەی نییە هەرچەند پێویستیش بێت.

بەشی سێیەم: بەناوی هەندێ بابەتی کردەیی گرنگ، بەلامەوە ئەمە بەشێکی زیادەیە و تێکەڵ بەم کتێبە کراوە، خۆی دەڵێ: بەشی سێیەم، جۆرێک لە فتوایە پشت بە عەقڵیەتی عەقڵی و ئەخلاقی مۆدێرنە دەبەستێت لە تێگەیشتن لە شەریعەتدا، بەڵام من هیچ فتوایەکم نەدی بدرێ و شتەکان جێی لێکدانەوەن نەک فتوادان، پاشان هەر لەو لاپەڕەدا دەڵێت: ئەمە بەنمونەکردنی ژیاننامەی پێغەمبەرو فتوادانی نمونەییانەیە لەسەر ژیاننامەی پێغەمبەر، بەڵام لەڕاستیدا لەهیچ کوێیەک نمونە بە ژیانی پێغەمبەر ناهێنێتەوە، جگەچەند ناوبردنێک، لەم بەشەدا یانزە چەمک دەهێنێ کەخۆی دەڵێت: زۆر گرنگە، یەکەم باسێکی کورتی ئیجتیهاد دەکات بەزمانێکی وشکی ڕەکیک و قورس و پڕ لە حەشوە، وەک بڵێی کەسێکی نەشارەزا لە عەرەبیەوە تەرجەمەی کردوە، تێناگەیت دەیەوێ چی بڵێت، پرسیاری زیاترت لا دروست دەکات تا وەڵام، لە چەمکی دووەمدا دەچێتە سەر جنۆکە، لەمیشدا ناتوانێت قسەی دڵی خۆی تەواو یەکلاکەرەوە بکات، دەچێتە دونیای خەرافات و دور لەعەقیدە، زیاتر پرسیاری ئاڵۆزو بێوەڵامت لا جێدەهێڵێ تا وتەی ڕوون، هەزار ساڵ لەمەوبەر چۆن

باسی جنۆکە کراوە زیاترت لەوە ناداتێ.

چەمکی سێیەم: باس لە مۆسیقا دەکات و دەڵێ لە ئیسلامدا هونەر بەشێک نەبوە لە پێکهاتەکەی، کە بەمەرجێ ئێمە لە هەموو ئایەتێکدا جۆریک لە دارشتنی جوان و مۆسیقاو پەند و ئیدیۆم و شیعرو چیرۆک و تابلۆی هونەری دەبینین، لە چەمکی چوارەمدا باس لەخەو دەکات، بەڵام هەستم بەشتێکی نوێ نەکرد و زیادەیەکم نەبینی، لەباسی خەوەکەدا دەکەوێتە ناو وتەیەکی زانای ئەمریکی مەکئەنتایرۆ و ڕێی هاتنەدەرەوە ون دەکات، پاشان دەچێتە سەر چەمکەکانی تێگەیشتن لەفیقە و دەرکەوتەی گروپەدینیەکان، عیشق و خۆشەویستی، مەعریفی و فەلسەفییەکان، فیقهو زانستەکان، گواستنەوەی کۆمەڵگە، بێئومێدی و پوچگەرایی و کۆتایی بە بەشی سێیەم و کتێبەکە دێنێت.

لەم بەشە یانزە بابەتی جێکردوەتەوە، بەڕای من زۆربەی زیادەیە و زانیاریەکانی کۆنن و پێشی ڕایەکانی ئیمامی غەزالی نەداوەتەوە کە لە ئەحیاکەی سەدان ساڵ لەمەوبەردا زۆرتر و ڕونتر و جوانترم لەوە دیتوە، نەتوانراوە بگەنە ئاستی تێر بوون، دەبوو تەحسین لەبۆتەی ئیسلامی کوردی و ڕیفۆرمی ئاینی دەرنەچوایە، هەر لەوبوارە فکریەدا بمایەتەوە و خۆی ماند و بکردایە، ئەگەر لاپەڕەکانی،١١٣-١١٨، بخوێنیتەوە، دەبینی شێوازی قسەزاڵە لە نووسین، وەک قسەی نەوارێک بێت و نووسرابێتەوە، ڕزگار نەکراوە لە حەشوە و زیادەی بیتاقەتکەر، نابێ نووسینی تەحسین وابێت، دەبێ چاکترین خزمەت بەفکرو بۆچون و قەڵەمی ئەو بکرێت، هونەری دارشتن و شێوازی نووسینی نوێی تیارەچاوبکرێت، ئەوانە لە ڕەوتی فکرەکەکەم دەکەنەوە، فکرەی جوان لە دارشتنی جواندا بەرزتر دەنوێنێت، نابێت هاورێکانی بهێڵن فکرەکانی پڕ شەخەڵ و هەڵەو حەشوەبێت، دەبێت دارشتنیرێک و بەرگی جوان

**سەلەفیەکان لە کۆمەڵگە پچڕاون و چەقبەستوو دابڕاون، چونکە بڕوایان بە داهێنان نییە، لەوێوە توندی ئایینی دروستدەبێت**

و لاپەڕەی بەنرخ و دیزاینی سەرنجراکێش بۆ نوسینەکانی دیاری بکەن، نازانم ئەمە نەوار بووە نووسراوەتەوە، یان دەستنووس و ڕەشنوس بووەو دارێژراوە، دەبوو لە پێشەکیدا ئەوە بوترایە، تەحسین لە نووسینە فکریەکانیدا خۆی لەبیرناکات، زوو زوو خۆیمان پیدەناسێنێتەوە، دەیانجارڕستەی (لە شوێنی تر وتومە، لە ڤیندا وتم، ڕامواپە، بۆچونی من وایە، بەبۆچونی بەندە)، مەولانا لەو بەرزیەوە دەڵێ: ئەوەی من کردومە تەنها پێچی کۆڵانێکی ئەو شارەیەکە سەنائی دروستی کردوە، سەنائی شارێکی لەعیشق دروستکرد من هێشتا پێچی کۆڵانێکم نەبڕیوە، لەدونیای فکردا بڕوابون بەفکری خود لەکەسێتی خود گرنگترە، ئەو خۆ ونکردنە بوو بەرهەمی ئەو پیاوانەی گەیاندە شاکار، مەولانا سەدجار لەمەسنەویدا باسی ئەو خۆونکردن و خۆدۆزینەوەیە دەکات، ئێمە دەزانین ئەو فکرانە هی تەحسین خۆیەتی، ئەگەر خوازراویش بێت، هەموو کەس لەملاولا سوود وەردەگرێت، مادام لای خۆت گەیوە و جارێکی تر لەمەتبەخی خۆت کوڵاندوتەوە و داترشتوتەوە و شتی نوێت لێ بەرهەمهێناوە دەبێتە هی خۆت، ڕەخنە لەفکری تەحسین ناگرم، بەڵام هەندی شت لەسیاقی نووسینی ڕون دەکەمەوە و نیشان دەدەم، فکری تەحسینم لا جوانەو بە پێویستی سەردەمی دەزانم،

بەڵام هەندێ گلەیی و بناشت دەکەم بۆ ئەوەی بابەتەکانی ڕێکوپێک ترو سەردەمیانە و داڕشتن و دیزاین و ستایلی جوان و شێوەی دەرەوەی کتێبەکە لە ئاستی بەرزی فکری ئەودا بێت، کورد پێویستی بەزەین و نووسین و قەڵەمی تەحسینە، زۆر شتی لە کاروانی دەچێت، بەڵام بە دوو ڕووی فکری جیاواز، وەک ئەو قسەکانی جۆرێک لە جادویی تێدایە، سەرنج ڕادەکێشێت، وتەکانیان پڕ ماناو مەغزاو زانیاری تازەن، ئەو لەزەتەی لە قسەیان دەیبینم کەمتر لە قەڵەمیاندا هەیە، تەحسین مەنگە، ئاگرێکی کوژاوەیە، وەک بڵێی لە نەزەریاتەکانی بوەتەوە و خەریکە بیاننوسێتەوە، تەحسین داهێنانێکی نوێیە لە دونیای سەقافەی کوردیدا، دەبێت چاومان لەسەری بێت، ئەو فکرانە سەردەمێکە لە ئێمەدا غائیبن، ئەگەر لە قۆناغی پێشودا نالی و مەحوی و مەولەوی و نەورەسیمان بووە، وا ئێستە تەحسین هاتوە و لەتام و بۆنی ئەوانە، ئەم پیاوە دەبوو ژیانی بۆ ئەمکارە دابین و یەکلا بوایە تەوەو بە ژیانەوە خەریک و سەرقاڵ نەکرانایە، بەڵام ئەم و بەختیاریش لە تەنیایی و دوری ژیاندا ماونەتەوە، لەو تاڵیەوە بەرەکەتی هەنگوینی فکری خۆیانمان پێدەبەخشن، ئەمە قەدەری بیریار و داهێنانکارانە لە دونیادا، ئەمانن دەمانخوێننەوە و خۆمانمان پێدەناسێنن، داهێنان بە کۆمەڵگەی کوردی دەبەخشن، تەحسین زیاتر باس لە فەلسەفە و دەرهێنانی مانا دەکات لە شتەکاندا، خوێندنەوە لە دونیاو عیرفان و عەقڵ و ئەخلاق و دادپەروەری دەکات، نووسینی شێوازێکی جیاوازترە زۆرکەم لە کۆمەڵگاکاندا هەڵدەکەون، ئەوان پشتیڕوداوەکان و هۆی شتەکان و دیوی ناوەوەمان بۆ دەخوێننەوە، هەوڵەکانیان بۆ ئەوەیە ماندوەکان لەجەنجاڵیدا بحەوێنەوەو لە لێواری ئارامی ئاییندا بمێننەوە، بچنەدونیای شیعرو خەیاڵ، داوایان لێدەکات گوێ لە دەنگی ناخی خۆیان بگرن، دۆستی خۆیان بن، بیرێک بۆ خۆیان بکەنەوە، دەڵێن سەیرێ بکەن بزانن لە کوێن و چیتان بەسەر هاتووە، وەرن لەم گەرماوەناختان بشۆن، خۆتان لە چڵک و چەوێڵی گرفتی ژیان ڕزگار بکەن، ئەم دەرگایە دەروی ڕزگاربونتە، وەرن لەبەردەم مەولانا چۆکدادەن ڕامێنن، لەگەڵ شەمسدا شیعر بڵێن، لەگەڵ تاوگۆزی عەشقبازی بکەن، لەگەڵ فەرەیدون بفڕن بۆ لوتکەو دۆڵەکانی مەنتیق، وەرنەنێو دونیاکەی مەحوی و بێخود و نالی و سالم. لەم کتێبەدا تەحسین تەق ەلەدەرگای باسێکی زۆر گرنگ دەدا و ئاسان دەیکاتەوە و شتی زۆر جوان دەبێژێ، تەحسین قسەی زۆری لەسەر کایەی فیکری و وتەی جوانی بۆ بەشەڕۆشنبیریە ئیسلامییەکەی کوردستان و ڕەخنەی بەنرخی لە پیاوانی ئایینی و بوارەپراکتیکیەکە و دەقە داڕێژراوە کۆنەکەی ئایینی ئیسلام هەیە، لەگەڵ ئەوانەدا لەنێو گەنجانی ڕۆشنبیرو خوێندکاران پشتگیری هەیە و کتێبەکانی دەخوێننەوەو چاوەڕوانی دەکەن، ئەو دەیەوێ لەو هەڵانە ڕزگاریان بکات کە لە فیکرو عەقیدەو شێوازی گەیاندنیاندا دروستبووە، تەحسین ڕویەکی جیاوازتری فکری ئیسلامییە، دەیەوێت لە دەق دەرچین و تەفسیر و ڕانانێکی تر بۆ قورئان و ئیسلام و سیرە بکەین، مانای نوێیان لێبەرهەم بێنین، دەڵێ با ڕای بەهێزمان لەسەر ئەدەب، هونەر و موسیقا، گۆرانی، کەلتوور، کەلەپور، فۆلکلۆرو مێژوو هەبێت، ئەو جیاواز و بیرتیژ و وردبین و دوربین و ئاییندە بینە، تەحسین دەیەوێ شێوازێکی تر بێنێتە کایەوە کە لەگەڵ پوختی ئیسلام و سەردەمە نوێیەکەدا بگونجێت، دوور بکەونەوە لەو ستایلە کۆنەی کەلەگەڵ سەردەمدا نایەتەوە، ئەو بڕوای وایە کە ئیسلام گونجاوی هەموو سەردەمەکانە، لە کۆندا خوێندنەوەیەکی پێویستی لە چوارچێوەی چوار مەزهەبەکەدا بۆ کراوە، بەڵام ئەمڕۆکە شێوازێکی تر و خوێندنەوەیەکی نوێی دەوێت.

# دیوەکەی تری
# جەلالەدینی ڕوومی



جەلالەدین، محەممەدی کوڕی موحەممەد (بەها وەلەد)ی بەڵخی، ناسراو بەمەولانا جەلالەدین، یا مەولەوی، یا مەلای ڕوومی (٦٠٤-٦٧٢ ك)، یەکێکەلەکەسایەتییەناسراو و بەرچاوەکانی مێژووی ڕۆژهەڵات و عیرفانی ئیسلامی و فەرهەنگی جیهانی. ئەو زاتێکە مەزن و ناودار، خودان کاریگەرییەکی زۆر و شیعرەیلێکی بێ ئەندازە شیرین، کەپڕن لە» دوڕی ناسوفتە و غونچەی نەشکوفتە».


**قانیع خورشید**

لە دایکبووی ساڵی ١٩٨٢، خوێندکاری ماستەر لە بەشی ئەدیان و عیرفان لە کۆلیژی ئیلاهییاتی زانکۆی تاران. بەڕێوەبەری گشتی ناوەندی بیری میانڕەو. نۆزدە کتێبی چاپ بووە.

مەبەستی بابەتەکەی بەندە شتێکی ترە جیا لە مەدح و سەنای مەولانا کە زۆرمان لەبارەوە بیستووە. هەوڵ دەدەم ئەم بابەتە لەجێی ستایشی زێدەڕۆیانە و فووتێکردنی عاتیفیانە لەلایەک و لەباتیی ڕقلێبوونی نابەجێ و سەنگەرگرتنی دەمارگیرانە، زانستیبوون و بێلایەنیی بەسەردا زاڵ بێت، ئامانج ئەوەیە بزانرێت زۆرێک لەوانەی -بێ ئەوەی بڕوایان بەخوا و پێغەمبەرەکەی مەولانا بێت و گوێڕایەڵی ئەحکامەکانیان بن- ئەم ساڵانە خویان بە مەولاناوە بادەدەن، بەلای مەولاناوە کەسانی داماو و خراپ و پەستن.

## بێ مەعریفەت، باسکردنی عیرفان نامومکینە

مەولانا کەسایەتییەکی دیار و گەورەی مێژووی مرۆڤایەتییە، لەمەدا گومانێک نییەو وا بزانم هەمووان لەسەری کۆکین، وەلێ ئەوەی ئێستا و لەم ساڵانەی دواییدا دەبینرێت لە ئەندازەی خۆی زیاتر گەورەکردنی ئەو کەسەیە، ئەوەی سەیرە ئەوەیەزۆربەی ئەوانەی بەناوهێنانی مەولانا حاڵیان لێدێت و لەگشت کوڕ و کۆبوونەوەیەکدا ستایشی دەکەن و هەر کە گوترا مەسنەوی، دەمیان پڕ لەئاو دەبێت، بۆ جارێکیش سەرێکیان بەنێو مەسنەویدا نەکردووەو دەلاپەڕەیان بەسەریەکەوە نەخوێندووەتەوە، هەموو زانیارییەکانیان دەربارەی ئەم پیاوە لەسەرچاوەی دەستی دوو و سێ وەیە، ئەگەر چووبێتنەخزمەتی خودی مەولەوییش، ئەوا بەچاوێکی بە هۆی عیشقەوە کوێربوو چوونەو پێش گریمانەیان ئەوەبووە ئەم عاریفە سووتاوە، هەرچی دەڵێت پاک و چاک و تەواوە، بۆیە ڕێیان لە هیچ پەڵەو هەڵەیەک نەکەوتووەو لە جوانی زیاتر هیچێکیان نەدیتووە.

ئێستا تەوژمێکی عیرفانی ئیلحادی پەیدا بووەو زۆر کەسی سادەش وا دەزانن وشەی عیرفان بەسە بۆ ئەوەی بەسەر هەر شتێکتدا کرد، پاک و چاکی بکات، وەک بڵێیت وشەی عیرفان بێ هیچ ناوەڕۆک و مەدلوولێک، ئیکسیر و کیمیا بێت و دەوای هەموو دەرد بکات و گشت سوورێکیش بەزەرد بکات.

## مەولانانەناسی و مەولاناپەرستی

هەر وەک چۆن لە ئەمریکا گرووپی سەیر و سەمەرە پەیدابوون کەسەرەڕای ئەوەی باوەڕیان بە خواکەی مەولانا نییە، خودی مەولانا گەورەدەکەن و نزیکەبڵێم دەیپەرستن، هەر بەو چەشنەش مەولانا، لەم ساڵانەی دواییدا لای خۆشمان وەختە دەکرێتە جێگرەوەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) گەر نەڵێم نزیکە بکرێتەخوا و مەسنەوییەکەیشی، کەبێ قورئان شتێکی وای لێ نامێنێتەوە، لەجێی قورئان ئیستیدلالی پێوەدەکرێت، دوور نییەگەنجێکی حاڵگرتووی لەحاڵ نەگەیشتوو پەرچی ئایەتێکی قورئان بە دێڕەشیعرێکی مەولانا بداتەوە! خۆ دیارەگەر کەسێک مەولاناناس بێت شەکری وا ناشکێنێت و هەڵەی وا دزێو ئەنجام نادات و لەحزووری خودی ڕوومییشدا خۆی شەرمەندە ناکات، ئاخر ئەو خۆی بە ئاشکرا هاوار دەکات و دەڵێت: «من تا ئەو کاتەی خاوەنی گیانم، غوڵام و بەندەی قورئانم، من خاکی دەرگەو ڕێگەی محەممەدی موختارم، ئەگەر هەرکەسێک جگە لەمە لەقسەی من شتی تر بگوازێتەوە، بێزارم لەخۆی و لەم قسەیەشی بێزارم» (دیوان شمس، رباعیات ١٣٣١):

ئەم نووسینە هەوڵدانێکە بۆ دەرخستنی جەلالەدینی ڕوومی بەرۆخسارەڕاستەقینەکەیەوە،

ئامانج ئەوەیە جەلالەدینی ڕوومی وەک خۆی بناسین، ئەوجا ئەگەر قبوولمان بێت ئەوا باشەو پەسەندیشمان نەبێت هەر باش، چون مرۆڤ لەچاوساغی هەر بڕیارێک بدات، لەڕووی مەعریفییەوە هەر ئەوەباشە. من ئەم مەولەوییەم زۆر زیاتر خۆشدەوێت تا ئەو مەولانایەی بە هەڵە وێنا دەکرێت و کراوەتە یەسووعە درۆیینەکەی مەسیحییەکان، کە لەبناگوێیەکیان دابا، بناگوێکەی تریشی دەبردە پێشەوەتا زللەیەکی تری تێ بسرەوێنن!

جەلالەدینی ڕوومی وەک زۆربەی هەرەزۆری موسڵمانان سنووری خۆی و هێڵی سووری تایبەتی هەبووە، وەک ئەوانیش، جار جار کەللەی گەرم بووەو لەڕێ لایداوە و بەناحەق قسەی ناشایستەی گوتووە. ئیتر ئەو خەیاڵەی هەر یەکەمان بۆ خۆمانی دەسازێنین، تەنیا تەعبیر لە خەیاڵخاویی خۆمان دەکات، نەلەڕوومی و نەلەگەیلانی و نەلەنوورسی و نەلەغەیرەوانیشدا نەبووەو نابێت. زۆر کەس لە مێشکی خۆیاندا مرۆڤێکی نموونەییان خولقاندووەو وای بۆ چوون مەولانا وا بووە، دواتر شێتی ئەو مەولانا خەیاڵی و ئەفسانەیی بوون، لەحاڵێکدا جەلالەدین وا نەبووەو خودی ئەو کەسەش بۆ چرکەیەکیش ناتوانێت بەو مرۆڤە ئەفسانەییەی نێو خەیاڵدانی بچێت و وا ڕەفتار بنوێنێت!

## جەلالەدین پێشەنگ و نموونەی باڵا نییە

خاڵی سەرەتا ئەوەیە بزانین زۆربەی عاریفەکان —وەک گشت- بۆ ئەوە ناشێن بکرێن بەسەرمەشق و چاویان لێبکرێت، مەبەستم لە (وەک گشت) ئەوەیەلە هەموو ڕوویەکەوە بۆ پێشەوایەتی دەستنادەن، دەکرێت لە هەندێ

**ئێستا تەوژمێکی عیرفانی ئیلحادی پەیدا بووەو زۆر کەسی سادەش وا دەزانن وشەی عیرفان بەسە بۆ ئەوەی بەسەر هەر شتێکتدا کرد، پاك و چاکی بکات**

ڕەهەندەوە ببنە نموونە و چاویان لێبکرێت، وەلێ کۆی ژیانیان پەسەند و تەواو نییەتا لاسایی بکرێنەوە.

پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) وا ژیاوە و بەجۆرێک هەڵسوکەوتی کردووەکە هەمووان، لە فەیلەسووف و بیرمەندێکەوە بیگرەتا منداڵێکی ژێکەڵەی کۆڵان، دەتوانن چاوی لێبکەن و هەمووشیان بەو چاولێکردنە بەرەو کەماڵی خوازراو دەچن، لەو ڕێگەیەوە بڵند و شکۆمەند دەبن، بەڵام عاریف وەها نییە، کاری پێغەمبەران بۆ دوای خۆیان شەریعەتە، ئاوخۆرەی هەمووانەو جێی خۆ تێراو و پاراوکردنە، بەڵام عاریفان و فەیلەسووفان و شەرعزانان و موتەکەللیمان وەها نین، پێغەمبەر لەهەر لایەکەوە سەیری بکەیت کەماڵ دەبینیت، لەو شتانەیشدا کە نابێت شوێنکەوتووانی چاوی لێبکەن، خۆی ڕوونکردنەوەی داوەو گوتوویە ئێوەوا مەکەن! ئەوانی دی (غەیرە پێغەمبەران) با زۆریش مەزن و خاوەن پایەبن و مەقامات و مەنازلێکی زۆریشیان بڕیبێت، دیسان ناکەنە ئەوەی پێشەنگ و پێشەوای هەمەلایەنەی مەبن، ئەی خودی وانیش وەکو ئێمە تابع و شوێنکەوتەنین؟

عاریفان بەزەوق و وەجد کاریان کردووەو دەکەن، زەوقیش یانی چەشە، دەی دیارە چۆن چەشەی من و تۆ لەیەک دی جودایە، هەر بەو چەشنەیش ڕێی تێ دەچێت کارێک ببێتە پلیکانەی بەرزبوونەوەی عاریفێک بۆ لای خوا و بۆ من و تۆ ببێتە داوی لە قورچەقێن!

چما جەلالەدینێک کە بە بچووکترین هۆوە سەما دەکات و لەنێو بازاڕدا حاڵ دەیگرێت و خۆی بادەدات و جل لەبەر خۆی دادەکەنێت، تا ئەندازەیەک ئەگەر موریدەکانی نەگەنەفریای و نەیپۆشن، عەیب و عەورەتیشی بەدەر دەکەوێت، بەزرنگەی زەنگ و تەقەی چەکوش حاڵی لێ دێت و دەکەوێتە حەلەکەسەما (هەموو ئەمانە لەژیاننامەی رووەمیدا هەیە، بەتایبەت لە «مناقب العارفین»ی «ئەحمەدی ئەفلاکی» و «نفحات الأنس»ی «جامی»دا)، بۆ ئەوە دەشێت گشت خەڵکی چاوی لێبکەن و ئەدای ئەو دەربێنن؟ خودی خۆیشی هەر لەژیانیدا بانگی بەرزکردووەتەوەو گوتوویە «دڵم لەخۆ هەڵکەندووە و فرێم داوەو بەشتێکی تر دەژیم و زیندووم، عەقڵ و دڵ و فیکرم لەبن و ڕیشەوەسووتاندووە، ئەی خەڵکینە! لەمن نایەت وەک خەڵکی بم، شێتیش بیر لەوە ناکاتەوە کەمن بیری لێ دەکەمەوە»

**(دیوان شمس، غەزەلی ١٣٧٢):**

ئەوانەی ستایشی های و هووی جەلالەدین دەکەن و هەلە هەلە و هەلەلوویاکانی بە چاوی پڕ ڕۆندکەوە دەخوێننەوە، هەر ئەوانەن کە بەلافی عەقڵانییەتەوە گاڵتە بە موریدەکانی تەریقەتی قادری دەکەن و سیخ و زەرگە وەشاندنەکانیان بە جەهالەت دەژمێرن، دەی خۆ دەبێت بزانین فەرقی حەی ئەڵڵا و حای و حووی کەسنەزانی و قادرییەکان لەگەڵ هەلە هەلەکانی جەلالەدیندا چییە؟ ئەگەرنا بەسەیر و سەمەرەزانینی ئەم و بەسەرسامییەوەڕوانین لەو، تەرجیحی بیلا مورەجیحەو ماقووڵ و قەبووڵ نییە.

پێویستە ئەوە بزانین زۆربەی هەرەزۆری غەزەلەکانی دیوانی شەمس بە دەم چەرخ و سوورانەوەو لەحینی مێزەر لەسەر کەوتن و قژ بڵاوبوونەوەدا گوتراون، بە گوێرەی زۆریی غەزەلەکانیشی (٣٢٢٩ غەزەل)، دەردەکەوێت سەماکردنی مەولەوی بێ حەد زۆر بووە.

گەر ڕێک و جوان غەزەلەکانی بخوێنینەوە هەست بەسەماکەی دەکەین، دڵنیام مەولانا وەک شوێنکەوتووانی تەریقەتەکەی، نەرم و لەسەرخۆ خۆی با نەداوەو شۆر و سەودا و گەرمیی خۆبادانەکەی لە شیعرەکانیدا دەدرەوشێنەوە (دیوان شمس، غەزەلی ٢١٢١):

**هله دل مـن هله جان من**
**هله این مـن هله آن من**
**هله خان من هله مان من**
**هله گنج من هله کان من**
**هــذا سیدی هذا سـندی**
**هذا سکنـی هـذا مـددی**

ئەو بۆ ئەوە سەمای نەدەکرد دوایی ببێتە قوتابخانەو شوێنکەوتووانی هەموو ساڵێک ئاهەنگ بگێڕن وتیپی مۆسیقی و گرۆی ڕەقس و نمایش پێکبهێنن. ئەوەی ئەو پێی هەڵدەستا، حاڵێکی تایبەت بەخۆی بوو، وەجدێک بوو تێی دەکەوت، کارم بەباشی و خراپی و دروستی و نادروستییەوە نییە، قسەم لەوە یەئەو گرگرتوویەکی کڵپەدار بوو، ئەمانەی لاسایی وی دەکەنەوەوشک و بێحاڵ، خۆ با دەدەن و بە دەوری خۆیاندا دەسووڕێنەوە!

ئەو ئەزموونە عیرفانییانە تاکەکەسین و بۆ دووبارەکردنەوە ناشێن، هەڵەیەکی

کوشندەیە بکرێنە ڕێباز و خەڵکانی تریان بۆ دەعوەت بکرێت. ئەمە یەکێکە لە جیاوازییە گەوهەرییەکانی ئەزموونی عاریفان و نوبووەتی پێغەمبەران سەلامی خوایان لێبێت، کەبە هۆی تێکەڵکردنیانەوەکەسانی وەک (د.سرووش)یش بەلاڕێدا چوون!

## جەلالەدین و جنێو

ڕوومی، لەزۆر شوێندا کە ڕەخنە لەکەسێک دەگرێت جنێوبارانی دەکات، زۆربەی هەرەزۆری جارەکان بەسەگ یا کەری دەشوبەێنێت و هەندێ جار، کە ڕەخنەلێگیراو لەدین و مەزهەب و بۆچووندا دژیەتی، جنێوی ناموسییش دەدات، لە بەشی داهاتوودا نموونەی ئەمەی دوایی زیاتر دەبینن.

زۆر جاران مەولەوی کە باسی کەسێک دەکات سیفەتێکی خراپی تێدایە، لەڕێگەی نموونە هێنانەوە هەرچی لە دڵیدایە بەسەریدا بەتاڵی دەکاتەوە، زۆر جوانیشی دەسازێنێت و دەڕازێنێتەوە، بەڵام دەشیتوانی وەها توند نەبێت. بۆیە ئەو گومانەی کە مەولانا زۆر نەرم و نیان و هەمووشتدۆست بووە، بەجێ نییەو بە نموونەی شیعرەکانیدا دەردەکەوێت میزاجێکی توند و توورەی هەبووەو خۆڵێدانی زەحمەت بووە، ئەو عارفە پیرەیشی کەعاشقی دەبێت (شەمسی تەبریزی) هەر ئاوەها بووەو بە (مقالات)ەکەیدا دەردەکەوێت سەری سازشی لەگەڵ کەسدا نەبووە و باسی هەرکێی کردووەتێری جنێو پێ داوەو دەسێک شۆڕدوویەتیەوە، ئەمەدەریدەخات ڕوومییش تەبیعەتێکی وای بووە، کە هەردوک عاشقی یەک دەبن و پەسنی یەک دەدەن!

لەجێیەکی مەسنەویدا **(دەفتەری شەشەم، بەیتی ١٢٢٢ – ١٢٣٦)** حیکایەتی پیرەژنێکی نەوەد سالە دەگێڕێتەوە کە ڕووی گرژ و ڕەنگی وەک زەعفەران زەرد و دەموچاوی وەک لێواری سفرە، چرچ و لۆچ بووە، کەچی سەرەڕای ئەمەحەزی بۆ مێرد وەک خۆیەتی و ئالۆشی گەرم گەرمە. دواتر ئەم پیرەتەماحکارانە بەسەگ دەشوبەێنێت و دەڵێت: کە سەگ پیر بوو، ددانی دەکەوێت و چیی دی گاز لەخەڵکی ناگرێت، قەپ لەگوو دەدات، کەچی بڕوانە ئەم سەگەشەست ساڵانە (ئادەمیزادە پیرە تەماحکارەکان) هەر دەمەو ددانی سەگانەیان تیژتر دەبێت، سەگی پیر مووی دەوەرێت و پێستی ڕووت دەبێتەوە، کەچی ئەم سەگەپیرانە (بە ساڵاچووانی چاوچنۆک) کەوای ئەتڵەس و جلی نایاب دەپۆشن،

جەلالەدین و سینەفراوانیی دینی و مەزهەبی

زۆر جار لە بەرانبەر دەمارگیریی ئیسلامییە ئوسووڵییەکان و کەللەڕەقیی سەلەفییەکاندا، باس لە لێبووردەیی عاریفان و دڵگەورەیی جەلالەدین و هاومەشرەبەکانی دەکرێت، وەک بڵێیت ئەمان کەسانی زۆر نەرم و بێوەی بوونو هەرگیز دڵی کەسیان نەڕەنجاندووە. ئەگەر لەمانەوەڕوومی بناسرێت، کەسێک دێتەپێش چاو لەگوڵ کاڵتری بەکەس –چ دۆست و چ ناحەزی- نەگوتووەو هەمیشە باوەشی میهری بۆ هەمووان والا بووە، تەنانەت دیعایەی ئەوەدەکەن لەکاتی مردنیدا هەرچی بنیادەم لەشاردا بووە هاتوونەتە بە درەقەی و بەکوڵ بۆی گریاون. کە کەسێکی هەرزە وێنەیەکی ناشیرین لە پێغەمبەر دەکێشێت، یا نووسین و شیعرێکی ناوبەتاڵ دەربارەی خوا و قورئان بڵاودەکاتەوەو مەلایان لەمینبەرەوە دەست بە جنێودان و نەفرەتکردن دەکەن، کۆمەڵێک شیفتەی وشەی عیرفان و عاشقی عەین و ڕێ و فێ بە مەسخەرەوە دەڵێن: ئەمانە چاوساغمانن بۆیە حاڵی ئوممەتی ئیسلامی

وەهایە، خۆزگە مەولانا زیندوو دەبووەوەو دوو دێڕی لەبارەی عیشقەوە بۆ دەنووسین، ئەوجا نووری هیدایەت و شوعلەی نەجابەتی لە دنیادا پەخش دەبوویەوە!

ڕاستییەکەی نە مەولانا ئەوەندە بێ زەواڵ بووە و نە ئەو حیقایەتانەیشی دەربارەی مەحبووبییەتی دەیانگێڕنەوە حەققانییەتیان هەیە. ئەوەی ژیانی مەولانا بخوێنێتەوە باش دەزانێت، هەر لە زەمانی خۆیدا ناحەزی لە دۆست زیاتر بووە، ئەفلاکی لە (مناقب العارفین)دا دەڵێت: «زانایانی شار کەلەو سەردەمەدا بوون و هەر یەک لە زانستگەلی جیاوازدا ئوستاد و شارەزا بوون، بەیەک دەنگ چوونەلای زانای گەورەی شاری قۆنیە، قازیی سیراجەدین و لە زێدەڕۆیی سەما و مۆسیقای مەولەوی شکاتیان کرد»!

ئەو نەک بڕوای بەپلۆرالیزمی دینی نەبووەو شوێنکەوتەی دینەکانی تری قەبووڵ نەبووە، بەڵکو وەک سەلەفییەکی حەنبەلی بە گاڵتەجاڕییەوە باسی شیعەکان دەکات و بە ڕابواردنەوە داستانی پرسەی عاشوورا و سینەکوتانی شیعەکان لە یادی شەهیدبوونی ئیمام حوسێندا دەگێڕێتەوە، سەرەتا بە درێژی شین و ڕۆڕۆی شیعەکانی حەڵەب وێنا دەکات و دەڵێت: شاعیرێکی غەریب، بێئاگا و نەشارەزا، لە عاشووراداا خۆی کرد بەشاردا و واوەیلای وانەی دیت.

**(مەسنەوی، دەفتەری شەشەم، بەیتی ٧٧٧ - ٧٨١)**.

شاعیرەکە ویستی مردووەکە بناسێت و لاوانەوەیەکی بۆ بڵێت، تا لەو ڕێگەیەوەپارەیەکی چنگ بکەوێت، بۆیە بە هەڵەداوان یەخەی ئەم و ئەوی دەگرت و دەیپرسی کێیە مردووە؟ بۆ مردووە؟ سیفاتی چۆن بووە؟! یەکێک بە تووڕەییەوە وەڵامی دەداتەوەکە: تۆ شێتیت؟ دیارە

**ڕوومی، لەزۆر شوێندا کە ڕەخنە لەکەسێك دەگرێت جنێوبارانی دەکات، زۆربەی هەرەزۆری جارەکان بەسەگ یا کەری دەشوبەێنێت**

تۆ شیعە نیت و دوژمنی خاندانی پێغەمبەریت! نازانیت ئەمەڕۆژی عاشوورایە و پرسەی گیانێکە کە لە خەڵکی یەک سەدە (یا لە نەوەیەک) بەڕێزتر و چاکترە؟ **(بەیتی ٧٨٩ و ٧٩٠)**. ئەوجا لەزمانی شاعیرەکەوە بە شیعە ڕادەبوێرێت و دەڵێت: بەڵێ دەزانم، وەلێ دەورانی یەزید تەواو بووە و... چما تا ئێستاکەخەوتبوون کە تازە خەبەردار بوونەتەوەو جل لەبەر خۆتان دادەدڕن؟ کەواتە ئەی خەوتووان! پرسە بۆ خۆتان بگێڕن، چون ئەم خەوەگرانەتان خراپ مەرگێکەو پێی فەوتاون، بۆ حاڵی خۆتان بگرین

**(بەیتی ٧٩٥ و ٧٩٦)**:

جەلالەدین لەبەر ڕەخنەگرتن لە مەسنەوییەکەی تووڕەدەبێت و ڕەخنەگران بە حەسوود و گەمژەدەزانێت و ڕەخنەکانیان بەدووکەڵ و بۆگەنی دەژمێرێت **(مەسنەوی، دەفتەری سێیەم، بەیتی ٤٢٢٧-٤٢٣٣)**:

دوای چەن دێڕێک دەڵێت: لەپڕ گەمژەیەک لە (تەویلە)یەکەوە وەک تانەدەرێک سەری دەرهێنا، -گوتی- کەئەم قسەیە پووچ و پەستە، مەبەستی مەسنەوی بوو، لەبەر ئەوەی چیرۆکی پێغەمبەر و پەیڕەویکردنیەتی:

لەجێیەکی تردا بە ڕەخنەگر دەڵێت «سەگی

> **ڕوومی نەك بڕوای بە پلۆرالیزمی دینی نەبووەو شوێنکەوتەی دینەکانی تری قەبووڵ نەبووە، بەڵکو وەك سەلەفییەکی حەنبەلی بە گاڵتەجاڕییەوە باسی شیعەکان دەکات**

تانەدەر» و ڕووی وتاری لێدەکات و ئێژێت، تۆ حەپەحەپ دەکەیت و دەتەوێت لەڕێی تانەلێدانی قورئانەوەبگەیتە ڕزگاری.

**(مەسنەوی، دەفتەری سێیەم، بەیتی ٤٢٨٢):**

هەروەک ڕوو لە پێغەمبەر دەفەرموێت: کە مانگی چواردە، شەو لەسەر سینەی فەلەک کەوتەڕێ، لەبەر وەڕەی سەگان لە ڕێ برینی خۆی ناوەستێت، تانەدەران بەوێنەی سەگ ڕوو لە مانگی تۆ، بەرەو سینەت هاوار دەکەن و دەحەپن، ئەم سەگانە لە ئاست فەرمانی (گوێ ڕادێرن لە قورئان)دا کەڕن، لە گەمژەییشەوە ڕوو بەمانگی چواردەی تۆ بەحەپەحەپ دەوەڕن.

**(مەسنەوی، دەفتەری چوار، بەیتی ١٤٦٤-١٤٦٦):**

تەنانەت بەگوێرەی گێڕانەوەی ئەفلاکی، مەولانا لەسوڵتان وەلەدی کوڕی خۆیشی بە هۆی مەسەلەیەکی زۆر بچووکەوەتووڕەبووەوە تێر جنێوی کردووە، پێی گوتووە «هەی سەگ! هەی کەر! هەی خوشک حیز!» لەحاڵێکدا کوڕەکەی لە دڵسۆزیی باوکی، ڕوونکردنەوەی بۆ ڕەخنەگرێک داوە!

## جەلالەدین و ناموسڵمانان و دژانی پێغەمبەر

دوور نییە هەندێ بیباوەڕی خەیاڵخاویش

کە دوژمنی سەرسەختی پێغەمبەرن و شەو و ڕۆژ بە هۆ و بێهۆ بێڕێزی بەرانبەر دەکەن و جنێوی پێدەدەن، ستایشی جەلالەدین بکەن و لە پێغەمبەر بە لێبوردەتری بزانن، وای دابنێن ئەو ڕێزی لە شوێنکەوتەی ئایینەکانی دی گرتووەو مەسیحییەکی بەلاوەوەک موسڵمانێک بووەو فەزڵی دوا پێغەمبەری بەسەر مەسیحدا نەداوە، برادەرانی ترادیشناڵیش کە بانگەشەی میسالیانەی یەکێتیی ئایینەکان ڕەواج پێدەدەن، خۆیان لەعەبای کەسانی وەک (ئیبن عەرەبی) و (جەلالەدین) دەپلێکێنن و چمکی کەوای وان دەگرن و دڵ بەقسەی تێکەڵ و شاعیرانەیان خۆش دەکەن، لەحاڵێکدا ئەوان هیچ کات بەو چەشنە لە شوێنکەوتەی دینەکان نەیانڕوانیوە. هەمووان دەزانین ئەسڵی دینەکان یەکن، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی دیندارەکانیش یەک بن، یا فێرکاریی بەجێماوی دینەکان یەک بن.

جوولەکە، هەروەک چۆن لە قورئاندا سیمایەکی دزێو و چارەیەکی ڕەشیان هەیە، جەلالەدینیش هەر ئاوەها لەمەسنەویدا وێنای کردوون، ئەو جارێک بە جوولەکە دەڵێت: «سەگ»

**آن جهود سگ ببین چه رای کرد**
**پهلوی آتش بتی بر پای کرد**

**(دەفتەری یەکەم، بەیتی ٧٦٩):**

جارێک بە کەڕ و ناحاڵییان دەزانێت و وەک ئیبن تەیمییە لەگەڵ شیعەدا بە یەکیان دەشوبهێنێت **(مەسنەوی، دەفتەری سێیەم، بەیتی ٣٢٠٠ و ٣٢٠١)**. لەمەتنی ١٥٨ی (فیه ما فیه) دا باسی جەڕاحێکی مەسیحی هاتووەو هەندێ قسەی لێوە دەگوازێتەوەو دواتر تێر قسەی پێ دەڵێت!

قورئان پێغەمبەری فێر دەکرد بە کافران و دژەدینان بڵێت: (وإنا أو إياكم لعلى هدى أو

في ضلال مبين) (سبأ: ٢٤) «بە ڕاستی ئێمەیان ئێوە لەسەر بەرچاوڕوونیین یا لە گومڕاییەکی ئاشکرادان»، کەچی جەلالەدینی ڕوومی وەختێک باسی مولحیدێک دەکات **(فیه ما فیه، متن ٢٦٩)** هەرچی خوا پێی ناخۆشەپێی دەڵێت، تەنیا جنێو بە خۆی نادات، بەڵکو جوێن بەژن و خوشکی ژنیشیدا دەسرەوێنێت! ئەم مولحیدە دەڵێت: ئێوەی باوەڕدار بانگەشەی ئەوەدەکەن جگە لەم تۆپی زەوینە و بێ لەم ئاسمانە شینە، شتێک هەیە خوا- لای من شتی وا نییە، ئەگەر هەیە، لەکوێیە؟ دەری بخەن! مەولانا دەڵێت: «ئەم (خوشکی ژن قەحبە)یە دەڵێت لە ئاسمان نییە! هەی سەگ! چۆن دەزانیت کەنییە؟ ئەرێ، ئاسمانت بست بست پشکنی و هەمووی گەڕایت، کە هەواڵ دەدەیت لەوێ نییە؟! ژنەقەحبەکەی خۆت کە لەماڵتدایە، حاڵی نازانیت، هەواڵی ئاسمان چۆن دەزانیت؟»

## بەکارهێنانی وشەو دەربڕینی ناپەسەند و لەسەر گوێ قورس

پێش هەموو قسەیەک ئەوە دەزانم کە جەلالەدینی ڕوومی لە هەرکوێدا حیکایەتێکی گێڕابێتەوە مەبەستی وشەو دەربڕینەکان نەبووە و ویستوویەتی لە پشتی هەموو باس و گوتەیەکەوە با بازاڕی و کرێت و ناشیرینیش بێت- مانایەکی نایاب و جوان و شیرینمان پێ بگەیەنێت، ڕوونەئەو وەک ئامراز سوودی لەو تەعبیرانە وەرگرتووەو بەکاری هێناون،بەڵام دەیتوانی یان نموونەی شیاوتر بۆ مانا بەرزەکانی بێنێتەوەو خۆی لەو نموونانەدوور بگرێت، یان کینایەبەکاربێنێت و ڕوون ناوی ئەندامی زاوزێی ژن و پیاو نە هێنێت. بۆ ئەوەی بابەتەکە لەمە درێژتر نەبێتەوە بەدوو سێ نموونە دەیبڕمەوە:

چون برون انداخت شلوار و نشست
در میـــان پـــای زن آن زن‌پرست
چون ذکر سوی مقر می‌رفت راست
رستخیز و غلغل از لشکر بخاست
برجەید و کون‌برەنە سوی صف
ذوالفقاری همچو آتش او بە کف

**مەسنەوی، دەفتەری پێنجەم، بەیتی ٣٨٨٠-٣٨٩١** دەی دەڵێن چی وەختێک ئەو ژنپەرستە شەرواڵی داکەند و لەنێو لاقی ژنەدا دانیشت، کاتێک زەکەری ڕاست بەرەو زێی ژنەدەڕۆیشت، گاڵەگاڵ و هەرا لە لەشکر بەرزبوویەوە، داپەڕی و بە قوونی ڕووت بەرەو ڕیزی سوپا دەرپەڕی، شمشێرێکی دوو دەمی وەک ئاگریشی لەمشتدا بوو.

**مەسنەوی، دەفتەری پێنجەم، بەیتی ٣٧١١ و ٣٧١٥:**

- پیاوەتی ئەم پیاوەتییەیە نەک بەڕیش و زەکەر، ئەگەرنا کێری کەر دەبووە شای پیاوان، ئەو داوێنپیسە کە لە جووڵەی کێردا عەقڵی دەبێتە مشک و شە هوەتیشی دەبێتەشێر!

- **مەسنەوی، دەفتەری شەشەم، بەیتی ٣١٠ و ٣١٥**

روز، رویـت روی خـاتـونـان تـر
کیر زشتت شب بتـر از کیر خـر
رفـت در حمـام او رنجـور جـان
کـون دریـدە همچـو دلـق تونیـان

کوڕە لوسکەکە کەدڵ و ڕووحی ڕەنجاو بوو، چووەحەمامەوە، لەحاڵێکدا قوونی وەک جلوبەرگی کرێکارانی توونی حەمام پارچەپارچەو دڕاو بوو! زاوا بە کوڕە لووسکەکەی وت: ڕۆژ ڕوومەتت وەک ڕوخساری خانمانی تەڕە، شەویش کێری دزێوت لەخراپتر لەکێری کەرە!

# وێنەی تۆماری یاسایی گۆڤاری



## سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردسان

### تۆماری یاسایی

| ڕێکەوت | ژمارە |
|---|---|
| 2015/10/19 | 808 |

بەپێی برگەکانی (1، 2، 3، 4، 5، 6) لە ماددەی (3)ی یاسای ڕۆژنامەگەریی لەکوردستان ژمارە (35)ی سالی 2007 کە لە 2008/9/22 بڕیاری لەسەر درا، پاش ئەوەی کە دەرکەوت گۆڤاری ( خاڵ ) دوو مانگ جارێکەو خاوەن ئیمتیازی ( توفیق کریم سالح ) و سەرنووسەرەکەی ( توفیق کریم سالح )، مەرجە یاساییەکانی تیدا بەدیهاتووە، لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارە متمانەی ( 808 ) تۆمارکرا.

ئازاد حەمەدەمین

نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

دوا خاڵ



عەبدولکەریم فەتاح

# ململانێی شارستانیەتەکان یان چاوچنۆکی کەپیتاڵیزم؟

لەم سەردەمەدا بەریەککەوتنێکی توند دەبینین لە نێوان ئەو دوو جیهانەی ناوی خۆرئاوا و خۆرهەڵاتیان لێنراوە، ئەو رۆژەی(١٩٩٦) «ساموێل هنتنغتون» ململانێی شارستانیەتەکانی تیوریزمە کرد، تیشکی سەوزی هەڵکرد بۆ بڕیارلەدەستانی خۆرئاوا تاکو –لە دوای رووخانی یەکێتی سۆڤییەت- دوژمنێکی تر بۆ خۆرئاوا بدۆزنەوە و بتوانن لە مەودایەکی درێژخایەندا ململانێی خۆیانی لەگەڵ بکەن، نابێت ئەوە لەبیر بکەین یەکێتی و یەکبوونی خۆرئاوای مەسیحی کۆن و نوێ لە دۆزینەوەی دوژمنێکدا بووە بتوانن بەرانبەری بجەنگن و ململانێی لەگەڵ بکەن،ئەوەندەی هێرشی خاچپەرستان و جەنگی پیرۆز(Holy War) یەکێتی بە ئیمارەتەکانی دونیای مەسیحی کۆن دەدا، ئەوەندە دەسەڵاتی پاپ و مەلیکەکان کۆکەرەوەی ئەوروپای مەسیحی نەبوون, لە ئەمڕۆدا خۆرئاوا ئاتاجە بە دوژمنێکی ئایدۆلۆژی و سەربازی تا لە یەک کاتدا ناوەوەی خۆی پێ رێکبخات و ناکۆکی و ململانێکانی ئاراستەی دەرەوە بکات.

خۆرئاوا دەیەوێت سیستمێک بەسەر مرۆڤایەتیدا بسەپێنێت داهێنانی دەستی خۆیەتی، لەوێشەوە خۆی سەرقافڵەی شارستانییەت بکات، بۆیە لەسەر هەموو ئاستەکان تیوریزمەی مۆدێلێک لە سیستم دەکات هەڵقولاوی بەها و پێوەری ژیاری خۆرئاوایە، کاتێک(١٩٩٢) «فۆکۆیاما» تیوریزمەی سیستمی لیبرالی بۆ هەموو جیهان دەکات، پێمان دەڵێت هیچ شارستانییەتێک داهاتووی نییە و مێژوو کۆتایی پێهاتووە و گەرەکە هەموو مرۆڤایەتی بەرەو لیبرالییەت هەنگاو هەڵبگرن، ئەم بانگەشە لەخۆیدا سڕینەوەی شوناسی شارستانییەتەکانی ترە و دیکتاتۆرییەتی لیبرالیزم دەخولقێنێت، لێرەوە بڕیاربەدەستانی خۆرئاوا دەکەونە پیلانڕێژی بۆ بەدیهێنانی خەونی پێشەنگی لە دووتوێی سیستمێکی لیبراڵدا، هەڵبەت نابێت ئەوە لەیاد بکەین سڕینەوەی سنوورە لۆکاڵییەکان و بە گلۆباڵکردنی پەیوەندییەکانی تاک و کۆ و بازاڕی هاوبەش و بازرگانی نێونەتەوەیی و مافی دەستێوەردانی سەربازی و سیاسیی بۆ ناو وڵاتانی جیهان، زەمینەخۆشکەرن بۆ گشتگیرکردنی خەونی پێشەنگ بوون، لێرەوە شۆک و راچڵەکین بۆ گەلانی جیهان و شارستانیەتەکانی تر پەیدا دەبێت و پەرچەکرداری توند بەرانبەر بە خۆرئاوا سەرهەڵدەدات، خۆرئاواش بەرچەکردارەکان ئیدارە دەکات و جارێکی تر لە خزمەتی پرۆژە گلۆباڵییەکەیدا بەکاری دەهێنێتەوە، ئەو دەزانێت لە نەستی هەموو ئەوانەی بەرچەکرداری توندیان بەرانبەر سەپاندنی ئەو سیستمە لا دروست دەبێت داننان بە بەزین و سەرکەوتنی خۆرئاوا بوونی هەیە، ئەمە و بۆ ناساندنی رووی مرۆڤدۆستی سیستمی لیبرال پێویستە روویەکی دڕندە و دزێو بە کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی نیشان بدرێت،هەروەها بۆ بەرزکردنەوەی بەهای مرۆیی لە ئایینی مەسیحییەتدا(وەک گرنگترین پێکهێنەرەکانی شارستانییەتی خۆرئاوا) پێویستە لە ئایینەکانی تردا مرۆڤ بێ بەها بکرێت.

شارستانییەتی خۆرئاوا–وەک هەندێ لە بیرمەندانی ناو ئەو ژیارە قسەی لەسەر دەکەن- بۆخۆی لەبەردەم چەندین قەیراندایە، لەوانە خاڵیبوونی ئەو شارستانیەتە لە رۆح و زاڵبوونی ماددە بەسەر هەموو کایەکانی ژیاندا، ئەمە و رووخانی تاکی کۆمەڵگاکانی خۆرئاوا بە نغرۆبوونیان لە «خواردنەوە و سێکس و لەهو» وەک ئیدوارد ئاڵبی لە کتێبەکەیدا(who›s afraid of Virginia woolf)باس لەو سێ ئاکارە دەکات.